### مێژووی

# بەلوچ و بەلوچستان



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی رۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

## مێژووی

# بەلوچ و بەلوچستان

## مێژووی ڕەسەنایەتیی (بەلوچ) لە کوردە مادەکان

**بەرگی یەکەم**

نووسینی

**میر نەسیرخان ئەحمەد زەیی بەلوچ**

وەرگێڕانی

**هیوا محەمەد زەندی**



کتێب: مێژووی بەلوچ و بەلوچستان – بەرگی یەکەم
نووسینی: میر نەسیرخان ئەحمەد زەیی بەلوچ
وەرگێڕانی: هیوا محەمەد زەندی
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٣٤٠
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە و بەرگ: ئاراس ئەکرەم
پیت لێدان: تریسکە ئەحمەد
هەڵەگری: هەندرێن شێرزاد + دلشاد مستەفا
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر– ٢٠٠٥
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٥ی دراوەتێ

## بەڵگەنامەی وەرگێڕانی «مێژووی بەلوچ و بەلوچستان»:

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

**ئاغا نەسیرخان ئەحمەد زەیی بەلوچ**

- تەمغەی ئیمتیاز.
- وەزیری پێشووی دەرباری ویلایەتی بەلوچستان.
- سەرۆکی پێشووی دەستەی (هەڵبژاردن و دانان)ی پەرتووکی خوێندنگاکان لە بەلوچستان.
- سەرۆکی پێشووی دەستەی بەڕێوەبەریی قوتابخانە ناوەندییەکان و دواناوەندییەکانی هەرێمی بەلوچستان.
- ئێستا لێکۆڵەری زمانەکانی بەلوچی و براهوی لە زانکۆی بەلوچستان - کوێتە.

١٨ - A شەقامی سەریاب - کوێتە.

## نامەی پێناساندنی هیوا محەمەد کورد

هیوا محەمەد کورد یەکەم بەشی «مێژووی بەلوچ و بەلوچستان» وەردەگێڕێت بۆ زمانی کوردی، کە ئەمەش هەوڵێکی گرانبەها و بەرزە لە لایەن ناوبراوەوە، لەبەر ئەوەی بەپێی «مێژووی مەردۆخ» و ( کوردگال نامەک ) کە مێژوویەکی جێگای باوەڕی کورد و بەلوچە، هەردوو نەتەوە واتە کورد و بەلوچ پەیوەندییان بەیەک ڕەگەزەوە هەیە.

دوای هەرەسهێنانی سەڵتەنەتی مادە کوردەکان، ماد و فارس، لەساڵی ٥٥٠ی پێش زایین، فەرمانڕەوای تر بۆ ماوەیەکی درێژخایەن فەرمانڕەوایی فارسی کۆنیان هێنایە ژێر دەسەڵاتی خۆیان. لەگەڵ ڕەوتی سەردەم گۆڕانکاریی ئەم کارەسات و ڕووداوە مێژووییانە، بوونە هۆی دابڕانی پەیوەندی ڕەگەزیی نێوان ئەو کوردانەی کە لە ناوچە دوورەکانی باکوری ئازەربایجان و کوردستانی فارس دەژیان لەگەڵ ئەو کوردە بەلوچانەی کە لە ناوچە دوورەکانی ڕۆژئاوای بەلوچستان دەژیان، کە لکابوو بەفارسەوە. لەم ماوە درێژەدا، کورد و بەلوچ یەکسانی نەتەوەیی و ئەو ڕاستییە مێژووییەیان لەبیر کرد کە هەردووکیان لەیەک ڕیشەی ڕەگەزن و لەیەک نەژادەوە سەرچاوەیان گرتووە. ئەمە جگە لەوەی ئەم ڕاستییە مێژووییە لە سەرچاوە و کتێبە مێژووییە باوەڕپێکراوەکانی کۆنیشدا بەشاراوەیی مایەوە.

من لە کاتی توێژینەوەی مێژووی بەلوچدا، ئەم ڕاستییە مێژووییانەم لە بەڵگەنامەی باوەڕپێکراوی مێژوویی کۆن و سەرچاوە و کتێبە کۆنەکان دۆزییەوە و ئاماژەم بۆ کرد. بۆیە لە بارودۆخی ئێستادا، پێویستە گەلی کورد ئەم ڕاستییە مێژووییە گرنگانە سەبارەت بەبرا هاوڕەگەزەکانیان کە ڕەگەزی بەلوچە بزانن، کە ئێستا لە شوێنێکی زۆر دوور لە ئەوان دەژین و خاوەنی ڕابردوو و مێژوویەکی شکۆمەند و پڕ لە شانازین.

کاتێک پاشا و ئیمپراتۆری مادە کوردەکان، کەیقوباد سەڵتەنەتی تورانی لە ساڵی ٨٥٤ی پێش زایین داگیر کرد، کوردە بەلوچەکان لەو کاتەدا ناوچەی زابلستان، توران (بەرزاییەکانی قەڵات) و مەکرانی سەڵتەنەتی تورانییان داگیر کرد و لەو کاتەوە بەلوچەکان دەسەڵاتداری و فەرمانڕەوایی ئەم ناوچانە دەکەن کە لەم سەردەمە بە«بەلوچستان» دەناسرێت و هەرێمێکی کۆماری ئیسلامی پاکستانە. تەنانەت ئێستاش هەرێمی بەلوچستان لەلایەن بەلوچەکانەوە فەرمانڕەوایی دەکرێت و هەرێمێکی بەلوچیی ئەوانە. ئەوەی پەیوەندی بەهیوا محەمەد کوردەوە هەبێت، ئەوەیە کە کوڕێکی زۆر گەنج و



زیرەکی پانزە یان شانزە ساڵانەیە و لەم کاتەدا وەکو پەنابەرێکی کورد لە یەکێ لە قوتابخانەکانی ڕاوەڵپەندی (شارێکی گەورەی هەرێمی پەنجاپی پاکستانە کە لکاوە بەپایتەخت ئیسلام ئابادەوە) ، لە پۆلی نۆهەم خەریکی خوێندنی وانەکانیەتی. ئەم کوڕە لاوە کارێکی زۆری لێ کردم، ئێستا بەرگی یەکەمی «مێژووی بەلوچ و بەلوچستان» وەردەگێڕێت بۆ سەر زمانی کوردی و ماوەی یەک ڕۆژی تەواو باسی چۆنیەتی و کێشەکانی وەرگێڕانی کتێبەکەی بۆ کردم. لە گفتوگۆکەیدا، ئەم دەرئەنجامەم بەدەست هێنا ، کە لە کاری وەرگێڕانی بەرگی یەکەمی ئەم کتێبە مێژووییەدا، زۆر جیدی و دڵسۆزە، جگە لەوە، خۆی کوڕێکی زۆر زیرەک و بەهەست و ژیرە، نەتەوەی کورد زۆر خۆشبەختە کە کوڕێکی وا بلیمەت لە نێوانیان هەڵکەوتووە و دەبێ شانازی بەم جۆرە لاوانە بکەن کە شایانی ستایش و ڕەحمەتی خواییە لەسەریان.

ئەم کوڕە لاوە زۆر کاری لێ کردم، بەجۆرێ کە بەڵێنی هەموو یارمەتییەکی پێویستیم پێ دا لە بواری وەرگێڕانی بەشی یەکەمی ئەم کتێبە مێژووییەدا.

هیوادارم لە کاری وەرگێڕانەکەیدا هەر سەرکەوتوو بێت.

ئیمزا

ئاغا نەسیرخان ئەحمەدزەیی بەلوچ

ڕێکەوت: ١٧-٨-٩٦

## سەرەتا...

مامۆستا میر نەسیرخان ئەحمەدزەیی بەلوچ پاش زیاتر لە ٤٠ ساڵ لێکۆڵینەوە و وردبوونەوە لەسەر مێژووی بەلوچ، لە ڕۆشنایی چەندین کتێب و سەرچاوەی مێژوویی باوەڕپێکراو بەزمانەکانی: ئینگلیزی، فارسی، ئوردو و بەلوچی، بەتایبەت کوردگال نامەک و مێژووی مەردۆخ، ئەو ڕاستییە مێژووییە ڕوون دەکاتەوە کە «بەلوچ» بەڕەسەن «کورد»ن و تەنانەت لە سەردەمی دێریندا، تیرە و هۆزی توندوتۆڵ و بەتوانای کوردە مادەکان بوونە. ئەو دەرهاوێشتەیەش، لە مێژووی کورد و مێژوونووسانی کورد نادیار بوو. تەنیا ئەوە نەبێ کە لە باسی میرنشینییە کوردییەکاندا، باسی میرنشینییە «براهویی»یە بەلوچەکان وەکو میرنشینێکی کوردی سەیر دەکرێ، کە لە سەدەی پانزە و شانزەدا بناخەی لە «بەلوچستان» دامەزرا. منیش وەکو ئەرکێکی نەتەوەیی، بەپێویستم زانی ئەم کتێبە بەنرخە لە زمانی (ئوردو) وەرگێڕمە سەر زمانی کوردی، بۆ ئەوەی مێژووی کورد و مێژوونووسانی کورد، هەروەها خەڵکی کورد بەگشتی، لەم ڕاستییە مێژووییە ئاگادار ببنەوە و، پەرە بەلێکۆڵینەوەی زیاتر لەم لایەنە بدەن. لێرەدا دەبێ سوپاسی چەند بەڕێزێک بکەم کە لە بەرهەمهێنانی ئەم وەرگێڕانەدا، هاوکارم بوونە، لەوانە بەڕێزان مامۆستا میر نەسیرخان ئەحمەدزەیی بەلوچ کە زۆر دڵسۆزانە لە وەرگێڕانی بەرگی یەکەمی ئەم کتێبەدا ئامۆژگاری کردم، مامۆستای پایەبەرزی کورد جەمال نەبەز کە ئەرکی چاوپێخشاندنی ئەم کتێبەی گرتە ئەستۆ، دۆستی خۆشەویست کاک حەسەن کەریم کە زۆر دڵسۆزانە لە سەرەتای وەرگێڕانەکەدا هاوکاری کردم و، بەڕێز دکتۆرە کودستان موکریانی لە کۆڕی زانیاری و بەڕێز بەدران ئەحمەد حەبیب بەڕێوەبەری چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس کە لە بڵاوکردنەوەی ئەم وەرگێڕانەدا هاوکاری و یاوەرییان کردم و هەروەها هەموو ئەو دۆستانەی تر کە پاڵپشت و هاندەرم بوونە.

لە کۆتایی هیوادارم بڵاوبوونەوەی ئەم وەرگێڕانە بۆ مێژووی کورد سوودبەخش بێت و ببێتە مایەی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی زیاتری مێژوونووس و توێژەر و زمانەوانی کورد لەسەر ئەم لایەنە ون و گرنگەی مێژووی کورد. لە خوارەوە ئادرێسی ئیمەیل و پۆستی خۆم دەنووسم بۆ بەدواداچوونی زیاتر لەگەڵ ئێوەی خوێنەران و توێژەرانی خۆشەویست.

هیوا محەمەد زەندی – ٢٠٠٣/٨/١ – ئوستراليا

hiwa_zandi@hotmail.com
P. O. Box. 6091
Buranda QLD 4012
Australia



**پێشکەشە:**

– بەدایک و باوکی خۆشەویستم.
– بەژوان خان.

# کورد گال نامەک

دۆزینەوەی دەستنووسی سەرچاوەیەکی زۆر گرینگ بۆ مێژووی کورد و بەلوچستان

چوار سەد ساڵ لەمەوبەر شەرەفخانی بەتلیسی لە نووسینەوەی «شەرەفنامە» بووەوە و، بەوە بەرهەمێکی گرنگی لەمەڕ مێژووی نەتەوەی کورد پێشکێش بەجیهان کرد. جا ئەگەر «شەرەفنامە» بەسەرچاوەیەکی زۆر گرنگی دیرۆکی ناسرابێ، ئەوا بێ گومان گرنگی «کوردگال نامەک» لە «شەرەفنامە» کەمتر نییە. دەستنووسی «کورد گال نامەک» ( کوردگال نامە) لەم ساڵانەی دواییدا لە بەلوچستانی پاکستان دۆزراوەتەوە. نووسینەکەی ئاخوەند محەمەد ساڵح زەنگەنەی کوردی بەلوچ بووە. لە ساڵی ١٠٧٠ی کۆچی واتە ١٦٥٩ - ١٦٦٠ز نووسراوە.

بەپێی ئەم مێژوونووسە، بنەچە و ڕەچەڵەکی بەلوچەکان کوردە. نووسەر باسی خزمایەتی خۆی لەگەڵ هۆزی براخۆیی کورد دەکا و هۆزی زەنگەنەش بەبەشێک دادەنێ لە هۆزی بوودی. هەردوو هۆزەکەش بەنەوەی دوو کوڕی بوود دادەنێ «باخیم و زەنگان» و دەبێژێ بوود حەوتەمین کوڕی میری مادی کورد بووە.

ئاخوەند محەمەد ساڵح زەنگەنە بەدووررودرێژی باسی هۆزە کوردەکانی بەلوچستان دەکا و دەبێژێ، کە بەلوچەکان کورد بوون و، لە کوردستانەوە چوونەتە بەلوچستانی کۆن کە ئەو دەمە نێوی «تۆران و مەکران» بووە و، لەوێ نیشتەجێ بوون. ئەمەش لە ساڵی ٨٥٥ی پێش زایینda بووە. هەروەها دەبێژێ: کاتێ سەرۆکی کوردی ماد کەیقوباد ئیمپراتۆرییەتیی خۆی لە وڵاتی میدیا و پارسدا دامەزراندووە و بەسەر ئەفراسیاوی پاشای دەوڵەتی «تۆران»دا زاڵ بووە. ئەوجا کەیقوباد پەلاماری بەڵخی داوە و، کوردی براخۆیی و نەردەگانی هەرێمی توران و مەکرانیان گرتووە. دوایی نێوی ئەو هەرێمانە بووە بەبەلوچستان و خەڵکەکەش بەبەلوچ نێوبراون.

ئاغا نەسیرخان ئەحمەد زەیی بەلوچ، کۆنە وەزیری حکوومەتی بەلوچستانی پاکستان لەم دواییەدا پێشەکییەکی نووسیوە بۆ ئەم بەرهەمە بەنرخە و، باسی ئەوەشی کردووە کە «کورد گال نامەک» ڕۆشناییەکی بەهێزی ئاراستەی مێژووی بەلوچستان کردووە و بووەتە هۆی ڕەواندنەوەی ئەو تەمومژ و گومانانەی کە ڕۆژهەڵاتناسی بەریتانیایی Denys Brag لە مێژووی براخۆیی و بەلوچستانەوە بڵاوکردوونەتەوە. ئەسیرخان ئێستا مامۆستای زمان



و فەرهەنگی بەلوچستانە لە زانستگەی بەلوچستانی پاکستان. شایانی باسە کە هەر ئەم نووسەرە، نەسیرخان ئەحمەد زەیی بەلوچ، پەرتووکێکی بەنرخی بەنێوی «مێژووی بەلوچ و بەلوچستان»ەوە بەزمانی ئۆردوو نووسیوەتەوە و لەبەر ڕۆشنایی «کورد گال نامەک» و «مێژووی کورد و کوردستان»ی مامۆستا مەردۆخی کوردستانی لە بەلوچ و وڵاتی بەلوچستان دواوە. ئەم پەرتووکە لە لایەن قوتابییەکی کوردی قوتابخانەی نێوەندی ڕاوڵپەندیی پاکستان کە نێوی هیوا محەمەد زەندە کراوە بەکوردییەکی زۆر جوان و ڕەوان. بەڕێز هیوا زەندی وەرگێڕانەکەی خۆی ناردووە بۆم بۆ چاو پێداخشێندنەوە، کە بەڕاستی پێویستی بەدەستکاری نییە. منیش ئەوە بوو لە کاتی کۆنفرانسی شەرەفنامەدا کە لە ١ - ٢/٥/١٩٩٨ لە بەرلین بەسترا، باسی ئەم وەرگێڕانە کوردییە و «کورد گال نامەک»م کرد. هەر لەم بوارەشدا زۆر سوپاسی زانای خەباتکاری کورد مامۆستا (شێخ عومەر غەریب)ی دانیشتووی پاکستان دەکەم کە دانەیەک «کورد گال نامەک»ی نارد بۆم. هەروەها سوپاسی هیوا محەمەد زەند دەکەم بۆ ئەو خزمەتە گەورەیەی کردوویەتی، هیوام وایە هەوڵ و تێکۆشانی ڕۆشنبیرانەی کورد سەرکەوتوو بێ لە پێناوی خزمەتی مێژوو و کولتووری نەتەوەی کورددا.

جەمال نەبەز

## Introductory letter about Hiwa Mohammad kurd

Mr. Hiwa Mohammad Kurd is translating the first Volume of History of Baloch and Balochistan in Kurdish language, which is a Praise worthy attempt on his behalf. As both these races, that is, Kurd and Baloch belong to the same racial stock, according to history of Mardookh, which is a very authentic history of Kurd and Baloch.

After the decine of median Kurd Empire of Maadistan and Fars in (550) B. C. and comming of the other dynasties in power in ancient Persia, which covers a long span of time. During the Course of time the vicissitudes of these historical events are responsible for the disconnection of racial relationship of the Kurds who were living in the far north regions of Azarbaijan and Kurdistan of Persia and the Kurd Balochs living in the far west region of Balochistan adjacent to Persia. So during this long Span of time both Balochs and Kurds have forgotten their national similar disposition and the real historical fact that they have been derived from the same racial stock. But this real fact remained hidden in the ancient authentic historical Books, and annals.

As I diclosed these real facts during my Baloch historical research with authentic historical proofs from the ancient reference books. Now in this present situation it is a must that Kurdish people should know this very important and real fact about their (Brothers - in - race), that is the Baloch race who is living at present very for off from them, which has a very great splendid and golorions historical past. When the Median Kurd King and Emperor kaikobad Conquered the Turanian Empire in (854) B. C. the Kurd balochs during this period Conquered the Turanic regions of Zabulistan Turan (Kalat Plateau) and Mekran Since then the Balochs are ruling these regions, which is at present called Balochistan and is province of Islamic republic of Pakistan. Even now the province of Balochistan is being ruled by the Balochs and it is their Baloch province. As for as Hiwa Mohammad Kurd is concerned, he is a very young brilliant boy of fifteen or sixteen. At present he is studying in the nineth class in one of the schools of Rawalpindi as a Kurdish refugee. I was very much impressed by this young boy. He is translating the first Volume of Baloch and Balochistan history in Kurdish language. he discussed the problem of the translation of the book for full one day with me. From his discussion, I gathered



that he is very serious and sincere in the cause of his translating the history Book Volume 1. Beside that he is a very shrewed sensible, and intelligent boy. the Kurdish race is very fortunate that such a briliant boy has born among them. They should be Proud of such worthy of pride young boys, which is a blessing of God on their race.

I was so much impressed by this young boy, that I have promised him all help needed, by him in the translation of the history Book Volume 1.

I wish him all success in his translation Mission.

Agha Naseer Khan Ahmedzai Baloch

Dated 17-8-96

# پێشەکی وەرگێڕ

## هاونەژادیی کورد و بەلوچ

لەسەر ڕەسەنایەتی نەژادیی بەلوچ، بیروبۆچوونی جیا جیا هەیە. بەپێی شیعر و ئەفسانە و داستانە فۆلکلۆرییە کۆنەکانی بەلوچی، بەلوچ لە نەوەی حەزرەتی «حەمزە»ن و عەرەبن. «راولینسۆن» و «محەمەد سەردار خان بەلوچ» و چەند مێژوونووسێکی تر، «بەلوچ» بەڕەسەن بە«کلدانی» دەزانن. «پۆتینجەر» ، کە یەکەم توێژەری بیانی بوو پای نایە سەر خاکی بەلوچستان لە ساڵی ۱۸۱۰ز، لەگەڵ «خانیکۆف»دا، «بەلوچ» بە«تورکمان» دەزانن. «موکلەر» بەلوچەکانی ئەم سەردەمە بە«گودرۆسی»یەکانی کۆن دەزانێ کە «یۆنانی»یەکان لە سەردەمی «ئەسکەندەری مەکدۆنی» باسیان کردوون. «هۆلدج» و «ماسون» ، بەلوچ بەعەرەب لە قەڵەم دەدەن. «هێنری بیلو» بەلوچ بە«راجپوت»ەکانی «هیندستان» دەزانێ و «بەرتەن» ، «دێمز» «کین» و «لاتام» و ڕۆژهەڵاتناسی زۆری تر، بەلوچ بەنەژادی ئێرانی، واتە «ئاری» دەزانن.(۱)

لەم بۆچوونانە، گرنگترینیان کە مێژوونووس و لێکۆڵێنەرانی زۆری بەخۆوە خەریک کردبێ، بۆچوونی بە«عەرەب» ، «کلدانی» و «ئاری» بوونی بەلوچەکانە. هەرچەند بۆچوونی یەکەم و دووەم، وەکو بۆچوونەکانی تری ڕەسەنایەتی نەژادیی بەلوچ، بەهۆی نەبوونی بەڵگە و سەرچاوەی زانستی، مێژوویی و ڕاستەقینە، لە مێژووی نوێی ڕەسەنایەتی نەژادیی بەلوچدا، بەهەوڵدانێکی بێ بەرهەم و بێ بنەما سەیر دەکرێ. بەپێچەوانەوە، بۆچوونی پەیوەندبوونی نەژادیی بەلوچ بەدەستەی ئاری نەژادەکانی ئێرانی و لە ناو نەتەوە ئێرانییەکانیش، هاوڕەگەزیی بەلوچ لەگەڵ کورددا، قورسایی زۆری پەیا کردووە و بەسەر هەموو بۆچوونەکانی تردا زاڵ بووە. ئەمەش بەتایبەت لە ئەنجامی توێژینەوەی زانستی مێژوویی، ئەنترۆپۆلۆژیی، زمانەوانیی، کولتووری و داب و نەریتی لەسەر ڕەسەنایەتی نەژادیی بەلوچ. لێرەدا هەوڵ دەدەین بەکورتی چاو بەو فاکتەر و تایبەتمەندیانەدا بخشێنین کە هاوڕەگەزی و هاونەژادیی کورد و بەلوچ، بەشێوەیەکی زانستی و میتۆدۆلۆژیی مێژوویی نیشان دەدەن.

---

(۱) عەلی ئەکبەر جەعفەری، بەلوچ و بەلوچی، گۆڤاری سوخەن، ژمارە ۸ – ۹، ۱۳٤۳ق، ل: ۷۷۷ – ۷۷۸.



## مێژووی بەلوچ:

بۆ چوونە ناو ناوەڕۆکی ڕوونکردنەوەی ڕەسەنایەتی نەژادیی بەلوچ، سەرەتا بەکورتی باسی بۆچوونەکانی بە(عەرەب) بوون و بە(کلدانی) بوونی بەلوچ دەکەین کە بنەمای بۆچوونەکانیان لە چییەوە سەرچاوە دەگرێ و بۆچی بەهای مێژوویی و زانستییان نییە. پاشان دەچینە سەر باسکردنی بۆچوونی پەیوەندی نەژادیی بەلوچ لەگەڵ کورددا. بۆ ئەم مەبەستەش، هەوڵ دەدەین چاو بەو سەرچاوانەدا بخشێنین کە هاونەژادیی کورد و بەلوچ نیشان دەدەن و هەروەها لە دوو توێی باسەکەدا، نشینگەی سەرەتایی و گواستنەوەی نشینگەی بەلوچەکان، لە قۆناغە جیاجیاکاندا، لە ڕووی سەرچاوە و بەڵگەنامە و لێکۆڵینەوە مێژووییەکاندا بکەینە بەرچاو کە بنەمایەکی زۆر گرنگە بۆ ڕوونبوونەوەی ڕەسەنایەتی نەژادیی نەتەوەی بەلوچ.

توێژەرانی ڕەچەڵەکناسی، بۆ دیاریکردنی چاوگە و ڕەسەنایەتیی نەژادیی هەر نەتەوەیەک، دەگەڕێنەوە سەر دیاریکردنی سەرەتاترین ناوچەی هەڵکەوتنی نەتەوەکە و مێژووی ڕاگواستن و نیشتەجێ بوونیان لە ناوچە سەرەتاییەکەوە تا دوا قۆناغی نیشتەجێ بوونیان لەم سەردەمە. ئەمەش یەکێکە لە فاکتەرە گرنگەکانی دۆزینەوە و دیاریکردنی ڕەسەنایەتی نەژادیی هەر نەتەوەیەک.

لێرەدا، سەبارەت بەمێژووی بەلوچ، ئەو سەرچاوە و بەڵگەنامە مێژووییانەی لە بەردەست دان، بەشێوەیەکی ڕوون و بەڵگەنەویست، ڕووناکایی ناخەنە سەر هەموو ناوچە جیاجیاکانی هەڵکەوتن و نیشتەجێ بوون و مێژووی نەپچڕاوەی سەردەمەکان لە کۆنەوە تا ئێستا. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم لایەنە تاریک نییە و هەڵسەنگاندنی زانستیانەی سەرچاوە مێژووییەکانی لە بەردەست دان، دەکرێ ڕووناکایی بکرێتە سەر چەند سەردەمێکی جیاجیای مێژووی هەڵکەوتن و ناوچەی جیاجیای گۆزینەوەی نەتەوایەتیی بەلوچ. لێرەدا، سێ ئاراستەی مێژوویی دیاریکردنی ڕەسەنایەتی نەژادیی بەلوچ دەکەینە بەر باس، کە زانیاری لەمەڕ ناوچەی سەرەتایی و ڕەسەنایەتی نەژادیی بەلوچ دەدەنە دەستەوە. لەمانە شیعر و ئەفسانەکانی بەلوچی و لکاندنی بەلوچ بەنەتەوەی عەرەبەوە، راولینسۆن و بۆچوونی بەکلدانی بوونی بەلوچ و هەروەها سەرچاوەیەکی زۆر کە ئاماژە بە(ماد)بوون واتە کوردبوونی نەتەوەی بەلوچ دەکەن.

## شیعر و ئەفسانەی بەلوچی:

بەپێی شیعر و ئەفسانە و داستانەکانی بەلوچی، کە نەوە بەنەوە پاراستراوە، بەلوچ بەڕەسەن «عەرەب»ن و لە ناوچەی «حەلەب»ەوە هاتوونەتە ئەم ناوچانەی کە ئێستا لێی نیشتەجێن، کە بە«بەلوچستان» دەناسرێ. لە شیعرێکی کۆنی بەلوچیدا هاتووە:

رند او لشـــاری په وتا براتنت
جک سئیگبین که حمزه ء زاتنت

واتە: «رند» و «لشاری» برای یەکترن و هەموو دنیا دەزانێ کە لە زادەی حەزرەتی «حەمزە»ن[١]. «رند» و «لشاری» دوو هۆزی بەناوبانگ و گەورەی بەلوچی ئەم سەردەمەن. لە شیعرێکی تردا هاتووە:

ما سریدون یا علی ای دین او ایمان تیبتین
حمزه اولادین بەلوچی صوب درگاه گرین

واتە: ئێمە مریدی حەزرەتی «عەلی»ن، ئەم دین و باوەڕەمان بەهێزە، بەلوچ نەوەی حەزرەتی «حەمزە»ن و سەرکەوتن لە دەرگای یەزدان داواکارین[٢].

شاعیرێکی بەلوچ کە بەفارسی شیعرەکەی هۆنیوەتەوە دەڵێ:

بیا ای سوخەنگوی صادق سوخەن — بمن گوی احوال نو و کهن
خبرده کە اصل بەلوچ از کجا است — حسب و نسب شان بگوتو ز راست
بگفتا بگویم بەتو ای رفیق — زا ولاد حمزه بود این فریف
پس رز مدتی آن گروه بەلوچ — بکرمان از حلب کردند کوچ[٣]

دەربارەی بەعەرەب بوونی بەلوچ، ئەم بۆچوونەش هەیە کە گوایە لەبەرئەوەی «بەلوچ» لایەنگری «ئیمام حوسێن» بوو، لە سوریا (حەلەب)، لە ساڵی ٦٨١ی ز دەرکران و ئەوانیش ناچار لە ساڵی ٦٨٢ز کۆچیان کرد و بەرەو کرمان و بەلوچستان هاتن[٤].

(١) عەلی ئەکبەر جەعفەری، بەلوچ و بەلوچی، سوخەن، شمارە ٨ و ٩، ١٣٤٣ قەمەری، ل: ٧٧٤.
(٢) عەلی ئەکبەر جەعفەری، سوخەن، شمارە ٨ و ٩، ل: ٧٧٤.
(٣) عەلی ئەکبەر جەعفەری، سوخەن، شمارە ٨ و ٩، ل: ٧٧٤.
(4) Syed Abdul Quddus, The Tribal Baluchistan, Ferozsons, pty Ltd, Lahore, 1990, p. 58.



لەم سەردەمەدا، لێکۆڵێنەرانی مێژووی بەلوچ، بەبەڵگە ئیسپاتیان کردووە کە ئەم خۆ بەعەرەب زانینە، لە شیعر، ئەفسانە و داستانەکانی بەلوچی، لە حەز و سۆزی ئاینی بەولاوە، هیچ بنەمایەکی مێژوویی نییە لەبەرئەوەی لە «حەدیس»دا هاتووە کە «حەمزە» هیچ منداڵی نەبووە و بەرەی ئەو بەرە پێش نەچووە[١].

هیچ سەرچاوە و بەڵگەیەکی مێژوویی لە بەردەستدا نییە کە ئاماژە بەم خۆ لکاندنە بە«حەمزە»وە بکات و ڕۆشنایی بکاتە سەر سەردەمەکانی کۆچکردنی نەتەوەی بەلوچ لە «حەلەب»ەوە بۆ بەلوچستانی ئەم سەردەمە.

لەبەرئەوەی «حەمزە» بەپێی حەدیس هیچ نەوەی لێ نەکەوتۆتەوە، داستانەکانی بەلوچی، هەوڵیان داوە بەشێوەیەکی ئەفسانەیی ئەم پەیوەندییە نەژادییە دیاری بکەن. گوایە ڕۆژێک «حەمزە» لە گۆمێکدا مەلەی کردووە، دەستەیەک پەری بۆ خۆشۆردن هاتوونەتە ناو گۆمەکە، یەکێک لە پەرییەکان ئەویندارى «حەمزە» دەبێت و لە میوەی پێکگەیشتنی ئەم پەرییە و «حەمزە»، کوڕێکی مووزەرد لە دایک دەبێ کە ناوی لێ دەنێن «بەرلوچ» و لە «بەرلوچ»یشەوە نەتەوەی بەلوچ دروست بوو[٢].

جگە لەوەی پەیوەندی نەتەوەی بەلوچ بەعەرەبەوە هیچ بنەمایەکی زانستیی نییە، دیارکەوتنی بەلوچ لە مێژوودا و دەستپێکردنی کۆچکردنیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی کۆنتر لە سەردەمی ئیسلامی[٣].

هەروەها، شێوەی کولتوور، زمان، دابونەریت و ڕوخساری بەلوچ جیاوازی زۆریان لەگەڵ هی عەرەبەکان هەیە. ئەم بەڵگانە بەگشتی، کە لە دوایی باسیان لێوە دەکەین، بۆچوونی بەعەرەب بوونی بەلوچ پوچەڵ دەکەنەوە.

(١) عەلی ئەکبەر جەعفەری، سوخەن، شمارە ٨ و ٩، ل: ٧٧٥.
(٢) عەلی ئەکبەر جەعفەری، سوخەن، شمارە ٨ و ٩، ل: ٧٧٥.
(3) Mohammad Sardar Khan Baluch, History of Baloch race and Baluchistan, Nisa traders, Quetta, (Pakistan) 3rd Ed., 1984, p. 4.

## کلدانی بوونی بەلوچ:

بۆچوونی بە«کلدانی» واتە «سامی» بوونی بەلوچ، بۆ یەکەم جار لە لایەن «جۆرج راولینسۆن»ەوە، لە ساڵی ١٨٦٢ز، لە کتێبی (Five Great Monarchies of the Ancient Eastern World) کە لە سێ بەرگ پێکهاتووە، خرایە بەرچاو. «راولینسۆن» بنەمای بۆچوونەکەی لەسەر لێکچوونی وشەی «بیلوس Belus» کە پاشای «بابلیۆن»ەکان و خواوەندی گەورەی «کلدانی»یەکان بوو، لەگەڵ وشەی «بەلوچ»دا دادەمەزرێنێ. هەروەها، بەهۆی هاوبەشیی چەند وشەیەکی «سامی» لە ناو زمانی بەلوچیدا. ئەم تێڕوانینەی راولینسۆن کە مێژوونووس و توێژەرانێکی زۆری بەخۆوە خەریک کرد، ئێستا بەکەمترین پەیوەندیدار لە ڕەسەنایەتی نەژادیی بەلوچدا سەیر دەکرێ، بەتایبەت، پاش ئەوەی بەڵگەی مێژوویی فراوان دژ بەم بۆچوونە خرایە بەرچاو[1].

«سەردار محەمەد بەلوچ» کە ئەویش لە راولینسۆنەوە دەگێڕێتەوە، بەم شێوەیە باسی «سامی»بوونی نەتەوەی «بەلوچ» دەکات: کە «نەمروود» بنەچەکەی دەگەڕێتەوە سەر «کوش» کوڕی «حام» کوڕی «نوح»، بە«بیلوس»ەوە بەناوبانگ بوو و هەروەها شاری «نەمروود» بەشاری «بیلوس»یش دەناسرا[2].

سەرەتا، نەوەی «کوش» هاتنە «سوریا» و «فۆنیشیا»، لە ژێر نازناوی «کاسوس» و «بیلوس». نەمروود کە لە نەوەی کوش بوو، بنەمای دەسەڵاتداریی کلدانی دامەزراند و یەکەم پاشای کلدانییەکان بوو کە بەبیلوس ناوی دەرکرد. راولینسۆن وەکو بەڵگە باسی «ئینجیل – Bible» دەکات کە نەمروود وەکو بنیاتنەری سەڵتەنەتی کلدانییەکان باس دەکات. بەپێی راولینسۆن وشەی بەلوچ لە «بیلوس»ەوە هاتووە[3].

بیلوس یان نەمروود بەپێی راولینسۆن لە ساڵی ٢٤٠٠ پ. ز دەسەڵاتداریی کردووە و هەندێ نووسەر بەهاوسەردەمی پەیامبەر «ئیبراهیم»ی دەزانن. ئیبراهیم لە شارێک بەناوی ئور، لە «کالدیە» کە کەوتۆتە خوارووی ڕووباری فورات، لە دایک بووە و قورئانی پیرۆزیش باسی پەیامبەر «ئیبراهیم» دەکات کە لە لایەن نەمروودەوە فڕێدرایە ناو ئاگر و

(1) Janmahmad, The Baluch Cultural Heritage, Royal Book Company, Karachi (PAKISTAN), 1982, P. 8.

(2) Mohammad Sardar Khan Baluch, p. 14 - 15.

(3) Mohammad Sardar Khan, p. 16.



بەهۆی هێزی خواییەوە هیچی لێ نەهات[1]. چەسپاندنی گەلی بەلوچ بەنەمروودەوەش بەم شێوەیە باس دەکات: کە لەو سەردەمەدا، لەو ناوچەیەی نەمروود دەسەڵاتداریی لێ دەکرد، کە بەپێی گێڕانەوەی ترادیسیۆنی خەڵکی ناوچەکە دەکەوێتە ناوچەیەک ٢٠ میل دوور لە خوارووی مووسڵ، هەموو نەتەوە و هۆز و شارێک پەرستیاریی خواوەند «بەل»ی تایبەتی خۆیان دەکرد. هەریەک لەم خواوەندانەش بەناوێکی تایبەتی دەناسرا، بۆ ئەوەی لە «بەل»ی هاوسێکەیان جیا ببێتەوە. خواوەندی کلدانییەکانیش بیلوس بوو و پەیڕەوانان یان پشتیوانانی بیلوس واتە کلدانییەکان یان بابلیۆنییەکان بەم ناوەوە ناوبانگیان دەرکرد[2]. وشەی بەلوچیش تا گەیشتە ئەم سەردەمە چەندین گۆڕانکاریی فۆنەتیک و ڕێنووسی بەسەردا هاتووە. کوشییە کۆنەکان بە«بەعلوث Baaloth» یان «بیلوث Bea-loth» بانگیان کردووە، ئاشوورییەکان و بابلیۆنی یان کلدانییەکان بە«بیلوس Belus» یان «بەعلوث Baalos» ناسیویانە و بێژەیان کردووە، عەرەبەکانی سەردەمی ناوەڕاست بە«بەلوص Balos» یان «بەلوج Baloj» باسیان کردووە و فارسەکانیش بە«بەلوچ» ناویان هێناوە[3]. شوێنی نیشتەجێ بوون و کۆچکردنی بەلوچ بەم شێوەیە دەگێڕنەوە، کە بەرەی کوش بەناوبانگترین کوڕەزازای نوح و کوڕی حام، بۆ ناوچەی سوریا و بابلیۆن لە ژێر نازناوی کاسوس و بیلوس کۆچیان کرد. ئیتیۆپییەکان کە لە ژێر دەسەڵاتی کوش بوون بەکوشی ناسران و بەرەی ڕاستەوخۆی کوشیش، کاسوس و بیلوسی مێژووی کۆنن. نەتەوەی بەلوچیش پاشماوەی خێزانی «کلدانی – بیلوس»ەکانن (Kaldo - Belos)[4]. واتە بەلوچ لە بنەماڵەی پاشایی هۆزی کلدانیی نەژادی کوشییەکانن[5].

پاشان بەلوچەکان ناوچەی باپیرانی خۆیان لە کالدیە واتە بابلیۆن لە ساڵی ٧٠٨ی پ. ز و ٦١٢ی پ. ز بەجێهێشت و لە هەرێمەکانی باکوری فارس، نزیک دەریای ڕەش واتە کوردستان، ئەرمینیا و گیلان نیشتەجێ بوون[6].

بۆ ماوەی دووهەزار ساڵ لەم ناوچە شاخاوییانەدا مانەوە و لە سەردەمی خەلیفەکانی

(1) Ibid, p. 16.

(2) Ibid, p. 16.

(3) Mohammad Sardar Khan, p. 17.

(4) Ibid, p. 18.

(5) Ibid, p. 18.

(6) Ibid, p. 29.

ئیسلام، بەلوچ لە ناوچەکانی ناوەندی فارس، هەرێمی کرمان بەتایبەتی، هاتنە بەرچاو[1]. هەروەکو باسمان کرد، هیچ بەڵگەیەکی زانستی نییە ئاماژە بکات بەلوچ بەڕەسەن کلدانین و لە بابلیۆنەوە بەرەو ناوچەکانی باکوری فارس کۆچ بکەن. ڕاولینسۆن و محەمەد سەردار خان بەلوچ هەردووکیان دەربارەی مێژووی سەردەمی کۆنی بەناو بەرەی بیلوس و جێهێشتنی ناوچەی باپیرانیان لە بابلیۆن شتێکی ئەوتۆ ڕوون ناکەنەوە، تەنانەت ناسنامەکەیان واتە لە سەردەمی کۆچەکەدا چەند هۆز بوون، ناوی هۆزەکان یان سەرداری گەورەیان کێ بوو دیار ناکەن[2]. لە هەمووی گرنگتر، زمانی بەلوچی، هەروەکو لە دواییدا باسی دەکەین، ئیسپات بووە کە زمانێکە لە بنەماڵەی زمانە ئێرانییەکان «هیندوئەوروپایی» و هیچ پەیوەندییەکی ڕەسەنایەتیی دروستبوونی زمانیی لەگەڵ زمانی سامییەکان واتە بابلیۆنییەکاندا نییە. هەردوو مێژوونووس لەم ڕوانگەیەوە، هیچ بەڵگەیەکی بەپێز ناکەنە بەرچاو کە زمانی بەلوچی بەچ شێوەیەک ساختی بنەڕەتی زمانی سامی لە دەست دا و تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی زمانی ئاری نەژادی هەڵبژارد. لە پەرتووکی «ساڵنامەی پاکستان» کە باس لە نەتەوەکانی پاکستان دەکات، لە بەشی مێژووی بەلوچدا هاتووە کە پاش داگیرکردن و هێنانە ژێر دەسەڵاتی بابلیۆن لە لایەن کورش Cyrus پاشای هەخامەنشییەکان، بەلوچەکان لە بابلیۆن واتە کالدیە کۆچیان کرد و لەناوچەکانی باکوری «فارس– Persia» نیشتەجێ بوون. لەگەڵ ڕەوتی سەردەمدا، دیالێکتی ڕەسەنی سامیی خۆیان لە دەست دا و زمانی داگیرکەرەکەیان هەڵبژارد، هەمان سەرچاوە ئاماژە بەوەش دەکات، کە زمانی «مادی»ی «ئاوێستا» دایکی زمانی «بەلوچی»ی ئەم سەردەمەیە[3]. ئەم بۆچوونە، هەرچەند هیچ بەڵگەیەکی زانستی و سەرچاوەیەکی مێژوویی ناخاتە بەرچاو، لە ڕووی زانستی زمانەوانییەوە گۆڕانکارییەکی نەشیاوە. لەبەر ئەوەی پێکهاتەی نەژادەکان و زمانەکەیان، هەزارەها ساڵ بەقۆناغەکانی گەشەسەندندا تێپەڕ دەبێ ئینجا دروست دەبێ[4].

ئاخۆ زمانی بەلوچی بەچ شێوەیەک بەم خێراییە، لە ناوچەکانی باکوری فارس، زمانی

(1) Ibid, p. 29.

(٢) هیوا محەمەد زەندی، دیمانەیەک لەگەڵ مێژوونووس و زمانەوان مامۆستا نەسیر خان ئەحمەد زەیی بەلوچ، کوردستانی ئیمڕۆ، ژمارە ١٤، ٢٠٠٢، ل: ٣٨ – ٣٩.

(3) Pakistan year Book, 1970, p. 457.

(٤) هیوا محەمەد زەندی، ل: ٣٩.



سامی خۆیان لە دەست دا و زمانی ڕەسەنی بەرەی ئێرانییەکانی «هیندوئەوروپایی»یان هەڵبژارد. بەهەمان شێوە، داب و نەریت، کولتوور و تایبەتمەندییەکانی تری نەتەوەی بەلوچ، کە لە دوایی باسیان لێوە دەکەین، لە کولتووری «ئاری»یە ئێرانییەکان و لە ناو ئەوانیش لە کورد بەپلەی یەکەم[1] نزیکترینە لە چاو کولتووره نزیکەکانی تر. هەرچەند گۆڕانکارییە مێژوویی و سیاسییەکان، کارتێکەریی گەورەیان لەسەر داب و نەریت، کولتوور و زمانی نەتەوەی ژێردەست هەیە، بەڵام گۆڕانکاریی تێکڕای بنچینەیی داب و نەریت، کولتوور، ترادیسیۆن و زمان و لە تایبەتمەندی گرووپی نەژادێکەوە بۆ نەژادێکی تر، واتە لە «سامی»یەوە بۆ سەر «ئاری»ی نەتەوەی بەلوچ، دەتوانین بڵێین شتێکی نەشیاوە. ئەمەش بەلەبەرچاوگرتنی مێژووی سیاسیی بەلوچ کە هەر لە سەردەمی نیشتەجێ بوونیان، لە ناوچەکانی خوارووی دەریای خەزەر، هەروەکو فردۆسی لە «شانامە»دا باسی لێوە کردووە، پاشان نیشتەجێ بوونیان لە ناوچە شاخاوییەکانی کرمان بەپێی گەڕیدە و مێژوونووسە عەرەبەکانی سەردەمی هێرش و داگیرکردنەکانی ئیسلامی بۆ سەر ئەو ناوچانە، هەتا دەگاتە دامەزراندنی کۆنفیدراسیی بەلوچ لە قەڵات، لە سەرەتای سەدەی پانزەیەمدا لە لایەن «براخۆیی» «براهویی»یە کوردە بەلوچەکان و پاشان تا سەردەمی دەسەڵات پەیاکردنی ئینگلیزەکان لە بەلوچستان لە سەدەی نۆزدەیەمەوە بەدواوە، بەلوچ جۆرە سەربەخۆییەکی دیفاکتۆی هەبووە و توانیویەتی زمان و کولتووری خۆی پراکتیزە بکات و لەناوچوونی بپارێزێ. لەم ڕووەوە، گۆڕانی بنەڕەتی هەموو تایبەتمەندییەکانی نەتەوایەتیی بەلوچ زانستی نییە، هەر بۆیە، گەڕاندنەوەی بەلوچ وەکو پاشماوەی بیلوس، بەبێ بەدەستەوەدانی بەڵگەنامە و سەرچاوەی زانستی، بەگشتی تەنها بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە وشەی بیلوس لە بەلوچ دەچێ و ئەو مەزەندەیە بکرێ وشەی بەلوچ هەمان بیلوسی پاشای کلدانییەکان بێ، تێڕوانینێکی زانستی و میتۆدۆلۆژیی مێژوویی نییە. هەروەکو باسمان کرد، هەموو زانستێکی ڕەچەڵەکناسی دژی بۆچوونی بەکلدانی بوونی بەلوچ بوونەتەوە. تەنانەت کلدانییەکان کە ئێستاش لە کوردستان هەر ماون و بەدرێژایی مێژوو لەگەڵ کورددا ژیاون، زمان و کولتووری خۆیان لە دەست نەداوە. ئەو دیالێکتەی گفتوگۆشی پێ دەکەن لە «هیبرو»وەوە زۆر نزیکە[2] و ئەمەش «سامی»بوونی زمانەکە دەگەیەنێ.

(1) Janmahmad, The Cultural Heritage, p. 5, 25.

(2) Mohammad Sardar Khan, p. 23.

بەپێچەوانە، بەلوچ کە لە سەدان ساڵەوە پەیوەندیی نەژادیی لەگەڵ کورد پچڕاوە، لەگەڵ کورد ناژی و لە ڕووی جوگرافیشەوە بەیەک ناگەنەوە، زمانەکەیان لە کوردییەوە زۆر نزیکە. دوای دەوڵەتی «ماد»یش، کورد دەسەڵاتداریی بەرفراوانی «کوردیی» نەکردووە کە بەلوچەکانیش بگرێتە خۆ و کارتێکەرییان لێ بکات. لەگەڵ هەبوونی ئەو فاکتەرە زانستییانە، کە لەدواییدا بەدرێژی باسیان دەکەین، هەوڵدان بۆ لکاندنی پەیوەندی نەژادیی بەلوچ بەکلدانییەکانەوە، یان بەعەرەبەکانەوە، لە حەز و ئاواتێکی سایکۆلۆژیی زیاتر، چی دی لێ ناکەوێتەوە. هەروەکو لە مێژوودا، نموونەی زۆر لەم بابەتانە هەن کە نەتەوەیەک یان گەلێک بەهۆی بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری، یان حەزی ئاینی، ناسنامەی نەتەوە یان گەلێکی تر هەڵدەبژێرن. لە سەرەتای هاتنی ئیسلامدا، لە ناوچەکانی پارس، زۆر لە فارسەکان بەمەبەستی وەرگرتنی مافی زیاتری کۆمەلایەتی لە فەرمانڕەوایە موسوڵمانەکان، ناوی «عەرەبی»یان هەڵبژارد و ڕیشەی دروستکراویان هێنا و ڕەچەڵەکی خۆیان بەعەرەبەکانەوە لکاند. تەنانەت بانگێشەی ئەوەشیان دەکرد کە گوایە نەوەی پەیامبەر محەمەد «د»ن، حوسێن، کچی پاشای ساسانییەکان یەزدێگاری سێیەم (٦٣٣ - ٦٥١ز)ی خواستووە[١].

«بەربەر»ەکان و نەتەوەی تری ئەفریکا، پاش بڵاوبوونەوەی موسوڵمانەکان لە ئەفریکا، حەزیان دەکرد خۆیان و دەسەڵاتدارەکانیان بەنەژادی عەرەب لە قەڵەم بدرێن[٢].

بەهەمان شێوە، خۆ لکاندن بە«عەرەب»ەوە یان «سامی»یەکانەوە کە خاوەنی سەڵتەنەتی مەزن و بەناوبانگ بوون لە ناوچەی «میزۆپۆتامیا» و «بابلیۆن» لە چەند هەزار ساڵ بەر لە زایین و پێداگرتن لەسەر ئەم پەیوەندییە بێ بنەمایە لە لایەن چەند مێژوونووسێکی بەلوچەوە، لە حەز و ئاواتی سایکۆلۆژیی ڕووت بەولاوە هیچ بنەمایەکی ڕاستەقینەی زانستیی نییە. ئەمەش بەپێی ئەوەی بەڵگە زانستی، میتۆدۆلۆژیی مێژوویی، زمانەوانیی، ئەنترۆپۆلۆژیی، کولتووری و داب و نەریتەکانی بەلوچ، ئەوە دەگەیەنن کە بەلوچ بەڕەسەن لە نەژادی ئێرانیی هیندوئەوروپاییەکانن و لە نێوان نەتەوە ئێرانییەکانیش بەپلەی یەکەم دێنەوە سەر ڕەچەڵەکی کورد.

(١) هیوا محەمەد زەندی، نەتەوەی بەلوچ لەبەر تیشکی مێژووی بەلوچ و بەلوچستان، ڕابوون، ژمارە ٢٥، ١٩٩٨، ل: ٣١.

(٢) هیوا محەمەد زەندی، ڕابوون، ل: ٣١.



## ئارینەژادیی بەلوچ:

دوو سەرچاوەی مێژوویی سەرەتایی بەهێز کە باسی ئارینەژادی و بەڕەچەڵەک کوردبوونی بەلوچ دەکەن، «کورد گال نامەک» (١٦٥٩ز) نووسینی «ئاخوەند ساڵح محەمەد سدیق» و «مێژووی مەردۆخ» نووسینی «بابا مەردۆخی روحانی»ن. سەرەتا هەوڵ دەدەین ناوەڕۆکی ئەو دوو کتێبە مێژووییە سەبارەت بەئارینەژادی و بەڕەچەڵەک کوردبوونی بەلوچ باس بکەین و پاشان ئەم تێڕوانینەی هەردوو سەرچاوەکە دەخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە لە ڕووی سەرچاوە مێژووییە کۆنەکان و لێکۆڵینەوەی سەردەمی نوێی مێژووی نەژادیی بەلوچ. هەروەها هەوڵ دەدەین لە دوو توێی باسەکەدا نشینگەی سەرەتایی کورد و بەلوچ و کۆچ و ڕاگواستنە مێژووییەکانی بەلوچ بکەینە بەر باس کە زیاتر یارمەتیدەر دەبن بۆ ڕوونبوونەوەی مێژووی نەژادیی بەلوچ.

بەپێی ئەم دوو سەرچاوەیە، بەتایبەت کورد گال نامەک کە ڕاستەوخۆ بەلوچەکان بەتیرەیەک لە مادەکان باس دەکات، بەلوچ پەیوەندی نەژادیی دەگەڕێتەوە سەر کورد. ئەمەش لەم ڕووەوە کە بەلوچ، لە ڕووی نەژادییەوە بەڕەسەن لە مادەکانن و مادەکانیش باپیرە گەورەی کوردەکانی ئەم سەردەمەن، مێژووی مەردۆخ دەربارەی دروستبوونی نەتەوەی کورد دەڵێ: بەپێی بەڵگە و سەرچاوە مێژوویی، زانستی و ئاسەوارە دۆزراوەکان، ئەوە ئیسپات بووە کە نەژادی کورد بەڕەسەن «ئاری»ن و لە چینی هیندوئەوروپاییەکانن و لە سەردەمێکی نادیاری چەند هەزار ساڵ بەر لە زایینی مەسیح، هاتوونەتە ئەم ناوچانەی ئێستا لێی دەژین، کە کەوتۆتە خوارووی «ئەرمەنستان» و بە«کوردستان» پێناسە دەکرێ[١].

دەربارەی نشینگەی سەرەتایی نیشتەجێ بوونی کورد، مێژووی مەردۆخ دەڵێ: «هەندێ لە مێژوونووسان پێیان وایە کورد لە لای ڕۆژهەلاتەوە، واتە لە ناوەندی «ئاسیا»وە بەرەو کەنارەکانی خوارووی دەریای «مازندەران» «خەزەر» هاتوون و پاشان وردە وردە بەدرێژایی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس و کەنارەکانی «دیجلە»دا بڵاوبوونەتەوە و تا کەنارەکانی دەریای ڕۆژئاوا ڕۆیشتوون»[٢] هەروەها دەڵێ: هەندێکی تر لە مێژوونووسان پێیان وایە، «کورد»ەکان لەلای کەنارەکانی خواروو یان سەرووی دەریای «بالتیک»ەوە ڕاستەوخۆ

(١) کتاب تاریخ مردوخ، ئایەتوڵڵا شێخ محەمەد مەردۆخ کوردستانی، چاپخانەی ئەرتەش، ل: ٢١.

(٢) کتاب تاریخ مردوخ، ئایەتوڵڵا شێخ محەمەد مەردۆخ کوردستانی، چاپخانەی ئەرتەش، ل: ٢١.

بەرەو قەفقاز و ئەرمەنستان هاتوون و لەوێوەش لە زنجیرە چیای ئارارات و جودییەوە سەرەوخوار بوونەتەوە و لە ڕۆژهەڵات تا کەنارەکانی دەریای «عومان» و لە ڕۆژئاواش تا کەنارەکانی دەریای ڕۆژئاوا «مغرب» بڵاوبوونەتەوە[1] مێژووی مەردۆخ لە هەڵسەنگاندنی ئەم بۆچوونە مێژووییانەدا دەڵێ: «لە ڕووی ئاسەواری سروشتی و نیشانە سیاسییەکان، ئەو ئاکامە دێتە دەست کە ئەو بۆچوونانەی باسمان کردن، هەرچەند لە ڕووی زاهیرەوە (دەرەکی) لەگەڵ یەک ناکۆکن، بەڵام بەپێی واقیع و کرۆکی تێزەکان (نفس الأمر)، هیچ جیاوازییەک بەدی ناکرێ. واتە هاتنی کورد چ لە باکورەوە بێ یان لە ڕۆژهەڵاتەوە، هەردووکیان ڕاستن، بەم شێوەیەی کە بەشێک لە لای باکورەوە هاتوونەتە ئارارات و لەوێوەش سەرەوخوار بوونەتەوە و بوون بەدوو دەستە: دەستەیەکیان لە کەنارەکانی ڕووباری «فورات» و بەدرێژایی چیاکانی «تروس»ەوە تا کەنارەکانی دەریای «ڕۆژئاوا»، «سوریا» و «شامات» بڵاوبوونەتەوە، دەستەکەی دووەمیش بەدرێژایی زنجیرە چیای «زاگرۆس» و لە کەنارەکانی «دیجلە»وە تا خەلیجی پارس و کەنارەکانی دەریای عومان، ڕۆیشتوون.

بەشەکەی تریش لە لای ڕۆژهەڵاتەوە، واتە لە ئاسیای ناوەندییەوە بەرەو ڕۆژئاوا و خوارووی دەریای «مازندەران»، دەوروبەری «ئازەربایجان»، ناوچەی «ئەسپەهان»، «هەمەدان» ، کرماشان و «لوڕستان» هاتوونە.[2] بەپێی مێژووی مەردۆخ، بەشی یەکەمی کوردەکان بە«گودی» یان «گوتی» ناسران کە لەم تیرانە پێکهاتوون: «لۆلۆ»، «گوتی»، «کاسو» یان «کاسی» و «سوبارو» یان «سوباری» یان «شوباری» = (هوری)[3].

بەشی دووەمیش بە«کورتی» ناسران کە «پارسی»یەکان «سیرتی»یان پێ گوتوون و لە سەدەی نۆیەمی پ. ز بەپێی «هیرۆدۆت» خۆیان بەماد ناساندووە، ئەمانیش لەم تیرانە پێکهاتبوون: «ماد»، «نالیری» و «کاردۆخ»[4]. بەپێی مێژووی مەردۆخ، هەربۆیە زۆربەی مێژوونووسان بەشی یەکەمی کوردەکان بەکوردە ڕۆژئاواییەکان یان کوردە ئاراراتییەکان ناساندووە و کوردەکانی بەشی دووەمیشیان بەکوردە ڕۆژهەڵاتییەکان یان مادایان گوتووە و لەم ڕووەوە ناکۆکی نێوان بۆچوونی ڕۆژهەڵاتی یان باکوری بوونی کورد

(١) کتاب تاریخ مردوخ، ئایەتوڵڵا شێخ محەمەد مەردۆخ کوردستانی، چاپخانەی ئەرتەش، ل: ٢١.
(٢) مێژووی مەردۆخ، ل: ٢٢.
(٣) مێژووی مەردۆخ، ل: ٢٢ – ٢٣، ٦٠.
(٤) مێژووی مەردۆخ، ل: ٢٢ – ٢٣، ٦٠.



نامێنێتەوە و هەردووکیان ڕاستن، پرۆفیسۆر «مینۆرسکی»ش پشتگیری ئەم بۆچوونە دەکات.[1] هاتنی تیرەی ماد لە ڕۆژهەڵاتی دەریای خەزەر، لە مەدرەک و سەرچاوەکانی سەدەی نۆیەم و هەشتەمی پێش زایینی «ئاشووری»یەکان باس کراوە و لەم سەرچاوانەدا، ئەوانیش ئەم دەستەیەیان بەماد یان ئامادا پێناسە کردووە[2].

ئەوەی گرنگە لێرەدا سەبارەت بەمێژووی بەلوچ، نیشتەجێ بوونی مادەکانە لە کەنارەکانی خوارووی دەریای خەزەر کە دەتوانین وەکو نشینگەی سەرەتایی ناوی ببەین. «کورد گال نامەک»یش دەربارەی هاتنی تیرە و ڕەسەنەکانی بنیاتنەری نەتەوەی «کورد» هەمان بۆچوونی «مێژووی مەردۆخ» باس دەکات لە باسی گێڕانەوەی بنەچەی کوردە «براخۆیی»یەکاندا دەڵێ: بەپێی سەرچاوە و بەڵگەنامە مێژووییەکان، کورد بەسەر دوو بەشدا دابەش دەبن، بەشی یەکەم ئەو کوردانەن کە لە لای «ئارارات» و زنجیرە چیای «جودی»یەوە هاتوون و لە درێژایی ناوچەی «دیجلە» و «فورات» لە خۆرئاوا تا «سوریا» و کەنارەکانی دەریای «ڕۆم» و لە خۆرهەڵات تا کەنداوی «فارس» و کەنارەکانی دەریای «عومان» بڵاوبوونەوە. تیرە ڕەسەنەکانی ئەم بەشە لە «لۆلۆ»، «گوتی»، «کاسو» و «سوباری» پێکهاتوون و لەبەر ئەوەی لە لای ڕۆژئاواوە واتە لە لای دەریای خەزەرەوە هاتوون بەڕۆژئاوایی دەناسرێن. بەشی دووەم، ئەو «کورد»انەن کە لە ناوەڕاستی ئاسیاوە بەرەو ڕۆژئاوای ئێرانی ئەم سەردەمە هاتوون و لەوێوەش بەڕۆژهەڵاتی دەریای خەزەرەوە تێپەڕبوون و لە باشووری ئەم دەریایە (گوماوە) لە ناوچەی «ئەتروپان» بڵاوبوونەتەوە و نیشتەجێ بوونە. تیرە ڕەسەنەکانی ئەم بەشەش لە «ماد»، «ناهیر» و «کاردۆخ»ەوە پێکهاتوون[3].

لە باسکردنی درێژەی تیرەی «ماد»، مێژووی مەردۆخ و کوردگال نامەک لە خاڵە سەرەکییەکاندا بەگشتی یەک دەگرنەوە. بەپێی مێژووی مەردۆخ، «ماد»ەکان بەسەر حەوت هۆزدا دابەش بوونە و شوێنی نیشتەجێ بوونیان بەم شێوەیە باس دەکات.

١- هۆزی «پارتاسنی»، لە ناوچەکانی دەوروبەری «تاران» و کەنارەکانی دەریای «خەزەر» نیشتەجێ بوونە.

(١) مێژووی مەردۆخ، ل: ٢٢ – ٢٣، ٦٠.
(٢) مێژووی مەردۆخ، ل ٦٩.
(٣) ئاخوەند ساڵح محەمەد سدیق، کورد گال نامەک، کوێتە، ١٩٩١، ل: ٧٠.

٢- هۆزی «بوز» یان «بوس» ، سەرەتا لە «مازندەران» بوونە، پاشان بەرەو لای «هەمەدان» و «عێراق» چوونە و لەوێ بڵاوبوونەتەوە.

٣- هۆزی «ئەستروشات» ، لە ناوچەکانی دەوروبەری «سەمەرقەند» ، «خوارزم» بەکشتوکاڵ و مەڕدارییەوە سەرقاڵ بوون.

٤- هۆزی «ئاریزانت» ، لە لای «ئازەربایجان» و ڕووباری «ئاراکس» = «ئەرس» نیشتەجێ بوونە.

٥- هۆزی «بودی» بەرەو خواروو ڕۆیشتوون و لە دەوری ڕووبارەکانی هیندستان نیشتەجێ بوونە.

٦- هۆزی «ماژ» = «ماگ» = «مایغ» = «ماگوش»یشیان پێ گوتوون، عەرەبەکان وشەکەیان بەعەرەبی کردووە و بە«مەجوسی» پێناسەیان کردوون.

٧- مێژووی مەردۆخ دەربارەی هۆزی حەوتەم دەڵێ هەرچەند ناوی هۆزی حەوتەم ڕوون نییە، بەڵام بەپێی لێکدانەوە، وا دەردەکەوێ کە ناوی ئەم هۆزە «دیلام» بێ کە لە پاشان لە ناوچەکانی «تبرستان» = «مازندەران» و «گیلان» بڵاوبوونەتەوە و ناوەندی ناوچەکەیان «دیلمان» بووە.[1] «هیرۆدۆتس» باسی شەش هۆزەکەی سەرەوەی کردووە، بەڵام باسی هۆزی حەوتەم ناکات[2]. «کورد گال نامەک»یش لەگەڵ مێژووی مەردۆخدا یەک دەگرێتەوە و دەڵێ «ماد»ی بچووک حەوت کوڕی هەبووە: «پارتاسن» ، «ئەستروشات» ، «تاریزانەت» ، «بوز» ، «ماژ» ، «بود» و «دیلمان» ، کە لە ئەنجامدا حەوت هۆزیان لێ پێک هات و هەریەکەی بەناوی باپیرە گەورەیەوە ناسرا[3].

لە گێڕانەوەی چۆنیەتی دروستبوونی دەوڵەتی «ماد»یش، هەردوو سەرچاوەکە هاودەنگن کە کاتێ دوا پاشای «پیشدادی»یەکان، «گرشاسپ» کۆچی دوایی دەکات، فەرمانڕەواکانی «ئاشوور» دەستیان بەهێرش بۆ سەر «ماد» و «فارس» کرد. لەم بارودۆخە ناهەموار و شڵەژاویەدا، سەران و ڕیش سپییەکانی «مادی گەورە» و «مادی بچووک» و هەروەها سەردارانی هۆزەکانی «پارس» ، «گیلی» ، «دیلەم» و «خەزەر»[4] کۆبوونەوە و

(١) مێژووی مەردۆخ، ل: ٧٠.

(٢) مێژووی مەردۆخ، ل: ٧٠.

(٣) ئاخوەند ساڵح، کورد گال نامەک، ل: ١١.

(٤) کورد گال نامەک بە«کورد»ەکانی پارس، گیل، دیلەم و خەزەر ناویان دەبات.



پاش دانیشتن و ڕاوێژکاریی زۆر، گەیشتنە ئەو ئاکامەی کە «کەیقوباد»ی کوردی ماد کە سەرۆکی یەکێ لە هۆزەکانی «ماد» بوو و بەکارامەیی، لێزانی، ئاوەزیی و دادپەروەرییەوە بەناوبانگ بوو، بەسەرۆکی سەڵتەنەت هەڵبژێرن. بەم جۆرە، لەساڵی **٨٥٣**ی پ. ز «کەیقوباد» هاتە سەر تەختی دەوڵەتی «ماد» و «فارس»[1].

بەپێی ئەو دوو سەرچاوەیە، کاتێ کەیقوباد هاتە سەر تەختی «ماد» و «فارس» ، «ئەفراسیاب» کە فەرمانڕەوای «توران» بوو و بەهۆی ئەوەی لە ڕووی ویراسییەوە (بۆماوەوە) بنەچەکەی دەگەیشتەوە «پیشدادی»یەکان، پاشایەتیی «کەیقوباد»ی قەبوڵ نەکرد و خۆی بەمیراتگری ڕاستیی تەختی «ماد» و «فارس» دەزانی. بەڵام لەبەر ئەوەی «ئەفراسیاب» سیاسەتمەدارێکی لێزان نەبوو، بەشایانی تەختی سەڵتەنەتی «ماد» و «فارس» یان نەزانی و هۆزەکانی «ماد» ، «زابلستان» و «کابلستان» ، بەگشتی دەسەڵاتداریی کەیقوبادیان قەبوڵ کرد. ئەمەش بووە هۆی هەڵگیرسانی جەنگ لە نێوان «کەیقوباد» و «ئەفراسیاب» . مێژووی مەردۆخ دەڵێ: پاش جەنگێکی سەخت، ئاشتییان کرد و کەیقوباد لە «بەلخ»ەوە گەڕایەوە «ئەسپەهان» ، هێزی سەربازیی ڕێکخست، دەربار و پاسەوانی تایبەتی دامەزراند و «ئەکباتان = هەمەدان»ی کردە پایتەختی دەوڵەتەکەی[2] «کورد گال نامەک» دەڵێ «ئەفراسیاب» لە جەنگ شکست دێنێ و دەوڵەتی «توران» کە پێکهاتبوو لە ناوچەکانی «سوغدستان» ، «کابلستان» ، «زابلستان» ، «توران» و «مەکران» ، دێتە ژێر دەسەڵاتی کەیقوباد. هەروەها دەڵێ لەم جەنگەدا، تیرەکانی «ئەدرەگانی» ، «ماملی» و «کرمانی» کە بەرەی سێ کوڕی «ئەستروشات» ، «ئەدرەگان» و «مامل» و «کرمان» بوون لەگەڵ تیرەکانی «براخۆیی» و «زەنگەنە» کە بەرەی دوو کوڕی «بود» ، «براخم» و «زەنگان» بوون، یاوەری پاشای ماد کەیقوباد بوون و دژی «ئەفراسیاب» جەنگان. پاش سەرکەوتن، کەیقوباد کوردە ئەدرەگانی، ماملی و کرمانییەکانی لە مەکران، کوردە زەنگەنەکانی لە زابلستان و سیستان و کوردە براخۆییەکانیشی لە توران نیشتەجێ کرد. بۆ ئەوەی پارێزگاریی سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی دەوڵەتی ماد و فارس بکەن[3].

بەم شێوەیە، بەرەی بود و ئەستروشات کە کوڕی مادی بچووک بوون لەگەڵ چەند

(١) کورد گال نامەک، ل: ٤، مێژووی مەردۆخ، ل: ١٦١ - ١٦٢.

(٢) مێژووی مەردۆخ، ل: ١٦٣.

(٣) کورد گال نامەک، ل: ٤، ٨٢ - ٨٣.

هۆزێکی تر کە «کورد گال نامەک» باسیان لێوە دەکات، لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆیەمی پ. ز (٨٥٣ی پ.ز) ، لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی سنووری دەوڵەتی ماد نیشتەجێ بوون. بەڵام لەگەڵ ڕەوتی سەردەم و گۆڕانکارییە سیاسی و مێژووییەکان، واتە دەسەڵات گرتنە دەستی هەخامەنشییەکان (٥٥٠ی پ. ز) ، هاتنی ئەسکەندەری مەکدۆنی و داگیرکردنی ماد و فارس لە ٣٣٠ی پ. ز، پاشان دەسەڵات گرتنە دەستی بنەماڵەی «کۆشانی» و «ساسانی»یەکان و هەروەها هاتنی ئیسلام، تێکڕا بوونە هۆی ئەوەی پەیوەندیی نەتەوایەتیان لەگەڵ باپیرانیان (مادەکان) نەمێنێ و بۆ هەتا هەتایی لەم ناوچانەدا نیشتەجێ بن کە ئێستا پێی دەگوترێ «بەلوچستان». هەرچەند لە سەردەمەکانی دواییدا، ئەم کوردە مادانە بەپێی کورد گال نامەک چەندین جار ڕووبەڕووی هێرشی هۆزە «سندی»یەکان یان «جدگالی»یەکان بوونەوە و ناچار کران بەرەولای دواتر واتە بەرەو لای ناوچەکانی ڕۆژئاوای «بەلوچستان» واتە «سیستان» و بەلوچستانی ئێران پاشەکشە بکەن. تەنانەت لە سەردەمی داگیرکردنی «کرمان» لە لایەن عەرەبەکانەوە لە ٢٣ی کۆچیدا، بەلوچ لە ناوچەکانی «کرمان» و «سیستان» کەوتنە بەرچاو. بەهەرحاڵ، بەپێی تێڕوانینی «میر نەسیر خان ئەحمەد زەیی بەلوچ» ، نووسەری «مێژووی بەلوچ و بەلوچستان» ، هۆکاری بنەڕەتی ئەم دابڕانە نەتەوەییە، گواستنەوەیان لە ناوچەی «ماد»ەوە بۆ ناوچە سنوورییەکانی ڕۆژهەڵاتی دەوڵەتی «ماد» و پرۆسە و گۆڕانکارییە سیاسییەکان بوون[1]. دەربارەی مێژووی نەژادیی بەلوچ تا ئێستا ئاماژەمان بەوە کرد کە لە چەند هەزار ساڵ بەر لە زایین، کوردە مادەکان لە ناوەڕاستی ئاسیاوە، واتە لە ڕۆژهەڵاتەوە هاتوونەتە ڕۆژئاوا و خوارووی دەریای «خەزەر» و لەو ناوچانەدا نیشتەجێ بوونە. پاشان بەپێی مێژووی مەردۆخ، هۆزی (بود)ی مادەکان بەرەو هیندستان چوون و لە ناوچەکانی دەو ڕووبارەکانی هیندستان ئاوا بوون. «کورد گال نامەک»یش هاودەنگە و بەدرێژتر باس دەکات کە تیرەکانی براخۆیی و زەنگەنەی هۆزی بودی لەگەڵ تیرەکانی ئەدرەگانی و ماملی و کرمانیی هۆزی ئەستروشات، هەروەها چەند هۆزێکی تری کوردی ماد کە لە دواییدا بەبەلوچ ناسران، لە ناوچەکانی توران، مەکران و سیستان نیشتەجێ بوون. سنووری ئەم ناوچانە لە ڕۆژهەڵاتەوە لکابوو بەهەرێمی «سند» کە دەریای «سند» (Indus River)ی پێدا تێپەڕ دەبێ و لە ڕووی جوگرافییەوە دەکەوێتەوە چوارچێوەی سنووری هیندستانی کۆن. هەروەکو لەوەپێش باسمان کرد، مێژووی مەردۆخیش دەڵێ:

(١) هیوا محەمەد زەندی، ڕابوون، ل: ٣١.



هۆزی بودی لە دەو ڕووبارەکانی هیندستان نیشتەجێ بوون. لەم ڕووەوە، کورد گال نامەک و مێژووی مەردۆخ یەک دەگرنەوە کە بەلوچەکان پاشماوەی ئەو کوردە مادانەن کە لە پێش زایین هاتنە ئەم ناوچانە و نیشتەجێ بوون.

تێڕوانینی «ئاری»بوونی نەتەوەی بەلوچ و لە ناو نەتەوە ئارییەکانیش «ماد – کورد» بوونی «بەلوچ» کە کورد گال نامەک و مێژووی مەردۆخ ئاماژەیان پێ کردووە، لە لایەن کۆمەڵێ سەرچاوەی مێژوویی تری کۆن، لێکۆڵینەوە و بەڵگەی فراوانی زانستی، مێژوویی، ئەنترۆپۆلۆژی، زمانەوانی، کولتووری و داب و نەریتییەوە هاتووەتە بەرچاو کە ڕاشکاوانە ئاماژە بەوە دەکەن کە نەتەوەی بەلوچ هیچ پەیوەندییەکی نەژادیی بەکلدانی، عەرەب، هیندی و نەتەوەکانی ترەوە کە لەوەپێش باسمان کرد نییە و لە ڕووی نەژادییەوە دەگەڕێنەوە سەر مادەکان. هەروەها، ئەوەش ڕوون دەکەنەوە کە لە ناوچەکانی خوارووی دەریای خەزەرەوە هاتوونەتە ئەم ناوچانەی ئێستا لێی نیشتەجێ بوونە.

لەم بارەیەوە، دێمز، توێژەری بەناوبانگ و لێهاتووی مێژووی بەلوچ و ڕەچەڵەکناسی پێی وایە بەلوچ بەڕەسەن ئارياییین و لە ناوچەکانی باکووری ئێران واتە کەنارەکانی باشووری دەریای خەزەرەوە هاتوون[1]. بەتایبەت دێمز دەڵێ: بەرچاوترین تایبەتمەندی نەژادیی بەلوچ، پاراستن و سەربەخۆ مانەوەی شێوەی لەش و ئێسکی کەللەسەرە، کە لەم ڕووەوە زۆر بەدڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین لەو ناوچانەی بەرزاییەکانی ئێرانەوە هاتوون کە زیاتر کەوتوونەتە لای ڕۆژئاوا و باکووری ئێران و دەبێ لەو ناوچانەدا، وەکو «بەختیاری»یەکانی ئەم سەردەمە، پەیوەندی و تێکەڵاوییان لەگەڵ هۆزە کۆچەرەکانی تری ئێراندا هەبووبێ[2].

هەروەها دەڵێ: بەپێی ئەو ئەندازەگیریانەی لەسەر شێوەی ساختی کەللەسەر کراون، ڕوون دەبێتەوە کە شێوەی کەللەسەری نەژادی بەلوچ لە شێوەی «کەللەسەری کورت و پان» (Brachycephalic)ی ئێرانییەکان دەچێ و لە «کەللەسەری درێژ» (Dil-ochocephalic)ی عەرەبەکان و هیندستانییەکان ناچێ[3].

(١) م. ک. پیکۆلین، بەلوچ، وەرگێڕانی بۆ ئوردۆ: دوکتۆر شاه محەمەد مەری، بڵاوکراوەی تەخلیقات، لاهور، ١٩٩٥، ل: ٣٠.

(٢) لۆنگوەرت دێمز، کۆچ و بەلوچ، وەرگێڕان و شیکردنەوەی میرگول خان نەسیر، پەخشخانەی کەلات، چاپی دووەم، ١٩٨٣، ل: ١٠١.

(٣) دێمز، کۆچ و بەلوچ، ل: ١٠٦.

ڕەچەڵەکناسی بەناوبانگی یەکێتی سۆڤیەت، «ئوسانین»یش هاوەدەنگە لەگەڵ بۆچوونەکانی دێمز[١].

جگە لەمانە، «هێنری فیلد» مرۆڤناسی بەتوانای ئەمەریکایی، لە ساڵی ١٩٥٥دا، لەگەڵ هاوڕێکانی لێکۆڵینەوەی بەپێزی لەسەر شێوە و ساختی لەشی بەلوچەکانی پاکستانی ئەنجام دا و پاش ئەندازە و وێنەگرتن و توێژینەوە لەسەر ٢٣٥٤ کەس، بەم ئەنجامە گەیشت کە بەلوچەکان پەیوەندییە نەژادییەکانیان بەگشتی دەچنەوە سەر خەڵکی ئێران و هیچ پەیوەندییەکی نەژادیی - ئەنترۆپۆلۆژیی ئەوتۆیان لەگەڵ نەژادی زەرد و خەڵکانی ئەوبەری دەریای «سند» و «هیند»ەوە نەبوو[٢].

ئەم بەڵگە زانستییە ئەنترۆپۆلۆژیانە، بەگشتی ئەوە نیشان دەدەن کە بەلوچ بەنەژاد «ئاریایی»ن و پەیوەندییان بەناوچەکانی باکور و ڕۆژئاوای ئێرانەوە هەیە کە دەکاتە ناوچەکانی باشووری دەریای خەزەر، واتە ناوچەکانی گیلان، کوردستان و ئازەربایجان. بەپێی کورد گال نامەک و مێژووی مەردۆخیش، کوردە مادەکان کە بەلوچەکان لێیانەوە سەرچاوە دەگرن، سەرەتا هاتوونەتە ئەم ناوچانە و پاشان بۆ بەلوچستانی ئەم سەردەمە کۆچیان کردووە.

لێکۆڵینەوە زانستی و مێژوویییەکانی تر، لەمەڕ بەڕەسەن «ماد - کورد»بوونی نەژادی بەلوچ و کۆچکردنیان لە نشینگەی سەرەتاییانەوە واتە خوارووی دەریای خەزەر، کە لە کورد گال نامەک و مێژووی مەردۆخدا باسیان لێ کراوە، بەگشتی هەمان ئاکام دەدەنە دەستەوە. لە سەرچاوە مێژوویییە کۆنەکان کە ئێستا لە بەردەست دان، لە شانامەی فردۆسی (٩٣٥ - ١٠٢٠ز)دا کۆمەڵێ زانیاری بەنرخ دەست دەکەون کە لەم ڕوانگەیەوە بەشێوەیەکی ئەوتۆ ناکۆک نین و بەگشتی ئاماژە بەپەیوەندیی نزیکی نێوان مادەکان و بەلوچەکان دەکەن و ڕاستەوخۆ باسی نیشتەجێ بوونی بەلوچ لە ناوچەی بەلوچستان لە پێش زایین و هەروەها لە ناوچە کەنارەکانی دەریای خەزەر لە سەردەمی دەسەڵاتداریی «ئەنوشیروان»ی پاشای «ساسانی»یەکاندا دەکەن. فردۆسی[٣] بەڕوونی باس دەکات کە

(١) م. ک. پیکۆلین، ل: ٣٠.

(٢) عەلی ئەکبەر جەعفەری، سوخەن، شمارە ٨ و ٩، ل: ٧٧٩.

(٣) ئەبولقاسم فردۆسی لە ١٠١٠/٢/٢٥ز لە نووسینی «شانامە» بۆوە. شانامە باسی مێژووی ٣٨٧٤ ساڵی «فارس»ەکان دەکات، بەڵام گێڕانەوەکانی ئەوەندە جێگای باوەڕ نین. لەبەر ئەوەی مرۆڤ لەو سەردەمەدا ئەوەندە ئاسانکاریی بەدەستهێنانی بەڵگەی ڕاست و باوەڕپێکراوی لە بەردەستدا =



بەلوچەکان بەشێک بوون لە سوپای «کیکاوس» و «کەیخوسرۆ»[١]. کیکاوس کوڕی کەیقوبادی پاشای کوردە مادەکان بوو و پاش کۆچی دوایی کەیقوباد، لە ساڵی ٧٥٩ی پ. ز، هاتە سەر تەختی پاشایی ماد و فارس[٢].

هەروەها «کەیخوسرۆ»ش کوردی ماد بوو کە دوای کۆچی دوایی کیکاوس هاتە سەر تەختی ماد و فارس[٣] فردۆسی دەگێڕێتەوە کە بەلوچ لەگەڵ «کۆچ»ەکان کە لە دواییدا باسی لێوە دەکەین، لە جەنگی دژی ئەفراسیابدا بەشێکی گرنگی سوپای کیکاوس بوون. بەپێی فردۆسی، کیکاوس دوازدە هەزار سواری بەسەرکردایەتیی کوڕەکەی، سیاوش، بۆ سەمەرقەند و بوخارا بۆ جەنگی ئەفراسیاب نارد[٤]

فردۆسی دەڵێ: کیکاوس شەڕکەر و سواری بەناوبانگی لە خەڵکی کۆچ، بەلوچ ، گەیلانی و دەشتی سروچ بۆ جەنگ هەڵبژارد:

گزین کرد از آن نامداران سوار
دلیـــــران جنگی ده و دو هزار

=نەبووە، جگە لەوەی زۆر لە ڕووداو و بەسەرهاتەکان لە مێژوودا ون بوون. بۆیە ناتواندرێ زۆر پشت بەشانامە ببەسترێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، زۆر سەختە نکۆڵی لەوە بکرێ کە بەلوچ ڕۆڵێکی گرنگی لە گۆڕانکاریی و کێشە سیاسییەکانی ئەو سەردەمانەدا هەبووە کە فردۆسی باسی لێوە دەکات.
(Janmahamad, p.2)

(1) Mohammad Sardar Khan, p. 24.

(٢) کورد گال نامەک، ل: ٢٦ - ٢٧.

(٣) کورد گال نامەک، ل: ٢٩.

(٤) مێژووی مەردۆخ و کورد گال نامەک، جەنگی حکوومەتی ماد لەگەڵ ئەفراسیاب، لە سەردەمی یەکەم پاشای ماد، کەیقوباددا گێڕاوەتەوە، بەڵام فردۆسی جەنگەکە لە سەردەمی کیکاوس کوڕی کەیقوباد و کەیخوسرۆدا باس دەکات. لە ڕاستیدا، فردۆسی لە گێڕانەوە و دیاریکردنی ڕووداوەکان، هەڵەی زۆری کردووە. بۆ نموونە، فردۆسی هەر لە سەردەمی پیشدادی و کیانی - مادەکانەوە تورانییەکان بەتورکمانی «منگولغام» دەزانێ. بەڵام لە ڕاستیدا، هێرشی نەتەوەی منگولغام زیاتر لە سەردەمی ئەشکانی و ساسانییەکاندا ڕوویدا.
(جەستس میر خودا بەخش بەجارانی مەری بەلوچ، بەلوچستان لە ئاوێنەی مێژوودا، وەرگێڕانی بۆ ئۆردو: پرۆفیسۆر سەعید ئەحمەد ڕەفیق، نساء ترێدەرز، کوێتە، پاکستان، چاپی یەکەم - ١٩٨٩، ل: ٧٩.

هم از پهلو و پارس کوچ و بەلوچ
ز گیلان جنگی و دشتِ سروچ[١]

لێرەدا هەڵبژاردنی شەڕکەر لەو نەتەوانە، لە لایەن «کیکاوس»ەوە جێگای سەرنجە و نزیکایەتیی نێوان ئەم نەتەوانە و مادەکان نیشان دەدا.

«کۆچ»ەکان بەپێی گەڕیدە عەرەبەکان بەشێک لە کورد بوون. «بەلوچ»ەکان هەروەکو باسمان کرد کوردی ماد بوون و لە ناوچەکانی خوارووی دەریای خەزەرەوە هاتنە بەلوچستان. هەروەها گەیلانییەکانیش نشینگەکەیان کەوتۆتە خوارووی ڕۆژئاوای دەریای خەزەر و لە کۆندا بەشێک لە ناوچەی مادەکان بوو. بەپێی پرۆفیسۆر م. عیزەدی، گەیلانی لە ڕووی زمانەوە پەیوەندیی نزیک و هاوبەشی زۆریان لەگەڵ زمانی مادیدا هەیە[٢].

پاشان هەر لەو سەردەمەدا، فردۆسی دیسان باسی کۆچ و بەلوچ دەکات کە بەشێکی گرنگی سوپای پاشای ماد، کەیخوسرۆ بوون و زۆر پاڵەوانانە بەسەرۆکایەتیی «ئەشکەش» و لە ژێر ئاڵاکەیان کە وێنەی پڵنگی لەسەر بوو دەجەنگان[٣].

لێرەدا بوونی بەلوچ لە ناو سوپای «کەیخوسرۆ»دا سەرنج ڕاکێشە و لەگەڵ گێڕانەوەی کورد گال نامەک بەشێوەیەکی ئەوتۆ ناکۆک نین. کورد گال نامەک دەڵێ کوردە بەلوچەکان بەشێک بوون لە ماد و لە سەردەمی کەیقوباد دژی ئەفراسیاب لە لایەنگری کەیقوباد

(١) جەستس میر خودا بەخش بەجارانی مەری بەلوچ، بەلوچستان لە ئاوێنەی مێژوودا، وەرگێڕانی بۆ ئوردو: پرۆفیسۆر سەعید ئەحمەد ڕەفیق، نساء ترێدەرز، کوێتە، پاکستان، چاپی یەکەم – ١٩٨٩، ل: ٦٣. عەلی ئەکبەر جەعفەری، سوخەن، شمارە ٨ و ٩، ل: ٧٨٥.

(2) Professor M. R. Izady, Are the kurds descended from the Medes?, Encyclopedia Kurdistanica, www. Kurdweb. com.

(٣)

پس از گستهم آشکش تیز هش
کە بارای و دل بود و با مغز خوش
یکی گزردار از نژاد همای
برای کە جستیش بودی بپای

ئەم شیعرە لە نوسخەکەی عەلی ئەکبەر سوودی لێ وەرگرتووە وا نووسراوە:

یکی گزردار از نژاد قباد
سرفراز و آهستە و پاکزاد =



جەنگان. بەڵام فردۆسی باسی ئەم جەنگانە لە سەردەمی کیکاوس و کەیخوسرۆدا دەگێڕێتەوە. بەشداربوونی کوردی بەلوچ لە سوپای ماد، ئەو نزیکایەتییە نەژادییە دەگەیەنێ کە لەگەڵ مادەکاندا هەیانبووە، هەروەکو کورد گال نامەک باسی کردووە. هەرچەند فردۆسی لەم بەشەی گێڕانەوەکەیدا بەڕوونی باسی شوێنی ڕەسەنی ژیانی کوردە بەلوچەکان ناکات، بەڵام هەندێ لێکۆڵێنەر، وەکو سیلڤیە ماتێسۆن، پێیان وایە هەبوونی وێنەی پڵنگ لە ناو ئاڵاکەیان وەکو سیمبۆلێک مانای نشینگەکەیان، ناوچە کەنارییەکانی دەریای خەزەر دەگەیەنێ، بەپێی ئەوەی ئەو ناوچەیە ناوەندی پڵنگ بووە[١].

= سپاهی ز گردان کوچ و بەلوچ
سگالیدە جنگند مانند قوچ

لە سەرچاوەکەی میرگول خان نەسیر «قوچ» بە«غوچ» نووسراوە.

کە کسی در جهان پشت ایشان ندید
بر پسنە یک انگشت ایشان پدیر

لە سەرچاوەکەی جەعفەری:

برهنەیک انگشت ایشان ندید
سپهدارشان آشکش تیز هوش
کزو بود کاە و نکوئی بجای
درفش بر یاوردە پیکر پلنگ
همی رز درفشش بیارندچنگ
بس آفرین کرد بر شهریار
برآن شادمان گردش روزگار
نگاە کرد کیخسرو از پشت پیل
ردە آن سپاە را زدە بردو میل
پسند آمدش سخت کرد آفرین
برآن بخت بیدار فرخ زمین

میرگول خان نەسیر، بەلوچستان لە ڕۆشنایی مێژووی نوێ و کۆندا، نساء ترێدەرز، چاپی یەکەم، کوێتە، ١٩٨٢، ل: ١٥ – ١٦.

جستس میر خودا بەخش مەری بەلوچ، ل: ٦٤ – ٦٥.

(١) میرگول خان نەسیر، کۆچ و بەلوچ، ل: ٢٠.

بەڵام فردۆسی لە چەند شوێنێکی تری کتێبەکەیدا کاتێ باسی بەلوچەکان دەکات، ناوی نشینگەکەشیانی هێناوە. فردۆسی لە گێڕانەوەی جەنگی نێوان کەیخوسرۆ و ئەفراسیابدا، باسی ئەشکەش دەکات کە سەرۆکی هێزی بەلوچەکان بووە. پاش ئەوەی سەرۆکی مەکران (بەلوچستانی ئێستا) بەدەستیانەوە شکستی خوارد و کوژرا، کەیخوسرۆ فەرمانی پێدا لە مەکران بۆ ماوەیەک بمێنێتەوە[١].

ئەمە لە لایەک، ئاماژە بەدامەزراندنی نشینگەی بەلوچەکان لە مەکران دەکات و لە لایەکی تر ئاماژە بەچوونی کوردە مادە بەلوچەکان بۆ بەلوچستان لە پێش زایین دەکات کە یەک دەگرێتەوە لەگەڵ گێڕانەوەی کورد گال نامەک. هەروەها، لە گێڕانەوەی داستانی «کک کوهزاد»دا، فردۆسی باسی هەبوونی «کورد» و «بەلوچ» لە ناوچەی «مەستونگ» و «دەشت»ی پارێزگای «بۆلان»ی بەلوچستانی پاکستان دەکات[٢].

ئەمەش لەگەڵ گێڕانەوەی کورد گال نامەکدا یەک دەکاتەوە، هەروەکو کورد گال نامەک باس دەکات کە پاش شکستدانی ئەفراسیاب لە ساڵی ٨٥٣ ی پ. ز، کوردە بەلوچەکان

---

(1) Azim shahbakhsh, The Baloch race and Migrations, www. baloch 2000. org/ culture/language/azim 1. htm.

(٢) ئەمەش شیعرەکەی فردۆسی:

کــە نزدیک زابل بە ســە روز راه
یکی کـوه بود سـرکـشـیـدە بە مـاه
بە یـک سـوی آن دشت خـرگـاه بود
دگـــــر دشت زی هـندوان راه بـود
نشـسـتـە در آن دشت بسـیـار کـوچ
ز افـغـان و لاچین و کـورد و بەلوچ

(جەستس میر خودا بەخش، ل: ٦٩)

بەپێی لێکدانەوەی میرگول خان نەسیر مەبەست لەو چیایەی فردۆسی باسی لێ دەکات، چیای «چلتەن»ە کە لە لایەکی دەشتی «خەرگاه» واتە «مەستونگ»ی ئەم سەردەمەی لێیە و لە لاکەی تریشی ناوچەی «دەشت»ی لێیە، کە لەوێوە لەو سەردەمە ڕێگا بۆ هیندستان چووە. ئەم شوێنانە کەوتوونەتە ناو پارێزگای بۆلانی بەلوچستانی پاکستان، لە نزیک شاری کوێتە. شایانی باسە، لە ناوچەی دەشت ئێستاش هۆزێکی براهوییی بەلوچی لێ دەژی بەناوی کورد.

(میرگول خان نەسیر، بەلوچستان لە ڕۆشنایی مێژووی کۆن و نوێدا، نساء ترێدەرز، کوێتە، چاپی یەکەم، ١٩٨٢، ل: ١٤ - ١٨٥).



لەو ناوچانەدا نیشتەجێ بوون. لە درێژەی داستانەکەدا، فردۆسی باس دەکات کە کورد و بەلوچ لە سوپای «کک کوهزاد»، کە پاڵەوانێکی ئەفغانی نەژاد بوو، بەشدار بوونە و شەڕکەر و ئازا بوونە[١].

بەپێی فردۆسی «کک کوهزاد» دژی فەرمانڕەوایانی «سیستان»، «سام» و «نەریمان» و «گرشاسپ» جەنگاوە و باج و هەدیەی لە «زاڵ»ی کوڕی «سام» و باوکی «ڕۆستەم» وەرگرتووە، بۆ ئەوەی «کک کوهزاد» ڕێگای بازرگانی نێوان سیستان و هیندستان نەگرێ و هێرش بردنە سەر هیندستان ئاسان بێ[٢].

ڕۆستەم لەو کاتە مناڵ بووە، بەڵام کاتێ بەتەمەنی بلوغی گەیشت و پەی بەم کێشەیە لەگەڵ «کک کوهزاد» برد، بۆ جەنگ بەڕێ کەوت. لە شاری «مەرئاباد» (کوسککی ئێستا) بەرەوڕووی برای «کک کوهزاد»، «بەهزاد» بۆوە و توانی دەستگیری بکات و لە کۆتاییدا شکست بە«کک کوهزاد» بهێنێ. کورد گال نامەک باسی ڕۆستەم لە سەردەمی پاشایەتیی کەیقوباددا دەکات کە چۆن ڕۆستەم لە شەڕی ئەفراسیابدا لایەنگری ئەفراسیاب دەبێ، بەڵام لەبەر ئەوەی «زاڵ»ی باوکی لە دواییدا پشت لە ئەفراسیاب دەکات و دەبێتە لایەنگری کەیقوباد و لە پاش جەنگی ماد لەگەڵ توران، یارمەتی کەیقوباد دەدا، کەیقوباد لە ڕۆستەم خۆش دەبێ. لەگەڵ ئەوەشدا، فەرمانڕەوایی میراتیی «زاڵ»ی باوکیشی پێ دەبەخشێ[٣].

---

(١)

دگـــر آن کــە درکـــوە آن دلیـــر
هزار اند جنگی همه همچو شیر
گـزین کرده گـردی ز هر کشـوری
کـه هریـک فـزون اندار لشکری
ابا هریـکی لشـکری صـــد هزار
ســـوار و پیـــادە بەلوچان کـــار
هزاران ســـواران افـــغـــان گـــروه
ز لاچین دلیـــران ابر کـــردکـــوه

(جەستس میر خودا بەخش، ل: ٧١).

(٢) جەستس میر خودا بەخش، ل: ٧٠.

(٣) کورد گال نامەک، ل: ٢٧.

لێرەدا، ئەوەی جێگای تێڕامانە، فردۆسی ڕاستەوخۆ بەناوی کورد و بەلوچ باسی کورد و بەلوچ دەکات، بەڵام کورد گال نامەک وەکو چەند تیرەیەکی کوردی ماد واتە: براخۆیی، زەنگەنە، ئەدرەگانی، ماملی و کرمانی ناویان دەهێنێ. بەپێی بەڵگەنامە مێژووییەکانیش کە تا ئێستا دەست کەوتوون، بۆ یەکەم جار لە سەدەی یانزەیەمی پ. ز، لە سەردەمی پاشای ئاشووری «تیلگەت – پیلسەر» (١١١٥ – ١٠٧٦ ی پ. ز)دا، ناسنامەی نەتەوایەتیی «کورد» باس کراوە کە ئەویش بە«کورتی» یان «قورتی» پێناسە کراوە و وشەی «کورد» وەکو ناسنامەی گشتیی نەتەوایەتی، لە سەردەمەکانی زۆر دواییدا داتاشراوە[١] هەروەها، هیچ سەرچاوەیەک لە بەردەست نییە کە لەو سەردەمەدا وەکو نەتەوەیەک باس لە «بەلوچ» بکات. لەبەر ئەوە، نابێ کورد و بەلوچ لەو سەردەمەدا، ڕێک بەناوی کورد و بەلوچ ناسرابن، بەڵکو بەناوێکی ترەوە. ئەمەش خۆی لە خۆیدا زیاتر پاڵپشتی گێڕانەوەکەی کورد گال نامەک سەبارەت بەناسنامەی بەلوچەکان لەو سەردەمەدا وەکو چەند هۆزێکی مادی دەکات. بۆیە وا دێتە بەرچاو، فردۆسی ناوی پێناسەکردنی نەتەوەی کورد و بەلوچی لە سەردەمە جیاجیاکاندا بەشێوەیەکی وردکارانە نەگێڕاوەتەوە. بەڵام گومان لەوەدا نەماوە کە کورد وەکو ماد ڕۆڵێکی سەرەکی لە دەسەڵاتداریی ناوچەیەکی بەرفراوان هەبووە کە سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتیی گەیشتوونەتە وڵاتی هیندستانی کۆن. ئەوەش شتێکی سروشتییە مادەکان بۆ پاراستنی سنوور، هەندێ لە هاونەژادەکانی خۆیان بۆ ئەو ناوچانە گوێزابێتەوە، هەروەکو کورد گال نامەک باسی لێوە کردووە.

هەروەکو باسمان کرد، کورد گال نامەک و فردۆسی ئاماژە بەهەبوون و کۆچی بەلوچەکان لە سەردەمی پێش زایینندا بۆ بەلوچستانی ئەم سەردەمە دەکەن. هیچ سەرچاوەیەکی مێژوویی تر لە بەردەستدا نییە کە لە سەردەمێکی جیاوازی تردا باس لە کۆچی بەلوچ لە باکوری ئێران واتە لە کەنارەکانی باشووری دەریای خەزەرەوە بۆ خواروو بەرەو ناوچەکانی فارس، کرمان و بەلوچستان بکات[٢] بۆیە، نەبوونی سەرچاوەیەک کە ئاماژە بەکۆچی بەلوچ بۆ ئەم ناوچانە بکات لە دوای پێش زایین تا سەردەمی داگیرکردنەکانی ئیسلام کە گەریدە عەرەبەکان لە کرمان چاویان بەبەلوچ کەوت، خۆی لە خۆیدا بەڵگەیەکی بەهێزە کە بەلوچ لە کۆنەوە، واتە بەر لە زایینەوە، لەم ناوچانە نیشتەجێ بووە، هەروەکو کورد گال

(1) Prof Mehrdad R. Izady, Exploring Kurdish origins, Encyclopedia Kurdistanica, www. Kurdweb. com.

(٢) ک. م. پیکۆلین، ل: ٣٠.



نامەک و فردۆسی باسیان کردووە.

بەڵام فردۆسی لە شوێنێکی تر باس لە بوونی بەلوچ لە خوارووی دەریای خەزەر لە سەدەی شەشەمی زایینیدا، لە سەردەمی ئەنوشیروانی ساسانی (خوسرۆ I ٥٣١ – ٥٧٩ ز)دا دەکات. ئەمەش زیاتر لە هەزار ساڵ دەکەوێتە دوای ئەو دیاریکردنەی کورد گال نامەک و فردۆسی دەربارەی کۆچی بەلوچ و نیشتەجێ بوونیان لە بەلوچستان. فردۆسی دەگێڕێتەوە، لە سەردەمی ئەنوشیرواندا، بەلوچەکان لە ناوچە کەنارییەکانی خوارووی دەریای خەزەر، لە شاخەکانی کێوی ئەلبورز (بورزکوە – فردۆسی) نیشتەجێ بوون. بەلوچەکان دژی سەڵتەنەتی ساسانی یاخی ببوون و دەستیان بەکوشت و کوشتار و تاراج و برین کردبوو. ئەنوشیروان ئاگادار کرایەوە کە ئەو ناوچەیە هەر لە کۆنەوە لە یاخیبوون دایە و «ئەردەشێر»ی باپیری هەوڵی داوە لەناویان ببات بەڵام سەرنەکەوتووە. ئەنوشیروان دڵی بەمە زۆر ناخۆش دەبێ و بڕیار دەدا خۆی لە ناویان ببات. بۆ ئەم مەبەستەش لەشکرێکی گەورە ئامادە دەکات، هەر چوار لای ئەو چیایانەی بەلوچی تیا نیشتەجێ بوو ئابڵۆقە دا و فەرمانی دا هەرچی بەلوچێکتان دەست کەوت بیکوژن. سوپای ئەنوشیروان کە بەم فەرمانەیان زانی، ژن، پیاو، گەنج و منداڵی بەلوچەکانیان تێکڕا کوشت. ناوونیشانی بەلوچیان نەهێشت و مەڕوماڵاتەکانیان لە کەنارەکانی دەریای خەزەر و سەر چیاکان، بەبێ شوان و ئازاد دەسووڕانەوە[١].

فردۆسی لەم بەشەی گێڕانەوەکەیدا زێدەڕۆیی دەکات کە دەڵێ سوپای ئەنوشیروان

(١) هەڵبژاردەیەک لە شیعرەکانی فردۆسی لەم بارەیەوە:

همیرفت و اگاهی آمد بەشاه
کە گشت از بەلوچی جهانی تباه
دل شاه نوشیروان شد نمی
برآمیخت اندوه با خرمی
بە ایرانیان گفت، الانان و هند
شد از بیم شمشیر ما چون پرند
بدو گفت گوینده کایە شهریار
بە پالیز نیست بی رنج و خار
زکار بەلوچ ارجمند اردشیر
بکوشید باکار دانان پیر
=

ناوونیشانی بەلوچیان نەهێشت. لەبەر ئەوەی، بەلوچ ئێستا وەکو نەتەوەیەک زیندووە و هەر بەپێی گێڕانەوەی فردۆسی خۆی، بەلوچ لە دواییدا، لە جەنگی دژی تورک و ڕۆمەکان، لە سوپای پاشایی ساسانییەکاندا بەشدار بوونە[١].

هەروەها ، هەروەکو باسمان کرد، کورد گال نامەک و مێژووی مەردۆخ باسی کۆچی بەشێک لە کوردە مادەکان واتە بەلوچەکان لە خوارووی دەریای خەزەرەوە بۆ بەلوچستان لە سەردەمی پێش زاییندا دەکەن. فردۆسیش باسی نیشتەجێ بوونی بەلوچ لە بەلوچستان لە پێش زاییندا دەکات. بۆیە، لێرەدا بوونی بەلوچ لە کێوی ئەلبورز لە سەردەمی شەشەمی زایینی و باسکردنی کوشتارەکەی بەلوچەکان لە لایەن ئەنوشیروانەوە، چەند ئیمکانێکی مێژوویی دەهێنێتە پێش: یەکەم، دەبێ ئەنوشیروان تەنها سزای دەستەیەک یان هۆزێکی

=

ز گفتار دهقان برآشفت شاه
بەسوی بەلوچ اندر آمد به راه
چو آمد به نزدیک آن برزکوه
بگردید گرد اندرش باگروه
که هرگز بیانبد بەلوچی خورد
چه از تیغ داران و مردان گرد
دگر انجمن باشد یا اندکی
نیابد که بدرهاهی یکی
چواگاه شد لشکر از خشم شاه
سوار و پیاده ببستند راه
از ایشان فراوان و اندک نماند
زن و مرد جنگی و کودک نماند
سراسر بەشمشیر بگذاشتند
ستم کردن کوچ برداشتند
بشد ایمن از رنج ایشان جهان
بەلوچی نماند آشکار و نهان
شبانی نبودی بر گوسفند
بر هامون(خەزەر)و بر تبغ کوه بلند

(جەستس میر خودا بەخش، ل: ٧٦ – ٧٨).

(١) جەستس میر خودا بەخش، ل: ٧٩.



تایبەتی بەلوچەکانی دابێ و بەلوچەکانی تر ئازاریان پێ نەگەیشتبووبێ[١].

دووەم، بەلوچەکان بەچەند قۆناغێکی مێژوویی لە کەنارەکانی دەریای خەزەرەوە بۆ ناوچەکانی نێوان کرمان و سند لە پێش زایینەوە، هەروەکو کورد گال نامەک و مێژووی مەردۆخ و فردۆسی باسیان کردووە، تا سەردەمی ئەنوشیروان کۆچیان کردبێ. ئەو دەستەیەش کە فردۆسی باسی کردوون هێشتان لە کێوی ئەلبورز و کەنارەکانی خوارووی دەریای خەزەر سەرزەویی باپیرانیان مابووبێتن و ئەنوشیروان لە ناوی دابن. سێیەم، فردۆسی زێدەڕۆیی کردووە و بەشێک لە بەلوچەکان ڕزگاریان بووە کە لە دواییدا، لە سوپای پاشای ساسانییەکاندا بەشداربوونە و پاشان ئەوانیش بەرەولای کرمان و بەلوچستانی ئەم سەردەمە کۆچیان کردووە و دوا قۆناغی کۆچکردنەکەیان بەرەو ڕۆژهەڵات کۆتایی پێ هێناوە.

بۆچوونی دووەم و سێیەم بەپێی ئەو بەڵگەنامە و سەرچاوە باوەڕپێکراوە مێژووییانەی تر کە لە بەردەست دان، هەروەها بەپێی واقیعی ئەم سەردەمە کە بەلوچ ماون و بەگشتی لە ناوچەکانی نێوان کرمان و سنددا دەژین بەسەرنج ڕاکێش و شیاو دێنە بەرچاو. هیرۆدۆت ئاماژە بەکۆچی کوردەکان بەر لە زایین بۆ ناوچەکانی ئەولاتری ڕۆژهەڵات واتە بەرەو بەلوچستان دەکات[٢].

جان محەمەد دەڵێ: «بەپێی ئەو بەڵگانەی لە بەردەست دان، دەسەلمێ کە لە دەسپێکی سەردەمی زایینەوە، بەلوچ لە نەتەوە گرنگەکانی نیشتەجێ بووی بەلوچستانی ئێران، کرمان و سیستان بوون»[٣] لێرەدا ئەو زانیارییانە «سترابۆن» (Strabon) (٦٤ ی پ. ز – ١٩ ز) دەربارەی دانیشتوانی کرمان دوو هەزار ساڵ لەمەوبەر خستوویەتییە ڕوو، بایەخی زۆرە. سترابۆن نووسیویەتی: زۆربەی زۆری دیالێکت (speech) و خو و ڕەوشت (Moral)ەکانی خەڵکی کرمان «فارسی» و «مادی» بوون[٤].

لەم ڕووەوە، بەپێی ئەم سەرچاوە مێژووییە، دوو هەزار ساڵ لەمەوبەر، لە ناوچەی کرمان دوو کولتوور و زمانی تایبەت، فارسی و مادی هەبووە. ئێستاش لەو ناوچەیە، دوو

(١) جەستس میر خودا بەخش، ل: ٧٩.

(2) Janmahmad, Essays on Baloch National struggle in Pakistan: Emergence, Dimensions, Repercussion, Gosha - e - Adab, Qvetta, 1988, p. 12.

(3) Janmahmad, Baloch Cultural Heritage, p. 3.

(4) Syed Abdul Quddus, p. 66.

نەتەوەی سەرەکی فارس و بەلوچ نیشتەجێن و زمانی بەلوچیش هەروەکو لە دواییدا باسی دەکەین، وەکو زمانی کوردی بەپاشماوەی زمانی «ئاوێستایی - مادی» دەزاندرێ. ئەمانە بەگشتی بەڵگەی بەهێزی زانستیی مێژوویی، زمانەوانی، کولتووری و میتۆدۆلۆژین کە بەلوچ بەرەسەن «مادی»ن و لە سەردەمێکی کۆن، هەروەکو کورد گال نامەک و مێژووی مەردۆخ ئاماژەیان پێ کردووە، بەرەو نشینگەی ئێستایان کۆچیان کردووە و نیشتەجێ بوونە. پرۆفیسۆر «مهرداد عیزەتی»ش دەڵێ: بەلوچەکان لە پرۆسەی کۆچکردندا بوون تەنانەت بەر لە هێرشەکەی «ئەنوشیروان»یشدا[1].

لێرەدا، چەند فاکتەرێکی گرنگ هەن کە ئەم تێڕوانینە زانستی و مێژووییە زیاتر بەهێز دەکەن. یەکەم: وشەی بەلوچ وەکو یەکەیەکی ئیتنیکی بۆ یەکەم جار دوای داگیربوونی کرمان لە لایەن ئیسلامەوە، لە نیوەی یەکەمی سەدەی دەیەمەوە دێتە ناو لاپەڕەکانی مێژوو. هەروەها وەکو ڕوونبوونەوەی سەردەمی قۆناغەکانی کۆچکردنیان لە مێژوودا، بەر لە نیشتەجێبوونیان لە کەنارەکانی باشووری دەریای خەزەر، هەروەکو لە فردۆسییەوە ئاماژەی پێکراوە، سۆراخیان لە مێژوودا دەست ناکەوێت، جگە لەوەی کە چەند تیرەیەکی ماد بوون و لە سەردەمی دامەزراندنی دەوڵەتی ماد لە ٨٥٣ ی پ. ز لە ناوچەی ماددا ژیاون و هەر بە«ماد»یش ناسراون. پاشان بەرەو ناوچەکانی ئێستا لێی دەژین کۆچیان کردووە و نیشتەجێ بوونە کە لەلایەن کورد گال نامەک، مێژووی مەردۆخ و شانامەوە ئاماژەی پێکراوە. ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئەوە دەگەیەنێ کە بەلوچ لە سەردەمەکانی دوای زاییندا، بەقۆناغی پێناسەبوونی یەکەیەکی ئیتنیکی گەیشتووە و سەرەتا هەر بەناوی تیرەکانی مادی و بەمادی ناسراون. هەروەکو لێکۆڵینەوە ورد و زانستییەکەی «یو. ڤی. گانکۆڤسکی» (Yu. V. Gankovsky) دەریدەخات کە: «دروستبوونی کۆمەڵگای ئیتنیکی - زمانیی بەلوچی پەیوەندە بەکۆچکردنیان وەکو چەند هۆزێکی کۆچەریی ئێرانی بۆ کرمان لە نشینگەی ڕەسەنیانەوە کە پێکهاتبوو لەو ناوچانەی کە لکاوە بەکەنارەکانی دەریای خەزەرەوە»[2].

فاکتەری دووەم: هەروەکو لەوەپێش باسمان کرد، بەپێی ئەو بەڵگە و سەرچاوانەی لە بەردەست دان، بەلوچ سەرەتا لە کەنارەکانی باشووری دەریای خەزەر نیشتەجێ بوونە و

(1) Prof. M. R. Izady, Deportation and Forced Resettlements, Kurdistanica Encyclopedia, www. Kurd web. com.
(2) Syed Abdul Quddus, p. 60.



پاشان لە سەردەمی داگیرکردنەکانی ئیسلامی، کاتێ لە سەردەمی خەلیفە عومەردا لە ساڵی ٢٣ی کۆچی، کرمان و هەندێ ناوچەی بەلوچستانی ئێستا داگیر دەکرێ و دێتە ژێر دەسەڵاتی ئیسلامەوە، بەلوچ لەو ناوچانەدا هەبوونە. چۆن چۆنی بەلوچ لە سەردەمی هێرشەکەی ئەنوشیرواندا لە خوارووی دەریای خەزەر بووبێتن و پاشان لە سەردەمی داگیرکردنەکانی ئیسلام لە ناوچە شاخاوییەکانی کرمان دەرکەوتن، لە هیچ سەرچاوەیەکی مێژوویی ئاماژەی پێ نەکراوە. ئەمەش بەڵگەیەکی بەهێزە کە بەلوچ لە پێش هێرشەکەی ئەنوشیروانیش لە ناوچە شاخاوییەکانی کرماندا هەبوون کە مێژوونووس و گەڕیدە عەرەبەکان لە پاش دەسەڵات پەیاکردنی ئیسلام لەو ناوچانەدا بینیویانن و ئاماژەیان پێ کردووە. گانکۆڤسکی دەڵێ: نەشیاو نییە بەلوچەکان لە سەردەمێکی زۆر زووتر لە هێرشەکەی ئەنوشیروان بۆ سەر ئەم هۆزانە لە ناوچەکانیان واتە گیلان و ئازەربایجانی ئەمڕۆ، یان بەر لە هێرشی ئیفتالییەکان بۆ سەر باکوری ئێران لە سەدەی پێنجەم و سەرەتای سەدەی شەشەمی زایینی، لە ناوچەکانی کرماندا نیشتەجێ بووبێتن[1]. هەروەکو زانیارییە مێژووییەکەی سترابۆنیش لەمەڕ دانیشتوانی کرمان دەریدەخات.

گانکۆڤسکی پێی وایە، هۆکاری ئەوەی کە زمانی بەلوچی لەو دیالێکتە کۆنە ئێرانییەوە سەرچاوەی گرتووە کە لە ناوچەی ماد و پارت واتە ناوچەکانی باکور و باکوری ڕۆژئاوای ئێران زاڵ بوو، بنەمای ئەو بۆچوونە سەرەکییە پێک دەهێنن کە لە ڕاستیدا، نشینگەی ڕەسەنی بەلوچەکان ئەو ناوچانە بوون کە بەکەنارەکانی خوارووی دەریای خەزەرەوە لکاون[2]. ئەمەش بەڵگەیەکی بەهێزە بۆ «مادی»بوونی نەژادی بەلوچ. لێکۆڵێنەر و مێژوونووسەکانی ئەم سەردەمەی بەلوچ و بیانیش، بەگشتی گەیشتوونەتە ئەو ئاکامەی کە بەلوچ بەڕەسەن ماد - کورد و زمانی بەلوچیش بەڕەسەن مادییە. نووسەر و لێکۆڵێنەری بەناوبانگ سەید عەبدولقودوس پاش هەڵسەنگاندنی بەڵگەنامە و بیروبۆچوونەکان دەربارەی نەژادی بەلوچ، دەگاتە ئەو ئەنجامە کە پەیوەندیی نەژادیی بەلوچ دەگەڕێتەوە سەر هۆزەکانی باکوری ئێرانی پێش ئیسلام[3].

سلێگ هێریسەن کە بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەر بارودۆخی ناوەوەی بەلوچستان توێژینەوەی ئەنجام داوە دەڵێ: بەلوچ بەڕەسەن خەڵکی کەنارەکانی خوارووی دەریای خەزەرن و لە

(1) Syed Abdul Quddus, p. 60.
(2) Syed Abdul Quddus, p. 60 - 61.
(3) Syed Abdul Quddus, p. 62.

ڕووی نەژادیشەوە پەیوەندییان بەکوردەکانەوە هەیە. ئەو زمانەیشی گفتوگۆی پێ دەکەن بەلایەنی زۆرەوە لە شارستانی مادەکانەوە سەرچاوەی گرتووە کە شەش سەدە بەر لە زایین لە ناوچەکانی ئاسیای بچووکدا بوونی هەبوو[1]. جان محەمەدیش هەمان بۆچوونی گانکۆڤسکی بەڕاست دەزانێ[2].

(١) جەستس میر خودا بەخش: ل: ٤٨٥.

(2) Janmahmad, Baloch National struggle, p. 15.



## بەلوچ لە سەرچاوەکانی سەردەمی نێوەڕاستدا

پاش ئەوەی بەلوچ نشینگەی سەرەتاییان لە کەنارەکانی خوارووی دەریای خەزەر بەجێ دەهێڵن، لە ناوچەکانی نێوان کرمان و دەریای سند ئاوا دەبنەوە. لە سەردەمی هاتنی ئیسلام و چەند سەدەیەک پاشتر، لە مێژوودا بەلوچ لە ناوچە شاخاوییەکانی کرمان و دەوروبەریدا دێنە بەرچاو. هەرچەند هیچ سەرچاوەیەکی مێژوویی سەردەمی داگیرکردنی کرمان[1] لە لایەن ئیسلامەوە نییە کە باس لە بەلوچەکان و نشینگەکەیان لە کرمان بکات بەڵام لە چەند سەرچاوەیەکی مێژوویی سەردەمەکانی دواییدا ڕوون دەبێتەوە کە بەلوچ لەو ناوچانەدا نیشتەجێ بوونە. کۆمەڵێ مێژوونووس، جوگرافیناس و گەڕیدەکانی سەدەی نۆیەم بەدواوە، لە گێڕانەوەی داگیرکردنی کرمان لە لایەن ئیسلامەوە باسی «بەلوچ» و «کۆچ»یان کردووە. لەمانە ئەلبەلازەری کە لە ساڵی ٢٧٩ی کۆچی – ٨٩٢ زایینی کۆچی دوایی کرد، ئیبن خورداد لە ساڵی ٩١٢ ز کۆچی دوایی کرد، تەبەری کە کتێبە مێژووییەکەی لە ٣٢٠ کۆچی – ٩٣٢ ز تەواو کرد، مەسعودی کتێبە جوگرافییەکەی لە ٣٣٢ کۆچی – ٩٤٣ ز.دا نووسی، ئیبن حوقەل کتێبەکەی لە ٩٥٠ز.دا تەواو کرد، ئیستەخری لە ٣٤٠ کۆچی – ٩٥١ ز کتێبەکەی نووسی، ئیدریسی لە ٥٤٣ کۆچی – ١١٥١ز کتێبەکەی تەواو کرد و «یاقوتی» کە فەرهەنگە جوگرافییەکەی لە ٦١٥ کۆچی نووسی شایانی باسن[2].

ئەلبەلازەری و تەبەری لە گێڕانەوەی داگیرکردنی کرماندا، ناوی بەلوچ ناهێنن بەڵکو تەنها ناوی «کۆچ»ەکان دەهێنن کە لە کاتی داگیرکردنەکەدا لە ناوچە شاخاوییەکانی کرماندا نیشتەجێ بوونە. بەڵام بەپێی ئەوەی ئەلبەلازەری و چەند مێژوونووسێکی تر باسی «سیاه سور» یان «سیاه بەلوچ» سەرۆکی هۆزی «سیاه بەچە»ی بەلوچ لە سەردەمی خەلیفایەتی عومەردا دەکەن، ڕوون دەبێتەوە کە بەلوچ لە پێش داگیرکردنەکانی ئیسلام، بەتایبەت داگیرکردنی کرمان لە ٢٣ کۆچی، لە کرمان و ناوچەکانی دەوروبەریدا نیشتەجێ بوونە.

(١) کرمان لە ساڵی ٢٣ی کۆچی، بەفەرمانی خەلیفە عومەر لەلایەن عەبدوڵڵاوە داگیر کرا کە دەکاتە ٦٥ ساڵ دوای مردنی ئونوشیروان (Mohammad Sardar Khan, p. 33).

(٢) میرگول خان نەسیر و دێمز، کۆچ و بەلوچ، ل١٣٤-١٣٥؛ جەستس میر خودا بەخش: ل١٥٠؛ م. پێکۆلین، ل٣١.

ئەلبەلازەری دەگێڕێتەوە کە سیاە ئەلسور یەکێ لە پیاوەگەورەکانی «یەزدجرد» پاشای ساسانییەکان بوو و لە لایەن ئەوەوە لەگەڵ سوپایەکی گەورەدا نێردرا بۆ شیراز کە بەرەنگاری سوپای عەرەبەکان ببنەوە[١].

بەڵام سیاە ئەلسور کاتێ گەیشتە ئەلکالبانیە، بەنهێنی پەیوەندی بەموسا ئەبوموسا ئەلئەشعەری سەرۆکی سوپای ئیسلام کرد کە ئەوان ئامادەن ببنە لایەنگریان بەمەرجێ ئازاد بن لە هەر شوێنێکی وڵاتی عەرەبدا بیانەوێ بژین و خۆیان بەهەر هۆزێکەوە بلکێنن کە دڵیان بیخوازێ. ئەبوموسا پاش پەیوەندیکردن بەخەلیفە عومەر، داواکەی پەسند کرد. بەم شێوەیە سیاە ئەلسور بووە لایەنگریان، هەموو ستراتیجی شەڕی فارسەکانی پێ گوتن و ڕۆڵێکی گەورەی لە داگیربوونی شوستەر و ناوچەکانی دەوروبەری بینی[٢].

پاشان سیاە ئەلسور خۆی و پیاوەکانی دەچنە بەسرە. دوای ماوەیەکی کەم، هۆزی سیاە بەجە و زوت و جاتیش هاتن بۆ بەسرە بۆ لای سیاە ئەلسور[٣].

(مەلیک بەهار) شاعیری دەرباریی ڕەزا شا پەهلەویش لە شانامەی نەوبەختدا سیاە ئەلسوری ئەلبەلازەری بەناوی سیاە بەلوچ باس دەکات و بەتوندی سەرزەنشتی ئەو ناپاکی و هەڵگەڕانەوەی دەکات[٤]. لە لایەکی تر فردۆسیش باسی سیاە بەجە یان سیاە بەلوچ دەکات و بەپێی میرگول خان نەسیر و گێڕانەوەکەی سەردەمی (هورمزان)ە لە لایەن فردۆسییەوە، ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە بەلوچەکان بەر لە هێرشی عەرەبەکان، لە کرمان، خوزستان و ناوچەکانی تری باشووری ڕۆژهەڵاتی فارسدا هەبوونە[٥].

میرگول خان نەسیر بەم شێوەیە ئاماژە بەگێڕانەوەکەی فردۆسی دەکات کە لە سەردەمی خەلیفە عومەردا، ئەبوموسا ئەلئەشعەری کاتێ هێرشی هێنایە سەر خوزستان، هورمزان سوپایەکی گەورەی بەلوچەکانی لەگەڵدا بوو کە لە ژێر سەرۆکایەتی سیاە بەج یان سیاە بەلوچدا بوون. لەو کاتە هورمزان، سیاە بەلوچی بەند کردبوو. بەڵام کاتێ عەرەبەکان هێرشیان هێنایە سەر خوزستان، ئازادی کرد و لەگەڵ ئەوەشدا سەرۆکایەتی هێزی بەلوچی دایە دەست و بەم شێوەیە ئامۆژگاریی کرد:

(1) Mohammad Sardar Khan, p. 31.
(2) Ibid, p. 31.
(3) Ibid, p. 31 - 32.
(4) Ibid, p. 33.

(٥) کۆچ و بەلوچ، ل: ١٣٦.



«تۆ بەلوچێک بووی لە ناو شاخدا دەژیای، چاوت نە بەجیهان کەوتبوو و نە بەباخ (خۆشی)، لەشت بەهۆی بایە تیژەکانی هند داشەکابوو و چاوت وەکو دەریای سند پڕ لە خوێن بوو. لە کرمان من هێنامیت بۆ لای شا و لە سەرەوەی تورکەکان دامنای. خراپەکاری ئەهریمەنە ئەی سیاە، پەیڕەوی دین و ڕێگای مەکە. ئەگەر تۆ پیاوی و خاوەن هۆشی، بەکرداری خراپ خۆت خەریک مەکە»[١].

هەروەها حەمدوڵڵا موستەفەویی قەزوین لە (تاریخ گزیدە) کە لە ١٣٤٠ز.دا نووسیویەتی، دەڵێ: کاتێ عەبدوڵڵا پایتەختی کرمانی داگیر کرد، کرمانییەکان داوای یارمەتییان لە کۆچ و بەلوچ کرد بەڵام ئەوان بەدەنگیانەوە نەهاتن[٢].

ئەم سەرچاوانە بەگشتی ئاماژە بەنیشتەجێ بوونی بەلوچ لە ناوچە شاخاوییەکانی کرمان بەر لە ساڵی ٦١٣ز – ٢٣کۆچی دەکەن. بەڵام لە دەیەکانی دوای سەدەی نۆیەم یان نیوەی یەکەمی سەدەی دەیەمی زایینی، ناوی بەلوچ بۆ یەکەمجار لە لاپەڕەکانی مێژوو دەکەوێتە بەرچاو و بەنیشتەجێبووی کرمان باس کراون. جوگرافیناسی بەناوبانگی عەرەب ئیبن خورداد کە لە ساڵی ٩١٢ز کۆچی دوایی کرد، باسی بەلوچ دەکا و دەڵێ: لە ناوچەکانی باکوری ڕۆژهەڵاتی بەلوچستانی ئێستا واتە لە سیستاندا نیشتەجێ بوونە[٣].

لە نووسینە مێژوویی و جوگرافیاییەکانی تردا، بەتایبەت هی عەرەبەکان، باسی بەلوچ لەگەڵ کۆچەکاندا بەر لە دەستپێکردنی سەدەی نۆیەمدا هاتووە کە کۆچ و بەلوچ لە ناوچەی نێوان فارس و کرماندا نیشتەجێ بوونە[٤].

هەروەها، لەو نووسینانە، زۆر زانیاریی مێژوویی سەرنج ڕاکێشی سەبارەت بەپەیوەندی

(١) کۆچ و بەلوچ، ل: ١٣٦:

تۆ بودی بەلوچی نشستە بەراخ    نە چشمت جهان دیدە بود و نە باغ
تنت رنجە از باد سوزان هند    دو دیدە پر از خون چون دریائی سندھ
ز کرمان من آوردمت پیش شاە    نهادم بر سر ترک و بر ترک ماە
بدی کار پریمن است ای سیاە    واز او مشو پیرو دین و راە
اگر مردی داری و دارائی هوش    بەکردار بد تانوانی مکوش

(2) Mohammad Sardar Khan, p. 33.

کۆچ و بەلوچ، ل: ١٣٥.
(٣) م. پیکۆلین، ل: ٣١.
(٤) م. پیکۆلین، ل: ٣١.

نێوان کورد و بەلوچ دەکەوێتە دەست. ئەمەش پەیوەندیی نزیکی هاونەژادییە کە زیاتر لە ڕێگای ئاماژەپێکرانی کۆچەکان ڕوون دەبێتەوە.

بەپێی دێمز، مێژوونووسەکان لەسەر ئەوە هاوباوەڕن کە کاتێ لە سەردەمی خیلافەتی عومەردا کرمان داگیر کرا، عەرەبەکان لە چیاکانی کرمان نەژادێکیان کەوتە بەرچاو کە بەکۆچ دەناسران و لە زمانی عەرەبیدا بەقەفەج یان قەفەس پێناسە کراون[1] هەروەکو باسمان کرد، ئەلبەلازەری (٨٩٢ز) و تەبەری (٩٣٢ز) هەردووکیان باسی (کۆچ)یان کردووە. بەڵام مێژوونووس و گەڕیدەکانی دوایی بەگشتی ناوی کۆچ و بەلوچ هەردووکیان هێناوە. مەسعودی لە کتێبە جوگرافیاکەیدا (٩٤٣ز) باس دەکات کە «قەفس» «کۆچ»، «بەلوچ» و «زەت» «جەت» لە ناوچەی کرمان نیشتەجێن[2].

ئیستەخری (٩٥١ز) درێژتر باسی کۆچ و بەلوچ دەکات و دەڵێ: «کۆچ لە ناو چیاکاندا دەژین و بەلوچیش لە ناو بیاباندا، هەردووکیان زمانی تایبەتییان هەیە کە لە فارسی، زمانی گشتی کرمان، جیاوازە»[3].

«ئۆسلێ» لەو نوسخەی ئیستەخریدا کە باسی بیابانێک دەکات کە بەلوچەکانی لێ ژیاون، بەناوچەی مەکران و خوارووی چیاکانی لای ئۆقیانووس لێک دەداتەوە[4].

لە نوسخە عەرەبییەکەدا هاتووە، کە:

بەلوص «بەلوچ» لە بەرزاییەکانی شاخەکانی «قوفس» «کۆچ»دا ئاوا بوونە، لەوان زیاتر کەسی تر ناتوانێ بۆ ناو ئەم چیایانە بچێ، وەکو «بەدوو»ەکان لە ناو خێمەدا دەژین و مەڕداری دەکەن. هاتوچۆ لە ڕێگاکانی سەر ناوچەکەی ئەوانەوە سەلامەت نییە[5].

هەر لە سەرچاوە جوگرافیاییەکەی ئیستەخریدا، لە باسی سیستاندا، دوو هەرێمی سیستان بەناوی وڵاتی بەلوچ باس کراوە، لەمەوە ڕوون دەبێتەوە کە بەلوچەکان لە سیستانیش هەبوونە[6].

(١) کۆچ و بەلوچ، ل: ١٣٤.

(٢) کۆچ و بەلوچ، ل: ١٣٦.

(٣) کۆچ و بەلوچ، ل: ١٣٦.

(٤) کۆچ و بەلوچ، ل: ١٣٧.

(٥) کۆچ و بەلوچ، ل: ١٣٧.

(6) Mohammad Sardar Khan, p. 34.



«منهاج ووددین» نووسەری «تەبەقات–یێ– ناسری»یش باس لە بوونی بەلوچ لە سیستان دەکات و دەڵێ: لە ڕێگای سیستان لە شوێنێک وەستان کە پێیان دەگوت گومبەزی بەلوچ[1].

مێژوونووسێکی تر «ئەبی ئەلقاسم ئیبن حوقەل»یش لە کتێبی «المسالک والممالک» (٩٥٠ز) کە «صورة الارض»ی پێ دەڵێن زانیاری زۆر بەنرخ دەربارەی کۆچ و بەلوچ و نشینگەکەیان دەداتە دەست. نووسەر بەم شێوەیە باسی چیاکانی کرمان دەکات: "لە نزیک ئۆقیانوس لە سنووری باشووردا، چیای «قوفس» (کۆچ)ی لێیە. لە باکور لە نزیک سنووری «جیروفت»، ناوچەی شاخاوی «رودبار» و «ئەبوغنم»ی لێیە. لە ڕۆژهەڵاتی «خواس»، بیابانێک هەیە کە تا «قەفس» و هەرێمی مەکران بڵاوبووەتەوە، لە باشووریشدا سنووری «بەلوچستان» و «کرمان»ە"[2].

ئیبن حوقەل بەردەوام دەبێ دەڵێ: "لەسەر هەر چیایەک، سەردارێک هەیە و هەموویان لە لایەن سوڵتان یان حوکمڕانەوە بەردەوام مووچە وەردەگرن. لەگەڵ ئەوەشدا، لە ڕێگاکانی کرمان تا سنوورەکانی فارس و سەجستان (سیستان) کاری ڕێگری و جەردەیی دەکەن. دەڵێن: ئەم خەڵکانە لە نەژادی عەرەبن و زۆر دەوڵەمەندن. بەلوچ لە ناوچەکانی کێوەکانی «قوفس»دا دەژین کە لەم سەردەمەدا بە«بەسکورد» دەناسرێ. «قوفس» لە فارسیدا «کۆچ»ی پێ دەڵێن و ئەم دوو نەتەوەیە، بەکوچ و بەلوچ (کۆچ و بەلوچ) دەناسرێن. بەلوچ لە بیاباندا دەژین، لەسەر ڕێگاکاندا ڕێگری دەکەن و لە دڵیاندا ڕێز بۆ کەس دانانێن»[3].

لێرەدا ئەوەی جێی بایەخە، لە سەدەی دەیەمی زایینیدا، کۆچەکان لە شاخاوی «قوفس» (کۆچ) و بەلوچەکانیش لە ناوچە شاخاوییەکانی «کۆچ»ەوە تا «پەنجگور» پایتەختی هەرێمی مەکران بڵاوبوونەوە و لە ژێر دەسەڵاتیان دابوو[4] جگە لەوە، ئیبن حوقەل لە دەوروبەری ساڵی ٩٥٠ز ناوی «بەلوچستان» بەکار دەهێنێ. کە ئەمەش نیشتەجێ بوونی بەلوچ لە سەردەمێکی کۆنەوە لەم ناوچانەدا دەگەیەنێ.

«ئیدریسی» کە کتێبە جوگرافییەکەی خۆی لە ساڵی ٥٤٣ کۆچی - ١١٥١ز.دا

(1) Mohammad Sardar Khan, p. 34.

(٢) جەستس میر خودا بەخش، ل: ١٥٦.

(٣) جەستس میر خودا بەخش، ل: ١٥٦.

(٤) جەستس میر خودا بەخش، ل: ١٥٤.

نووسی، باسی کۆچ و بەلوچ بەیەکەوە دەکات و دەڵێ: لە کێوەکانی کۆچ، نەژادێک دەژین کە وەکو کوردەکانن، بەڵام بەلوچەکان هەندێکیان لە باکوری ئەوان و هەندێکیشیان لە ڕۆژئاوای ئەوان دەژین[1]. هەروەها ئیدریسی باسی ئەوەش دەکات کە کۆچەکان خاوەن مێگەلە حەیوانی زۆرن، ژیانیان خۆشە و هاوسێکانیان لێیان دەترسن[2].

«یاقووتی» کە فەرهەنگە جوگرافییەکەی لە ٦١٥ کۆچیدا تەواو کرد، لەم بارەیەوە لەگەڵ ئیدریسی هاوباوەڕە و پێی وایە کۆچ و کورد هاونەژادن[3].

یاقوتی چیاکانی کرمان بەسەر سێ بەش: کۆچ، بەلوچ و قاراندا دابەش دەکات و دەنووسێ: کۆچ «قوفس» باڵابەرز و ستەمکار بوون و لەسەر کاری ڕێگری و جەردەیی دەژیان. بەلوچ لەوەپێش لە ستەمکارترین هۆزەکان بوون، بەڵام «ئاباد - ود - دەولە - دەیلەمی» کە دەسەڵاتدارییە ناخۆشەکەی لە ساڵی **٣٣٨** تا **٣٧٢**ی کۆچی (**٩٤٩-٩٨٣**ز) بوو، تێکی شکاندن. هەروەها «موعیز - ود - دەولە»ی مامیشی بەرەوڕووی ئەم هۆزە وەحشیانەی کرمان بۆوە، کە هەندێک بەکورد و هەندێکیش بەکۆچ و بەلوچ بانگیان دەکردن[4]. یاقوتی ئەم شیعرە عەرەبییەش وەکو سەرچاوە دەهێنێتەوە «چ ناوچەی وەحشیمان تێپەڕاند، کە تیایدا «زوت» «جەت» ، «کورد» و «قوفس» (کۆچ)ە وەحشییەکان دەژیان»[5]. لە لایەکی تر، یاقوتی لە بەشێکی جیادا باسی بەلوچەکان دەکات و دەڵێ: «بەلوچ زۆر هاوشێوەن لەگەڵ کوردەکاندا، لە نێوان «فارس» و «کرمان»دا دەژین و «قوفس» (کۆچ)ە وەحشییەکان لە کەس ناترسێن، لەوان نەبێ»[6].

هەروەها باسی ئەوەش دەکات کە: «بەلوچ لە چاو هاوسێکانیان، دەوڵەمەندتر و پێشکەوتووترن، لە ناو خێمەی لە پێست دروستکراودا دەژین و وەکو «قوفس» (کۆچ)ەکان کاری ڕێگری و شەڕ ناکەن»[7]. ئەو پەیوەندییە نزیکەی نێوان کۆچ و بەلوچ لە فردۆسیشەوە، هەروەکو لەوە پێش باسمان کرد، ڕوون دەبێتەوە. بەڵام فردۆسی

(١) دێمز، کۆچ و بەلوچ، ل: ١٣٨، Mohammad Sardar Khan, p. 33
(٢) دێمز، کۆچ و بەلوچ، ل: ١٣٨.
(٣) دێمز، کۆچ و بەلوچ، ل: ١٣٩.
(4) Mohammad Sardar Khan, p. 33 - 34.
(5) Mohammad Sardar Khan, p. 34.
(٦) دێمز، کۆچ و بەلوچ، ل: ١٣٩ - ١٤٠.
(٧) دێمز، کۆچ و بەلوچ، ل: ١٤٠.



(١٠١٠ز) پەیوەندیی نزیکی نێوان کۆچ و بەلوچ دەگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمەکانی زۆر پێشتر. ئەمەش دەبێ فردۆسی سوودی لەو گێڕانەوە و شیعرە جەنگیانەی سەردەمی کۆن وەرگرتبێ کە تیایاندا باسی کۆچ و بەلوچەکان کراوە[1].

فردۆسی لە سەردەمی کیکاوس و کەیخوسرۆدا کۆچ و بەلوچەکان وەکو بەشێک لە سوپاکانیان لە جەنگی ئەفراسیاب باس دەکات. لە باسی کیکاوسدا، فردۆسی ناوی کۆچ و بەلوچی بەیەکەوە هێناوە کاتێ کیکاوس دوازدە هەزار شەڕکەری هەڵبژاردووە:

گزین کرد از آن نامداران سوار
دلیران جنگی ده و دو هزار
هم از پهلوی پارس و کوچ و بلوچ
ز گیلان جنگی و دشت سروچ[2]

فردۆسی لە گێڕانەوەی خۆ ئامادەکردنی کەیخوسرۆ بۆ جەنگی ئەفراسیاب دەڵێ: بەشێکی سوپای کەیخوسرۆ لە شەڕکەرەکانی کۆچ و بەلوچ پێکهاتبوو کە زۆر ئازا و نەبەز بوون و نیشانی «پۆپیتەی کەڵەباب»یان لەبەردا بوو. لە شەڕکردندا، هیچ کەس لە دنیا پشتیانی نەبینی و پەنجەیەکیشیان لەبەر چەک (ئاسن) دیار نەبوو. «ئەشکەش»ی هۆش تیژ سەرۆکی سوپاکەیان بوو کە خاوەن دڵێکی گەورە و بەئاوەز بوو، ئاڵاکەیان وێنەی پڵنگی لەسەر بوو کە بەبینینی هەموو سەری ڕێزیان دادەنەواند[3].

هەروەها، هەر لە گێڕانەوەی فردۆسیدا، دەبینین پاش ئەوەی ئەنوشیروان لە ناوچەکانی کەناری دەریای خەزەر بەلوچەکان تێک دەشکێنێ، لە جەنگی ئەنوشیروان دژی «هیتالی»یە تورکەکان، کۆچ و بەلوچیش بەشدار بوونە. لە نیوەی سەدەی شەشەمی زاییینیدا «هیتالی»یە تورکەکان یەکیان گرت، بەڵام ئەنوشیروان هەردووکیانی شکست دا. لە گەڕانەوەدا، ئەنوشیروان لە «خوارزم»ەوە هاتە «تسیفون» و لە ناو سوپاکەی لەشکری کۆچ و بەلوچیشی تیابوو کە زۆر ئازا بوونە[4].

(١) دێمز، کۆچ و بەلوچ، ل: ١٢٩.
(٢) جەستس میر خودا بەخش، ل: ٦٣.
(٣) میرگول خان نەسیر، بەلوچستان لە ڕۆشنایی مێژووی نوێ و کۆندا، چاپی یەکەم، کوێتە، نساء ترێدەرز، ١٩٨٢، ل: ١٥ - ١٦.
(٤) جەستس میر خودا بەخش، ل: ٨١ - ٨٢.

بەم شێوەیە، بەپێی ئەم سەرچاوانەی سەردەمی نێوەڕاست، کورد و بەلوچ پەیوەندییەکی نزیکی نەژادییان لەگەڵ یەکدا هەبووە و هەروەها «کۆچ»ەکانیش کە لەگەڵ بەلوچدا ژیاون جۆرێ لە کورد بوونە. هەرچەند ئیستەخری دەڵێ: وا بیر دەکرێ کە کۆچەکان لە نەژادی «عەرەب» بن، بەڵام ئەم تێڕوانینە زیاتر لەو هەڵوێستە بەعەرەبکردنە دێتە بەرچاو کە لە ئەفریکا لە سەردەمی داگیرکردنەکانی ئیسلام ڕوویدا و زۆر نەتەوە بەعەرەب ناسران. بەتایبەت بەپێی جوگرافینووسەکانی دوایی، وەکو ئیدریسی و یاقوتی، ڕاشکاوانە بەکوردیان ژماردوون و پەیوەندی نزیکی هاونەژادیشیان لەگەڵ بەلوچەکاندا باس کردوون. «میرگول خان نەسیر» لە لێکۆڵینەوەکەیدا ئەم ئەنجامە دەداتە دەست کە: «لە بۆچوونەکانی ئەو مێژوونووسانە، وا دەردەکەوێت کۆچ و بەلوچ و کورد زۆر لە نزیکی یەکتردا ژیاون و بەگشتی بەخەڵکی یەک نەژاد سەیر کراون. لە دژی دوژمنە نەتەوەییەکانیان، لە ژێر یەک ئاڵا و سەرۆکایەتیدا جەنگاون. هەندێ کەس تەنها بەکورد و هەندێکیش بەکۆچ و بەلوچ بانگیان کردوون. هەروەها، کۆچ و بەلوچ خاوەنی زمان (دیالێکت)ی جیاجیا بوون کە لە فارسی جیاواز بوون»(١).

(١) میرگول خان نەسیر، بەلوچستان لە ڕۆشنایی مێژووی نوێ و کۆندا، ل: ٢٨ – ٢٩.



## کۆچ و براهویی:

بەلوچ ئێستا وەکو نەتەوەیەک لە ناوچەیەکی بەرفراوانی ڕۆژهەڵاتی ئێران، خوارووی ڕۆژئاوای پاکستان و خوارووی ئەفغانستاندا دەژین. بەڵام «کۆچ»ەکان چییان بەسەر هات و ئێستا لە کوێ دەژین، جێگای لێکۆڵینەوەی فراوانە. بەپێی بابا مەردۆخ، هۆزەکانی کوردە براخۆیی واتە براهوییەکان پاشماوەی کۆچەکان یان قەفسەکانن کە لە سەردەمی هێرشەکانی مەغۆلەکان، کۆچیان کردە کرمان و پاشان لە مەکران نیشتەجێ بوون(١).

براهویی لەم سەردەمە بەچەند هۆزی گەورە دەگوترێ کە لەگەڵ بەلوچ لە بەلوچستاندا دەژین و خۆیان بەبەلوچ دەژمێرن. بەپێی «میر نەسیر خان ئەحمەد زەیی»ش، براهویی هەمان براخۆیین کە لە کورد گال نامەک باسیان کراوە و لە دواییدا باسی لێوە دەکەین. بەڵام ئێستا ئەوەی جێگای سەرنجە، ئایا براهوییەکان پاشماوەی کۆچەکانن، هەروەکو مەردۆخ باسی دەکات. هەرچەند زانیارییەکی ئەوتۆی وردی مێژووییمان لە بەردەستدا نییە، لەگەڵ ئەوەشدا لەم بارەیەوە هەروەکو دێمز دەڵێ: ئەو بۆچوونەی کە کۆچەکان، براهوییەکانی ئەم سەردەمەن جێگای بایەخ پێدانە، بەپێی ئەوەی کۆچ بەگشتی وەکو کوردەکان باس کراون و تەنانەت هەندێ جار کوردیشیان پێ گوتراوە(٢).

لە ناو براهوییەکاندا ئێستاش هۆزێکی بەهێز بەناوی «کورد» یان «کیرد» ماوە و لە ناو هۆزی «مەزاری»یە بەلوچەکانیشدا تیرەیەک بەناوی «کیرد» هەیە. هەروەها ئێستاش بەلوچ بەزمانی براهویی دەڵێ کوردگالی یان کیردگالی، بەمانای «زمانی کوردەکان»(٣).

بەتایبەت براهوییەکانی ناوچەی «لەسبێلە» بەکوردگالی دەناسرێن(٤).

محەمەد سەردار خان بەلوچ و زۆر مێژوونووسی تری بەلوچ و بیانی هەمان تێڕوانینیان هەیە(٥).

بەتایبەت میرگول خان نەسیر ئەم بۆچوونە بەڕاست دەزانێ و بەسوود وەرگرتن لە

(١) بابا مردۆخ روحانی، تاریخ مشاهیر کرد، پخش دووم (جلد سوم)، سروش، تهران، ١٣٧١، ل: ٤٣٩.

(٢) دێمز، کۆچ و بەلوچ، ل: ١٥٠.

(٣) دێمز، کۆچ و بەلوچ، ل: ١٥٠.

(4) Syed Abdul Quddus, p. 60.

(٥) سەیر کە: Mohammad Sardar Khan, p. 266.

نووسینی محەمەد سەردار خان بەلوچ ئەوەش زیاد دەکا کە (کوردگالی) کە بەشێک یان تیرەیەکیشن لە کوردی کوردستان کە لەوێوە کۆچیان کرد، بناخەی حکوومەتی بنەماڵەی مەلیک کوردیان لە غۆر دامەزراند و لە ساڵی ١٢٤٥ تا ١٣٨٣ز دەسەڵاتدارییان کرد(١).

میرگول خان نەسیر بەدرێژتر باس دەکات و دەڵێت: براهوییەکان هەر ئەو کۆچانەن کە لەگەڵ بەلوچدا لە سوپای کیکاوس و کەیخوسرۆدا بەشدار بوونە، پاشان لە سەردەمی ئەنوشیروان، ئەو هێرشەی کرایە سەر بەلوچەکان، تەنها بۆ سەر بەلوچەکان نەبوو، بەڵکو کۆچەکانیش بەهەمان شێوە بەرەنگاری ئەم کوشت و کوشتارە بوونەوە. هەروەکو فردۆسی لە درێژەی باسکردنی ئەو ڕووداوە دەڵێ:

سیراسر شمشیر بگذاشتن

ستم کردن کوچ برداشتند(٢)

بەڵام بیروبۆچوونی جیاجیای تر لەسەر ڕەسەنایەتیی نەژادی و زمانی براهویی هەیە. بەپێی کۆمەڵێ مێژوونووس و لێکۆڵێنەری بیانی، براهوییەکان پاشماوەی نەژادی «دراویدی»یە کۆنەکانی بەلوچستانن، ئەمەش بەهۆی نزیکی زمانی براهویی لەگەڵ گرووپی زمانەکانی دراویدی کە لە ئاسیای ناوەڕاست و خوارووی هند گفتوگۆی پێ دەکەن(٣).

هەروەها نیشتەجێ بوونیان لە بەلوچستان گوایە بەهۆی دەرکردنیان لە هندستانەوە لە لایەن هێرش هێنەرە ئارییەکان بوو. بەڵام هەروەکو باسمان کرد ئیبن حوقەل لە سەدەی دەیەمدا باسی برۆهی «براهویی»یەکان دەکات کە لە فارس لەگەڵ بەلوچەکان ژیاون. ئەمەش بەڵگەیەکی بەهێزە کە «براهویی» خەڵکی ڕەسەنی ناوچەی قەڵات و دەوروبەری نین، واتە بەر لە هاتنی بەلوچەکان لەو ناوچانە یان لە هندستاندا نیشتەجێ نەبوون بەڵکو هەر لەگەڵ بەلوچ ژیاون. بەپێی بۆچوونێکی تر وشەی براهویی کورتکراوەی ناوی «ئیبراهیم»ە و گوایە لە وەچەی حەزرەتی «ئیبراهیم»ن(٤).

(١) میرگول خان نەسیر، کۆچ و بەلوچ، ل: ١٥.
Mohammad Sardar Khan, p. 266.
(٢) میرگول خان نەسیر، کۆچ و بەلوچ، ل: ١١ – ١٢.

(3) Janmahmad

(4) Abdul Quddus, p. 58.



لە لایەکی تر خەڵکێکی زۆری خۆماڵی براهویی پێیان وایە ئەوانیش بەڕەسەن «عەرەب»ن و لە «حەلەب»ەوە هاتوون(١).

بەڵام هەروەکو لە بەشی بەلوچدا باسمان کرد عەرەب بوونی بەلوچ یان براهویی هیچ بنەمایەکی مێژوویی و زانستی نییە. جگە لەوە ئەگەر سەیری زمان و دابونەریتی براهویی بکەین، پەیوەندییان تەنانەت زیاتر لە «دراوەید»ەکانەوە نزیکتر دێتە بەرچاو تاوەکو لە «عەرەب»(٢).

هێنری پۆتینجەر پێی وایە براهوییەکان بەڕەسەن لە «تارتار»ەکانن، بەڵام هەروەکو محەمەد سەردار خان بەلوچ باس دەکات ئەم بۆچوونەش هیچ بنەمایەکی ماتریالی بەدەستەوە نادات و پۆتینجەر لەسەر بنەمای مەزەندەی خۆی ئەم بۆچوونەی گەڵاڵە کردووە(٣).

بەهەرحاڵ، بۆچوونی جیاواز هەیە لەسەر ڕەسەنایەتیی نەژادی براهوییەکان، بەڵام کام بۆچوون لە ڕووی زانستی و میتۆدۆلۆژیی مێژووییەوە قورسایی هەیە، جێگای سەرنج و لێکۆڵینەوەی زیاترە. لەم ڕوانگەیەوە هەروەکو باسمان کرد لە ڕووی بەڵگەی مێژووییەوە براهویی زیاتر بەبەلوچ یان کورد دەژمێردرێن. لێرەدا ئەوەی ناکۆکە زمانی براهوییە کە لە لایەن کۆمەڵێ زمانەوان و لێکۆڵێنەر بەیەکێ لە دەستەی زمانەکانی «دراویدی» پێناسە کراوە. «دێنس برەی» دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە زمانی براهویی لە هەمان سەرچاوەوە گەڵاڵە بووە کە دەستەی زمانەکانی «دراویدی» لێیەوە گەڵاڵە بوون؛ هەرچەند ئازادانە وشەی بێگانەی لە زمانەکانی وەکو فارسی، بەلوچی، سندهی و زمانەکانی تری دەوروبەر وەرگرتووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سیستمی ڕێزمانەکەی بەسەختی پاراستووە(٤).

هەروەها زمانەوانانی وەکو «ترەمپ» لە ساڵی ١٨٨٠ز و گریسۆن هەر لەو سەردەمەدا لە (Linguistic Survey of India) ، ئەوە دەسەلمێنن کە زمانی براهویی پەیوەندی بەخێزانی «دراویدی»ی ناوچەکانی ناوەند و خوارووی هیندەوە هەیە(٥).

بەڵام بەپێی زمانەوانانی ئەم سەردەمەی بەلوچ، حەفتا و پێنج لە سەدی وشەکانی

(1) Abdul Quddus, p. 60.

(2) Mohammad Sardar Khan, p. 265.

(3) Mohammad Sardar Khan, p. 266.

(4) Mohammad Sardar Khan, p. 266.

(5) Mohammad Sardar Khan, p. 266.

براهویی بەرەسەن بەلوچین و زمانی براهویی پەیوەندی نزیکتری لەگەڵ بەلوچیدا هەیە لە ئاست هەر زمانێکی تر. هەروەکو باسمان کرد، بەپێی بەڵگەی مێژوویی، براهوییەکان زۆر لە کۆنەوە لەگەڵ بەلوچەکاندا ژیاون و هیچ پەیوەندییەکیان بەخواروو و ناوەڕاستی هیندەوە نییە. ئەو کارتێکەرییەی دراویدیش لە زمانی براهوییدا بەهۆی تێکەڵاوبوون لەگەڵ دراویدی زمانەکان دروست بووە. لەم بارەیەوە، جێگای سەرنجە کە هۆز و دانیشتوانی کۆنی ناوچەی بەرزاییەکانی «قەڵات»[١] بەرەسەن «دراویدی» بوون[٢] و بەر لە هاتنی بەلوچ لەو ناوچانەدا نیشتەجێ بوون. دێمز و میرگول خان نەسیریش کارتێکەریی دراویدی زمانە کۆنەکانی قەڵات لەسەر زمانی براهوییدا بەڕاست دەزانن. دێمز دەڵێ: بەلایەنی زۆرەوە براهوییەکان دەبێ سەرەتا بەکوردی ئاخافتبێتن و هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە لە ناو دانیشتوانە کۆنەکانی ئەو ناوچەیە (دراویدی زمانەکان) بەکوردگالی بەناوبانگ بن واتە ئەوانەی بەکوردی دەئاخفن[٣].

میر نەسیر خان ئەحمەد زەیی بەلوچیش لەسەر ئەم تیۆرەی دێمز و میرگوڵ خان نەسیر هاودەنگە. بەپێی میر نەسیر خان ئەحمەد زەیی، براهوییەکان هەمان براخۆییە کوردە مادەکانن کە لە ساڵی ٨٥٣ پ. ز. بۆ بەلوچستان هاتن و لەوێ نیشتەجێ بوون. لەگەڵ ڕەوتی سەردەمیش و بەهۆی بەکارهێنانی زۆر، پیتی «خ»ی قورس بەپیتی نەرمی «ح» گۆڕاوە، کە ئێستا بەبراهویی بێژە دەکرێ[٤].

دەربارەی گەشەسەندن و پێناسەبوونی زمانی براهویی و بەلوچی، وەکو بەڵگە باسی کورد گال نامەک دەکات کە بەپێی ئەم سەرچاوە مێژووییە، کاتێ کوردە براخۆییەکان هاتنە توران (بەرزاییەکانی قەڵات)، ٢٢ هۆزی ڕەسەنی توران کە بەتورکی گفتوگۆیان دەکرد، لەو ناوچانەدا پێش لە ئەوان نیشتەجێ بوون. ئەم هۆزە تورانییانە بەهاتنی کوردە براخۆییەکان ناوچەکەیان بەجێ نەهێشت. بەڵکو دەسەڵاتداریی ئەوانیان قەبوڵ کرد[٥].

(١) پایتەختی میرنشینی کۆنی بەلوچ و براهوییەکان لە بەلووچستان. ئێستاش پارێزگایەکی هەرێمی بەلووچستانە لە پاکستان.

(2) Mohammad Sardar Khan, p. 265.

(٣) میرگول خان نەسیر، کۆچ و بەلوچ، ل: ٢٤ – ٢٥.

(٤) میر نەسیر خان ئەحمەد زەیی بەلوچ، مێژووی بەلوچ و بەلوچستان، بەرگی یەکەم، ئەکادیمی بەلووچی، چاپی یەکەم، کوێتە، ١٩٨٨، ل: ٢٣، ٢٩.

(٥) میر نەسیر خان ئەحمەد زەیی بەلوچ، ل: ١٩٦ – ١٩٧.



نەسیر خان دەڵێ لە پاشاندا تێکەڵاوی لە نێوان کوردەکان و هۆزە ڕەسەنەکانی توران دروست بوو کە لە ئەنجامدا زمانێکی نوێ واتە براهویی دروست بوو کە بەکوردگالی ناوبانگی دەرکرد و زمانی ڕەسەنی کوردیش بەناوی بەلوچییەوە مایەوە[١]. هەروەکو دێمزیش باسی کردووە، بەلوچی زۆر لە کوردییەوە نزیکترە تا وەکو براهویی[٢]. هەروەها، نەسیر خان پێی وایە، ئاماژەپێکردنەکەی هۆزی برۆهی لە لایەن ئیبن حوقەل لە ٩٥٠ز.دا، سەرچاوە و بەڵگەیەکی مێژوویی بایەخداری ترە لەم ڕوانگەیەوە کە ڕووناکایی دەخاتە سەر ڕەسەنایەتی نەژادیی و سەرچاوەی دروستبوونی ناوەکەیان لە براخۆییەوە[٣].

شایانی باسە، مێژوونووسە کوردەکانیش ناوی براهوییەکانیان بەبراخۆیی ئاماژە پێ کردووە، وەکو سەیریان کردوون و میرنشینە بەهێزەکەشیان کە لە سەدەی پانزەیەم و شانزەیەمدا لە قەڵات دامەزراند، بەیەکێ لە میرنشینییە کوردییەکان ژماردووە. هەروەها، دوا میری میرنشینی براهویی (براخۆیی)یەکان، میر ئەحمەد یارخان بەلوچ لە کتێبە مێژوویی و ئۆتۆبایۆگرافییەکەیدا (Inside Balochistan)، ئاماژەی بەهاونەژادیی کورد و بەلوچ کردووە و براهوییەکانیش بەبەلوچ دەزانێ[٤].

میرنشینەکانی پێشووش بەگشتی خۆیان بە«بەلوچ» و میرنشینەکەشیان بە«بەلوچستان» ئاماژە پێ کردووە. ئەم میرنشینییە، لە سەردەمێکدا لە «دێرە غازی خان»ەوە تا «کرمان» و لە دەریای هیلمەندەوە تا کەناری ئۆقیانووس لەسەر زەوی هەموو بەلوچستاندا دەسەڵاتداریی کردووە.

(١) میر نەسیر خان ئەحمەد زەیی بەلوچ، ل: ١٩٦ – ١٩٧.

(٢) میرگول خان نەسیر، کۆچ و بەلوچ، ل: ٢٥.

(٣) میر نەسیر خان ئەحمەد زەیی بەلوچ، ل: ٢٣.

(4) Mir Ahmad Yar Khan Baloch, Inside Balochistan, 1st Ed., Royal Book company, 1975.

## زمانی بەلوچی:

دەربارەی زمانی بەلوچی، هەروەکو لەوەپێش ئاماژەمان بۆ کرد، زمانەوانان و لێکۆڵێنەران بەگشتی هاوبۆچوونن کە زمانی (بەلوچی) پەیوەندی ڕەسەنایەتیی زمانیی بەزمانی (مادی)یەوە هەیە و لەم ڕووەوە، بەلوچی لە زمانی کوردی کۆن سەرچاوەی گرتووە. ئەمەش لەسەر بنەمای ئەوەی، هەروەکو سەرچاوە مێژوویی و لێکۆڵینەوە باوەڕپێکراوەکان هاوبۆچوونن، کە زمانی (ماد)ەکان زمانی کوردی بووە[١]. لێکۆڵێنەران لەسەر ئەوەش هاوبۆچوونن کە زمانی بەلوچی هیچ پەیوەندییەکی ڕەسەنایەتی زمانیی لەگەڵ زمانە (سامی)یەکان (بۆ نموونە: عەرەبی) و فارسیدا نییە. ئەم بۆچوونەش وەکو دەرهاوێشتەیەکی زانستیی، بەپاڵپشتی سەرچاوە مێژووییە کۆنەکان و لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانی سەردەمی کۆن و نوێ سەرچاوە دەگرێ. هەروەکو باسمان کرد، (سترابۆن) (٦٤پ.ز – ١٩ز) ئاماژەی بەنشینگەی بەلوچەکان لە (کرمان) کردووە کە زمانی مادی، هاوکات لەگەڵ زمانی فارسی، لەو ناوچەیە گفتوگۆی پێکراوە. (ئیستەخری) لە ٩٥١زدا دەنووسی کە بەلوچەکان زمانێکی تایبەتیان هەیە کە زۆر لە فارسی جیاوازە[٢]. ئیبن حوقەل (٩٥٠ز) دەگێڕێتەوە: «زمانی بەلوچی لە فارسی کە لە ناوچەی کرمان گفتوگۆی پێدەکرێ بەتەواوی جیاوازە»[٣]. ئەم سەرچاوە مێژووییە کۆنانە لەگەڵ ئەو پەیوەندییە نەژادی، سیاسی، ستراتیژی، ئابووری، زمانی و کولتوورییەی کە (کۆردگالنامەک) لە ساڵی ١٦٥٩ز باسی کردووە یەکدەگرنەوە، بەتایبەتی (کوردگالنامەک) زمانی (بەلوچی) ڕاستەوخۆ بەزمانی (مادی) سەیر دەکات، بەو پێیەی بەلوچەکان چەند تیرەیەکی (ماد) بوون.

بەهەمان شێوە، لێکۆڵینەوە زانستیی و زمانەوانییەکانی ئەم سەردەمەش بەم دەرهاوێشتەیە بناخەدارە گەیشتوون. هەروەکو باسمان کرد، (گانکۆڤسکی) (١٩٧١ز) لێکۆڵێنەری ڕووسی، لە لێکۆڵینەوە مێژووییە زانستییەکەیدا، گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە زمانی بەلوچی لەو زمانەوە سەرچاوەی گرتووە کە لە ناوچەکانی (ماد) و (پارت)، واتە کوردستان، گفتوگۆی پێ کراوە[٤].

(١) مێژووی مەردۆخ، ل ٤١.

(٢) کۆچ و بەلوچ، ل ١٣٦.

(٣) م. ک. پیکۆلین، ل ٣١.

(4) Syed Abdula Quddus, P. 60.



پەرتووکی میریی (ساڵنامەی پاکستانی – ١٩٧٠) ئاماژە بەوە دەکات کە "بەشی (مادی)ی زمانی (ئاوێستا) بەدایکی بەلوچی ئەم سەردەمە سەیر دەکرێ"[١]. ئەمەش لەلایەکی تر بەڵگە و دەرئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوە مێژووییانەیە کە پاڵپشتی یەکێ لە بۆچوونە بنچینەییەکان دەکات کە ناوچە کەنارەکانی خوارووی دەریای (خەزەر)، نشینگەی ڕەسەنی بەلوچ بووە[٢]. بەپێی جان محەمەد، لێکۆڵێنەری ئەم سەردەمەی بەلوچ، بەسوود وەرگرتن لە پوختەی توێژینەوە زمانەوانییەکەی محەمەد عەبدولڕەحمان و عاقیل خان مێنگەل، دوو پرۆفیسۆری زمانەوانیی بەلوچیی زانکۆی (میکگیل)ی کەنەدا، «لە ڕووی بەڵگەی زمانەوانییەوە، وا دەردەکەوێت کە بەلوچ لە ناوچەی دەریای خەزەرەوە بەرەو ڕۆژهەڵات کۆچیان کردووە، ئەم تیۆرەش لەو پەیوەندییە ڕوونەوە سەرچاوەی گرتووە کە لە نێوان کوردی و بەلوچیدا هەیە»[٣]. (محەمەد سەردار خان بەلوچ) ناوچەی خوارووی دەریای خەزەر بەناوچەکانی (مازندەران) و (گیلان) و (کوردستان) ناو دەبات[٤]. بەهەمان شێوە، (م. ک. پیکۆلین)یش هاوبۆچوونە کە زمانی بەلوچی پەیوەندیی بەچینی زمانە ئارییەکانەوە هەیە[٥]. جان محەمەد ئەوەش ڕوون دەکاتەوە کە بەتاووتوێ کردنی بەڵگەنامە مێژووییەکان، پەیوەست کردنی بەلوچی بەزمانی (سامی)یەکان، لەوانە عەرەبی و کلدانی، لە هەموو ڕوویەکەوە بێ بنەما و نەشیاوە و ئەو چەند وشە عەرەبییەش کە لە دوای سەردەی حەوتەمی زایینیەوە تێکەڵاوی بەلوچی بووە هۆی ئەو دەسەڵاتە باڵایە سیاسییە بوو کە لە ناوەڕاستی ئاسیا پەیایان کرد[٦].

ئەو هەوڵانەی کە لە پێناو بە(سامی) کردنی نەژاد و زمانی بەلوچی دراوە، ئەوە نەبێ کە لە ڕێگای بەڵگەی زانستیی و ئاسەواری زمانیی تۆکمە، تیۆرانینەکە بسەلمێنن، بەڵکو لە حەز و ئارەزوی لکاندنی نەژاد و زمانی بەلوچ بەسامی نەژادەوە بەولاوە هیچی تری لێ

(1) Pakistan Year Book, 1970. P. 457.

(2) Janmahmad, Essays on Baloch National Struggle in Pakistan: Emergence Dimensions Repercussion, Gosha -e- Abad, Quetta, 1988. P. 18; The Baloch Cultural Heritage: P. 18.

(٣) هەمان سەرچاوە.

(4) Mohammad Sardar Khan Baluch, History of Baluch Race and Baluchistan, Nisa Traders, Quetta, 1984, P.17.

(٥) م. ک. پیکۆلین، ل ٨٣.

(6) Janmahmad, Essays on Baloch National Struggle in Pakistan: Emergence Dimensions Repercussion, P. 18.

نەکەوتوتەوە. بەپێی هەمان لێکۆڵینەر، «لە ڕووی زمانەوانییەوە، بەلوچی زمانێکی (ئاری)یە و پەیوەندی زۆر نزیکی بەزمانی (کوردی)یەوە هەیە و دەبێ بەشێکی زمانی دایکیی کۆنی ئەم دوو نەتەوەیەبێ»(١). هەروەها ئاماژە بەوەش دەکات کە: وا دەردەکەوێت بەلوچی زۆر لە فارسی کۆنتر بێت و پەیوەندی نزیکتری لەگەڵ (ئاوێستا)ی کۆن هەیە تاوەکو بەفارسیی کۆن ڕادەگات، کە زمانی دەرباریی (هەخامەنشی)یەکان بوو(٢). بەپێی (ئینسایکلۆپیدیای پاکستانیکا)، توێژەرانی بەلوچ (بەلوچی) زۆر لە فارسی بەکۆنتر دەزانن و وەکو بەڵگەش نووسینەکەی (کێوی بێستون) دەهێننە بەر باس(٣). ئەم بۆچوونەش زیاتر پاڵپشتی هاوڕەسەنایەتیی تۆکمەیی کوردی و بەلوچی دەکات لەو ڕوانگەیەوەی کە لێکۆڵینەوە زانستییەکان ئەوە دەردەخەن کە کوردیش زۆر لە فارسی کۆنترە. (مێژووی مەردۆخ) لەسەر کۆنتربوونی زمانی کوردی هاوبیرە و وەکو بەڵگە، لێکۆڵینەوەکەی (سەر سیدنی سمیت) دەکاتە بەرچاو(٤). بەپێی سەر سیدنی، زمانی کوردی خاوەنی قۆناخی گۆڕانکاریی تۆکمە و کۆنە و لە زمانی فارسیی کۆنی (لەوحەی داریۆش) زۆر کۆنترە و لەم ڕووەوەش، زانایانی مێژوو دەتوانن بڵێن کە زمانی کوردی لە سەدەی شەشەمی پ. ز. زمانێکی سەربەخۆ بووە کە تەنانەت لەوکات زمانی (پەلەوی هێشتان بوونی نەبووە(٥). لێرەدا گرنگتر و تۆکمەتر، هاوشێوەیی کوردی و بەلوچییە. (ئینسایکلۆپیدیای پاکستانیکا) ئاماژە بەوە دەکات کە هاوشێوەییەکی فراوان لە نێوان کوردی و بەلوچیدا هەیە(٦). ئەم نزیکایەتییەش، هەروەکو باسمان کرد، لە پەیوەندیی هاوبەشی ڕەسەنایەتیی (مادی)یەوە سەرچاوە دەگرێ. زمانی مادەکان زمانی کوردی بوو و (ئاوێستا) و (زەند)یش بەزمانی مادەکان نووسراون و بەڵگەی ئەمەش، ئەو نزیکایەتییەیە کە لە نێوان شێوە زمانی (موکری)ی کوردی و زمانیی ئاوێستا و زەندا هەیە.(٧).

---

(١) هەمان سەرچاوە، ل ١٩-٢١.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل ١٩.

(٣) ئینسایکلۆپیدیای پاکستانیکا، بەڕێوەبەری بالا: سەید قاسم مەحموود، شاهکار بوک فاوندەیشەن، کەراچی، پاکستان، ١٩٩٨، ل ٣٠٣.

(٤) مێژووی مەردۆخ، ل ٤١.

(٥) هەمان سەرچاوە، ل ٤٥.

(٦) هەمان سەرچاوە، ل ٣٠٣.

(٧) هەمان سەرچاوە، ل ٤١.



لەلایەکی تر، هەروەکو لە لێکۆڵینەوەکەی (گانکۆڤسکی)یەوە بەڵگەی ئەوە دێتە دەست کە لە زمانی ئاوێستا، بەتایبەتی لە شێوە کۆنەکانی هەروەکو لە (گاتا)کان و سروودەکانی (ڤیدا)دا تۆمار کراوە، بەڵگەی فراوانی ئەوتۆ دێنە بەرچاو کە دایەلێکتە ئێرانییەکان بەشێوەیەکی بەفراوان لەناو خەڵکانی (گودروسیا) (بەلوچستانی ئەم سەردەمە). بەرزاییەکانی خوارووی (هیندوکوش)، ناوچە باکوورییەکانی (باختەر) و (ئاریا) گفتوگۆیان پێکراوە(١). هەر بەپێی گانکۆڤسکی، ئەم پەیوەندییە زمانییە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای هەزارەی یەکەمی پێش زایین، پەیوەندی نزیکی ئارییەکان لەگەڵ خەڵکانی ئاوێستازمان دەردەخات و زۆرترین بۆبوونی (ئیمکانی) بەیەککەیشتنی ئەم پەیوەندییەش دەکەوێتە ناوچە لکاوەکانی درێژایی دەریای (هیلمەند)(٢). لەم بارەیەوە، (گریرسۆن) لێکۆڵینەری ئینگلیز، لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەلی زانستیی زمانەوانیی لەسەر بەلوچیدا ئەنجام دا و تۆکمەتر ئەو پەیوەندییە ڕەسەنایەتییەی نێوان کوردی و بەلوچی و ئاوێستای ڕوون کردەوە. گریرسۆن ڕوون دەکاتەوە کە (ئێرانی)یەکان لە سەردەمی زۆر کۆندا بەسەر چەندین هۆز و تیرەدا دابەش بوونە. نووسینە ماوەکانی داریۆش (٥٢٢ – ٤٨٦پ.ز) بەلایەنی کەمەوە ئاماژە بەدوانزەیان دەکات. ئەم هۆزانە، دەشێ هەریەکەی دایەلێکت (شێوە زمان)ێکی تایبەتی هەبووبێ، بەڵام بەلایەنی کەمەوە ئەوە ئیسپاتە کە فارسی کۆن کە زمانی هۆزەکانی دانیشتووی هەرێمی (فارس) بوو، لە زمانی ئاوێستا جیاواز بووە(٣).

گریرسۆن دایەلێکتە (زمانە) ئێرانییەکان بەسەر دوو بەش: (پێرسی) و (مادی)دا دابەش دەکات. زمانی پێرسی، (پەهلەوی) و (فارسی) نوێی لێکەوتەوە و لەگەڵ ڕەوتی سەردەمدا، (مادی)ش بەسەر چەند زمانێکی سەربەخۆدا گەشەی سەند. لەمانە:

کۆمەڵە زمانەکانی (غەلچە) کە (پامیر)یەکان گفتوگۆی پێدەکەن، (پەشتۆ)، (ئۆرمووری)، (بەلوچی) و کۆمەڵێ دایەلێکت کە ناسراوترینیان (کوردی)یە و زۆر جیاوازە لە فارسی، شایانی باسن(٤).

---

(١) هەمان سەرچاوە، ل ٢١

(٢) هەمان سەرچاوە، ل ٢١

(3) Grierson, G. A. Linguistic Survey of pakistan, Vol. II: Aryan Family (Being Vol. X Linguistic Survery of India), Accurate printers printers, Lahotr, P.1.

(4) Grierson, P. 2-3.

هەروەها، گریرسۆن (ئاوێستا)ش بەتەنیا سەرچاوەی نووسراوی کۆنی مادی دەزانێ.

لێرەدا ئەوەی بۆ تیۆری لێکۆڵینەوەکەمان گرنگە و پێویستە زمانەوانان قوڵتر پێیدا بچنەوە، ڕادەی هاوچەشنی زمانیی (مادی - کوردی) و (بەلوچی)یە و باشترین شێوەش هەڵسەنگاندنی زانستیانەی تایبەتمەندییەکانی دوو زمانەکەیە. بۆ ئەم مەبەستە، هاوبەشیی کۆنترین وشە و شێوەی بەکارهێنانی پێکهاتە وشەییەکان بۆ دەربڕینی پەیوەندییە ڕێزمانییەکان، گرنگترین تایبەتمەندیی پێناسەکردنی ڕەگەزیی دوو زمانەکەیە[1]. لەنێو زمانی کوردی و بەلوچیدا وشەی هاوبەشی کۆنی فراوان هەیە کە تەنانەت دەتواندرێ ڕیشەکەیان بۆ سەر زمانی (مادی)ش بگەڕێندرێتەوە. بۆ نموونە ئاوەڵناوی (بەرزە) و (مەزن - مازن)ی ئاوێستا یان زمانی مادی[2] سەرنج ڕاکێشە کە لە کوردی ئێستادا بووە بە(بەرز) و (مەزن) و لە بەلوچی ئێستادا بووە بە(بورزە) و (مەزەن). لە فارسیدا، وشەی (بولەند) و (بزورگ) ماناکەیان دەبەخشێ. بەهەمان شێوە، فەرمانی (زان) لە ئاوێستا (مادی) و کوردی و بەلوچی ئێستادا یەک مانا دەگەیەنێ کە لە فارسیدا بووە بە(دانستەن) پێناسە دەکرێ. ناوی (ئەسپ) و (مائین)ی ئاوێستا / مادی لە کوردی ئێستادا بە(ئەسپ/ هەسپ) و (مایین) و لە بەلوچی ئێستادا بە(ئەسپ) و (مائین) ماوەتەوە کە لە فارسیدا بە(ئەسپ) و (مادیان) پێناسە دەکرێن. ناوی (ئاسن) و (ئاسک) لە کوردی و بەلوچیدا یەک مانا دەگەیەنن و لە فارسیدا بە(ئاهەن) و (ئاهو) پێناسە دەکرێن. ئەم جۆرە نموونە کۆنانە، خۆی لە خۆیدا نزیکایەتیی نێوان کوردی و بەلوچی لەچاو زمانانی تر، بەتایبەت فارسی کە کارتێکەری زۆری بەسەر بەلوچییەوە هەیە، ڕوون دەکاتەوە.

گێلبەرتسەن زمانەوانی ئینگلیز لە ساڵی ١٩٢٥دا، لێکۆڵینەوەیەکی بەپێزی ڕێزمانیی لە نێوان زاراوەی کرمانجی کوردی و بەلوچیدا کرد و هاوبەشی و لەیەکچووی ڕێزمانیی زۆری لە نێوانیاندا بەدی کرد. لێرەدا هەوڵ دەدەین چەند نموونەیەکی باس بکەین.

١- هەروەکو کوردی (کرمانجی)، لەناو بەلوچیشدا جیاوازی (ڕەگەزی) لە ئاخاوتندا نییە. کوردی (نێر) و (مێ) و بەلوچیش (نەر) و (مادەگ) لەکاتی پێویستدا بۆ جیاوازی کردنی ڕەگەزی بەکاردێنن.

(1) Janmahmad, The Baloch Cultural Heritage: P. 16.

(٢) بۆ بەدەستهێنانی وشە (ئاوێستا - مادی)یەکان سودم لە مسۆدەی (فەرهەنگی دیانا) نووسینی: وانکۆ کوردستانی، ل ٣٢-٣٦ وەرگرتووە.



٢- لە کوردی و بەلوچیدا (ێ)ی تاکانە یەک شێوەن. بۆ وێنە، (میر): پیاو، (میرێ): یەک میر، کە لە بەلوچیدا دەبێتە (مەر) و (مەرێ) یان (مەرد) و (مەردێ).

٣- کۆپاشگری (گەل) لە کرمانجی، لەناو دایەلێکتەکانی کرماشان و دەوروبەری سلێمانیدا بەکاردێت. هەرچەند گێلبەرتسەن ئەوە ڕوون ناکاتەوە کە ئەم کۆپاشگرە لەناو چ دایەلێکتێکی بەلوچیدا بەکاردێت.

٤- لە کرمانجی باکوور، (ئا - a) و (ی - î) بۆ باری خاوەندارێتی (Genitive case) بەکاردێت. لە بەلوچیشدا، بەهەمان شێوە لە زۆر کاتدا (ئە - a) و (ی - î) بەکاردێت.

٥- کورد کاتێ لەگەڵ یەکێک بئاخفن لایان پەسندترە کەسی دووەمی تاک بەکاربهێنن. بەلوچییش نزیکەی لە هەموو کات کەسی دووەمی تاک بەکاردەهێنن.

٦- ڕاناوی (ی - î)، ئەو، هی ئەو، لەناو هەردوو زمانەکەدا هەیە و زیاتر بەهەمان شێوە بەکاردێت. ئەو ڕاناوانە تەنها کاتێک بەکاردێن کە هیچ گومانێک لە ئاماژە پێکراوەکە نەبێ. لە هەموو دۆخێکیتردا، کاتێ پێویستە بەدڵنیا کردنەوە بێت، ڕاناوی جیا بەکاردێت.

٧- شێوەی پێکهێنانی (نسبی - relative) و (جوتی - correlative) لە هەردوو زمانەکەدا وەکو یەکن.

٨- پێشگری (والا) لە هەردوو زمانەکەدا، لە دووتوێی مانا بەخشینی ئاوەڵناودا هاوبەشە.

٩- پلەکانی بەراوردکردن لە هەردوو زمانەکەدا بەیەک شێوە دروست دەبێ.

١٠- لە بەلوچیدا (ناو) زۆر بەکەمی دەکرێتە (کۆ) کاتێ ناوەکە ژمارەیەکی لە پێشەوە بێ. بەهەمان شێوە، لە کرمانجیشدا (کۆ) پێویست ناکات، تەنها ئەوە نەبێ کە لە دۆخێکدا دڵنیا کردنەوە پێویست بێ.

١١- لە هەردوو زمانەکەدا (باری پاڵپشت - Dative case) (بەرکاری ناڕاستەوخۆ) فەرمانی (بوون)ی بەدوادادێت، ئەمەش زۆر جار بۆ گەورەکردنەوەی باری خاوەندارێتی نادیار و کەمتر بۆ باری خاوەندارێتی دیار.[1]

(1) English - Blochi colloquial Dictionary, Major George Gilbertson, Assited, by Chano Khan Haddiani, Stephen Austin & Sons, Herford, 1925, Vol. I. P ix-x.

تایبەتمەندی ڕێزمانی زۆری تر هەیە کە هەردوو زمانەکە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، بەتایبەتی، تایبەتمەندێتی بێژەکردنی وشە خۆماڵی و بێگانەکان. بۆ نموونە، زۆر جار (ب)ی فارسی لە بەلوچی بە(و) بێژە دەکرێ، وەکوو (بارنە) (گەنج) و (زەبان) (زمان)ی فارسی لە بەلوچی بە(وەرنا) و (زوان) بێژە دەکرێ. لە زۆر نێوچەزاراوەی کوردی، وەکو هەندێ نێوچەزاراوەی کە لە ناوچەکانی کوردستانی خواروو و ڕۆژهەڵات گفتوگۆی پێدەکرێ، بەهەمان شێوە (ب) یان (د) بە (و) بێژە دەکرێ، وەکو: بێژە کردنی (زەبان) و (ئەحمەد) بەشێوەی (زوان) و (ئەحمەو).

ئەمانە چەند وێنەیەک بوون لەو هاوبەشییە زمانییەی نێوان کوردی و بەلوچی. ئەگەر لێکۆڵینەوەی چڕتر لەسەر کوردی و بەلوچی و مادیدا بکرێ، بەتایبەت ئەگەر لێکۆڵینەوەکە سەرجەم زاراوەکانی هەردوو زمانی کوردی و بەلوچی بگرێتەخۆ، ئەوا ئەم پەیوەندییە زۆر گەشتر ڕوون دەبێتەوە.

لێرەدا کۆمەڵێ وشەی هاوبەشی تر دەکەینە بەرچاو کە بەشی یەکەمیان لە ئەنجامی چاوپێداخشاندنی خۆم بەرچاوم کەوتوون. بەشی دووەمیان، لە کتێبەکەی (گێلبەرتسەن)ەوە وەرگیراوە[1] کە لە شوێنی پێویستدا بۆ زیاتر تێگەیشتن هاومانای ترم لەناو کەوانەدا بۆ زیاد کردووە. گێلبەرتسەن ئەم وشە هاوبەشانەی لە زاراوەی کرمانجی کوردی وەرگرتووە. بەشی سێیەمیش لە (مێژووی سەردەمی کۆنی نەتەوەی بەلوچ)ەوە وەرگیراوە[2].

| **کوردی** | **بەلوچی** |
|---|---|
| | **I** |
| مە، ئێمە، ئەمە | مە، ئەمە |
| برازا | برازاتک |
| ژن | ژن |
| چوکە، مناڵ | چوک |
| ڕۆژ، خۆر | روچ |

(1) Gilbertson, 1925, P. VII-IX.

(٢) میر محەمەد حوسێن عەنکا بەلوچ، مێژووی سەردەمی کۆنی نەتەوەی، پاکستان پرێس، کوێتە، ل ٣١.



| | |
|---|---|
| ئەستێرە | ئیستار |
| ئاڤ، ئاو | ئاف |
| هەسپ، ئەسپ | هەسپ، ئەسپ |
| زوان، زمان | زەوان |
| دڕان، دڕاندن | دڕەگ، دڕەی |
| دڕاندی | دڕتە |
| دیتن | گیندەگ، گیندەی |
| دیتی | دیتە |
| گرتن | گرەگ، گرەی |
| گرتی | گپتە |
| هێڵان، هێشتن | ئلەگ، ئلای |
| هێشتی | ئیشتە |
| تاڤ | تاف |
| شڤان، شوان | شەفانک، شیپانک |
| بەرابەر | بەرابەر، بەراوەر |
| ڕۆژگار | ڕۆژگار |
| گەرما | گەرماگە |
| ڕۆژگر | ڕۆشگر |
| سارد، سار | سارت |
| وەخت | وەخت |
| دان، داتێ | داتە |
| نەختێ | لەختێ |
| کەس | کەس |
| هەرکەس | هەرکەس |
| هیچ | هیچ |
| ڕۆژ و شەو | روش ئو شەف |

| | |
|---|---|
| چەم، چاو | چەم |
| دەڤ، دەو | دەف |
| ددان | دتان |
| دڵ | دل |
| زوان، زمان، | زوان |
| سینگ | سینەغ |
| برۆ | بروان |
| ریش | ریش |
| دەست | دەست |
| گەردن | گەردن |
| ناخون | ناخون |
| زاوا | zاماس |
| پیر | پیر |
| بەرز | بورزە، بورس |
| بەرزتر | بورزتر، بورستر |
| نزیک، نەزیک | نەزیک، نوزیک |
| دور، دیر | دور، دیر |
| مەشک | مەشک |
| تاس | تاس |
| بان | بان |
| کێ! | کێ! |
| بۆچی؟ | پەرچی، چیە؟ |
| بەڵام | بەلا |
| چۆن | چۆن |
| ئەگەر | ئەگەر |
| زان، زانین | زان |



| | |
|---|---|
| هەسپێ، هەسپەک! | هەسپێ! |
| ماینێ، ماینێک! | مائینێ! |
| پێشکەوت | پێشکەپتە |
| پارێز | پارێز |
| پەسترپێرێ | پەستان پێرێ |
| دویشەو | دوشی |
| پار | پاری |
| پێرار | پێراری |
| مشک | مشک |
| کەروێشک | کەرگشک |

رستە:

| | |
|---|---|
| ئاوی مەشک ساردە | مەشک ئێ ئاف سارت بەنت |
| نها چ وەختە؟ | نی چی وەخت ئەنت؟ |
| تاسە ژ ئاڤ پرە | تاس شە ئاف ئە پر ئەنت |
| شەوی زستان (زمستان) درێژە | زمستان ئێ شەف دراژ بەنت |
| کەڵەشێر بانگ دەدات | بانگو بانگ دەیغا ئەنت |
| رۆژگاری ئەو تەنگ بوو | ئاهییای رۆژگار تەنگ بیت |
| من دوو برام هەیە | مەنی دو براس ئەنت |
| تو زانی، تۆ ئەزانی؟ | تو زانێ؟ |
| وەش هاتی!، (خۆش هاتی، بەخێربێی) | وەش هاتێ! |

**II**

| | |
|---|---|
| ئاسن | ئاسن |
| هەرەک، (مشار) | هەرەغ |
| ئاسک | ئاسک |
| بەهر، (بەش) | بەهر |

| | |
|---|---|
| بەور، (بەفر) | بەور |
| گوەرک، (بەرخ) | گوەرەخ |
| باسک | باسک |
| برا | براس |
| زانا | زاناس، (زانات) |
| دوژمن | دوژمن |
| دزی | دوزی |
| گرین، (گریان) | گرێغ |
| هیژ، (هیچ) | هیژ |
| هەچی، (هەرچی شتێک) | هەچی |
| هێلان، (هێشتن) | ئلەغ |
| کەوش | کەوش |
| کەوان | کەوان |
| هورد، (حورد، ورد) | حیرس، (حورد) |
| ووسا | واژە، (واجە) |
| وەش | وەش |
| مژین | مژەغ |
| مژ، (موژ) | موژ |
| نێو | نیانوان |
| ناوچی، (ناویژکەر) | نیامجی |
| مرین | مرەغ |
| سار، (سارد) | سارت |

| | |
|---|---|
| سور | سور |
| ترسۆک، (ترسنۆک) | تورسۆخ، (تورسۆک) |
| تینی، (تێنی، تینوو) | تونی |



| | |
|---|---|
| ئەفسو، (ئاوس) | ئافسن |
| ئانی | ئانیشەغ، (ئانیشک) |
| بێشێنک | گێشن |
| بژو، (بوژو، پرچی ملی هەسپ) | بوشک |
| چرینگ (بلێسە) | چیرشک |
| دی، (ئەویتر) | دی |
| دوما، (پاشەوە) | دما |
| گون | گوند |
| هەوار | هەوەر |
| هێک | هەیخ |
| هیزە، | هینز |
| جل | جار |
| کەفتن | کەفەغ |
| کیژان؟ | کیسان |
| کوریشک | کریشک |
| مەزن | مەزان |
| نها، (ئێستا) | نین |
| پارە، (پارچە) | پارو |
| سوور، (شایی) | سیر |
| زانین | زانەغ |
| زورەت | زورەت، زورس |

**III**

| | |
|---|---|
| ماس، (دایک) | ماس |
| پا، (پێ) | پا |
| دۆ | دوگ |
| جوان | جوان |

| | |
|---|---|
| جوانترین | جوانترین |
| جولان | جولان |
| زانی | زانت |
| دیمەن | دیمان |
| کەوت، (کەفت | کەپت |
| من | من |
| ئەو | ئا |
| تو | تو |
| چراکە | چراگە |
| گهارەکە | گهاری |
| نش | نند |
| دا | دات |
| گروان | گروگ |
| ڕوان | ڕوگ |
| بۆ | بوت |
| گرا | گوشت |

لێرەدا گرنگی هاوبەشیی ئەم وشانەی نێوان کوردی و بەلوچی ئەوەیە کە کوردی وەکو زمانێکی جیا و دەسەڵاتدار، دوای سەردەمی مادەکان لە هیچ سەردەمێکی تردا دەسەڵاتی سیاسی یان ئاینی بەسەر بەلوچیدا نەبووە کە لەو ڕێگایەوە بەلوچی ئەم وشانەی لە کوردییەوە وەرگرتبێت. بەڵکو ئەم وشانە کە لەناو بەلوچی دان و کە تەنانەت زۆربەی زۆریان لەناو فارسیشدا نین، بەڵگەی ئەو پەیوەندییە هاوبەشەی ڕەسەنایەتیی دەگەیەنن کە کوردی و بەلوچی یان بەواتایەکی تر کورد و بەلوچ لە کۆن لە سەردەمی مادەکاندا هەیانبووە. بەپێی بۆچوونی (گێلبەرتسەن)، «هیچ هۆکارێکی بەپێزی ئەوتۆی تر نایەتە بەرچاو جگە لەوەی کە ئەم وشانە یان وشەی تری لەم جۆرە ڕاستەوخۆ لە کرمانییەوە هاتبنە ناو بەلوچییەوە»[1].

(1) Gilbertson 1925, P. ix.



بەپێچەوانە، ئەگەر کارتێکەریی زمانی فارسی یان عەرەبی یان تورکی لەسەر بەلوچی لە ڕووی هاوبەشیی چەند وشەیەکەوە هەبێ، ئەوا ناتوانین بەهەمان چاو سەیریان بکەین. لەبەرئەوەی کە ئەم زمانانە چەندین سەدە، دەسەڵاتی سیاسی و ئایینییان لەسەر زمانی بەلوچیدا هەبووە. ئەمەش جێگای تێگەیشتنە کە وشەی ئەو زمانە دەسەڵاتدارانە تێکەڵاوی بەلوچی بێت و ببێت بەبەشێک لە بەکارهێنانی ڕۆژانە.

لەم ڕووەوە، زاڵبوونی زمانی عەرەبی بەسەر زمانی بەلوچیدا، لە سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشدین لە ڕێگای داگیرکردنەکانی ئیسلامەوە و پەیاکردنی دەسەڵاتی سیاسیی عەرەبەکان لە بەلوچستاندا دەستی پێ کرد. بەتایبەتی دوای ئەوەی بەلوچەکان وەرگەڕانە سەر ئایینی ئیسلام و زمانی عەرەبی بوو بەزمانی ئایینی و وشەی زۆری عەرەبی تێکەڵاوی بەلوچی بوو. ئەم جۆرە کارتێکەرییانەی (عەرەبی)ش وەنەبێ تەنها لەسەر بەلوچی دابێ، بەڵکو لەسەر هەموو ئەم زمانانەدا دروست بوو کە هاتنە ژێر ڕکێفی سیاسی و ئاینی ئیسلامەوە. بەهەمان شێوە، لە دوای دامەزراندنی دەسەڵاتی ئیسلامی لە ئێران و هیندستان، فارسیش لەو ناوچانە، کە بەلوچستانیشی گرتەوە، وەکو زمانێکی نێونەتەوەیی بناخەی خۆی دامەزراند و تا سەردەمی ئینگلیزەکان واتە سەدەی نۆزدەیەم، دەسەڵاتی سیاسی، ئاینی و وێژەیی هەبوو. لە بەلوچستان زمانی فارسی نە تەنها زمانی میریی بوو، تەنانەت لە دەرباری خانە (میرنشینە)کانی (قەڵات) و بەلوچە حوکمڕانە (تالپور)ەکانی (سند)یش، بەڵکو زمانی ناوەند و خوێندنگا ئاینی و نائاینییەکانیش بوو[1]. بێگومان بەهۆی ئەم زاڵبوونەی زمانی فارسی بەسەر بەلوچی لەم سەردەمە دوورودرێژەدا، دەبێ فارسی کارتیکەری زۆری لەسەر بەلوچیدا بەجێهێشتبێ.

بەهەمان شێوە، هۆکارێکی تری کارتێکەریی زمانی فارسی بەسەر بەلوچی کە نابێ پاشگوێ بخرێ، پەیوەندی و نزیکایەتیی جوگرافییە. کاتێ بەلوچەکان وەکو چەند تیرەیەکی (ماد) لەسەر زەویی ئێستایان واتە بەلوچستاندا نیشتەجێ بوون، پەیوەندیی جوگرافییان لەگەڵ مادەکان پچڕا، بەهۆی ئەوەی کە ناوچەیەکی بەرفراوان کەوتە نێوانیان کە بەگشتی نەتەوەی فارسی تیادا نیشتەجێ بوو. بۆیە زمانی فارسی لەگەڵ پەیاکردنی دەسەڵاتی سیاسیی و ئاینی بەسەر بەلوچی، لە سەردەمەکانی دیوایی دا، لە ڕووی جوگرافیشەوە هاوسێی یەکەمی زمانی بەلوچی بوو. ئەمەش شتێکی سروشتییە کە فارسی

(١) جەستس میر خودا بەخش مەری بەلوچ، ل ٤٦-٤٧.

بەهۆی دەسەڵاتی باڵا و هاوسێیایەتییەوە، کارتێکاریی لەسەر بەلوچیدا هەبێ. بۆیە بەلەبەرچاوگرتنی پێچەوانەوە، کارتێکەریی زمانی کوردی لەسەر بەلوچی، بەنەبوونی دەسەڵاتی سیاسیی و ئاینی، لە شێوەی ئەوەی کە زمانی فارسی هەیبوو و هەروەها نەبوونی پەیوەندیی جوگرافیی وەکو هاوسێی یەکەمیش، لەو پەیوەندییە ڕەسەنایەتییە بەولاوە، هەروەکو گێلبەرتسەن باسی کرد، بەهیچ هۆکارێکی تر شی ناکرێتەوە.

بەهەرحاڵ، دوای پچڕانی پەیوەندیی بەلوچی لەگەڵ (مادی)، لە سەردەمەکانی دواییدا، بەلوچی وشەی زمانە بێگانەکانی وەکو: سندی، مولتانی، عەرەبی، پەشتۆ و فارسی گرتەخۆ(١). لەگەڵ ئەوەشدا، زمانی کوردی هێشتان زیاتر تایبەتمەندیی هاوبەشی بنچینەیی لەگەڵ بەلوچیدا هەیە. ئەمەش ئەو بۆچوونە تۆکمە و زانستییە دەسەلمێنێ کە لە ڕەسەندا بەلوچی بەشێک یان زاراوەیەک بووە لە بنەماڵەی زمانی مادی واتە کوردی و ئێستاش ئەو پەیوەندییەی بەڕادەیەکی بەرچاو پاراستووە. تەنانەت ئەگەر مرۆڤێکی کوردیزان گوێ بۆ ئاخاوتنی بەلوچی شی بکات، ئەوا ئەم زمانەی لە کوردییەوە زۆر بەنزیک دێتە بەرچاو. بۆ نموونە، وشە و ڕستە زۆری دەکەوێتە بەرگوێ کە هیچ جۆرە جیاوازییەکیان لە مانا و شێوەی بەکارهێنان لەگەڵ کوردیدا نییە و یان ئەوەتا جیاوازییەکە زۆر کەمە.

لەم بارەیەوە. میر گوڵ خان نەسیریش لە لێکۆڵینەوەکەیدا، هەروەکو لەوەپێش باسمان کرد، ئەو ئاکامە دەداتە دەست کە هۆزەکانی (کۆچ) و (بەلوچ) کاتێ لە بەلوچستانی ئەم سەردەمەدا نیشتەجێ بوون، بەزمانێک دەئاخاوتن کە (کوردی)یان زمانێکی وەک کوردی وابوو و زۆر جیاواز بوو لە زمانی هۆزە (سیوایی)یەکان کە لەم ناوچانە بەر لە هاتنی ئەوان نیشتەجێ بوون(٢).

کۆمەڵێ لێکۆڵێنەری بیانی وەکو (گێلبەرتسەن) و (دێمز)یش هەمان بۆچوونیان هەیە. گێلبەرتسەن لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکەی لەسەر بەلوچی، گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە:

١- بەلوچەکان هێزی داگیرکار بوون کە لە ڕۆژئاوا هاتنە بەلوچستان.

(١) عەلی ئەکبەر جەعفەری، سوخەن، زمارە ٨-٩، ل ٧٨١.

(٢) میر گوڵ خان نەسیر، بەلوچستان لە ڕۆشنایی مێژووی نوێ و کۆندا، ل ٣٦.



٢- ئەم داگیرکارانە بەزمانێک دەئاخاوتن کە لە کوردی یان کرمانجییەوە زۆر نزیک بوو.

٣- بەلوچستان لەو کاتە لەلایەن (هیندی)یەکانەوە کە بەزمانی (هیندی) گفتوگۆیان دەکرد داگیرکرابوو.

٤- هەردوو زمانی داگیرکەرە بەلوچەکان و هیندییە خۆماڵییەکان بوونی خۆیان هێشتەوە، بەڵام بەپرۆسەیەکی تێکەڵاوبووندا داچوون کە ئێستاشی لەگەڵ بێ بەردەوامە.

٥- زمانی بەلوچی لەم بارەی ئێستایدا لە بەلوچستان دروست بوو.(١)

لەلایەکی تر (دێمز) پێی وایە کە (براهویی)ەکان، کە بەشێکن لە نەتەوەی بەلوچ و خاوەن دایەلێکتێکی جیان لە بەلوچی، کاتێ سەرەتا هاتن بۆ بەلوچستان، دەبێ بەکوردی ئاخافتبێتن کە بەهۆیەوە لەناو دانیشتووە خۆماڵییەکان بە(کورگالی) ناوبانگیان دەرکرد(٢). هەرچەند هەروەکو دێمز دەڵێ، بەلوچی زۆر لە کوردییەوە نزیکتر لەچاو براهوییەوە.(٣) ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوە زمانەوانیانە لەگەڵ سەرچاوە مێژووییەکانی وەک کوردگالنامەک و لێکۆڵینەوە و تیۆرە مێژووییەکان کە لەوەپێش باسمان کرد بەگشتی یەکدەگرنەوە و باس لەوە دەکەن کە بەلوچەکان لە ڕۆژئاوا لە ناوچەی مادەوە (خوارووی دەریای خەزەر) هاتنە بەلوچستانی ئەم سەردەمە. لەگەڵ ڕەوتی مێژووش، پەیوەندیان لەگەڵ باپیرانیان مادەکاندا پچڕا و زمانی بەلوچی، کە لە ڕەسەندا زمانی مادی بوو، بەهۆی ئەو پچڕانە و کارتێکەریی سیاسی، ئاینی و کۆمەڵایەتیی زمانە بێگانەکانی وەک فارسی و عەرەبی و زمانی دانیشتووە خۆماڵییەکانی بەلوچستان، لەم شێوەی ئێستایدا دروست بوو.

***

هیوا محەمەد زەندی

(1) Gilbertson, 1925, P. xxv - xxvi.

(٢) کۆچ و بەلوچ، ل٢٥.

(٣) کۆچ و بەلوچ، ل ١٥٠.

## سەرچاوەکان:


١- عەلی ئەکبەر جەعفەری، بەلوچ و بەلوچی، گۆڤاری سوخەن، ژمارە ٨ - ٩، ١٣٤٣ق.

٢- هیوا محەمەد زەندی، دیمانەیەک لەگەڵ مێژوونووس و زمانەوان مامۆستا نەسیر خان ئەحمەد زەیی بەلوچ، کوردستانی ئیمڕۆ، ژمارە، ١٤، ٢٠٠٢.

٣- هیوا محەمەد زەندی، نەتەوەی بەلوچ لەبەر تیشکی مێژووی بەلوچ و بەلوچستان، ڕابوون، ژمارە ٢٥، ١٩٩٨.

٤- ئایەتوڵڵا شێخ محەمەد مەردۆخ کوردستانی، کتاب تاریخ مردوخ، چاپخانەی ئەرتەش.

٥- ئاخوەند ساڵح محەمەد سدیق، کورد گال نامەک، کوێتە، ١٩٩١.

٦- م. ک. پیکۆلین، بەلوچ، وەرگێڕانی بۆ ئۆردو: دوکتۆر شاە محەمەد مەری، بڵاوکراوەی تەخلیقات، لاهور، ١٩٩٥.

٧- میرگول خان نەسیر و لونگوەرت دێمز، کۆچ و بەلوچ، وەرگێڕان و شیکردنەوەی میرگول خان نەسیر، پەخشخانەی کەلات، چاپی دووەم، ١٩٨٣.

٨- جەستس میر خودا بەخش بەجارانی مەری بەلوچ، بەلوچستان لە ئاوێنەی مێژوودا، وەرگێڕانی بۆ ئۆردو: پرۆفیسۆر سەعید ئەحمەد رەفیق، نساء ترێدەرز، کوێتە، پاکستان، چاپی یەکەم، ١٩٨٩.

٩- میرگول خان نەسیر، بەلوچستان لە ڕۆشنایی مێژووی نوێ و کۆندا، نساء ترێدەرز، چاپی یەکەم، کوێتە، ١٩٨٢.

١٠- بابا مردوخ روحانی، تاریخ مشاهیر کرد، پخش دووم (جلد سوم)، سروش، تهران، ١٣٧١.

١١- میر نەسیر خان ئەحمەد زەیی بەلوچ، مێژووی بەلوچ و بەلوچستان، بەرگی یەکەم، ئەکادیمی بەلوچی، چاپی یەکەم، کوێتە، ١٩٨٨.

١٢- ئینسایکلۆپیدیای پاکستانیکا، بەڕێوەبەری باڵا: سەید قاسم مەحمود، شاهکار بوک فاوەندەیشەن، کەراچی، پاکستان، ١٩٩٨.

١٣- مسۆدەی (فەرهەنگی دیانا) نووسینی: وانکۆ کوردستان.

١٤- میر محەمەد حوسێن عەنکا بەلوچ، مێژووی سەردەمی کۆنی نەتەوەی، پاکستان پرێس، موێتە.

15- Syed Abdul Quddus, The Tribal Baluchistan, Ferozsons, pty Ltd, Lahore, 1990.

16- Mohammad Sardar Khan Baluch, History of Baluch race and Baluchistan, Nisa, traders, Quetta, 3rd Ed., 1984.

17- Janmahmad, The Baluch Cultural Heritage, Royal Book Company, Karachi, 1982.

18- Profesor M. R. Izady, Are the Kurds descended from the Medes?, Encyclopedia Kurdistanica, www. Kurdweb. com.

19- Azim shah baksh, The Baluch race and Migrations, www. baloch 2000. org/culture/ language/azim 1. htm.

20- Prof. Mehrdad R. Izady, Exploring Kurdish origins, Encyclopedia Kurdistanica, www. Kurdweb, com.

21- Janmahmad, Essays on Baloch National Struggle in Pakistan: Emergence, Dimensions, Repercussion, Gosha - e - Adab, Quetta, 1988.

22- Prof. M. R. Izady, Deportation and Forced Resettlements, Kurdistanica, Encyclopedia, www. Kurdweb, com.

23- English - Balchi colloquial Dictionary, Major George Gilbertson, Assisted by Chano Khan Haddiani, Stephen Austin & Sons, Herford, 1925, Vol. I, P ix-x.

24- Grieson, G. A. Linguistic Survey of Pakistan, Vol. II: Aryan Family (Being Vol. X Linguistic Survey of India), Accurate printers, Lahore.

25- Pakistan Year Book, 1970.

# پێشەکی نووسەر

بۆ ئاگاداری خوێنەران تا ئێستا لەسەر مێژووی بەلوچ و بەلوچستان هەرچەند کتێب نووسرابێت، لە هەموویاندا، وەکو سەرچاوە، ئەو شیعرانەی بەلوچیان هەڵبژاردووە کە لە ڕیشە و داستانی جەنگی پێکهاتووە. کاتێ لە سەدەی هەژدە و نۆزدەدا هێزە داگیرکەرەکانی ئەوروپا، دەسەڵاتیان لە زۆربەی وڵاتانی ئاسیادا پەیدا کرد، سەر زەوی بەلوچستانیش یەکێک بوو لەو ناوچانەی کە ئینگلیز دەسەڵاتی خۆی لێ سەقامگیر کرد. لێکۆڵێنەرەکانی ئەوانیش، ئەو شیعرە لەبەرکراوانەیان کردە سەرچاوەی مێژووی بەلوچ، یان بەلەبەرچاو گرتنی مەبەست و نیازی سیاسی، هەندێ زیاد و کەمی و گۆڕانکاریان تیاکرد و کتێبی جۆراوجۆریان لەسەر نووسین.

ئەم دێرۆکنووسە دەرەکییانە، بەتایبەت ئینگلیزەکان، چەند پەرتووکێکی وایان بەجێ هێشتووە کە تیایاندا لەمەڕ بەلوچستان و نەتەوەی بەلوچ تیشک خراوەتە سەر هەندێ ڕووداو و بارودۆخ بەڵام هەروەکو لە سەرەوە باسمان کرد تا ڕادەیەکی زۆر پیلان و مەبەستی سیاسییان لە بەرچاو گرتووە. بۆ نموونە ئینگلیزەکان کاتێ باسی مێژووی نەتەوەی بەلوچ دەکەن، وەکو سەرچاوە باسی هەندێ کتێبی تریان کردووە کە ئینگلیزەکان خۆیان نووسیویانە، بەڵام بەهیچ شێوەیەک باسی کتێبی (صورة الارض)ی مێژوونووس و لێکۆڵێنەری بەناوبانگی عەرەب، ابي القاسم محمد بن حوقل ناکەن کە بەدرێژی باسی هۆزەکانی بەلوچی کردووە و ناوی هەندێکیانیشی هێناوە. هەرچەندەش، توێژەرێکی ئینگلیز، بەناوی (سەر ڤالیەم ئوسلێ)، لە ساڵی ١٨٠٠ی زایینی (صورة الارض)ی وەرگێراوەتە سەر زمانی ئینگلیزی.

لە خوێندنەوەی کتێبە مێژووییەکان، ڕوون دەبێتەوە کە لێکۆڵێنەرەکانی ئینگلیز لەمەڕ مێژووی بەلوچستان و نەتەوەی بەلوچ، درەنگ دەستیان بەنووسین کردووە. بەڵگە و هۆی ئەمەش ئەوەیە کە هێنری پۆتینجەر یەکەم لێکۆڵێنەری ئینگلیز بوو کە لە ساڵی ١٨١٠ زایینی وەکو بازرگانێکی ئێرانی هاتە بەلوچستان و ڕاپۆرتی توێژینەوەکەی وەکو سەفەرنامەی بەلوچستان و سند بڵاو کردەوە کە تیایدا یەکەم جار براهوییە بەلوچەکان و ڕەندە بەلوچەکانی بەدوو نەژادی جیا لە قەڵەم دا و ئەگەر لە توێژینەوە و پشکنینەکەیدا توزێک ڕاستگۆ و دڵسۆز و بەویژدان بووایە قەت وای نەدەنووسی.

لە بەڵگەنامە مێژووییەکانی کۆندا ڕوون بووەتەوە کە لە سەردەمی جۆراوجۆردا، ناوی



وڵاتەکان و نەتەوەکانیش گۆڕاون. ئەم ناوانە، یان بەتەواوی گۆڕاون، یان هەندێ جار، گۆڕانکاری ڕێنووسییان بەسەردا هاتووە. هۆیەکی مەزنی ئەوەش ئەوەیە کە هەر کاتێ گەلێک یان نەتەوەیەک دەسەڵاتی سیاسی بەدەست هێناوە؛ بۆ جێ پێ قایمکردنی خۆی، بەپێی ئاخافتن و زاراوەی زمانی خۆیان ناوی شارەکان، ناوچەکان، هۆزەکان و نەتەوەکانیان بێژە (تلفظ) کردووە. وە یا ناوێکی تریان بۆ داناوە. هەروەکو لە بەڵگەنامە مێژووییەکانی دێرین ڕوون دەبێتەوە کە ئێران لە سەرەتا بە(سەفەن) دەناسرا و لە سەردەمەکانی دواییدا، ئەم ناوچەیە بەناوی (ئاریا)، (ئاجام)، (ئاریان)، (پارس) و (ئێران) بەناوبانگ بووە و ناسراوە. ئێستاش لە نێو نەتەوەی جۆراوجۆردا ئەم دابە بەکار دێت کە نەتەوەکانی ئەوروپا بەئێران دەڵێن (پێرشیا)، ڕووسییەکان پێی دەڵێن (پرێسیا) و عەرەبەکان بە(فارس) یان (عەجەم)ی دەناسێنن. ئەم هەموو ناوانە مەبەست لە ناوچەی ئێرانە کە هەر نەتەوەیەک بەپێی زاراوەی زمانی خۆی ناساندوویەتی. هەر بەم چەشنەش، نەتەوەی بەلوچ و هۆزەکانی، لە سەردەمی جۆراوجۆردا، بەناوی جۆراوجۆر لە بەڵگەنامە مێژووییەکاندا هاتۆتە بەرچاو.

لە سەردەمی ئیسلامییەکاندا، بۆ یەکەم جار لە سەردەمی خەلیفەکانی عەباسیدا باسی نەتەوەی بەلوچ کراوە. لە مێژوونووسەکانی عەرەب ابي القاسم محمد ابن حوقل لەمەڕ نەتەوەی بەلوچ دواوە و باسی هەژدە هۆزی کردووە کە ناوەکانیان بەم شێوەی خوارەوەیە:

١- هۆزی سنجان.
٢- ئەحمەد بن لەیس.
٣- کرما.
٤- کرمانی.
٥- درمانی.
٦- بیراوی.
٧- محەمەد بن باشار.
٨- ئەدرەگانی.
٩- سەباحی.
١٠- ئیشکی.
١١- شێرکەبار.

١٢- زەنگەنە.
١٣- سففاری.
١٤- شاماری.
١٥- موتلسان.
١٦- ماملی.
١٧- سمکانی.
١٨- خەللی.

ئێستا جگە لە هۆزی بیراوی (براهویی) کە تا ئێستا هەر بەو ناوەوە دەناسرێت، هۆزەکانی تری بەلوچ کە ئیبن حوقل باسی کردووە هیچیان بەو ناوانەوە بوونیان نییە. کەچی سەدان هۆزی بەلوچی تر بەناوی جۆراوجۆرەوە لەم ناوچەیە نیشتەجێن و ژیان دەبەنە سەر. بۆیە ئێمە دەتوانین بەباوەڕەوە بڵێین ئەو هۆزانەی بەلوچ کە ئیبن حوقل باسی کردووە، جگە لە هۆزی بیراوی (براهویی)، هەموو هۆزەکانی تر لە سەردەمەکانی دواییدا ناوەکانیان گۆڕاوە و بەو ناوانەی کە ئێستا پێیی دەناسرێن بەناوبانگ بوونە.

هەڵبەتە لە مێژووی مەردۆخدا کە تایبەتە بەمێژووی نەتەوەی کورد، لەو هەژدە هۆزەی بەلوچ کە ئیبن حوقل باسی کردووە ناوی یازدە هۆزیان باس کراوە بەم شێوەیە:

١- کرما.
٢- کرمانی.
٣- براخۆیی (بیراوی).
٤- ئەدرەگانی.
٥- سەباحی.
٦- زەنگەنە.
٧- سففاری.
٨- سنجاوی.
٩- ماملی.
١٠- محەمەد باشار.
١١- خەللی.

بەڵام نووسەری مێژووی مەردۆخ ئەم هۆزانە لەجیاتی هۆزی بەلوچ بەهۆزی کوردیان



دەناسێنی. بۆیە ئەم بەڵگەیەمان بۆ ئیسپات دەبێت کە نەتەوەی بەلوچ لقێکی گەلی کوردن کە لە سەردەمی کۆندا لەم ناوچەیە بەناوی کوردەوە نیشتەجێ بوون و لەگەڵ ڕەوتی مێژوودا بەناوی بەلوچ ناسران و تا ئێستاش هەر بەم ناوەوە دەناسرێن.

بۆ نێونانی ئەم کتێبەی لە بەردەستت دایە زۆر پەرێشان بووم کە چ ناوێکی بۆ دابنێم؟ بۆ ڕزگاربوون لەم دوودڵییەم، لەگەڵ مرۆڤانی زانا یۆخ و عالم، توێژەر و مێژووزان، بەئەزموون و تێگەیشتووی نەتەوەکەم ڕاوێژم کرد و هاوڕێیەکی هاوبیرم خوالێخۆشبوو مەلەک محەمەد پەنا جێگری سەرۆکی ئەکادیمیای بەلوچی ئامۆژگاری کردم کە ناوی "مێژووی بەلوچ و بەلوچستان" لە کتێبەکە بندرێت. منیش ئەم ناوەم بەهۆی گونجاوی و پڕ بەپێستی پەسندم کرد. لەبەر ئەوەی توێژەرێکی زۆری خۆمان بەناوی (بەلوچستان) یان (بەلوچ) و (بەلوچستان) پەرتووکی مێژوویی زۆریان نووسیوە. لە کۆتاییدا لە ناخی دڵمەوە، سوپاسی هاوڕێی بەڕێزم خوالێخۆشبوو مەلەک محەمەد پەنا جێگری سەرۆکی ئەکادیمیای بەلوچ دەکەم کە جگە لە ناونانی دەقەکە، لەگەڵ نەخۆشی و سەرقاڵیدا، ئەرکی چاوپێخشاندنەوەی کتێبەکەی گرتە ئەستۆ و جوانی و ڕازاندنەوەی تریشی پێ بەخشی.

ئاغا میر نەسیر ئەحمەد زەیی

(کەمبەرانی) بەلوچ

## ژیاننامەی نووسەر

مێژوونووس و زمانەوان و مامۆستای بەناوبانگ ئاغا نەسیر خان ئەحمەد زەیی بەلوچ لە ٨ی ئۆکتۆبەری ١٩١٩ی زایینی لە شاری کوێتە (شاڵ کوت)ی بەلوچستانی پاکستان چاوی بەدنیا هەڵێنا. خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی لە قوتابخانەی ئامادەیی سێندیمەن کوێتە تەواو کرد. دوای ئەوە بۆ خوێندنی باڵاتر لە ساڵی ١٩٣٥ چووە لاهور و لە کۆلیجی فارمن کریسچەن بەکەلۆریۆسی ئادابی بەدەست هێنا.

لە ساڵی ١٩٤٢ وەکو جێگری شارەدار (تحصیلدار) دەستی بەکار کرد و لەم ئەزموونەدا سەرکەوت و پەرەی سەند و لە ساڵی ١٩٤٧ بوو بەوەزیری بارەگای فەرمانڕەوای قەڵاتی حکوومەتی بەلوچستان خوالێخۆشبوو میر ئەحمەد یارخان ئەحمەد زەیی بەلوچ و تا دە ساڵ (١٩٤٧-١٩٥٧) لەسەر ئەم پلەیە کاری کرد. لە ساڵی ١٩٤٩، دوای دروستبوونی یەکێتی نەتەوەکانی بەلوچستان، لە قەڵاتی پایتەخت، لەسەر پلەی جێگری سەرۆکی ئاسایش و کارگێڕیش کاری کرد.

دوای ئەوەی بەلوچستان پلەی هەرێمی پێ درا، لە ساڵی ١٩٧٢ وەکو یەکەم سەرۆکی ئەنجومەنی کتێبی خوێندنی دیاریکراوی بەلوچستان هەڵبژێردرا، ئینجا لە ساڵی ١٩٧٦، بوو بەسەرۆکی ئەنجومەنی ناوەندیی خوێندنی ئامادەیی بەلوچستان. لە ١٩٩٣ەوە تا ئێستا، لە زانکۆی بەلوچستان وانەی بەلوچی و براهویی بەقوتابیانی

M. A (Master of Arts)ی زمانەکانی بەلوچی و براهویی دەڵێتەوە و وەکو زمانەوان، لێکۆڵینەوە لەسەر زمانەکانی بەلوچی و براهویی دەکات. هەروەها لە ساڵی ١٩٧٢ەوەوە تا ئێستا ئەندامی ئەکادیمیای بەلوچی هەرێمی بەلوچستانە.

هەر لە سەرەتاکانی کارکردنی، لە ڕۆژنامە ناوچەییەکاندا دەستی بەوتار نووسین کردووە و جگە لە زمانی بەلوچی و براهویی، دەسەڵاتی بەسەر زمانەکانی فارسی، پەشتۆ، ئۆردو و ئینگلیزیدا هەیە. بەڕێز نەسیر خان مێژووی پڕ بایەخی بەلوچ و بەلوچستانی لە هەشت بەرگدا نووسیوە، شەشیان بڵاو بوونەتەوە و دووانیشیان لە ژێر چاپ دان. ئەم پەرتووکە مێژووییە لە پێنج سەردەمی مێژوویی بەلوچستان پێکهاتووە و لە ئاست بڵاوکراوەکانی تری مێژووی بەلوچستان بەباشترین و بێ هاوتا دەژمێردرێت، لەبەر ئەوەی لەم پەرتووکەدا، لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو ڕووداوە دێرینانەش کراوە کە لە خۆرهەڵاتناسەکان و دێرۆکنووسەکان شاراوەیە و پشت بەسەرچاوەی زۆر گرنگ و باوەڕپێکراو بەستراوە کە



گرنگترینیان کورد گال نامەک و مێژووی مەردۆخە.

لە کتێبە بەنرخەکانی تری نووسەر: ڕێزمانی بەلوچی، ڕێزمانی بەلوچی بەئۆردو، ڕێزمانی بەلوچی و براهویی بەئینگلیزی، بەلوچی مەسادر، پاکین بەنی نەسب نامەک... تاد ئەتوانین ناوبەرین. جگە لەمانە، ئەکادیمیای بەلوچی بەمەبەستی خوێندنی بالغەکان، شەش کتێبۆکەی ئەوی بڵاو کردۆتەوە کە لە ڕووی زانستەوە، زۆر بەسوودن. بەگشتی تا ئێستا سی کتێبی نووسیوە، دوانزەیان لە لایەن ئەکادیمیای بەلوچییەوە بڵاوکراونەتەوە و ئەوانەی تریش بەهۆی نالەباری ئابووری لە چاپ نەدراون و لای خۆی پارێزراون.

## بەشی یەکەم

## ناوچەی بەلوچستان

کورتە باسێک دەربارەی ڕووبەر، وەرزە چیا، ڕووبار و سامانی کانیی ژێرزەوی و سەرزەوی بەلوچستان.

### ڕووبەر:

بەلوچستان کەوتۆتە خوارووی ناوەڕاستی ئاسیاوە، بەکەناری دەریاوە بەستراوە و لە ناوچەیەکی پان و بەرین پێکهاتووە. لەبەر ئەوەی نەتەوەی بەلوچ لەسەر ئەم خاکە ژیاوە، ئەم ناوچەیە بەبەلوچستان دەناسرێت.

ڕووبەری بەلوچستان ٢٤٣٤٨٧ میل چوارگۆشەیە و بەسەر سێ وڵات: پاکستان، ئێران و ئەفغانستان دابەش کراوە. ڕووبەری خاکی بەلوچستان لە پاکستان ١٣٤٠٠٠، لە ئێران ٦٧,٤٨٧ و لە ئەفغانستان ٤٠,٠٠٠ میل چوارگۆشەیە.

### ژمارەی دانیشتوان:

نزیکەی بیست ملیۆن بەلوچ لەسەر ئەم خاکە نیشتەجێن، بێجگە لە چەند شوێنێکی تر کە لەوێش بەلوچی تیادا دەژین: بۆ نموونە بەشی یەک لە سێی دانیشتوانی هەرێمی سند و بەشی یەک لە پێنجی دانیشتوانی هەرێمی پەنجاب بەلوچن کە لە چەند سەدەیەک لەمەوبەرەوە لەم ناوچانە پیشەی وەکو جووتیاری، سەربازی و شوانی دەکەن و ئێستا بەخەڵکی ئەم هەرێمانە دەناسرێن.


### ساختی بەلوچستان:

بەلوچستان ناوچەیەکی شاخاوییە لە هەموو شوێنێکەوە چیا دەبینرێ. لە نێوان ئەم چیایانەدا دۆڵی جۆراوجۆر هەیە، هەندێکیان وشک و ڕووتەنن، هەندێکیشیان سەوزن. ئەگەر بێتو ئاو بۆ ئەو دۆڵە وشک و ڕووتەنانە ڕابکێشرێ، زۆر بەپیت دەبن.

### ئاووهەوا:

خاکی بەلوچستان بەهۆی وشکایی، ئاووهەواکەشی جۆراوجۆرە. هەندێ شوێنی زۆر





نەخشەی خوارووی ناوەڕاستی ئاسیا کە تیایدا بەلوچ نیشتەجێن

گەرمە وەکو: دەهادر، سببی، توربەت و بێلە. هەندێک شوێنی دیکەی زۆر ساردە وەکو: قەلات، کوێتە، سۆراب، مەستونگ، زیارەت و موسلیم باغ.

باران سالانە لە نێوان سێ ئینج تا دوانزە ئینج دەبارێ.

**چیا:**

هەروەکو لە پێشەوە باسمان کرد، بەلوچستان ناوچەیەکی شاخاوییە، گرنگترین چیاکانی ئەمانەن: چیای براهوی، سولێمان، کهیرتر، پەب، چاغی، راس، سیاهان، مەکران و توبەکاکری. لە نێوان ئەم چیایانەدا، پانترین و درێژترین چیا، چیای (براهوی)یە کە زنجیرەی چیاکانیشی لە زنجیرەی چیاکانی تر بلندترە. ئەم چیایە، بەرزایییەکانی قەلاتیشی پێ دەلێن (سطح مرتفع قلات).

**ڕووبار:**

وەک ڕووبار، لە بەلوچستاندا هیچ ڕووبارێک نییە کە وەک ڕووبارەکانی دونیا، هەمیشە ئاویان تیادا مابێت، لەبەر ئەوەی ڕووبارەکانی هەمیشە ئاویان تیادا نامێنێ، کاتێ باران دەبارێ ئاوی باراناو، لافاو دروست دەکات و پیایدا تێدەپەڕێ، لە دواییدا وشک دەبێتەوە. ئەمەش ناوی ڕووبارە گرنگەکانی بەلوچستانە:

ڕووباری ناری، بۆلان، مولە، برالی، هەنگول، رەخشان، دەشت، نەهەنگ، کیشکەوەر، کینچ کوەر، ژۆب و پشین.

**کانەکان:**

بەلوچستان لە ڕووی کانەوە، دەولەمەندە و هەموو جۆرە زەخیرەی کانی هەیە. جگە لە گازی سروشتی کە لە سالی ١٩٥٠ز.دا دۆزراوەتەوە. زەخیرەی کانەکانی تر کە تا ئێستا دۆزراونەتەوە ئەمانەن:

سیلیکا (Silica)، جیپم: گەچ (Gypsum)، بەردی مەڕمەڕ (Marble)، کل (Col-lyrium)، بەردە قسل (Lime Stone)، ئاسن (Iron)، نەوت (Oil)، مەنگەنیز (Manganese)، گۆگرد (Sulphur)، مس (Copper)، گرافایت (Graphite)، کرۆمایت (Chromite)، بەردە ئاوریشم (Asbestos)، فلۆراید (Flouride)، قورقوشم (Lead)، باڕایت (Barite) و مەنگەنیسایت (Managanesite).

## بەشی دووەم

## ناوی بەلوچستان لە مێژووی کۆندا

### لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی ناوی بەلوچستان:

ناوی بەلوچستان لە دوو وشە پێکهاتووە: (بەلوچ) و (ستان). ستان وشەیەکی فارسییە کە بەمانای (جێگا) یان شوێنی ژیان دێت. لە بەلوچ و ستان «بەلوچستان» پێک دێت کە مانای شوێنی نیشتەجێ بوونی بەلوچ دەگەیەنێت.

بەڵام لە بەڵگەنامە مێژووییەکانی سەردەمی کۆندا، وشەی بەلوچ و بەلوچستان لە هیچ شوێنێک نەکەوتوەتە بەرچاو. هۆی ئەوەش لەوانەیە ئەوە بێ کە لە سەردەمەکانی کۆندا، ئەو ناوچانەی بەلوچی تیادا ژیاوە، ناوی ناوچەکە و دانیشتوانەکە بەناوێکی ترەوە ناسرابێت. لەگەڵ ئەوەشدا هۆزەکانی بەلوچ، هەر لەو سەردەمە کۆنەوە تا ئێستا لە شوێنی خۆیان ماونەتەوە. بۆیە ئەم ڕاستییەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە بەلوچ وەکو نەتەوە، لە سەردەمی کۆندا بەناوێکی تر ناسراوە. هەر ئەوەش دەبێتە هۆی نەناسینی بەلوچستان. بەهەرحاڵ، خاکی بەلوچستان کە تا ئێستا بەلوچی لەسەر دەژییێت، لە مێژووی کۆندا بەچەند ناوێکی تری جیاواز ناسراوە.

لە پەرتووکی ئاینی زەردەشتیدا، باسی وڵاتێک کراوە بەناوی (وراپشین حەنحا) کە بەمانای (دۆڵی پشین)[1] دێ. دوای ئەوە، لە سەردەمی ئەسکەندەر پاشای یۆنانی، مێژوونووسە یۆنانییەکان خاکی بەلوچستانیان بە(گدروسیا) ناساندووە و باسیان کردووە. ئەوەشیان ڕوون کردۆتەوە خاکی (دەرەنیگیانا) و (ئاراخوسیا)، بەگدروسیاوە لکاون و دوو وڵاتی ترن کە لەم سەردەمە بە(سیستان)[2] و ولایەتی (قەندەهار)[3] دەناسرێن.

لە سەردەمی ئیسلامدا، مێژوونووسەکانی عەرەب، خوارووی بەلوچستانیان ناو لێ ناوە (مەکران) و ناوەندی بەلوچستان واتە بەرزاییەکانی قەڵاتیان ناوناوە (توران).


---

(١) دۆڵی پشین: لە نزیک (کوێتە) پایتەختی بەلوچستانی پاکستان شارۆچکەیەک هەیە ناوی (پشین).

(٢) سیستان: ویلایەتێکی وڵاتی ئەفغانستانە لەم سەردەمەدا.

(٣) ویلایەتی قەندەهار: ویلایەتێکی وڵاتی ئەفغانستانە لەم سەردەمەدا. (وەرگێڕ)





نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست
کە تیایدا رێگای کۆچ کردنی هۆزە کوردەکان نیشان دراوە کە لە دواییدا بە بەلوچ ناسران.
زنجیرەی ئەم کۆچ کردنە لە لە ساڵی ٣٧٠٠ی پ.ز تا ٥٥٠ی پ.ز بەردەوام بوو.

کەواتە، بەهۆی ئەم نووسینانەی سەرێ، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە بەلوچستان لە سەردەمی کۆندا، دابەش کراوەتە دوو بەش، بەناوی مەکران و توران، ناوی ئەم سەردەمەیان (بەلوچستان) ناوێکی نوێیە کە لە پاشاندا بۆ هەموو ناوچەکە بەکارهاتووە.

نووسەری شاهنامەی فردۆسی، باسی مێژووی سەردەمی ساسانییەکانی کردووە و خاکی بەلوچستانی بەگۆڕەپانی جەنگی نێوان سەردارەکانی توران و ئێران ناساندووە و دەڵێت: هەر کاتێک، جەنگ لە نێوان ئێران و تورواندا ڕووی بدایە، لەسەر ئەم خاکە جەنگیان دەکرد. گوایە بەلوچستان گۆڕەپانی جەنگیان بووە.

نووسەری (Search lights on Balochistan) قازی میر خودا بەخش مەری بەلوچ، لێپرسراوی دادگای بەرزی بەلوچستان، لەمەڕ بەلوچستانەوە شتێکی تر باس دەکات و بەبیروبۆچوونی ئەو لە سەرەتاکانی سەدەی پانزەهەمدا بەلوچ کۆچیان کردووە بۆ سەر ئەم خاکە و لەو سەردەمەوە، ئەم ناوچەیە بەبەلوچستان دەناسرێ.

مێژوونووسێکی تری بەلوچ میرگوڵ خان نەسیر، کە شای شاعیرانی بەلوچیشی پێ دەڵێن، لە بەرگی یەکەمی پەرتووکی (تاریخ بەلوچستان)، باس دەکات کە لە ساڵی ١٧٣٦ی. ز لە سەردەمی شەڕەکانی ئەفغان کاتێک نادر شا ئەفشار سەڵتەنەتی ئێرانی داگیر کرد، هاتنی ئەو لە ناوچە بەلوچەکانەوە بوو، لە کاربەدەستەکانی خۆی پرسی چ نەتەوەیەک لەسەر ئەم خاکەدا نیشتەجێیە؟ لە وەڵامدا پێیان ڕاگەیاند تیرە و هۆزی بەلوچ لێرەدا نیشتەجێن. نادر شا ناوی ناوچەکەی نا بەلوچستان و لە پاشاندا هەموو ناوچەکە بەبەلوچستان ناسرا. نادر شا ئەو ناوەی بۆیە دانا تاوەکو جیاوازی نەتەوایەتیی، بەلوچ و ئەفغان بەردەوام بێت. هەر نادر شا بوو، بۆ یەکەم جار ناوچەی ئەفغانەکانی ناو نا ئەفغانستان و ناوچەی بەلوچەکانی ناونا بەلوچستان، هەر لەو سەردەمەوە تا ئێستا ئەو ناوچانە بەم ناوانەوە دەناسرێن.

هەروەکو لە سەرەوە باس کراوە، لە نووسینە مێژووییەکانی کۆندا ڕوون دەبێتەوە، لە سەردەمی دێریندا، لە بەلوچستان دوو ویلایەت هەبووە، کە بەمەکران و توران دەناسرا. بەڵگەی ئەم نووسینە مێژووییە کۆنانە، نووسەری پەرتووکی (بلوجستان ما قبل تاریخ)، مەلەک محەمەد سەعید دەهوار بەلوچیش داویەتی و دەنووسێ: لە سەردەمی هەڵکۆڵینی گردە کۆنەکاندا، پاشماوەی جۆراوجۆر، بەتایبەت نموونەی (دەفری گلی)، بەدەست کەوتووە، کە لەمانەوە زۆر بەچاکی بۆمان ڕوون دەبێتەوە، لە زەمانی کۆندا، لە بەلوچستان دوو حکوومەت لەسەر کار بووە.



ناوبراو نێوی ویلایەتەکانی باس نەکردووە، بەڵام لە ڕووی نشینگەی جوگرافیاییەوە ئەم دوو ناوچەیەی تا ڕادەیەک شی کردووەتەوە. بۆیە، دوای خوێندنەوەی ئەم هەموو بەڵگەنامە مێژووییانە، ئەوە دەردەکەوێت، لە سەردەمی پێش مێژوودا، ناوچەی بەلوچستان لە دوو ویلایەت بەناوی (مەکران) و (توران) پێکهاتووە. تا سەردەمی ئیسلامی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەم دوو ناوچەیە، هەر بەو ناوانەی خۆیانەوە دەناسران. بەڵام دوای چەند سەدەیەک، لە سەردەمی نادر شا، هەموو ناوچەکە بەبەلوچستان ناسرا. هەروەها ئەو هۆزانەی لەو ناوچەیەدا نیشتەجێ بوون، زۆر لە پێشەوە، لە سەردەمی ساسانییەکان، کە لە ساڵی ٢٢٧ز تا ٦٣٤ز فەرمانڕەواییان کردووە، بەناوی هۆزی بەلوچ ناسرابوون. لەبەر ئەوەی، مێژوونووسی سەردەمی ئیسلامەکان، خەڵکی توران و مەکرانیان بەبەلوچ ناساندووە. گوایە ئەم ناوچەی ئێستا بەلوچی تیا نیشتەجێیە، پاش ئەوەی گۆڕانکاریی بەسەر ئەم ناوچانەی سەردەمی یۆنانییەکان هاتووە: دەرەنگیانا (سیستان)، ئاراخوسیا (ویلایەتی قەندەهار) و گدروسیا (مەکران و توران)، هاتووەتە کار، کە لەم سەردەمەدا بەبەلوچستان دەناسرێت.

نووسەری (The country of Balochistan) W. A هیوز، سنووری ناوچەکانی بەلوچ بەم شێوەیە باس دەکات: ئەم ناوچەیە لە سەروو تا خواروو، لە دۆڵی هەلیمندەوە دەست پێ دەکات تا دەگاتە زنجیرە چیاکانی کرمان. ناوبراو ئەوەش ڕوون دەکاتەوە کە کاتێ پاشای مەزنی ئێران نادر شا، ئەفغانەکانی لە ئێران دەرکرد، ناوی ئەم ناوچەی بەبەلوچستان ناساند و میری میرەکانی بەلوچی کرد بەفەرمانڕەوای ئەم ناوچەیە.

## بەشی سێیەم

## ڕەگەز یان نەژادی بەلوچەکان

دەبووایە هەموو نەتەوەیەک مێژووی کۆنی خۆی و بەسەرهاتی وڵاتەکەی لەو سەردەمەوەی تیایدا نیشتەجێ بووە، بەنووسین هەبووایە، بەڵام ئەم جۆرە مێژووە، لە هیچ وڵاتێک بەدەست ناکەوێ. چونکە، مرۆڤ لە سەرەتای دروستبوونی، لەگەڵ نووسین و خوێندنەوەدا ئاشنا نەبووە تاوەکو بتوانێ مێژوو و بەسەرهاتی کۆنی خۆی بنووسێ.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، هەموو نەتەوەیەک، بۆ ئەوەی مێژوو و بەسەرهاتی کۆنی خۆی لە لەناوچوون بپارێزێ، دەستەیەک مرۆڤی زیرەک و لێهاتوویان هەڵبژاردووە، بۆ ئەوەی مێژووی کۆنی خۆیان لەبەر بکەن، نەوە بەنەوە بۆ یەکتری بگێڕنەوە و لە لەناوچوونی بپارێزن.

دوای ئەوەی مرۆڤ ئاشنایەتی لەگەڵ خوێندن و نووسیندا پەیدا کرد، پێش هەموو شتێک دەستیان کرد بەنووسینی مێژوو و بەسەرهاتە کۆنەکانیان کە لەبەریان کردبوو، تاوەکو لە دەردەسەری لەبەرکردن ڕزگاریان بێت. هەر لەو قۆناغەوە تاکو ئێستا هەموو نەتەوەیەک، ئەم جۆرە نووسینەیان کردۆتە سەرەتای مێژووی کۆنی خۆیان. هەر بەم چەشنە، نەتەوەی بەلوچیش وەکو نەتەوەکانی تری دونیا، ئەم بەسەرهات و ڕووداوانەی کە لەبەریان کردووە، بووەتە سەرەتای مێژووی کۆنیان.

مێژووی بەلوچ دەڵێت، بەلوچ لە سەرەتای ژیانیاندا، لە دەوروبەری دەریای خەزەر دادەنیشتن. نووسەری (کورد گال نامەک) بۆمانی ڕوون کردووەتەوە کە نەتەوەی بەلوچ لە گۆڕەپانەکانی ناوەڕاستی ئاسیاوە هاتوونەتە ئەم ناوچەیە، لەبەر ئەوەی دەریای خەزەر بەو ناوچە گۆڕەپانانە لکاوە، بۆیە یەکەم پەنابەری هۆزە بەلوچەکان، لە باکورەوە بەرەو باشوور ٣٨٠٠ ساڵ پێش مەسیح ڕوویدا، کە لە ناوچەی سەرووی ئێرانەوە، واتە زنجیرە چیاکانی خواروو کۆچیان کرد و لە ناوچە شاخاوییەکانی باشووری ڕۆژئاوای ئێران، واتە زنجیرە چیاکانی زاگرۆس نیشتەجێ بوون.

مێژووی مەردۆخیش ئەم گێڕانەوەی مێژووی بەلوچ بەڕاست دەزانێ کە لە داهاتوودا باسی دەکەین. بەپێی مێژووی مەردۆخ و کورد گال نامەک، کورد و بەلوچ لە یەک نەژادن و هەردووکیان نەوەی یەک بەرەن. ئەم پەرتووکە مێژووییانە، بۆمان ڕوون دەکەنەوە کە



لەیەکچوونی زمان، دابونەریت، یەکسانی و هەمەڕەنگی و ژیانی نەتەوەیی هەردووکیان بەڵگەی ئەوەن کە کورد و بەلوچ لە یەک نەژادن. هەردوو مێژوونووس باس دەکەن، لە ساڵی ٨٥٣ی پ.ز، کەیقوباد کە سەرداری مادەکان بوو، شەش هۆزی کرد بەیەک و نەتەوەی کوردی هێنایە سەر کار. ئەمەش ناوی هۆزەکانن: بوز، پارتاسنی، ئەستروشات، ئاری زانت، بودی و ماژ، لە پێش هەموو شتێ، لە ناوچەی باکوری خۆرئاوای ئێراندا، سەڵتەنەتی مادی دروست کرد. دوای دروستبوونی ئەم سەڵتەنەتە، هەموو هۆزە جەنگاوەرەکانی کوردی نارده سنووری سەڵتەنەتەکە، بۆ ئەوەی پارێزگاری لێ بکەن.

دوای ڕووخانی سەڵتەنەتی ماد لە ساڵی ٥٥٠ پ.ز، ڕژێمی ناوەندی نەتەوەی کورد، پەیوەندی سیاسی و نەتەوایەتی لەگەڵ هەموو هۆزە کوردەکان پچڕا. بۆیە، لەگەڵ ڕەوتی مێژوودا، ئەو هۆزانە بەنازناو و ناوی جۆراوجۆرەوە ناسران.

لە سەرەوە بۆمان ڕوون بووەوە، هەندێ هۆزی کورد کۆچی دووەمیان، دوای دروستبوونی سەڵتەنەتی ماد، لە ڕۆژئاواوە بۆ ڕۆژهەڵات بوو. ئەم کۆچکردنە لەسەر خواستی هۆزەکانی کورد نەبووە، بەڵکو لەسەر داوای پاشای سەڵتەنەتی ماد کەیقوباد بوو، بۆ پارێزگاری کردنی سنووری سەڵتەنەتەکەیان لە ڕۆژهەڵات. بۆیە ئەم دەستەی بەلوچەکان بەناوی ڕەسەنی خۆیان، کوردی براخۆیی هاتنە بەلوچستان و ئەرکی پارێزگاریکردنی کەوشەنی ڕۆژهەڵاتی مادیان گرتە ئەستۆ و لە ناوچەیەکی بەرفراوان واتە لە نێوان کرمان و سند[1]

جێ نشین بوون، کە ئێستا ئەم ناوچەیە پێی دەوترێ بەلوچستان، پارێزگارییان لە سنووری سەڵتەنەتەکەیان دەکرد کە دوورترین سنووری ڕۆژهەڵاتی سەڵتەنەتەکە بوو.

جگە لە هۆزی براخۆییەکان، ئەم هۆزە کوردانەش: ئەدرەگانی، زەنگەنە، سەباحی، سنجاوی، سغاری، کرمانی، ماملی، خانی، خەللی و کرما، لەسەر بڕیاری پاشا کەیقوباد بەرەو ڕۆژهەڵاتی سەڵتەنەتی مادستان کۆچیان کرد و لە ناوچەی زابلستان[2]، مەکران[3] و کرمان[4] جێگیر بوون.

کاتێک کوردە براخۆییەکان لە ساڵی ٨٥٣ی پ. ز هاتنە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی

---

(١) سند: هەرێمێکی پاکستانە، کە بەبەلوچستانەوە لکاوە.

(٢) زابلستان: لە سەردەمی کۆن بەخواروی ئەفغانستانی ئەم سەردەمە دەوترا.

(٣) مەکران: ناوچەیەکی بەلوچستانە.

(٤) کرمان: پارێزگایەکە لە ئێران. (وەرگێڕ)

سەڵتەنەتەکە، هەموو ناوچەکە بەمەکران و توران دەناسرا. کوردە براخۆیییەکان لە ناوچەی توران، واتە لە بەرزاییییەکانی قەڵات جێگیر بوون، لە ناوچەکانی کرمان، زابلستان (سیستان) و مەکران بڵاوبوونەوە و جێ نشین بوون.

لە نووسینە مێژووییییەکانی کۆن ڕوون دەبێتەوە، ئەم هۆزە کوردانە دوای نزیکەی هەزار ساڵ مانەوەیان لە ڕۆژهەڵات، لە سەردەمی سەڵتەنەتی ساسانییەکان، لە ساڵی ٢٢٧ی. ز لەجیاتی کورد بەبەلوچ ناسران.

دوای سەڵتەنەتی ساسانییەکان لە ئێران، هەموو مێژوونووسەکان، لە پەرتووکە مێژووییییەکانی خۆیاندا، ناوی ئەم هۆزە کوردانەیان بەهۆزەکانی بەلوچ ناساندووە. گۆڕینی ناوی نەتەوایەتی ئەم هۆزانە، واتە لە کوردەوە بۆ بەلوچ، هەر ئەو مێژوونووسانە خۆیان باشتر دەزانن چۆن ئەم ناوە گۆڕا، بەڵام هیچ کامیان تیشکیان نەخستووەتە سەر ئەم گۆڕینە و هۆزە کوردەکانیش بەهۆی قەزا و قەدەرەوە قایل بوون بەناوی نەتەوەیی نوێیان (بەلوچ) و بووە ناوی هەتا هەتاییییان.

لەم سەردەمە ئەگەر بەمرۆڤێکی بەلوچ بڵێی بنەچەی تۆ کوردە، لەم ڕاستییە نکۆڵی دەکات و دەڵێ: نەخێر من بەلوچم. لە ڕاستیدا، هۆی ئەو ئینکارییەی ئەوان بێ ئاگاییانە لە مێژووی کۆنی خۆیان، دەنا هیچ هۆیەکی تری نییە.

### وشەی بەلوچ بۆ یەکەم جار لە پەرتووکە مێژووییییەکاندا:

بەپێی نووسەری (The Baloches through centuries history versus legend) قازی میر خودا بەخش مەری بەلوچ، (ئەبو جەعفەر بن جەریر ئەلتەباری) یەکەم مێژوونووسی موسڵمانی عەرەبە کە لە پەرتووکە مێژووییییەکەیدا، بەناوی تاریخ ئەلروسل وەلمەمالک ناوی بەلوچی هێناوە و باسی نەتەوەی بەلوچ دەکات. ئەم مێژوونووسە لە ساڵی ٩٢٣ی. ز.دا کۆچی دوایی کرد.

دوای ئەو، ئەم مێژوونووسە باوەڕپێکراوانەی خوارەوە، لە پەرتووکەکانیاندا باسی بەلوچیان کردووە: ئەبوشوجاع رودواری ئەلمەسعودی (٩٤٣ز)، ئیستەخری (٩٥١ز)، ئیبن حوقەل (٩٥٠ز)، ئەلموقەدەسی (٩٥٨ز)، فردۆسی (١٠٢٠ز)، ناسر خسرو (١٠٤٧ز)، ئیدریسی (١٠٥٤ز)، یاقوت (١٢٢٥ز) و قەزوینی (١٢٧٥ز).

بەڵام لەم مێژوونووسانەی سەرەوە، ئەبی قاسم ئیبن حوقەل، لە پەرتووکەکەیدا (المسالک والممالک) کە (صورة الارض)یشی پێ دەڵێن، زۆر بەڕوونی باسی هۆزەکانی



بەلوچ و شوێنی نیشتەجێ بوون و زمانیانی کردووە کە لە ساڵی ٩٥٠ی. ز.دا کۆتایی بەپەرتووکەکەی هێناوە.

ئیبن حوقەل هەر لەم پەرتووکەدا ناوی هەژدە هۆزی بەلوچی هێناوە کە بەم شێوەیە:

١- هیلیوت کە (سنجان)یشی پێ دەڵێن.
٢- ئەحمەد بن لەیس.
٣- ئەحمەد بن عەلی حەسەن کە (کرما)یشی پێ دەڵێن.
٤- کرمانی.
٥- درمانی.
٦- بروهی.
٧- محەمەد بن باشار.
٨- ئەدرەگانی.
٩- سەباحی.
١٠- ئیشکی.
١١- شێرکەبار.
١٢- زەنگەنە.
١٣- سفاری.
١٤- شاماری.
١٥- موتلسان.
١٦- ماملی.
١٧- سمکانی.
١٨- خەللی.

لەم بارەیەوە، ڕاستییەکی مێژووی سەرنج ڕاکێش ئەوەیە، لەو هەژدە هۆزەی ئیبن حوقەل باسی کردووە، ناوی یازدەیان لەگەڵ ڕیزی ناوی هۆزەکانی ناو پەرتووکی مێژووی مەردۆخ، کە مێژووی نەتەوەی کوردە، بەتەواوی وەکو یەکە، تەنانەت مێژووی مەردۆخ دوای هەزار ساڵ، لە ساڵی ١٩٥٠ یان ١٩٥١ی.ز.دا نووسراوە. جیاوازیان تەنها ئەوەندەیە، ئیبن حوقەل لە پەرتووکەکەی خۆی (صورة الارض)دا، بەهۆزی نەتەوەی بەلوچیان دەناسێنی و شێخ محەمەد مەردۆخ، لە پەرتووکی خۆی، (مێژووی مەردۆخ)دا،

بەتیرەی نەتەوەی کوردیان دەناسێنی. لەم دوو پەرتووکە مێژووییانەدا، باسی شوێنی سەرەتای نیشتەجێ بوونی ئەم هۆزانە هەروەکو یەکە.

ئێستا دەچینەوە سەر باسی گێڕانەوەی مێژوویی بەلوچ، بەپێی گێڕانەوەی بەلوچ، نەتەوەی بەلوچ بەسەر سێ بەشدا دابەش بوونە کە ئەمانەن: «ناروهی»، «براهویی» و «رند».

لەگەڵ ڕەوتی زەمانە و لە دایکبوونی نەوەی ئەم دەستانە، ژمارەی تیرەکانیان زۆر بووە. لەم سەردەمەدا، هەموو تیرە و لقی هۆزایەتی نەتەوەی بەلوچ، لەم سێ دەستەیەوە پێکهاتوون و لە ڕووی نەژادییەوە بەئەوانەوە بەستراون.

ئێستا بابزانین جگە لە مێژووی مەردۆخ و وتەی بەلوچ، زانایانی دەوڵەتە بەهێزەکانی ئەوروپا، لە سەدەی هەژدە و نۆزدە، لەمەڕ نەژادی جۆراوجۆری نەتەوەکانی ئاسیا، چ بیروبۆچوونێکیان هەبوو کە لە دواییدا دەستیان بەسەریاندا گرت، وڵاتەکەیان هێنایە ژێر دەسەڵاتی خۆیان و فەرمانڕەواییان بەسەردا کردن.

لەساڵی ١٨٠٧ی.ز، بۆ بەدەستهێنانی وڵاتی هیندستان، ململانێی سیاسی لە نێوان دەوڵەتی بەریتانیا و پاشای فەرەنسا ناپلیۆن دەستی پێ کرد. بۆیە ئینگلیزەکان بەچاکیان زانی ئەو ناوچە داگیر نەکراوانە، واتە بەلوچستان، ئەفغانستان، سند و پەنجاب، کە کەوتبوونە ڕۆژئاوای هیندستان، بهێننە ژێر دەسەڵاتی خۆیان. بۆ جێبەجێکردنی ئەم نەخشەیە، حکوومەتی ئینگلیز میستەر (هێنری پۆتینجەر)ی بۆ پشکنین ناردە بەلوچستان. ئەم ئەوروپاییە، کە لە نەتەوەی ئینگلیز بوو، بۆ یەکەم جار لە شێوەی بازرگانێکی ئێرانی پێی خستە سەر خاکی بەلوچستان و دوای گەشتەکەی ڕاپۆرتی پشکنینەکەی وەکو شێوەی پەرتووکێک بەناوی:

(Travels of Henry pottinger in Sindh and Balochistan) چاپ کرد. ناوبراو دەربارەی نەژادی نەتەوەی بەلوچ بەم شێوەیە بیروبۆچوونی خۆی دەربڕی کە نەژادی بەلوچ دەگەڕێتەوە سەر نەژادی تورکمان و هیچ جۆرە پەیوەندییەکی نەژادیی نزیکیان نییە لەگەڵ عەرەبە سامییەکان.

دوای پۆتینجەر، لێکۆڵێنەرەکانی ئینگلیز، هاتنیان بۆ بەلوچستان دەستی پێ کرد و بیروبۆچوونی جۆراوجۆریان دەربڕی. (سەر بەرتەن) لە پەرتووکەکەی خۆیدا، بەناوی (Sindh Revisited)، دەربارەی نەژادی بەلوچ بەم چەشنە بیروبۆچوونی خۆی دەربڕی:
"شێوەی بەلوچ زۆر بەکەمی لە نەوەکانی ئیسماعیل دەکات، چاویان گەورە و ڕەشن و



وەکو شێوەی ئێرانییەکانن، بەڵام زۆر لەگەڵ چاوی بچکۆلە و بەجۆشی عەرەبەکان جیاوازە، هەروەها شێوەی ئەندامەکانی تری لەشیان وەکو شێوەی ئەندامەکانی لەشی ئێرانییە. ڕیشیان پڕ و درێژ و بەبریقەیە کە نیشانەی پێ گەیشتن و دلێری دەگەیەنێ.

بەڵام (سەر تی هولدج) جیاوازی بیروبۆچوونی هەیە لەگەڵ (سەر بەرتەن و هێنری پۆتینجەر) کە دەڵێت لە ڕوانگەی نەژادییەوە، بەلوچ شێوەیان زۆر لە عەرەبەکان دەچێت.

(میستەر کەنەدی) بیروبۆچوونێکی تری دەربارەی نەژادی بەلوچ هەیە و لەو بڕوایە دایە کە بەلوچ لە نەوەی ساکایەکانن، هاتوونەتە دەرەنگیانا، ناوی خۆیان داوەتە ناوچەکە، کە لە دواییدا بە(سەکستان) ناسرا و عەرەبەکان بە(سەجستان)یان ناساند، کە لەم سەردەمە پێی دەڵێن سیستان.

(دوکتۆر بیلو) بیروبۆچوونێکی تری سەرنجڕاکێش باس دەکات و دەڵێ (بەلوچ) و (بلچحا) دوو وشەی هاوشێوەن و یەک مانا دەبەخشن کە (بلچحا) هۆزێکی (راجپوتەکان)ی هیندستانە.

نووسەری بەناوبانگی پەرتووکی (Search lights on Balochis and Balochistan) قازی میر خودا بەخش مەری بەلوج بار – ئیت – لا –، ڕەخنە لە بیروبۆچوونی (دوکتۆر بیلو) دەگرێت و وەڵام دەداتەوە: "دیارە شێوەی لەیەکچوونی بەلوچ و راجپوتەکان، دوکتۆر بیلوی بەهەڵەدا بردبێ کە بەلوچ و بلچحا لە یەک نەتەوەن، لەبەر ئەوەی بەلوچ و راجپوتەکان، لە زەمانی کۆندا ڕیش و پرچی درێژیان دەهێشتەوە.

میستەر (ل–م دێمز) دەڵێ، بەلوچ لە نەژادی نەتەوەی ئێرانین و شێوەیان زیاتر لە تورکمانەکانەوە نزیکترە تاوەکو لە عەرەبەکان.

بەپێی بیروبۆچوونی (پرۆفیسۆر کین)، بەلوچ لە تاجیکە بیابانشینەکان دەچن. لێرەدا میر خودا بەخش مەری بەلوج بیروبۆچوونی پرۆفیسۆر کین چەواشە دەکاتەوە و دەڵێ کاتێ ئێمە هەڵسوکەوتی جەنگاوەرانەی سروشتی و خوڕەوشتی باشی بەلوچەکان لەگەڵ هەڵسوکەوتی ئاشتیخوازی و فەرمان بەرداری تاجیکەکان هەڵدەسەنگێنین، بیروبۆچوونی پرۆفیسۆر کین بەهەڵە دەردەچێت.

(کەرنەل موکلەر) کە وەکو فەرمانبەرێکی سیاسی لە بەلوچستاندا خزمەتی ئەنجام داوە، ئەم بیروبۆچوونەی هەیە کە زۆربەی هۆزەکانی بەلوچ، نەوەی دانیشتوانی کۆنی مەکرانن، دەستەی رندی هۆزەکانی بەلوچ بەڕەسەن بەلوچ نین، تیرەیەکی هۆزی علافی عەرەبەکانن، نەوەی ئەلحارس علافین کە دژی دەسەڵاتداری گەورەی عێراق حوجاج بن یوسف یاخی

بوون، لە ئەنجامدا لە ساڵی ٨٦ی کۆچیدا ڕایان کرد و لە ناوچەی سند جێگیر بوون.

زانایەکی تری ئەوروپایی (میستەر ریسلێ)، بیروبۆچوونێکی تری هەیە و دەڵێ بەلوچ و براهویی لە ئەنجامی تێکەڵبوونی نەژادی تورکی و ئێرانی دروست بوون.

ئەمەش بیروبۆچوونی لێکۆڵێنەرەکانی ئینگلیز بوو کە بەدوورودرێژی باسمان کرد. لە بۆچوونی ئەم لێکۆڵێنەرانەدا، ڕوون دەبێتەوە کە هەر لێکۆڵێنەرێک، بەپێی دۆزینەوەی بارودۆخی خۆی، دەربارەی نەژادی بەلوچ بیروبۆچوونێکی تایبەتی گەڵاڵە کردووە.

ئێستا بابزانین مێژوونووسە خۆماڵییەکان لەم بارەیەوە چ بیروبۆچوونێکیان هەیە.

(میر عەلی شیر تەهتەهۆیی) لە پەرتووکەکەیدا (تحفة الکرام) کە لە ساڵی ١٧٧٤ی.ز، لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی کەلهوڕەدا نووسیویەتی، ئەم بیروبۆچوونەی هەیە، کە بەلوچ نەوەی محەمەد بن هارون دەسەڵاتداری مەکرانن کە لە ساڵی ٧٠٥ی. ز بوو بە دەسەڵاتداری مەکران. ئەو ڕەگ و ڕیشەی هارون بەحەزرەتی حەمزە بن عەبدولموتەلیبەوە دەلکێنێ کە مامی پەیامبەری ئیسلام حەزرەتی محەمەدە دروودی خوای لەسەر بێت.

بیروبۆچوونی میر عەلی تەهتەهۆیی بەپێی مێژوو هەڵەیە چونکە، دەربارەی نەوەکانی حەزرەتی حەمزە خوا لێی خۆش بێ، دوو وتەی باوەڕپێکراوی مێژوویی هەیە. یەکەم:

حەزرەتی حەمزە هیچ کوڕی نەبووە و تەنها دوو کچی هەبووە بەناوی ئومولفەزل و ئەمامە. دووەم:

حەزرەتی حەمزە دوو کوڕی هەبووە کە ناویان یائەعلا و حەممارە بوو، بەڵام هەردووکیان بە وجاخ کوێری کۆچی دواییان کرد و ڕیشەکەین بەرەو پێش نەچوو.

ئەم دوو وتەیە هەردووکیان بیروبۆچوونی نووسەری (تحفة الکرام) پێچەوانە دەکەنەوە.

دوای هێنانە پێش چاوی بیروبۆچوونی لێکۆڵێنەران، بۆمان ڕوون دەبێتەوە هیچیان پەرتووکی مێژوویی مەردۆخیان نەخوێندووەتەوە یان چاویان بەو سەرچاوە و کەرەسە مێژووییانەدا نەخشاندووە کە نووسەری مێژووی مەردۆخ، شێخ محەمەد مەردۆخ باسی لێ کردوون. لەبەر ئەوەی ئەگەر مێژووی مەردۆخ یان ئەو سەرچاوە باسکراوانەی شێخ محەمەد مەردۆخیان بخوێندایەتەوە، بیروبۆچوونیان لەمەڕ نەژادی بەلوچ، لەگەڵ بیروبۆچوونی ئێستایاندا، زۆر جیاواز دەبوو.

ئێستا، دێینە سەر باسی سیاسەتی ئاژاوە بنێوە و حوکم بکە، داگیرکەرە بەهێزەکانی



سەدەی نۆزدەی ئەوروپا بۆ دەست بەسەرداگرتنی وڵاتەکانی ئاسیا و ئەفریقیا، دوژمنی یەکتر بوون، بەڵام لەسەر یەک سیاسەت کاریان دەکرد، کە بچنە هەر ناوچەیەک ناکۆکی بخەنە ناو خەڵکەکە، بەسەریاندا زاڵ بێن و دەسەڵاتی ناوچەکە بگرنە دەست. بۆیە ئینگلیزەکان ئەم جۆرە سیاسەتەیان لەگەڵ بەلوچستانیش بەکارهێنا.

هەروەکو لە پێشەوە باسمان کردووە، (میستەر هێنری پۆتینجەر) یەکەم ئینگلیز بوو کە ساڵی ١٨١٠ی. ز. دا، پێی نایە سەر خاکی بەلوچستان، کاتێ سەیری هەموو خەڵکی وڵاتەکە دەکات، پەیوەندییان بەیەک دەستەی ئاینی ئیسلامەوە هەیە، نەیتوانی هیچ جۆرە کێشەیەک لەم ڕوانگەیەوە دروست بکات، بەڵام بۆ خۆی خۆشبەختانە کێشەی جیاوازی زمانی دەست کەوت، کە دوو دەستەی بەلوچەکان وتووێژیان پێ دەکرد، بەناوی بەلوچی و براهویی.

(هێنری پۆتینجەر) بەیارمەتی ئەم دوو زمانە، بناخەی سیاسەتی داگیرکردنەکەی لە بەلوچستاندا دانا و زۆر بەباوەڕەوە ڕایگەیاند بەلوچ و براهویی لە دوو نەژادی جیاوازن، چونکە بەدوو زمانی جیاواز قسە دەکەن. ئێستا بۆچوونەکانی پەرتووکی (مستەر پۆتینجەر)، (Travels of Henry pottinger in Sindh and Balochistan) دەخەینە بەرچاو:

١- "بەلوچ کە ژمارەیەکی زۆرن، یان ڕاستییەکەی بڵێین، هەموو دانیشتوانی بەلوچستان لە ئەوان پێکهاتووە، ئەو جۆرە مرۆڤەن کە نەژادی ڕاستەقینەیان ئەوەندە نادیار و تاریکە کە وەکو هۆزە ناشارستانییەکانی تر مێژوویان ون و ئەفسانەییە و لە داستانی جۆراوجۆر پێکهاتووە، کە تا دۆزینەوەی بڕیارێکی ڕاست و باوەڕپێکراو، تووشی کۆمەڵێک گێرە و کێشە بووم".

٢- "ئەوان بەسەر دوو بەشی گەورەدا دابەش بوونە، بەنازناوی بەلوچ و براهویی دەناسرێن و هەر یەکێ لەم دەستانە لە کۆمەڵێک تیرە پێکهاتووە کە سەرژمێرکردنیان بەشێوەیەکی ڕاست لە توانادا نییە".

٣- "ئەو جیاوازییە ڕوونەی من لە نێوان ئەم دوو دەستەدا بینیم، زمان و شێوەیانە. بەپێی بۆچوونی گشتی و دوای لێکۆڵینەوە، بۆمان ڕوون دەبێتەوە، ئەم جیاوازییە زۆر بەڕوونی لە ناو ئەم خەڵکە یەک ڕەنگەدا بەدی دەکرێت کە نەتەوەیەک پێک دەهێنن".

٤- "شێوەی مرۆڤی ئەو دوو هۆزە لەگەڵ یەکتردا زۆر جیاوازە، هەروەکو زمانەکەیان. لە نێوانیاندا، لەسەر بناخەی گەشەسەندنی خزمایەتی و ژنخوازی تیرەیەکی تێکەڵاو

دروست بووە کە تایبەتمەندی هەردوو تیرەکەی تیادا بەدی دەکرێت و بووەتە هۆی لابردنی جیاوازییەکەی نێوانیان. لەبەر هۆی ئەم ژن و ژنخوازییە، ئەو نەوانەی لە دایک دەبن، نەوەی سێیەم پێک دەهێنن".

٥- "بەگشتی، سەرجەمی هەموو دانیشتوانەکە بەناوی بەلوچەوە دەناسرێت کە لەم دوو هۆزە، لە یەکیان سەرچاوە دەگرن. چونکە زانین و ناسینی ئەم دوو هۆزە بەجیا پێویستە، لەبەر ئەوە لە داهاتوودا بۆ لێککردنەوەیان بەبەلوچ و براهویی ناویان دەبەم".

ئەمەش نموونەی تۆوی ئاژاوەنانەوە و یەک نەگرتن بوو، کە (میستەر پۆتینجەر) لە کاتی گەشتەکەیدا، لە هەموو سووچ و قوژبنێکی بەلوچستاندا، چاندی و بڵاوی کردەوە.

دوای گەڕانەوەی لە بەلوچستان، دەوڵەتی بەریتانیا چاوی بڕییە بەلوچستان و ئەفسەرە سیاسییەکانی ئینگلیز بەبیانووی جۆراوجۆر دەستیان بەهاتن کرد بۆ گەشتی بەلوچستان. لە ساڵی **١٨٨٣**ی.ز.دا، ڕووداوێکی سەرسوڕهێنەری نێونەتەوەیی ڕوویدا، کە ڕووسەکان شاری مەڕۆی تورکمانستانی ناوەڕاستی ئاسیایان داگیرکرد. ئەم ڕووداوە، نائارامی لە ناو سەڵتەنەتی ئینگلیزەکاندا دروست کرد، بووە هۆی زیادبوونی جموجۆڵی سیاسی ئینگلیزەکان لە بەلوچستاندا، بەهاتنی ئەم ئینگلیزانە کێشەی نەژادی بەلوچەکان زیاتر ئاڵۆز بوو و ئەو پڕوپاگەندەیەی نەژادی بەلوچ ئەوەندە ناوبانگی دەرکرد کە زیاتر و زۆربەی لێکۆڵێنەرەکانی سەدەی بیستەم چ هاووڵاتی بووایە یان بێگانە، لەسەر بیروبۆچوونی ئینگلیزەکان بناخەی لێکۆڵینەوەی خۆیانیان دادەنا.

# بەشی چوارەم

## بنەچەی کوردە (براخۆیی)یەکان

هەروەکو لە بەشی پێشوودا باس کراوە داگیرکەرە بەهێزەکانی سەدەی هەژدە و نۆزدە، بەمەبەستی داگیرکردنی بەلوچستان، یارمەتییان لە زمانی «براهویی» وەرگرت و تۆوی ناتەبایی و جیابوونەوەیان لە ناو خەڵکی ناوچەکەدا چاند، بۆ ئەوەی ڕقیان لە یەکتر ببێتەوە. جیاوازی زمانیان کرد بەکێشەیەک و پێشبینییان کرد نەژادی داهاتووش ئەم کێشەیە چارەسەر نەکەن، هەر بۆیە نووسەری (The Balochis through centuries history verses legend)، میرخودا بەخشی سەرزەنشتی ئەو چاوپۆشییە ئەنقەستییەی ئینگلیزەکان و مێژوونووسەکانی دوایی دەکات و دەنووسێ. (ئیبن حوقەل) یەکەمین مێژوونووسی عەرەبە کە باسی هۆزی (بروهی) کردووە و نووسیویەتی ئەم هۆزە لە دەیەمین سەدەی گاوریدا، لە دەوروبەری ئێران، لەگەڵ هۆزە بەلوچەکان نیشتەجێ بوون. لەبەر ئەوە، ئەو نووسینەی (ئیبن حوقەل) گرنگایەتی زۆری هەیە. بەڵام ئەوە شتێکی سەرسوڕهێنەرە، کە ئەم ڕاستییە مێژووییە، چۆن لە بەرچاوی مێژوونووسە ئینگلیزەکان ون بوو، ڕەسەنایەتیی هۆزی (براهویی) و زمانەکەیان ئاڵۆز کرد و کردیان بەکێشەیەک، ئەگەرچیش بەڕوونکردنەوەی (ئیبن حوقەل)، هۆزی (براهویی) دەستەیەکی بەلوچە کۆنەکانن.

دوو پەرتووکی بەناوبانگ و باوەڕپێکراو، مێژووی مەردۆخ و کوردگال نامەک کێشەی هۆزی (براهویی)یان چارەسەر کردووە. ئەم دوو نووسەرە ڕیشەی هۆزی (براهویی)یان زۆر بەڕوونی باس کردووە و، دوای خوێندنەوەی ئەم دوو پەرتووکە، کێشەکە چارەسەر دەبێ، گومان دوور دەکەوێتەوە، ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە زاناکانی سەردەمی داگیرکەرەکان، کە لەگەڵی داگیرکەران بوون، لە پشکنینیاندا لادان، بایەخ پێ نەدان، کەمتەرخەمی، بیرکردنەوەی هەڵە و چاوپۆشییان لە ڕاستی کردووە و کێشەی نەژادیی هۆزی (براهویی)یان ئاڵۆز کردووە، بۆ ئەوەی بەلوچەکان لەگەڵ یەکتردا شەڕ بکەن و لە بەرامبەر هێزە داگیرکەرەکان یەکگرتوو نەبن.



**بیروبۆچوونی گشتی دەربارەی مرۆڤ:**

بەگشتی وا بیر دەکرێتەوە، هەموو مرۆڤ نەوەی سێ کوڕی حەزرەتی نوح: حام و سام و یافس بن، کە لە لافاوی نوح بەزیندوویی مانەوە. لەبەرئەوە، لەم دونیایە سێ ئایینی گەورە هەیە بەناوی یەهودییەت، ئیسلام و نەسرانییەت. موسڵمانیش لەسەر ئەم خاڵە هاوپەیمانە. زانایەکانی مرۆڤ کە ئەم بیروبۆچوونەیان هەیە، مرۆڤیان بەسەر چەند نەژادێکدا دابەش کردووە، بنەچەکەیان بەیەکێ لە سێ کوڕی نوحەوە لکاندووە و بەحامی و سامی و یافسییان ناساندووە. لێرەدا بابەتی باسکردنمان بەس نەژادی کوردە. چونکە مێژووی مەردۆخ و کوردگال نامەک، براخۆییەکانیان بەهۆزێکی کورد ناساندووە. بۆیە، هەردوو نووسەری پەرتووکەکان کوردیان بەنەوەی حەزرەتی یافس داناوە.

**بۆچوونی مێژووی مەردۆخ لەمەڕ بنەچەی ئاری:**

پێش ئەوەی باسی ڕەگ و ڕیشەی کورد بکەین با بزانین مێژووی مەردۆخ چ بیروبۆچوونێکی هەیە دەربارەی نەژادی ئاری.

کاتێک شارەزایانی ڕەچەڵەک دەستیان کرد بەلێکۆڵینەوە لەسەر ڕەچەڵەکی ئاری، ناکۆکی و جیاوازی لە بیروڕایاندا پەیدا بوو کە ئاری کێیە؟ لەبەر ئەوەی خەڵکی ئەم نەژادە خۆیان بەخاوەن ماف نازانن لەسەر ئەوەی کە یەکێک بن لە کوڕەکانی نوح.

دەربارەی نەژادی ئارییەوە، ئەم بارودۆخە باوەڕنەکردنە بووە هۆی نادیاری و گومان، بەڵام نووسەری مێژووی مەردۆخ بەبێ گومان ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە ئاری نەوەی حەزرەتی یافسە و ئاری بەنەژادێکی پشت سروشتی (ما فوق الفطرت) نازانێ و دەڵێ ئاری ناوێکی ئاوەڵناوە، نەوەکو ناوی نەژادی. بەم چەشنە ناوی ئارین شی دەکاتەوە، کە ئارین لە دوو وشە پێکهاتووە: (ئار) و (ین)، وشەی (ئار) لە زمانی کوردیدا مانای ئاگر دەبەخشێت کە لەم سەردەمەش لە زمانی کوردیدا بەمانای ئاگر بەکار دێت.

ئەم وشەیە، لە شێوە زمانی جۆراوجۆری زمانی کوردی و فارسیدا، بەفۆنەتیکی جۆراوجۆر، بەمانای ئاگر بەکارهاتووە. بۆ نموونە، لە شێوە زمانەکانی کوردیدا، بەفۆنەتیکی: ئار، ئایار، ئاور، ئاحر، ئاحیر، ئاتار و ئاگر وتراون. هەروەها لە شێوە زمانەکانی فارسی کۆندا، وشەی ئار بەفۆنەتیکی: ئارا، ئاربەد، ئازەربەد، نوزەر، نوئازەر، ئازەرئاباد، ئەگراد، ئەتراب، ئاتروپاتین، ئاتروپاتکین، ئاروبا، ئەخگەر، ئاستر، ئەستار و ئاحور وتراون.

ئەم هەموو وشانەی سەرێ، لە ڕاستیدا، لە وشەی ئارەوە هاتوون، لە ئارەوە ئاری دروست بوو کە مانای ئاگری دەگەیەنێت، واتە ئەو کەسەی ئاگر دەپەرستێ، یان ئاگرپەرست. لەبەر ئەوەی ئەم دەستە مرۆڤە ئاگریان دەپەرست و بۆیە کۆی ئاری: (ئارین)، ئەم دەستەیەی مرۆڤ بەناوی ئارین ناسران. هەروەکو نەوەی حام بتیان دەپەرست، بۆیە بەبتپەرست ناسران، هەروەها نەوەی سام زاتێکی تاکیان دەپەرست، بۆیە بەیەکپەرست یان خواپەرست ناسران.

دوای ئەم ڕوونکردنەوەیە، نووسەری مێژووی مەردۆخ، ئەم ئاکامە بەدی دەکات کە ئارین یان ئاریان نەوەی حەزرەتی یافسی کوڕی حەزرەتی نوحن و لە ڕووی نەژادەوە پەیوەندییان بەبنەماڵەی ئەو مرۆڤانەوە هەیە کە بەنەوەی سێ کوڕی حەزرەتی دەناسرێن.

## ڕیشەی نەتەوەی کورد:

ئێستا دەگەڕێینەوە سەر نەژادی کورد کە لە ڕووی نەژادییەوە، شاخی یەکێ لەم سێ نەژادەن: حامی، سامی و یافسی. ڕیشەی نەتەوەی کورد لە سەرەتاوە بەم شێوەیە دەستی پێ کردووە:

لە حەزرەتی نوحەوە تا خەزەر:

نوح - یافس - کومەر - تورک - خەزەر.

لە خەزەرەوە تا مادی یەکەم:

خەزەر - کارداک - بوغاز - میتان - ئارین - گیوەر - رودین - سەور - دەخوو - بولگار - پشدەر - تێرحان - شود - غوران - مادی یەکەم.

لە مادی یەکەمەوە تا مادی دووەم:

مادی یەکەم - چەرکەش - راسن - زەنگان - دراج - حەکار - خۆشناو - زاران - ساسون - سەنجار - شکاک - شوهان - گورەک - وان - میران - سوبار - بازو - کاد - گاور - مەنگور - تاگاز - جیگ - مادی دووەم.

مادی دووەم حەوت کوڕی هەبوو کە ئەمەش ناوەکانیانە:

١- ماژ.
٢- پارتاسن.
٣- بوز.



٤- ئەستروشات.
٥- ئاری زانت.
٦- دیلمان.
٧- بود.

لەگەڵ ڕەوتی زەمانەدا، بنەماڵەی مادی دووەم، نەوەیان ئەوەندە زۆر بوو کە هەر بنەماڵەیەکیان شێوەی تیرەیەکی هەڵبژارد و بەناوی باپیرە گەورەیانەوە ناسران، واتە:

١- ماژی.
٢- پارتاسنی.
٣- بوزی.
٤- ئەستروشاتی.
٥- ئاری زانتی.
٦- دیلی.
٧- بودی.

بەپێی مێژووی مەردۆخ، ئەم حەوت تیرەیە، بەهۆزی ماد دەناسرێن. نووسەری ئەم پەرتووکە، وشەی مادمان بۆ شی دەکاتەوە و دەڵێ لە سەردەمی جۆراوجۆری کۆندا، وشەی مادیش بەفۆنەتیکی جۆراوجۆر نووسراوە، وەکو لە مادەوە: مادا، مادایێ، ئەمادی، مید، میدی و میدیا.

ئەم ناوانەی سەرەوە هەمووی مانای هۆزی ماد دەگەیەنن. بەئاشنابوونی فۆنەتیکی جۆراوجۆری وشەی ماد خوێنەر نەکەوێتە ناو هەڵەوە.

## ڕیشەی کوردە (براخۆیی)یەکان

ئێستا دووبارە دێینەوە سەر ڕیشەی کوردە (براخۆیی)یەکان، کە شاخێکی تیرەی بودیی هۆزی مادن. کوردگال نامەک لە بەشی ڕیشەی کوردە (براخۆیی)یەکاندا باس دەکات کە بود دوو کوڕی هەبوو بەناوی:

١- براخم.
٢- زەنگان.

براخم باپیرە گەورەی کوردە (براخۆیی)یەکانە و (زەنگان)یش باپیرە گەورەی

(زەنگەنە)کانە. لێرەدا ڕیشەی کوردە (براخۆیی)یەکان، لە بنچینەی ڕەسەنی نەژادی کورد جیا دەبێتەوە، کە بەم شێوەی خوارەوەیە:

لە (بود)ەوە تا (براخم)ی دووەم:

بود – براخمی یەکەم – جاگین – پوران – حوتان – دوسەک – ئاروک – زوراک – براخمی دووەم.

(براخم)ی یەکەم، باپیرە گەورەی کوردە (براخۆیی)یەکانە کە ئێستاش نەوەکانی بەو ناوە بەڕێزەوە دەناسرێن. نووسەری کوردگال نامەک نووسیویەتی (براخم) لە زمانی کوردیدا، فۆنەتیکی وشەی (ئەبراهەم)ی زمانی عیبرانییە. لەم سەردەمەدا کوردە براخۆییەکان خۆیان بەبراهوبی دەناسێنن. دیارە بەهۆی بەکارهێنانی زۆر، پیتی (خ)یی قورس گۆڕاوە بەپیتی (ه). بەپێی کوردگال نامەک (براخم)ی دووەم هەشت کوڕی هەبوو، کە ئەمەش ناوەکانیانە:

١- کیکان.
٢- گۆران.
٣- سارون.
٤- غوز.
٥- مشکا.
٦- ئەرمیل.
٧- بۆلان.
٨- گریشک.

لەگەڵ ڕەوتی زەمانەدا، لەبەر هۆی زیادبوونی نەوەی کوڕەکانی (براخم)ی دووەم و هەروەها بەگوێرەی داب و نەریتی کۆن، بنەماڵەی (براخم)ی دووەم بەسەر چەند تیرەیەکی جیاجیا دابەش بوو و لە دواییدا هەموو تیرەکان بەناوی باپیرە گەورەیانەوە ناسران، کە ئەمەش ناوەکانیانە:

١- کیکانی.
٢- گۆرانی.
٣- سارونی.
٤- غوزداری.



٥- مشکانی.
٦- ئەرمیلی.
٧- بۆلانی.
٨- گریشکانی.

ڕیشەی هەشت کوڕی (براخم)ی دووەم تا کاتی سەڵتەنەتی ماد کە لە ساڵی ٨٥٣ی پ. ز هاتە کار، بەم شێوەی خوارەوە:

١- تیرەی (کیکانی):

(براخمی دووەم) – کیکان – زوراک – سەنگین – ئارین – پندران – داخور – زیبار – ئومران – سەنگین – خومان – کیکانی دووەم.

٢- تیرەی (گۆرانی):

(براخمی دووەم) – گۆران – شیدان – باشمان – دەلوت – زینل – تەکش – کاش – شیدان – کوساد – باشمان – گۆرانی دووەم.

٣- تیرەی (سارونی):

(براخمی دووەم) – سارون – زیدەک – باشوک – کورتی – لاسین – مامش – دوسەک – سارم – باسیر – داخور – زاخو.

٤- تیرەی (غوزداری):

(براخمی دووەم) – غوز – ئەورام – راسن – دوغان – کاتین – گیوەر – غوزی دووەم – گوروس – ماهەک – روچاب – مهران.

٥- تیرەی (مشکانی):

(براخمی دووەم) – مشکان – ئەیلە – ئوکی – مشکانی دووەم – ئەیلەی دووەم – باشار – مرداس – گیلەک – توراب – کوبان – مشکانی سێیەم.

٦- تیرەی (ئەرمیلی):

(براخمی دووەم) – ئەرمیل – مەرزەک – زروان – کوبان – مەنگوڕ – سابول – مەرزەکی دووەم – زروانی دووەم – کاش – شاول – ئەرمیلی دووەم.

٧- تیرەی (بۆلانی):

(براخمی دووەم) – بۆلان – زینل – بوزیک – کازان – مەلیل – کارچی – شاگان

– شوهان – کرماج – بوزیکی دووەم – بۆلانی دووەم.

٨- تیرەی (گریشکانی):

(براخمی دووەم) – گریشکان – بەروز – باسیر – گیژ – بولاک – بەروزی دووەم – گریشکانی دووەم – کرەجک – ماخان – چرموک – لەرزین.

لەم ڕیشـەی سـەرەوەدا، تـەنیـا بنـەچەی بنـەمـاڵـەی سـەرۆکـەکـانی هەشت تیـرەی کـوردە (براخۆیی)یەکانمان ڕوون کردەوە، ڕیشـەی نەژادی کورد بەدرێژی لە بەشێکی جیـا یان لە پاشکۆیەکدا باس دەکەین.

لە سـاڵی ٨٥٣ی پ. ز، کـاتێ سـەرداری هۆزی (مـاد)ەکـان، (کـەیقـوباد) بناخـەی سەڵتەنەتی مادی دانا، ئەمیری هەشت تیرەی کوردە (براخۆیی)ەکان بەم شێوەیە بوو:

١- میر کیکان (تیرەی کیکانی).
٢- میر گۆران (تیرەی گۆرانی).
٣- میر زاخو (تیرەی سارونی).
٤- میر مهران (تیرەی غوزداری).
٥- میر مشکان (تیرەی مشکانی).
٦- میر ئەرمیل (تیرەی ئەرمیلی).
٧- میر بۆلان (تیرەی بۆلانی).
٨- میر لەرزین (تیرەی گریشکانی).



## ڕیشەی میری تیرەکانی کوردی

## (براخۆیی) دوای دروستبوونی سەڵتەنەتی (ماد)

## (٨٥٣ پ. ز تا ٥٥٠ پ. ز)

کاتێ سەڵتەنەتی (ماد) دروست بوو، ڕیشەی میری تیرەکانی کوردی (براخۆیی) بەم شێوەی خوارەوە بوو:

١- تیرەی (کیکانی):

کیکانی یەکەم – زوراکی یەکەم – وشتاب – زگرین – زیبار – براخمی یەکەم – گۆران.

٢- تیرەی (گۆرانی):

گۆران – کرەجک – شادین – کاش – رامین – بوغاز – راسن.

٣- تیرەی (سارونی):

زاخو – سەلدوز – شاگین – سابول – سورچن – مانی – شوهان.

٤- تیرەی (غوزداری):

مهرانی یەکەم – کیتون – کاشک – کیجان – مانور – گاور – مهرانی دووەم.

٥- تیرەی (مشکانی):

مشکان – مرداس – کرەجل – گلّباک – توراب – مانور – بەیکەر.

٦- تیرەی (ئەرمیلی):

ئەرمیل – مشکان – خومان – کلەجک – کرماج – گورەن – کوساد.

٧- تیرەی بۆلانی:

بۆلان – باجەل – پوران – خومان – کیتون – ترمان – حەکار.

٨- تیرەی (گریشکانی):

لەرزین – تادی – زیدان – بەروش – بازو – تاپین – خیزان.

لە ساڵی ٥٥٠ی پ.ز، سەڵتەنەتی مەزنی (ماد) ڕووخا و سەڵتەنەتی (هەخامەنشی) دامەزرا. لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییەش، کوردە (براخۆیی)یەکان، لە ناوچەی (توران)، لەسەر کـار مـانەوە. ڕیشـەی مـیـری تیـرەکـانی کـوردی (براخـۆیی)، لە سـەردەمی سـەڵتـەنەتی (هەخامەنشی) بەم شێوەی خوارەوە بوو:

## ڕیشەی میرەکانی کوردی
## (براخۆیی) لە سەردەمی سەڵتەنەتی
## (هەخامەنشی)
## ٥٥٠ پ . ز تا ٣٣٠ پ . ز)

١- تیرەی (کیکانی):

لە گۆڕانەوە بەرەو پێش: زرشان - زوراکی دووەم - ئەرجان - شاموز - براخمی دووەم - سابول - نورکان - کیانوش - کیکانی دووەم.

٢- تیرەی (گۆرانی):

لە میر راسنەوە بەرەو پێش: ناگان - دوج - چرموک - کازان - زینل - گۆران - مهران - گیشتار - روشی.

٣- تیرەی (سارونی):

لە میر شوهانەوە بەرەو پێش: نێرمان - هینار - کابو - مرداس - ریگان - کیتون - باشوک - ئیناخ - جاگین.

٤- تیرەی (غوزداری):

لە میر مهرانەوە بەرەو پێش: شیشار - کاشک - دیلم - خەرزان - کوساد - مشکان - بیفل - کرەجل - شادین.

٥- تیرەی (مشکانی):

لە میر بەیکەرەوە بەرەو پێش: گورگین - بولور - توتک - دوغان - کاتین - زروان - بوزیک - براخم - راسن.

٦- تیرەی (ئەرمیلی):

لە میر کوسادەوە بەرەو پێش: باهور - ئاماج - کەمبیل - باسیر - بولاک - ئەورام - ئوکی - زەڕین - نورگان.

٧- تیرەی (بۆلانی):

لە میر حەکارەوە بەرەو پێش: بوغا - دەرنیل - خیزان - مشکان - سیکران - ساسون - کەل غەل - لاکور - بەروز.



٨- تیرەی (گریشکانی):

لە میر خیزانەوە بەرەو پێش: سەمبان - زیدەک - پیلار - ماخان - سارم - دارون - نوغی - بلباس - ئاچاک.

لە ساڵی ٣٣٠ی پ. ز، سەڵتەنەتی (هەخامەنشی) ڕووخا و سەڵتەنەتەکە کەوتە دەستی یۆنانییەکان، کە بووە هۆی کوردە (براخۆیی)یەکان لە «توران» (بەلوچستان) دەست لە فەرمانڕەوایی بشۆن. بۆیە، تەواوکەری ڕیشەی میرەکانی کوردی (براخۆیی)، لەو بەشەدا باس دەکەین، کە تیادا بەدرێژی ڕیشەی نەژادی کورد دەخەینە بەرچاو.

ئێستا بۆ ئەوەی خوێنەر، باشتر لە ڕەگ و ڕیشەی (براخۆیی) تێ بگات، بەکورتی ڕیشەی کوردە (براخۆیی)یەکان باس دەکەین:


## بنەچەی کوردی (براخۆیی)

ڕیشە لە حەزرەتی (نوح)ەوە دەست پێ دەکات:

١- حەزرەتی نوح.
٢- یافس.
٣- کومەر.
٤- تورک.
٥- خەزەر.
٦- کارداک.
٧- بوغاز.
٨- میتان.
٩- ئارین.
١٠- گیوەر.
١١- رودین.
١٢- سەور.
١٣- دەخوو.
١٤- بولگار.
١٥- پشدەر.

١٦- تێرحان.
١٧- شود.
١٨- غوران.
١٩- مادی گەورە.
٢٠- چەرکەش.
٢١- راسن.
٢٢- زەنگان.
٢٣- دراج.
٢٤- حەکار.
٢٥- خۆشناو.
٢٦- زاران.
٢٧- ساسون.
٢٨- سەنجار.
٢٩- شکاک.
٣٠- شوهان.
٣١- گورەک.
٣٢- وان.
٣٣- میران.
٣٤- سوبار.
٣٥- بازو.
٣٦- کاد.
٣٧- گاور.
٣٨- مەنگوڕ.
٣٩- تاگاز.
٤٠- جیگ.
٤١- مادی بچووک.







بود دوو کوڕی هەبوو بەناوی (براخم) و (زەنگان) کە لە ئەنجامدا دوو تیرەی گەورەیان لێ دروست بوو بەناوی (براخۆیی) و (زەنگەنە). باپیرە گەورەی کوردە (براخۆیی)یەکان (براخم) بوو، بۆیە نەوەکانی بە(براخۆیی) ناسران.

ڕیشەی (براخم)ی یەکەم تا (براخم)ی دووەم:

١- براخمی گەورە (یەکەم).
٢- جاگین.
٣- پوران.
٤- حوتان.
٥- دوسەک.
٦- ئاروک.
٧- زوراک.
٨- براخمی بچووک (دووەم).

(براخم)ی بچووک (دووەم) هەشت کوڕی هەبوو:




کوڕەکانی (براخم)ی بچووک (دووەم)، نەوەیان هێجگار زۆر بوو، کە بووە هۆی ئەوەی هەشت تیرەی گەورەیان لێ پێک بێ و هەر تیرەیەک بەناوی باپیرە گەورەیەوە ناسرا، کە ئەمەش ناوەکانیانە:

١- کیکانی.
٢- گۆرانی.
٣- سارونی.
٤- غوزداری.
٥- مشکانی.
٦- ئەرمیلی.
٧- بۆلانی.
٨- گریشکانی.

## ڕیشەی هەشت تیرەی کوردی (براخۆیی)

١- تیرەی (کیکانی)ی کوردی (براخۆیی):
١- کیکان.
٢- زوراکی یەکەم.
٣- وشتاب.
٤- زگرین.
٥- زیبار.
٦- براخمی یەکەم.
٧- گۆران.
٨- زرشان.
٩- زوراکی دووەم.
١٠- ئەرجان.
١١- شاموز.
١٢- براخمی دووەم.
١٣- سابول.
١٤- نورگان.
١٥- کیانوش.
١٦- کیکانی.



٢- تیرەی (گۆرانی)ی کوردی (براخۆیی):
١- گۆران.
٢- کرەجک.
٣- شادین.
٤- کاش.
٥- رامین.
٦- بوغاز.
٧- راسن.
٨- ناگان.
٩- دوج.
١٠- چرموک.
١١- کازان.
١٢- زینل.
١٣- گۆرانی دووەم.
١٤- مهران.
١٥- گیشتار.
١٦- روشی.
٣- تیرەی (سارونی)ی کوردی (براخۆیی):
١- زاخو.
٢- سەلدوز.
٣- شاگین.
٤- سابول.
٥- سورچن.
٦- مانی.
٧- شوهان.
٨- نێرمان.

٩- هینار.
١٠- کابو.
١١- مرداس.
١٢- ڕیگان.
١٣- کیتون.
١٤- باشوک.
١٥- ئیناخ.
١٦- جاگین.

٤- تیرەی (غوزداری)ی کوردی (براخۆیی):

١- مهران.
٢- کیتون.
٣- کاشک.
٤- کیچان.
٥- مانور.
٦- گاور.
٧- مهرانی دووەم.
٨- شیشار.
٩- کاشک.
١٠- دیلم.
١١- خەرزان.
١٢- کوساد.
١٣- مشکان.
١٤- بیفل.
١٥- کرەجل.
١٦- شادین.



٥- تیرەی (مشکانی)ی کوردی (براخۆیی):

١- مشکان.
٢- مرداس.
٣- کرەجل.
٤- گڵباک.
٥- توراب.
٦- مانور.
٧- بەیکەر.
٨- گورگین.
٩- بولور.
١٠- توتک.
١١- دوغان.
١٢- کاتین.
١٣- زروان.
١٤- بوزیک.
١٥- براخم.
١٦- راسن.

٦- تیرەی (ئەرمیلی)ی کوردی (براخۆیی):

١- ئەرمیل.
٢- مشکان.
٣- خومان.
٤- کلەجک.
٥- کرماج.
٦- گورەن.
٧-کوساد.
٨- باهور.

٩- ئاماج.
١٠- کەمبیل.
١١- باسیر.
١٢- بولاک.
١٣- ئەورام.
١٤- ئوکی.
١٥- زەڕین.
١٦- نورگان.

٧- تیرەی (بۆلانی)ی کوردی (براخۆیی):

١- بۆلان.
٢- باجەل.
٣- پوران.
٤- خومان.
٥- کیتون.
٦- ترمان.
٧- حەکار.
٨- بوغا.
٩- دەرنیل.
١٠- خیزان.
١١- مشکان.
١٢- سیکران.
١٣- ساسون.
١٤- کەل غەل.
١٥- لاکور.
١٦- بەروز.



٨- تیرەی (گریشکانی)ی کوردی (براخۆیی):

١- لەرزین.
٢- تادی.
٣- زیدان.
٤- بەروش.
٥- بازو.
٦- تاپین.
٧- خیزان.
٨- سەمبان.
٩- زیدەک.
١٠- پیلار.
١١- ماخان.
١٢- سارم.
١٣- دارون.
١٤- نوغی.
١٥- بلباس.
١٦- ئاچاک.

## بەشی پێنجەم

## بایەخی بەرزاییەکانی (قەڵات)

## لە مێژووی (بەلوچستان)دا

پێش ئەوەی باسی ڕووداوە گرنگەکانی سەردەمی فەرمانڕەوایی کوردە (براخۆیی)یەکان لە «توران» (بەلوچستان) بکەین، وا باشە بایەخی بەرزاییەکانی (قەڵات)، بەدرێژی باس بکرێ، کە لە سەردەمی کۆندا بە(توران) دەناسرا.

ئەوە چ هۆکارێکی تایبەتی بوو کە بووە هۆی بایەخ پێدانی سیاسی و سەربازی ئەم ناوچەیە؟ لەبەر ئەوەی ئەم ناوچەیە لە ڕێکخستن و پێکهێنانی سیاسەتی بەلوچستاندا، کاری گرنگی ئەنجام داوە، بۆیە، ئەو هەموو هۆکارانەی کە بووەتە هۆی بایەخ پێدانی بەدرێژی باس دەکەین:

**شێوەی جوگرافیایی بەرزاییەکانی (قەڵات):**

بەلوچستان بەگشتی، ناوچەیەکی شاخاوییە، بەڵام ئەو چیا و لووتکانەی کە زۆر درێژ و بڵندن، هەمووی کەوتووەتە بەرزاییەکانی (قەڵات).

چیای ئەم بەرزاییە، زنجیرەی چیاکانی ئەفغانە، کە لە سەرووی دۆڵی شاڵی (کوێتە) سەراوانەوە دەست پێ دەکات تا دەگاتە ناوچەی (مەستونگ)، لەم ناوچەیەوە بەرەو باشوور دەچێت، لە ناوچەی سەراوان و (جهالاوان) تێپەڕ دەبێت تا دەگاتە ناوچەی لەسبێلە، لێرەوەش نقوم دەبێتە ناو زەریا.

ئەم زنجیرە چیایانە، لە نزیکی کەناری دەریا، لە ناوچەی (کیپ مونزێ) دەگەنەوە دەریا و درێژایی ئەم بەرزاییە لە دۆڵی (شاڵ)ەوە تا (کیب مونزێ) ٣٤٠ میلە، بەڵام پانایییەکەی، لە ناوچەی جۆراوجۆردا جیاوازە، لە هەندێ شوێندا، پانایی زۆرە و لە هەندێ شوێنیش کەم. پانترین بەشی ئەم بەرزاییە، لە چیا سنوورییەکانی ناوچەی (گەنداوە) بەرەو خۆرئاوا دەست پێ دەکات تا دەگاتە دۆڵی (نوشکی)، کە پانایی ١٥٠ میلە، هەرکە زنجیرە چیاکان بەرەو باشوور دەکەونە ڕێ و دەگەنە کەناری لەسبێلە، پانایی بەرزاییەکە وردە وردە تەنگ دەبێتەوە.



ئەم چیا پان و بەرینانە، بەگشتی لە باسی مێژووییدا، بەدوو ناو ناسراوە: بەرزاییەکانی (براهوی) و بەرزاییەکانی (قەڵات).

یەکەم گەڕیدەی ئینگلیز، هێنری پۆتینجەر، کە لە ساڵی ١٨١٠ز.دا، سەردانی بەرزاییەکەی کرد، ناوی بۆ ئەم بەرزاییە دانا و بە(بەرزاییەکانی بروهک)ی ناساند، بەڵام ناونانەکەی زۆری نەخایاند و سڕایەوە. لە نووسینە مێژووییەکانی دواییدا، ئەم زنجیرە چیایە، بەبەرزاییەکانی (قەڵات) ناساندراوە، کە تا ئێستا بەم ناوە دەناسرێت.

**زنجیرە چیا گرنگەکانی بەرزاییەکانی (قەڵات):**

درێژەی زنجیرە چیا گرنگەکانی بەرزاییەکانی (قەڵات)، بەم شێوەی خوارەوەیە، کە شاخیان وەکو ڕەگ و ڕیشەی لەش، بەرەو هەموو شوێنێکی بەرزاییەکە، بڵاوبووەتەوە:

**زنجیرە چیای (تاکاری)، (کهیرتر) و (پەب):**

ئەم زنجیرە چیایە، زنجیرەی ئەو چیا درێژانەیە، کە ناوچەی بیابانی (کەچهی) و (سند)، لە ناوچە شاخاوییەکەی بەلوچستان جیا دەکاتەوە. ئەم زنجیرە چیایە، لە سێ شوێنی جۆراوجۆردا، بەسێ ناوی جیاجیا دەناسرێ کە ئەمانەن:

١- تاکاری. ٢- کهیرتر. ٣- پەب.

زنجیرەی ئەو چیایەی کە بیابانەکانی (کەچهی)، لە ناوچە شاخاوییەکەی (سەراوان) جیا دەکاتەوە، بە(تاکاری) دەناسرێ.

لە ناوچەی (کەچهی)دا پێش (گەنداوە)، کاتێ ئەم زنجیرە چیایە، بەرەو خوارووی شۆڕ دەبێتەوە، ناوچەی (جهالاوان)ی بەلوچستان لە (سند) جیا دەکاتەوە. ئەم بەشەی ناوەڕاست بەکهیرتر دەناسرێ.

درێژەی ئەم زنجیرە چیایە، بەرەو پێش دەڕوات و ناوچەی (لەسبێلە)ی بەلوچستان لە خوارووی (سند) جیا دەکاتەوە، ئەم بەشە بەچیای پەب دەناسرێ.

بەم شێوەیە، بەشی سەرووی ئەم زنجیرە چیایە، بە(تاکاری)، بەشی ناوەڕاستی بە(کهیرتر) و بەشی خوارووی بە(پەب) دەناسرێت.

**زنجیره چیا گرنگەکانی (سەراوان):**

١- تەکتو.
٢- چلتەن.
٣- تاکاری.
٤- ناگاهو.
٥- چیای بەنگەل زەیی کورد.
٦- هەربویی.
٧- سارون.
٨- سیاه.
٩- میلبی.
١٠- زبرا.
١١- زەهری گەهت.
١٢- چوتتوک.
١٣- پیهون هالت.
١٤- گەر.
١٥- ماران.

**زنجیره چیا گرنگەکانی (جهالاوان):**

زنجیره چیا گرنگەکانی (جهالاوان) ئەمانەن:
١- زنجیره چیای خوارووی هەربویی.
٢- زنجیره چیای موله.
٣- زنجیره چیای رۆژئاوای جهالاوان.
٤- زنجیره چیای ناوەندی جهالاوان.
٥- زنجیره چیای کهیرتر.
٦- زنجیره چیای پەب.



١- شاخه گرنگەکانی زنجیره چیای خوارووی (هەربویی):
١- چیای دراج.
٢- چیای ریشک.
٣- چیای دوک.
٤- چیای دورا مونی.
٥- چیای بوتایی.
٢- شاخه گرنگەکانی زنجیره چیای (موله):
١- چیای ناگان.
٢- چیای پالکی.
٣- چیای موخی.
٤- چیای شاموز.
٥- چیای بولور.
٦- چیای گنداری.
٧- چیای هەزار میشی.
٨- چیای دەشت کلان.
٩- چیای تاکاری.
١٠- چیای تلانگ.
١١- چیای نودگوار.
١٢- چیای گەدهایی.
١٣- چیای خاکویی.
١٤- چیای کرانی.
١٥- چیای چوتتوک.
١٦- چیای کودارو.
١٧- چیای میرگت.

٣- شاخە گرنگەکانی زنجیرە چیای ڕۆژئاوای (جهالاوان):

١- چیای گەر.

٢- چیای گوندان.

٣- چیای زری.

٤- چیای مسکین.

٥- چیای نیام گر.

٦- چیای دومەگ.

٧- چیای چورچوری.

٨- چیای منجو.

٤- شاخە گرنگەکانی زنجیرە چیای ناوەڕاستی (جهالاوان):

١- چیای دو زبان زل.

٢- چیای گارهی.

٣- چیای شور.

٤- چیای ئوشتر.

٥- چیای بەننو.

٦- چیای ناغ.

٧- چیای تیغ.

٨- چیای دوراخیل.

٩- چیای پندوحەر.

١٠- چیای چراب.

١١- چیای سامبە.

١٢- چیای کون.

١٣- چیای حەلوایی.

١٤- چیای شاشان.

١٥- چیای گززی.



٥- شاخە گرنگەکانی زنجیرە چیای (کهیرتر):

١- چیای کهیرتر.

٢- چیای مول بیدور.

٣- چیای ئەرباب.

٤- چیای تافویی.

٥- چیای ویراوی.

٦- چیای زەردەک.

٧- چیای سیاه.

٨- چیای ئەندراج.

٩- چیای بیدور.

١٠- چیای دڕی.

٦- شاخە گرنگەکانی زنجیرە چیای (پەب):

١- چیای خودی.

٢- چیای مور.

٣- چیای حالا.

**زنجیرە چیا گرنگەکانی ناوچەی لەسبێلە:**

لە ناوچەی لەسبێلەدا، جگە لە زنجیرە چیای مور، هیچ زنجیرە چیایەکی گرنگ نییە کە شایانی باس بێت. زنجیرە چیای مور خۆی شاخێکی چیای (پەب)ە و کاتێ بەرەو باشوور شۆڕ دەبێتەوە و دەگاتە دەریا، لە ٤٦٧١ پێ بەرزی لە ئاستی دەریاوە کەم دەبێتەوە و ١٧٤٢ پێی لێ دەمێنێتەوە.

لە ڕۆژئاواوە، شاخی زنجیرە چیای کەناری (مەکران)، چیای (تولایی) و چیای (بیت) دێتە ناو (لەسبێلە).

### شێوەی جوگرافیایی بەرزاییەکە:

ناوچەی شاخاوی بەرزاییەکانی (قەڵات)، لە (سەراوان) و (جهالاوان) و (لەسبێلە) پێک هاتووە و بەرزترین دۆڵی ئەم بەرزاییە، دۆڵی قەڵاتە کە لە ئاستی دەریاوە ٦٧٠٠ پێ بڵندە.

لە (قەڵات)ەوە، کە ناوەندی بەرزاییەکەیە، بەرەو سەروو، زنجیرەی چیاکان وردە وردە بڵندییان نزم دەبێتەوە. دۆڵی (شاڵ) و دۆڵی (مەستونگ) کەوتوونەتە ئەم ناوچەیە، کە لە ئاستی دەریاوە ٥٥٠٠ و ٥٦٠٠ پێ بڵندن.

لە (قەڵات)ەوە بەرەو خواروو، ئەم زنجیرە چیایانە، وردە وردە بڵندییان کەم دەبێتەوە، تا دەگاتە دۆڵی (لەسبێلە)، پێش ئەوەی نزیکی کەناری دەریا ببنەوە، چەند سەد پێیەکیان لێ دەمێنێتەوە.

تەنگەی (بۆلان) و تەنگەی (مولە)(*) کە دوو تەنگەی سروشتی و لە ڕووی مێژووییەوە زۆر گرنگیان پێ دەدرێ و بەناوبانگن، کەوتوونەتە زنجیرە چیای (تاکاری) بەشی سەرووی ئەم بەرزاییە.

بەرزترین زنجیرە چیای ئەم بەرزاییە، چیای تەکتو، چیای چلتەن و مارانە. بەرزایی تەکتو، لە ئاستی دەریاوە ١٢٠٠٠ پێیە، چیای چلتەن، ١٢٥٠٠ پێیە و، بەرزایی چیای ماران، ١٠٧٣٠ پێیە.

(*) تەنگەی مولە: ئەم تەنگەیە لە سەردەمی کۆندا بەمیلا دەناسرا.



## لووتکە گرنگەکانی زنجیرە چیاکانی بەرزاییەکانی (قەڵات)

دوای ڕوونکردنەوەی شێوەی جوگرافیایی بەرزاییەکانی (قەڵات) بەکورتی، باشتر وایە ناوی ئەو لووتکە بەرزانەی زنجیرە چیاکانی ناوچەی جۆراوجۆری بەرزاییەکە، لەگەڵ بڵندی لە ئاستی دەریاوە، بەلێکدانەوەی پێ، لەم نەخشەی خوارەوە بخەینە بەرچاو.

| ناوی شوێن | ناوی زنجیرە چیا | ناوی لوتکەی بەناوبانگ لەگەڵ بڵندی لە ئاستی دەریا | |
|---|---|---|---|
| شاخاوی سەراوان | چیای ناگاهو | ١ | لوتکەی ناگاهو ٧٩٢٠ پێ (فوت) |
| | | ٢ | لوتکەی دوراخ ٧٨٠٠ = |
| | | ٣ | لوتکەی تیرکشی ٧٠٠٠ = |
| | | ٤ | لوتکەی باهور ٧٢٢٠ = |
| شاخاوی سەراوان | چیای بەنگەل زەیی | ١ | لوتکەی دڵبەند ٨٧٧٠ پێ |
| | | ٢ | لوتکەی ئیبید ٨٢١٩ = |
| | | ٣ | لوتکەی ئالیرو ٥٨٥٣ = |
| | | ٤ | لوتکەی پندرگەهت ٧٥٢١ = |
| | | ٥ | لوتکەی سەخت ٧٣٤٥ = |
| | | ٦ | لوتکەی روشی ٧٦٢٦ = |
| | | ٧ | لوتکەی تلانگ ٨١١٠ = |
| | | ٨ | لوتکەی حسارو ٧٢٠٦ = |
| | | ٩ | لوتکەی تراکو ٦٨٩٩ = |
| | | ١٠ | لوتکەی کوللی ٧٣٤١ = |
| | | ١١ | لوتکەی مەرزبان ٧٥٣٦ = |
| | | ١٢ | لوتکەی زەڕین ٨٣٨١ = |
| | | ١٣ | لوتکەی شوگ ١٠٣٠٠ = |
| | | ١٤ | لوتکەی نودگوار ١٠٣٩٠ = |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | ١٥ | لوتکەی پیرمراد ٨١٥٠ = |
| | | ١٦ | لوتکەی کەندەشەر ٦٢٦٥ = |
| | | ١٧ | لوتکەی گنداگر ٧٧٨٠ = |
| شاخاوی سەراوان | چیای هەربویی | ١ | لوتکەی هەمدوکوشتە ٩٠٤٠ پێ |
| | | ٢ | لوتکەی زندانی ٩٤٢٤ = |
| | | ٣ | لوتکەی کەسسەکو ٩٨٣٠ = |
| | | ٤ | لوتکەی سرکاکویی ٩٥٣٠ = |
| | | ٥ | لوتکەی هینار ٨٠٩٥ = |
| | | ٦ | لوتکەی دینرا ٨٦٨٠ = |
| | | ٧ | لوتکەی چب ٨١٥٠ = |
| شاخاوی سەراوان | چیای سیاه | ١ | لوتکەی سیاه ١٠٢١٠ پێ |
| | | ٢ | لوتکەی گرو ٧٥٨٥ = |
| | | ٣ | لوتکەی کەپ ٧٢٦٥ = |
| شاخاوی سەراوان | چیای ماران | ١ | لوتکەی ماران ١٠٧٣٠ پێ |
| شاخاوی سەراوان | چیای میلبی | ١ | لوتکەی میلبی ٩١٨٠ پێ |
| | | ٢ | لوتکەی جوغنو ٧٠٤٥ = |
| | | ٣ | لوتکەی گردا ٧١٩٨ = |
| | | ٤ | لوتکەی زاوە ٧٩٠٣ = |
| شاخاوی سەراوان | چیای سیاه | ١ | لوتکەی چیای سیاه ٧٨٥٠ پێ |
| | | ٢ | لوتکەی شاه مەردان ٧١٥٠ = |
| شاخاوی سەراوان | چیای زبرا | ١ | لوتکەی زبرا ٨٤٩٠ پێ |
| شاخاوی سەراوان | چیای چوتتوک | ١ | لوتکەی خەلیفانیی ٨٤٢٤ پێ |
| | | ٢ | لوتکەی چوتتوک ٧٩٦٧ = |
| شاخاوی سەراوان | چیای گەر | ١ | لوتکەی مودینک ٥٩٩٠ پێ |
| | | ٢ | لوتکەی روغنی ٦٢٥٠ = |



| | | | |
|---|---|---|---|
| | | ٣ | لوتکەی گەر ٦٧٧٠ = |
| شاخاوی سەراوان | چیای زەهری گەهت | ١ | لوتکەی کمبیلا ٨٤١٠ پێ |
| | | ٢ | لوتکەی ئاماج ٨٨٠٠ = |
| | | ٣ | لوتکەی زندان ٨١٠٠ = |
| | | ٤ | لوتکەی زەهری گەهت ٨٨١٠ = |
| | | ٥ | لوتکەی ئابێ گەل ٩٢٢٠ = |
| | | ٦ | لوتکەی جومی ٨٧٤٥ = |
| | | ٧ | لوتکەی مەرغی ٨٩٩٠ = |
| شاخاوی سەراوان | چیای پیهون – هالت | ١ | لوتکەی کلان بارک ٥٨٩٩ پێ |
| | | ٢ | لوتکەی ئیستراک ٩٠٩٩ = |
| | | ٣ | لوتکەی لورا ٨١٨١ = |
| | | ٤ | لوتکەی ئومرایی ٧٨٣٤ = |
| | | ٥ | لوتکەی مورینکو ٨١٩٧ = |
| | | ٦ | لوتکەی مار ٧٩٣٥ = |
| شاخاوی جهالاوان | چیای هەربویی خواروو | ١ | لوتکەی لوکرا ٩٦٢٢ پێ |
| | | ٢ | لوتکەی گولک ٩٢٧٨ = |
| شاخاوی جهالاوان | چیای چیای مولە | ١ | لوتکەی بالکی ٧٨٣٠ پێ |
| | | ٢ | لوتکەی موخی ٧٧٩٦ = |
| | | ٣ | لوتکەی شاموز ٨٧٥٥ = |
| | | ٤ | لوتکەی بولور ٦٦٦٥ = |
| | | ٥ | لوتکەی گنداری ٥٣٤٧ = |
| | | ٦ | لوتکەی هەزار میشی ٦١٢٦ = |
| | | ٧ | لوتکەی کلان ٧٧٣٦ = |
| | | ٨ | لوتکەی خاکویی ٧٧٤٣ = |
| | | ٩ | لوتکەی کرانی ٨٠٨١ = |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | ١٠ | لوتکەی مندریجو ٦٢٦٧ = |
| | | ١١ | لوتکەی سراچ ٤١٢٤ = |
| | | ١٢ | لوتکەی محانچ ٢٧٦٢ = |
| | | ١٣ | لوتکەی کودارو ٦١٦٧ = |
| شاخاوی جهالاوان | چیای ناوەندی جهالاوان | ١ | لوتکەی درنیل ٧٢٤٧ پێ |
| | | ٢ | لوتکەی گارهی ٦٢٦٣ = |
| | | ٣ | لوتکەی ناغ ٦٠٤٩ = |
| | | ٤ | لوتکەی تیغ ٥٥٠٥ = |
| | | ٥ | لوتکەی سەمبان ٦٦٠٥ = |
| | | ٦ | لوتکەی کون ٦٥٤٠ = |
| | | ٧ | لوتکەی حەلوایی ٧٠٨٠ = |
| | | ٨ | لوتکەی دوراخیل ٨١٤١ = |
| | | ٩ | لوتکەی پندوحەڕ ٧٩٠٤ = |
| شاخاوی جهالاوان | چیای کهیرتر | ١ | لوتکەی زەردەک ٧٤٣٠ پێ |
| | | ٢ | لوتکەی سیاه ٦٨٨١ = |
| | | ٣ | لوتکەی دری ٥٧٨٧ = |
| | | ٤ | لوتکەی کوجک ناکبەر ٦٨٧٨ = |
| | | ٥ | لوتکەی ئیندراج ٦٤٩١ = |
| شاخاوی جهالاوان | چیای پەب | ١ | لوتکەی بهاراس ٧٧٥٩ پێ |

دوای ڕوونکردنەوەی زنجیرە چیاکان و لووتکە بڵندەکانی بەرزاییەکانی (قەڵات)، بایەخی ئەم ناوچەیەمان، لە ڕووی سەربازییەوە بۆ دەردەکەوێت، کە ئەم بەرزاییە لە سەردەمی کۆندا، لە ڕوانگەی جەنگییەوە، چەند پڕ بایەخ بووە. هەرچەندە چەکی خۆماڵی نەتەوەکانی دونیا، زۆر سادە بووە وەکو: تیر، کەوان، شمشێر، نێزە، ڕم، کوتەک، تەور... هتد. هەروەها سەرچاوەی سواری و گواستنەوەیان، ئاژەڵی بارهەڵگر بووە.

سروشت بەرزاییەکانی (قەڵات)ی، لەو جوانییەدا ڕازاندۆتەوە کە لەو سەردەمەدا قەڵایەکی سروشتی بووە و تێپەڕ بوون بەلووتکە بەرز و دۆڵە دژوارەکانی زۆر سەخت بووە.



بۆیە، هەر سەڵتەنەتێکی کۆن لەبەر ئەو هۆیانە، کۆششی کردووە کە بەرزاییەکانی (قەڵات) بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە.

شاعیرێکی زۆر بەناوبانگی بەلوچ بەناوی (بالاچ گورگیج)، لە شیعرێکی خۆیدا لەمەڕ چیا و نەتەوەی بەلوچستان، بەم چەشنە بۆچوونی خۆی دەربڕیوە:

## شیعر

١- کوە ئەنت بەلووچانی قەڵات      ئەنبارش بێ رایین گەر ئەنت
چیا قەڵای بەلوچەکانە      دۆڵی دژوار کۆگەیانە

٢- بورزێن حەششی ئیش گوات گەر ئەنت      ئاب ئیش بەهوکێن چەمەگ ئەنت
لووتکە بەرزەکان هەوا گیریانە      کانی ئاوەڕۆ سەرچاوەی ئاو خواردنیانە

٣- کودی ئیش پیشێ کەندەگ ئەنت      نشتن جا ئیش کەر گا وەگ ئەنت
ئاوەخۆرەی پەلکی خورما جامیانی      گیای درێژ قاڵی یانە

٤- بوپ ئیش دە گاری تەحتەک ئەنت      بور ئیسپیتین چەببە و ئەنت
زەوی نەرم دۆشەکیانە      سەرپێی پێستی سپی ئەسپیانە

٥- بەچ ئیش گچینئێن گوندەل ئەنت      زامات ئیش شللێن خەنجەر ئەنت
چاکترین تیر کوڕیانە      خەنجەری نوکدار زاوایانە

٦- برات ئیش تەلارێن ئیسپەر ئەنت      تاریف ئیش مەزن تاپین لوڕە ئەنت
قەڵغانی سەخت برایانە      شمشێرە پانە مەزنەکان باوکیانە

**تێبینی:**

نووسەر پێی باش بوو ئەم شیعرە بەڕێنووسی کوردی بنووسمەوە، هەرچەندە ئەوانیش پیتی عەرەبی بەکار دێنن. (وەرگێڕ).

## بایەخی ئابووری بەرزاییەکانی قەڵات

هۆکارێکی تری بایەخداریی بەرزاییەکانی (قەڵات)، بازرگانییە کە بووەتە هۆی بەناوبانگ بوونی، لە سەردەمی کۆندا. ڕێگە گشتییە نێونەتەوەیییەکان لە بەشی سەروویدا دەگەیشتنە ناوچەی قەڵات.

ناوەندی پەیوەندی ڕێگای بازرگانی نێوان ڕۆژهەڵاتی ئێران و خوارووی ئەفغانستان، لە ناوچەی قەڵات بوو و سامانی بازرگانی بۆ بیانی و سامانی بیانی بۆ ئێران و ئەفغانستان، لەم ناوچەیەوە تێپەڕ دەبوو.

ڕێگای ئێران، (نوشکی) و (زابل) بەڕێگای گشتی قەڵات و هەروەها ڕێگای ئەفغان، قەندەهار و شاڵ، بەڕێگای گشتی قەڵات دەناسرا. ئەم ڕێگایانە لە قەڵاتەوە بەرەو خواروو شۆڕ دەبوونەوە و لە بەندەری (سومیانی)ی ناوچەی باشووری بەرزاییەکانی (قەڵات) کۆتاییان پێ دەهات. لە سەردەمی کۆندا، (سومیانی) بەبەندەری نێونەتەوەیی دەناسرا و چەند شاری گرنگ: سۆراب، خوزدار، ود و بێلە، لەبەر ئەوەی کەوتوونەتە سەر ئەم ڕێگا گشتییە، شوێنی ڕاوەستانی کاروانەکان بوون.

ئەم ڕێگا گشتییە، تا سەدەی هەژدەم گرنگ بووە، واتە پێش ئەوەی ئیست ئیندیا کۆمپەنی (East India Company)ی ئینگلیزەکان دەست بەسەر هەموو هیندستاندا بگرێ.

جگە لە ئەم ڕێگا گشتییە، ڕێگایەکی تری گشتی بازرگانی لە ناوچەی مەکران (خوارووی بەلوچستان) و لەسبێلە (خوارووی بەرزاییەکانی قەڵات) تێپەڕ دەبوو و دەگەیشتە هیندستان، کە بەڕێگای گشتی نێونەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هیندستان دەناسرا.

هەر لەبەر ئەم هۆیە، لە بەڵگەنامە مێژووییەکانی سەردەمی کۆندا ئەوەندەی باسی (مەکران) و (توران)ی بەلوچستان کراوە باسی ناوچەکانی تری نەکراوە.

لە سەرەتای سەدەی نۆزدەمدا، کاتێ ئینگلیزەکان دەستیان بەسەر هەموو هیندستاندا گرت، بۆ گواستنەوەی هەرزان و ئاسان، هەستیان بەپێویستی ڕێگای ئاسن کرد. بۆ تاقیکردنەوە، لە ساڵی ١٨٥٧ی ز.دا، لە ناوچەی بۆمبەی، ڕێگایەکی بچووکی ئاسنیان دروست کرد و دوای سەرکەوتنی ئەم تاقیکردنەوەیە، ژمارەیەکی زۆری ڕێگای ئاسنیان لە هەموو هیندستاندا بڵاو کردەوە.



لە ساڵی ١٨٤٣ی ز.دا، کاتێ ئینگلیزەکان سندیان لە ئەمیران تالپور داگیر کرد و لە ساڵی ١٨٧٥ی ز.دا کاتێ شاڵیان (کوێتە) لە فەرمانڕەوای بەلوچستان خانی قەڵات وەکو کرێ وەرگرت، لە (سەکهەر)[*] لەسەر ڕووباری (سند)، لە ساڵی ١٨٨٤ی ز.دا، پردێکی ڕێگای ئاسنیان دروست کرد. دوای دروستکردنی ئەم پردە، ڕێگای ئاسنیان تا بەلوچستان ڕاکێشا و شاری شاڵیان لەگەڵ سەکهەر بەڕێگای ئاسن پێکەوە بەستەوە.

ئەم هەنگاوە گۆڕانکارییانە، زیانێکی بەرفراوانی گەیاندە ڕێگای گشتی نێونەتەوەیی بازرگانی بەرزاییەکانی (قەڵات)، بایەخی بازرگانیی بۆ هەمیشە کۆتایی پێ هات و لە جێگەی قەڵات، شاری شاڵ (کوێتە)، بایەخی بازرگانیی پێ درا و بوو بەناوەندی بازرگانی نێونەتەوەیی.

ئەم گۆڕانکارییە، زیانی بەدانیشتوانی قەڵاتیش گەیاند، لەبەر ئەوەی ئەو کەسانەی کاروباری بازرگانییان دەکرد هەموو چوونە (شاڵ)، شاری (شاڵ) شێوەی شارێکی گەورەی هەڵبژارد و (قەڵات)یش شێوەی شارۆچکەیەک. ئینگلیزەکان ناوی (شاڵ)یان گۆڕی و کردیان بە(کوێتە)[**] ئەوانەی سەرەوە، بوونە هۆی بایەخ پێدانی سەربازی، سیاسیی و بازرگانیی (توران)، واتە بەرزاییەکانی (قەڵات).

لەبەر گرنگی ئەو هۆیانە، لە ڕووی جیهانییەوە، ئەم ناوچەیە بووە ناوچەیەکی ململانێ. لەبەر ئەوەی لە سەردەمە مێژووییە جیاجیاکاندا، پاشاکانی سەڵتەنەت و فەرمانڕەوایانی ناوەخۆ، هەوڵ و کۆششیان کردووە بۆ دەستبەسەر داگرتنی ئەم ناوچەیە. کاتێک سەرنەکەوتوون لەگەڵ یەک شەڕیان کردووە و ئەوەی سەرکەوتووە فەرمانڕەوایی ئەو ناوچەیەی گرتۆتە دەست.

(*) سەکهەر: شارێکی هەرێمی سندی پاکستانە کە نزیکە لە بەلوچستان.

(**) کوێتە: ئێستا پایتەختی هەرێمی بەلوچستانی پاکستانە. (وەرگێڕ)

# بەشی شەشەم

## فەرمانڕەوایی سەڵتەنەتە بیانییەکان لە بەلوچستاندا

لە بەڵگەنامە مێژووییەکاندا ڕوون دەبێتەوە، پێش ئەوەی مادەکان دەسەڵاتی ماد و فارس بگرنە دەست، ناوچەی بەلوچستان بەشێکی سەڵتەنەتی توران بووە و فەرمانڕەوایەتیی تورانیش لەم ناوچەیەدا هەر بەردەوام بووە.

### داگیرکردنی بەلوچستان لە لایەن پاشای مادەکانەوە

بەپێی مێژووی مەردۆخ، سەڵتەنەتی مادەکان لە بەرزاییەکانی زاگرۆس، واتە لە کوردستانی ئەم سەردەمە لە ساڵی ٨٥٣ی پ. ز.دا هاتە کار، بەسەرۆکایەتی یەکەم پاشا کەیقوباد پەرەی سەند و بوو بەسەڵتەنەتێکی مەزن و بەهێز.

دوای دروستبوونی ئەم سەڵتەنەتە، پاشای توران ئەفراسیاب لەجیاتی پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ ئەم سەڵتەنەتە دروست بکات، دەستی کرد بەدژایەتی کردنی. لەبەر ئەوەی خۆی بەمیراتگری ڕاستی ئەو سەڵتەنەتە دەزانی و لە ئەنجامی ئەم دژایەتی کردنە، جەنگ لە نێوانیاندا ڕوویدا و بووە هۆی لەناوچوونی دەسەڵات و تەختەکەی.

سەڵتەنەتی توران شیرازەی تێکچوو، بوو بەچەند ویلایەتێکی بچووک بچووک بەناوی سوغدستان(*)، کابلستان(**)، زابلستان(***)، توران و مەکران و سەڵتەنەتی ماد داگیری کردن.

لە کاتی جەنگەکەدا، کوردە براخۆییەکان کە بەشێکی هێزی ماد بوون، دەستیان بەسەر بەلوچستان کە لەو کاتە بەتوران دەناسرا داگرت و تیادا نیشتەجێ بوون، لە ساڵی ٨٥٤ی پ. ز.دا بناخەی فەرمانڕەواییان لەم ناوچەیە دانا. سەڵتەنەتی ماد نزیکەی ٣٠٠ ساڵ

---


(*) سوغدستان: لە سەردەمی کۆندا پێکهاتبوو لە: تورکمانستان، ئوزبەکستان، کەرغستان، قازەقستان و تاجیکستان.

(**) کابلستان: لە زەمانی کۆندا کابلستان بەسەرووی ئەفغانستان دەوترا.

(***) زابلستان: لە سەردەمی کۆندا بەخوارووی ئەفغانستان دەوترا زابلستان.

(وەرگێڕ)





سەڵتەنەتی ماد لە ساڵی ٨٥٣ەی پ.ز تا ساڵی ٥٠٠ی پ.ز

واتە لە ساڵی ٨٥٣ی پ. ز.دا تا ٥٥٠ی پ. ز لە بەلوچستان فەرمانڕەوایی کرد، لەو ماوەیەش کوردە براخۆییەکان فەرمانڕەوایی بەلوچستانیان دەکرد، لەبەر ئەوەی دوای دروستبوونی سەڵتەنەتی ماد، پاشاکانی ماد هەموو هۆزە ئازاکانی کوردیان لە سنوورە دووردرێژەکانی سەڵتەنەتەکە جێنشین کرد و لە هەمان کاتدا فەرمانڕەوایی ناوچەکەشیان دایە دەستیان، بۆ ئەوەی پارێزگاری سنووری سەڵتەنەتەکە بکەن. کوردە براخۆییەکانیش یەکێک بوون لەو هۆزە ئازایانە کە فەرمانڕەوایی تورانیان درایە دەست کە دوورترین سنووری ڕۆژئاوا بوو.

ئەمەش ناوی پاشاکانی مادە کە لەسەر تەختی سەڵتەنەتی ماد فەرمانڕەوایییان کردووە:

| | |
|---|---|
| ١- کەیقوباد کوردی ماد | لە ساڵی ٨٥٣ی پ. ز تا ٧٥٩ی پ. ز |
| ٢- کیکاوس | لە ساڵی ٧٥٩ی پ. ز تا ٧١٥ی پ. ز |
| ٣- توس | لە ساڵی ٧١٥ی پ. ز تا ٦٥٥ی پ. ز |
| ٤- فەریبورز | لە ساڵی ٦٥٥ی پ. ز تا ٦٢٥ی پ. ز |
| ٥- کواکسار | لە ساڵی ٦٢٥ی پ. ز تا ٥٨٤ی پ. ز |
| ٦- ئازدیاک | لە ساڵی ٥٨٤ی پ. ز تا ٥٥٠ی پ. ز |

### فەرمانڕەوایی بنەماڵەی هەخامەنشی بەسەر ماد و فارس

دوا پاشای بنەماڵەی مادەکان ئازدیاک بوو، پاشایەتی لێ نەدەوەشایەوە و هەمیشە خەریکی ڕابواردن و یاریکردن بوو و زەبروزەنگ و ئازاردانی خەڵکی کردبووە کاری ڕۆژانە. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ناکۆکی لە ناو سەڵتەنەتەکەیدا پەیدا بێت و خەڵک لێی بێزار بن.

پیاوە گەورە و باوەڕپێکراوەکانی نەتەوەی کورد کە چاویان بەڕەوشتە ناحەزەکانی ئازدیاک کەوت، ترسان لەوەی سەڵتەنەتەکەیان بڕووخێ و تووشی پاشاگەردانی بێ، بۆیە بڕیاریان دا لە فەرمانڕەوایی لابەرن. ئازدیاک هیچ کوڕی نەبوو، لە سەردەمی کۆندا کوڕ دەبووە جێنشینی باوکی، بۆیە پرسیار وا هاتە پێشێ کێ لەجیاتی ئازدیاک لەسەر تەخت دابنێن؟.

لە کۆتاییدا بڕیار درا، کچەزای ئازدیاک، کوورشی هەخامەنشی کە فەرمانڕەوایی فارسی دەکرد، بهێننە سەر تەخت. کاتێ ئازدیاک بەم بڕیارەی زانی، زۆر پێی تێکچوو و هێرشی بردە سەر ویلایەتی فارس.



بەپێی بڕیارەکە، میر و باوەڕپێکراوەکانی کورد بوونە لایەنگری کوورش و لە ئەنجامدا ئازدیاک شکا و توانیان بەندی بکەن.

بەم شێوەیە، سەڵتەنەتی ماد لە ساڵی ٥٥٠ی پ. ز کۆتایی پێ هات، فەرمانڕەواکانی بنەماڵەی هەخامەنشی دەسەڵاتی ماد و فارسیان گرتە دەست و بۆ ماوەی دووسەد ساڵێک واتە لە ساڵی ٥٥٠ی پ. ز تا ٣٣٠ی پ. ز فەرمانڕەوایییان کرد.

دوا پاشای ئەم بنەماڵەیەش دارای سێیەم بوو، لە ساڵی ٣٣٠ی پ. ز پاشای ویلایەتی مەکدۆنیا، ئەسکەندەر شکاندی و دەسەڵاتی ماد و فارسی گرتە دەست. دارای سێیەم ڕێگەی هەڵاتنی هەڵبژارد و ئەسکەندەریش کەوتە گەڕان بەدوایدا. لە کاتی گەڕانەکەدا، بەڕاوێژی ڕاوێژکارەکانی دارای سێیەم، دادگەری باختەر کە ناوی باسوس بوو، بۆ ڕزگاربوونی لە چەنگی ئەسکەندەر، دارای کوشت.

بەم شێوەیە، سەڵتەنەتی ماد و فارس بەتەواوی کەوتە ژێر دەسەڵاتی یۆنانییەکان. ئەمەش ناوی پاشاکانی بنەماڵەی هەخامەنشییە کە لە بەلوچستاندا فەرمانڕەوایییان کردووە:

| | |
|---|---|
| ١- کوورش | لە ساڵی ٥٥٠ی پ. ز تا ٥٣٠ی پ. ز |
| ٢- کمبووجی | لە ساڵی ٥٣٠ی پ. ز تا ٥٢١ی پ. ز |
| ٣- دارای یەکەم | لە ساڵی ٥٢١ی پ. ز تا ٤٨٥ی پ. ز |
| ٤- خشایار شا | لە ساڵی ٤٨٥ی پ. ز تا ٤٦٥ی پ. ز |
| ٥- ئەردەشێری یەکەم | لە ساڵی ٤٦٥ی پ. ز تا ٤٢٤ی پ. ز |
| ٦- دارای دووەم | لە ساڵی ٤٢٤ی پ. ز تا ٤٠٤ی پ. ز |
| ٧- ئەردەشێری دووەم | لە ساڵی ٤٠٤ی پ. ز تا ٣٥٨ی پ. ز |
| ٨- ئەردەشێری سێیەم | لە ساڵی ٣٥٨ی پ. ز تا ٣٣٨ی پ. ز |
| ٩- دارای سێیەم | لە ساڵی ٣٣٨ی پ. ز تا ٣٣٠ی پ. ز |

## مێژوویەکی کورتی بنەماڵەی هەخامەنشی

مێژوونووسێکی یۆنانی، هیرۆدۆت نووسیویەتی کە (پارساگرد)، (مارافی) و (مارسن)، هۆزە گرنگەکانی فارس بوون و لە نێوانیاندا (پارساگرد) بەگرینگترین و بەرێزترین هۆز دەژمێردرا. بنەماڵەی هەخامەنشی، سەرداری ئەم هۆزە و باجدەری سەڵتەنەتی ماد بوون. لەبەر (هەخامەنش)، بنەماڵەکەی بە(هەخامەنشی) ناسرا و دوای (هەخامەنش)، کوڕەکەی خۆی، (چشپش) هاتە سەر تەختی فەرمانڕەوایی و بوو بەجێنشینی باوکی.

دوای وێرانبوونی وڵاتی ئیلەم. بەدەستی پاشای ئاشوور (پانی پاڵ)، (چشپش) سوودی لە کات وەرگرت، ناوچەی (ئەنشان)ی وڵاتی (ئیلەم)ی داگیر کرد، لکاندی بەفارسەوە، ناونیشانی پاشای (ئەنشان)ی هەڵبژارد و دوای مردنی، کوڕێکی، (ئاریامان) بوو بەدادگەری فارس و کوڕەکەی تریشی (کوورش)، هاتە سەر تەختی فەرمانڕەوایی (ئەنشان).

دوای کوورش، کوڕی ئەو (کمبووجی) بوو بەجێنشینی و لە سەردەمی فەرمانڕەوایی دوا پاشای ماد، (کمبووجی) فەرمانڕەوایی فارس و ئەنشانی دەکرد و باجدەری ئازدیاکیش بوو. ئازدیاک کچەکەی خۆی لێ مارە کرد، لە نێوانیاندا کوڕێک چاوی هەڵێنا و ناویان لێنا کوورش کە دوای دەرکردنی ئازدیاک لەسەر تەخت، بوو بەپاشای ماد و فارس و فەرمانڕەوایی بنەماڵەی هەخامەنشی دامەزراند.

## پەیوەندی نێوان کوردی براخۆیی و بنەماڵەی هەخامەنشی

لەگەڵ گۆڕانکاریی بنەماڵەی پاشاکاندا، هیچ گۆڕانکارییەکی سیاسی بەسەر کوردە (براخۆیی)یەکان لە بەلوچستاندا نەهات، لەبەر ئەوەی براخۆییەکان تیرەیەکی نەتەوەی کورد بوون و کوورشیش لە دایکەوە کورد بوو، بۆیە ڕەفتاری برایانەی لەگەڵ کوردە (براخۆیی)یەکان بەکارهێنا و هەموو جۆرە یارمەتییەکی دان. بنەماڵەی هەخامەنشی، بۆ پەرەسەندنی سۆزی برایانەی نێوانیان فەرمانڕەوایی بەلوچستانیان پێ سپاردن.

کوردە (براخۆیی)یەکان لە سەڵتەنەتی هەخامەنشیدا، بۆ ماوەی ٢٢٠ ساڵ، واتە لە ساڵی ٥٥٠ی پ. ز تا ٣٣٠ی پ. ز، لە بەلوچستاندا فەرمانڕەواییان کرد. بەڵام دوای هاتنی ئەسکەندەری مەکدۆنی و سەرکەوتنی ئەو بەسەر سەڵتەنەتی ماد و فارسدا، لە ساڵی ٣٣٠ی پ. ز، لە فەرمانڕەواییدا لابران.



## هاتنی ئەسکەندەری یۆنانی پاشای مەکدۆنیا

ئەسکەندەر لە یۆناندا پاشای مەکدۆنیا بوو، دوای مردنی باوکی، فیلقوس، لە ساڵی ٣٣٤ی پ. ز هاتە سەر کار و بوو بەجێنشین.

باوکی لە سەردەمی فەرمانڕەوایی خۆیدا، نەخشەی داگیرکردنی ئاسیای دانابوو، بەڵام مردن نەیهێشت نەخشەکەی بەئەنجام بگەیەنێ. کاتێ کوڕەکەی بوو بەجێنشینی، خەونەکەی ئەوی کردە ڕاستی و لە پێش هەموو شتێک، دوژمنەکانی ڕۆژئاوای لەناوبرد، بەرەو ڕۆژهەڵات کەوتە ڕێ و ناوچەیەکی بەرفراوانی داگیر کرد، کە لە شامەوە (سوریا) تا ئێران بوو. بەڵام بەو هەموو سەرکەوتنانە، هێشتا تینوویەتی داگیرکردنی وڵاتی نەشکا. لە ساڵی ٣٢٧ی پ. ز، هێرشی کردە سەر هیندستان و تەختاییەکانی پەنجابی(*) داگیر کرد، نیازی چوونە پێشی هەبوو، بەڵام سەربازەکانی ئامادە نەبوون بەرەو پێشتر بڕۆن. بۆیە ئەسکەندەر ناچار بوو بەرەو دواوە بکشێتەوە و بگەڕێتەوە ناوچەی سند و بگاتە پەتیالە(**) (حەیدەر ئاباد). لێرە هێزەکەی بەسەر دوو بەشدا دابەش کرد و بەشێکی بەسەرۆکایەتی نیار کوس بەڕێگەی ئاویدا بەرەو ئێران نارد و بەشەکەی تریشی بەسەرۆکایەتی خۆی بەڕێگای زەمینیدا لە ناوچەی خوارووی بەلوچستانەوە تێپەڕی و گەیشتە بابل.

بەڵام بەرفراوانی سەڵتەنەتەکە، هەر نەیتوانی قایلی بکات، هەرکە گەیشتە بابل دەستی بەخۆ ئامادەکردن کرد، بۆ ئەوەی هێرش بکاتە سەر عەرەبستان. ئەمجارەیان خۆی تووشی نەخۆشی تا هات و هەر لەو سەردەمە، لە تەمەنی ٣٢ ساڵی، لە ساڵی ٣٢٣ی پ. ز کۆچی دوایی کرد. دوای مردنی ئەو، سەڵتەنەتەکەی کەوتە دەستی ژەنەڕاڵەکانی و ئەوانیش دوای چەند جەنگێک و گێرمە و کێشەی دوورودرێژ، لە نێوان خۆیاندا بەشیان کرد.


فەرمانڕەوایی ئەسکەندەر لە بەلوچستان:

١- ئەسکەندەری مەکدۆنی لە ساڵی ٣٣٠ی پ. ز تا ٣٢٣ی پ. ز

---

(*) پەنجاب: لە ساڵی ١٩٤٧ کاتێ وڵاتی هیندستان و پاکستان لە ژێردەستی بەریتانیا ڕزگاریان بوو، پەنجاب دابەش کرایە سەر هیندستان و پاکستان. لەم سەردەمەدا بەشێکی پەنجاب هەرێمێکی پاکستانە و بەشێکیشی هەرێمێکی هیندستانە.

(**) پەتیالە: لەم سەردەمە بەحەیدەر ئاباد دەناسرێت و شارێکی هەرێمی سندی پاکستانە. (وەرگێڕ)



سەڵتەنەتی ئەسکەندەری مەقدۆنی
ساڵی ٣٢٣ی پ. ز



## سیلوکوس یۆنانی جێنشینی ئەسکەندەر

لەسەر دابەشکردنی سەڵتەنەتی ئەسکەندەر، لە نێوان ژەنەڕاڵەکانی شەڕ و ئاژاوە دروست بوو و لە ئەنجامدا سەڵتەنەتەکەیان بەسەر خۆیاندا دابەش کرد.

ژەنەڕاڵ سیلوکوس گەورەترین بەشی ڕۆژهەلاتی سەڵتەنەتەکەی کەوتە ژێر دەسەلات، لەبەر ئەوەی توانی هەموو دوژمنە سیاسییەکانی بشکێنێ، نازناوی (نیکاتور)ی کە بەمانای (سەرکەوتوو) دێت بەدەست هێنا و لە تورکیاوە تا بەلوچستان هاتە ژێر دەسەلاتی. بەلام فەرمانڕەواییەکەی لە بەلوچستان زۆری نەخایاند، لەبەر ئەوەی لە ئەنجامی سەرکەوتنەکانیدا، لەخۆبایی بوو و بێ هیچ بیر و هۆشێک، هێرشی کردە سەر هیندستان. پاشای هیندستان، چەندەر گوپەت مۆریا(*) شکاندی و سیلوکوسیش لە ناچاری بەشێک لە ناوچەی ڕۆژهەلاتی سەڵتەنەتەکەی لەگەڵ بەلوچستان وەکو تاوانی جەنگ دایە چەندەر گوپەت مۆریا. بەم شێوەیە، دوای شەش ساڵ، سیلوکوس فەرمانڕەوایی لە بەلوچستان کۆتایی پێ هات.

جەنگی نێوان ژەنەڕاڵەکان: لە ساڵی ٣٢٣ی پ. ز تا ٣١١ی پ. ز

فەرمانڕەوایی سیلوکوس لە بەلوچستان:

١- سیلوکوس ژەنەڕاڵی یۆنانی لە ساڵی ٣١١ی پ. ز تا ٣٠٥ی پ. ز

## کوردی براخۆیی و یۆنانییەکان

ئێستا دێینە سەر باسی کوردە (براخۆیی)یەکان، با بزانین لە سەردەمی یۆنانییەکاندا، چۆن ژیانیان بەسەر بردووە. دوای داگیرکردنی بەلوچستان لە لایەن یۆنانییەکانەوە، کوردە (براخۆیی)یەکان بەدرێژایی ئەو ماوەیە، بۆ بەدەستهێنانی ئازادی و هاتنە سەر کاری خۆیان، کۆششیان دەکرد. هەرچەندە دوای ڕووخانی سەڵتەنەتی هەخامەنشی، لە یارمەتیدەرە بەهێزەکەیان بێ بەش بووبوون، بەلام تا ڕادەیەک ناوچەی بەلوچستانیان لە ژێر دەسەلاتدا بوو.

سیلوکوس لە ساڵی ٣٠٥ی پ.ز، دوای ئەوەی ناوچەی بەلوچستانی وەکو تاوانی جەنگ دایە پاشای هیندستان چەندەر گوپەت مۆریا، بارودۆخی کوردە (براخۆیی)یەکان

(*) چەندەر گوپەت مۆریا: لە پەرتووکی کوردگال نامەکدا ئەم ناوە بەم چەشنە نووسراوە: چەندەران گوپتان مۆریان. (وەرگێڕ).

بەرەو خراپ بوون دەچوو و پێویستیان بەهەوڵ و تێکۆشانی زیاتر بوو. لەبەر ئەوەی هۆزە سندییەکان (هیندییەکان) دەستیان بەکۆچکردن کردبوو بۆ ناوچەکانی بەلوچستان. ئەمەش بووە هۆی کۆسپێکی گەورە لە بەردەم کوردەکانی توران و مەکران، چونکە ژمارەی هۆزەکان ئەوەندە زۆر بوو کە کوردەکان نەیاندەتوانی بەردەمیان بگرن.

کوردەکان دەستیان کرد بەنەخشە دانان و بڕیاریان دا لە هەموو شوێنێک بەدلێری بەرەنگاری دوژمن ببنەوە و پاشان بکشێنەوە دواوە، کە لە ئەنجامدا هۆزە سندییەکان بەو هەموو ژمارە زۆرەیەشەوە، نەیانتوانی دەست بەسەر هەموو بەلوچستاندا بگرن. جگە لە مەکران و خوارووی ناوەڕاستی بەلوچستان کە دەگاتە توران، ناوچەی سەرووی بەلوچستان هەر لەژێر دەسەڵاتی کوردەکاندا بوو.

## بنەماڵەی مۆریای هیندستان

دوای ئەوەی سیلوکوس بەلوچستانی وەکو تاوانی جەنگ دایە هیندستان، ئەم ناوچەیە هاتە ژێر دەسەڵاتی هیندستان و تا سەردەمی ڕووخانی بنەماڵەی مۆریا لە ساڵی ٢٣٢ی پ. ز فەرمانڕەواییان هەر بەردەوام بوو.

بێ جێ نابێت ئەگەر مێژوویێکی کورتی بنەماڵەی مۆریاش بخەینە بەرچاو. چەندەر گوپەت ئەندامێکی بنەماڵەی نەندا بوو، کە هەڵگری پلەیەکی مەزنی سەربازی بوو. لە سەردەمی هێرشکردنی ئەسکەندەری مەکدۆنی بۆ سەر هیندستان، کۆششێکی زۆری کرد فەرمانڕەوایی (مگدە) بەدەست بهێنێت، بەڵام سەرنەکەوت و چووە سەربازگەی ئەسکەندەر لە پەنجاب. دوای گەڕانەوەی ئەسکەندەر، هێزێکی گەورەی پێک هێنا و پەلاماری وڵاتی مگدەی دا، توانی دوا پاشای بنەماڵەی نەندا لەسەر کار لابەرێ و خۆی دەسەڵاتی وڵاتەکە بگرێتە دەست و بناخەی فەرمانڕەوایی بنەماڵەی مۆریا دابنێت.

ناوی بنەماڵەکەی بەناوی دایکیەوە (مۆرا) ناساند کە خزمەتکارێک بوو. دوای هاتنە سەر کار، توانی (پەنجاب)، (سند)، (مالوا) و ناوچەی سەرووی هیندستان داگیر بکات و خۆی لە ساڵی ٢٩٧ی پ. ز کۆچی دوایی کرد و کوڕەکەی، (بەندوسارا)، بووە بەجێنشینی. بەندوسارا بیست و پێنج ساڵ فەرمانڕەوایی کرد، واتە لە ساڵی ٢٩٧ی پ. ز تا ٢٧٣ی پ. ز دوای (بەندوسارا)، کوڕەکەی، (ئاشوکا) بوو بەجێنشینی، کە پاشایەکی بەناوبانگی بنەماڵەکەیان بوو و دوای مردنی ئەو، سەڵتەنەتی مۆریا بەرەو ڕووخاندن دەچوو، لەبەر ئەوەی جێنشینەکەی (ئاشوکا)، (بیرهاد ڕەتا) پاشایەکی زۆر بێ



هێز بوو، یەکێ لە کاربەدەستانی خۆی توانی بیکوژێ، بناخەی دەسەڵاتداریی بنەماڵەی (مۆریا) هەڵبوەشێنێ و بناخەی بنەماڵەی (سونگا) دابمەزرێنێ.

لە سەردەمی ئەم گۆڕانکارییەی هیندستان، لە ئێران گۆڕانکارییەکی سیاسی بەهێز ڕوویدا، کە سەرداری بنەماڵەی (ئەشکانی)ەکان دوا پاشای بنەماڵەی (سیلوکوس)ی شکاند و توانی سەڵتەنەتی خۆی لە ئێراندا دروست بکات.

یەکەمین پاشای (ئەشکانییەکان)، تیردادی یەکەم بوو، کە مرۆڤێکی زۆر زانا و لێهاتوو بوو، توانی ئەو هەموو ناوچانەی ئێران کە لەژێر دەسەڵاتی دوژمندا بوو لە ساڵی ٢٣٢ی پ. ز ئازادیان بکات و بیخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی.

ئەمەش ناوی پاشاکانی بنەماڵەی مۆریایە کە لە بەلوچستاندا فەرمانڕەواییان کردووە:

| | |
|---|---|
| ١- چەندەر گوپەت مۆریا | لە ساڵی ٣٠٥ی پ. ز تا ٢٩٧ی پ. ز |
| ٢- بەندوسارا | لە ساڵی ٢٩٧ی پ. ز تا ٢٧٣ی پ. ز |
| ٣- ئاشوکا | لە ساڵی ٢٧٣ی پ. ز تا ٢٣٢ی پ. ز |

## باروودۆخی کوردە (براخۆیی)یەکان لە سەردەمی فەرمانڕەوایی بنەماڵەی مۆریا

ئێستا دێینەوە سەر باسی کوردە (براخۆیی)یەکان، هەروەکو لە پێشەوە باس کراوە، لە سەردەمی فەرمانڕەوایی بنەماڵەی مۆریادا، هۆزە سندییەکان توانیان لە ناوچەی مەکرانەوە تا دۆڵی سۆرابی خوارووی ناوەڕاستی توران (بەرزاییەکانی قەلات) داگیر بکەن و ناوچەی سەرووی ئێران، کە لە کۆندا بەکیکانان دەناسرا و ئێستاش بەسەراوان ناودەبرێ، لە ژێر دەسەڵاتی کوردە (براخۆیی)یەکاندا بوو.

هەموو هۆزە کوردەکانی دەوروبەری توران و هەروەها کوردەکانی مەکرانیش، بۆ بەرهەڵستی کردنی هاتنە پێشەوەی زیاتری هۆزە سندییەکان، پێکەوە کۆبوونەوەیەکی بەرفراوانیان کرد، کە تیایدا بڕیاری جەنگیان دا، هەر لەو کاتەشدا کوردەکانی زابلستان و مەکران بۆ هاوکاری کردنیان بەپیریانەوە هاتن و شەڕ لە دۆڵی سۆراب لەگەڵ هۆزە سندییەکان دەستی پێ کرد. لە ئەنجامدا سندییەکان شکان و دوای ئاشتی، بڕیار درا، دۆڵی سۆراب ببێتە سنووری ناوچەی کوردەکان و سندییەکان.

بەم شێوەیە، هاتنە پێشەوەی هۆزە سندییەکان وەستا و کوردە (براخۆیی)یەکان سنووری کیکانانیان (سەراوان) بەناوچەی زابلستانەوە لکاند کە سنووری بەسەرووی تورانەوە لکابوو.

## بنەماڵەی (ئەشکانی)ی ئێران

بنەماڵەی مۆریا لە بەلوچستاندا نزیکەی حەفتا ساڵ فەرمانڕەواییان کرد. دوای ئەم سەردەمە، گۆڕانکاری سیاسی بەسەر بەلوچستاندا هات، کە بۆ کوردە (براخۆیی)یەکان، کارێکی ڕەچاو نەکراو بوو، لەبەر ئەوەی پاشای (ئەشکانی)یەکان دڵی ئەو هەموو هۆزانەیان دایەوە کە لە ڕووی نەژادییەوە بەنزیکی خۆیان دەزانی.

کورد نەتەوەیەکی شەڕکەر و جێی باوەڕ بوو، لەبەر ئەوە ڕێگایان بەهەموو هۆزەکان دا، لە هێزی سەربازی کار بکەن و پلەی گەورەی سەربازییان دا بەگەورەی هۆزەکان. بەم چەشنە، کوردە براخۆییەکان دووبارە بایەخی سیاسییان دەست کەوت و فەرمانڕەوایە (ئەشکانی)یەکان بەرپرسی پارێزگاری کردنی سنوورەکانی خوارووی ڕۆژهەڵاتی سەڵتەنەتی (ئەشکانی)یان پێ سپاردن.

## شاڵاوی تورەیی هۆزە (ساکا)یەکان لە باکورەوە

(ساکا) هۆزێکی کۆچەری جەنگاوەر و خوێنڕێژی ناوچە تەختاییەکانی ناوەڕاستی ئاسیا بوو و لە کەناری دەریا نیشتەجێ بوون. هۆزی یوچی ڕۆژئاوای چین، هێرشی کردە سەریان، ناوچەکەیان لێ داگیرکردن و ئاوارەیان کردن. بەم جۆرە، هێرشی سێلاوئاسای هۆزە یوچییەکان، ئەم کۆچەرە سەرسەختانەی ناچار کرد شوێنی باپیرانیان بەجێ بهێڵن و بۆ دۆزینەوەی شوێنێکی نوێ ڕووبکەنە خواروو و بێنە ناوچەی باختەری ئێران.

زنجیرەی گواستنەوەی (ساکا)یەکان، لە سەردەمی فەرمانڕەوایی پاشای (ئەشکانییەکان «فەرهادی دووەم») کە لە ساڵی ١٣٨ی پ. ز تا ١٢٨ی پ. ز فەرمانڕەوایی کردووە دەستی پێ کرد. بووە هۆی مەترسیی سەڵتەنەتی (ئەشکانی)یەکان. (فەرهادی دووەم) بۆ پاراستنی سەڵتەنەتەکەی بایەخی بەم کێشە دا و بڕیاری بەرەنگاری و لەناوبردنی هێرشی (ساکا)یەکانی دا. ئەم جەنگە تا چەند ساڵێک بەردەوام بوو بەڵام لە ساڵی ١٢٨ی پ. ز ساکایەکان هێزی سەربازی ئەشکانیەکانیان شکاند و فەرهاد خۆی لەم جەنگەدا کوژرا و وەرەی ساکایەکان بەرز بووەوە و چوونە ژوورەوەیان ئاسان بوو.

دوای فەرهاد، ئەردەوانی دووەم بوو بەجێنشینی و بەردەوام بوو لە کۆششی ڕاوەستاندنی هێرشی (ساکا)یەکان، بەڵام ئەویش سەرنەکەوت و لە شەڕێکدا بەدەستی (ساکا)یەکان لە ساڵی ١٢٤ی پ. ز کوژرا.



دوای ئەردەوانیش، مهردادی دووەم هاتە سەر تەخت، کە ژەنەڕاڵێکی زانا و بەئەزموون بوو. ڕەفتاری سەربازی ئەو دژی (ساکا)یەکان گۆڕانکاری بەسەر هەموو شتێکدا هێنا و وانەیەکی سەختی وای دایە (ساکا)یەکان کە هێرشیان بەرەو ئێران وەستا.

(ساکا)یەکان ناچار ئەوێشیان بەجێهێشت و ڕوویان کردە ئەو وڵاتانەی کە بەرهەڵستی کردنیان کەم بوو. بۆیە وەکو لافاو هاتنە ئەفغانستان و ژینگەی نوێیان پێکهێنا.

ژینگەیەکی نوێیان کە کەوتووەتە ڕۆژئاوای ئەفغانستان و بەلوچستان، بۆ ناسینی ناوی نەتەوەییان، ناوچەکە بەسەکستان ناسرا، لە دواییدا لە سەردەمی ئیسلامییەکاندا، عەرەبەکان بە(سەجستان)یان ناساند و لەم سەردەمەشدا بەسیستان دەناسرێ. هەر لەو سەردەمەدا کوردە (براخۆیی)یەکان لە زابلستان (سیستان) چاویان بە(ساکا)یەکان کەوت و لێرەوە هەندێک هۆزی (ساکا)یەکان بەرەو پێش هاتن و هاتنە ناو بەلوچستانەوە. هەندێ مێژوونووس بیروڕایان وایە هۆزی ساجدی کوردە (براخۆیی)یەکان کە لە دۆڵی گریشەی شارۆچکەی خوزدار نیشتەجێن، هۆزی (ساکا)یەکانن و لە دواییدا لەگەڵ کوردە (براخۆیی)یەکاندا تێکەڵاو بوون و بوونە براخۆیی.

مێژوونووسەکان لەم بارەیەوە یەک بۆچوونیان هەیە کە (ساکا)یەکان لەگەڵ خەڵکە خۆماڵییەکاندا بەو شێوەیە تێکەڵاو بوون کە لە دواییدا دۆزینەوەیان ئاسان نەبوو کە کێ (ساکا)یە و کێ خۆمانەیە.

لیستی فەرمانڕەواکانی بنەماڵەی (ئەشکانی) زۆر درێژە، لێرەدا تەنیا ناوی ئەو فەرمانڕەوایانە باس دەکرێ کە لە بەلوچستاندا فەرمانڕەواییان کردووە:

| | |
|---|---|
| ١- تیردادی یەکەم | لە ساڵی ٢٣٢ی پ. ز تا ٢١١ی پ. ز |
| ٢- ئەردەوانی یەکەم | لە ساڵی ٢١١ی پ. ز تا ١٩١ی پ. ز |
| ٣- پرپاتیوس | لە ساڵی ١٩١ی پ. ز تا ١٧٦ی پ. ز |
| ٤- فەرهادی یەکەم | لە ساڵی ١٧٦ی پ. ز تا ١٧١ی پ. ز |
| ٥- مهردادی یەکەم | لە ساڵی١٧١ی پ. ز تا ١٣٨ی پ. ز |
| ٦- فەرهادی دووەم | لە ساڵی ١٣٨ی پ. ز تا ١٢٨ی پ. ز |
| ٧- ئەردەوانی دووەم | لە ساڵی ١٢٨ی پ. ز تا ١٢٤ی پ. ز |
| ٨- مهردادی دووەم | لە ساڵی ١٢٤ی پ. ز تا ٨٨ی پ. ز |
| ٩- گودورزی یەکەم | لە ساڵی ٨٨ی پ. ز تا ٨١ی پ. ز |

| | |
|---|---|
| ١٠– ئەورودی یەکەم | لە ساڵی ٨١ی پ. ز تا ٧٥ی پ. ز |
| ١١– سەنا تورک | لە ساڵی ٧٥ی پ. ز تا ٦٩ی پ. ز |
| ١٢– فەرهادی سێیەم | لە ساڵی ٦٩ی پ. ز تا ٥٨ی پ. ز |
| ١٣– مهردادی سێیەم | لە ساڵی ٥٨ی پ. ز تا ٥٥ی پ. ز |
| ١٤– ئەورودی دووەم | لە ساڵی٥٥ی پ. ز تا ٣٦ی پ. ز |
| ١٥– فیروزی یەکەم | لە ساڵی ٣٦ی پ. ز هەر ئەو ساڵ مرد |
| ١٦– فەرهادی چوارەم | لە ساڵی ٣٦ی پ. ز تا ٢٥ی پ. ز |
| ١٧– تیردادی دووەم | لە ساڵی ٢٥ی پ. ز تا ٢ی پ. ز |
| ١٨– فەرهادی پێنجەم | لە ساڵی ٢ی پ. ز تا ٤ی.ز |
| ١٩– ئەورودی سێیەم | لە ساڵی ٤ی. ز تا ٧ی. ز |
| ٢٠– ئەنوش | لە ساڵی ٧ی. ز تا ١٢ی. ز |
| ٢١– ئەردەوانی سێیەم | لە ساڵی ١٢ی. ز تا ٣٨ی. ز |
| ٢٢– تیردادی سێیەم | لە ساڵی ٣٨ی. ز هەر ئەو ساڵ مرد |
| ٢٣– گودورزی دووەم | لە ساڵی ٣٨ی. ز تا ٤٨ی. ز |
| ٢٤– واردانی یەکەم | لە ساڵی ٤٨ی. ز تا ٥١ی. ز |

## هاتنی هۆزی (کۆشانی)ی ناوەڕاستی ئاسیا

تا سەردەمی بیست و چوارەمین پاشای (ئەشکانی)یەکان، واردان، بەلوچستان لە ژێر دەسەڵاتی سەڵتەنەتی (ئەشکانی)یەکاندا بوو، لەبەرئەوەی لە سەردەمی فەرمانڕەوایی وارداندا، تیرەی (کۆشانی)، کە شاخێکی هۆزی یوچی ناوەڕاستی ئاسیایە، شوێنی خۆیان گۆڕی و بەرەوخوار کەوتنە ڕێ. هەندێ ناوچەی ئاسیا: (ختوتەن)، (یارقەند)، (سەمەرقەند) و (قاشفەر)یان داگیر کرد. سەرداری ئەم تیرەیە، (کەجولا کەدفیزای یەکەم)، دوای بەهێزکردنی حکومەتی لەم ناوچانەدا، چیای هیندوکەشی تێپەڕاند و ئەفغانستانی داگیرکرد، پاشان دووبارە بەرەو خواروو کەوتەڕێ و بەلوچستانی داگیر کرد. دوابەدوای بەلوچستانیش، هێرشی کردە سەر هیندستان و توانی بەشی سەرووی هیندستان: (کشمیر) و (پەنجاب) بهێنێتە ژێر دەسەڵاتی خۆی.

ئەم بنەماڵەیە، لەسەر سەڵتەنەتی (کۆشانی)، لە ساڵی ٥١ی.ز تا ساڵی ٢٢٧ی. ز



فەرمانڕەواییان کرد. دوای (کەجولا کەدفیزای یەکەم)، کوڕەکەی، (ویما کەدفیزای دووەم) بوو بەجێنشین و دوای ئەویش، (کەنیشکا) هاتە سەر تەختی سەڵتەنەت کە سێیەمین و بەناوبانگترین پاشای ئەم بنەماڵەیە بوو. (کەنیشکا) لە ساڵی ١٦٢ی. ز کۆچی دوایی کرد و کوڕەکەی، (هۆشیکا) بوو بەپاشا. دوای مردنی (هۆشیکا)، کوڕەکەی (واسودیوا) لە ساڵی ١٨٢ی.ز.دا هاتە سەر تەختی فەرمانڕەوایی و لە سەردەمی ئەمدا، نیشانەی ڕووخان لە سەڵتەنەتی کۆشانیدا پەیدا بوو، ڕووخانی بنەماڵەی (ئەشکانی)یەکانی ئێران بەدەستی بنەماڵەی (ساسانی)، بناخەی سەڵتەنەتی (کۆشانی) زیاتر هەڵوەشاندەوە و بووە هۆی پارچە پارچە بوونی سەڵتەنەتەکە.

ئەمەش ناوی فەرمانڕەواکانی بنەماڵەی (کۆشانی)یە کە لە بەلوچستاندا فەرمانڕەواییان کردووە:

| | |
|---|---|
| ١– کەجولا کەدفیزای یەکەم | لە ساڵی ٥١ی. ز تا ٧٨ی. ز |
| ٢– ویما کەدفیزای دووەم | لە ساڵی ٧٨ی. ز تا ١٢٨ی. ز |
| ٣– کەنیشکا | لە ساڵی ١٢٨ی. ز تا ١٦٢ی. ز |
| ٤– هۆشیکا | لە ساڵی ١٦٢ی. ز تا ١٨٢ی. ز |
| ٥– واسودیوا | لە ساڵی ١٨٢ی. ز تا ٢٢٧ی. ز |

## بنەماڵەی (ساسانی)ی ئێران

کاتێ (ساسانی)یەکان بنەماڵەی (ئەشکانی)یەکانیان لە ساڵی ٢٢٧ی. ز.دا ڕووخاند و سەڵتەنەتی ئێران کەوتە ژێر دەسەڵاتیان، (ئەردەشێر) کە یەکەم پاشای ئەم بنەماڵەیە بوو، سوودی لەو بارودۆخە نائارامییەی سەڵتەنەتی (کۆشانی) وەرگرت و توانی دەست بەسەر ناوچەکانی ڕۆژئاوای سەڵتەنەتەکەیان: ئەفغانستان و بەلوچستاندا بگرێت و فەرمانڕەوایی (کۆشانی)یەکان تەنیا لە هیندستاندا مایەوە.

مێژوویێکی کورتی ئەم بنەماڵەیە بەم شێوەیە: (ئەردەشێر) کوڕی (پاپک) پاشای (ساسانی)یەکان و باجدەری ئیمپراتۆری (ئەشکانی)یەکان بوو، کە دژی دەسەڵاتداریەتی (ئەشکانی)یەکان یاخی بوو، لە ساڵی ٢٢٧ی. ز.دا لە جەنگی ئەهواز سەرکەوتنی بەسەریاندا هێنا. دوای ئەو شکاندنەی دوا پاشای بنەماڵەی (ئەشکانی)یەکان ئەردەوانی پێنجەم، ئەردەشێر خۆی هاتە سەر تەختی فەرمانڕەوایی ئێران و بناخەی بنەماڵەی

ساسانی دانا. ئەم بنەماڵەیە ناوی باپیرە گەورەیان (ساسان)یان هەڵبژارد کە خۆیان بەنەوەی (هەخامەنش) دەزانی.

فەرمانڕەوایی (ساسانی)یەکان لە بەلوچستاندا تا سەردەمی فەرمانڕەوایی (خەسرو پەروێز) بەردەوام بوو کە بیست و چوارەمین پاشای بنەماڵەکە بوو. لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ئەمدا، ناکۆکییەکی زۆر لە نێوان بنەماڵەی (ساسانی)دا پەیدا بوو و بووە هۆی هەڵوەشاندنەوەی بناخەی سەڵتەنەتی (ساسانی).

بەهۆی باری ئاڵۆزی ئێران لەو سەردەمە، فەرمانڕەوای سند، (رایێ سهارس) سوودی لەم یەک نەگرتنەی بنەماڵەی (ساسانی)یەکان وەرگرت و هەردوو ناوچەی بەلوچستان: توران و مەکرانی داگیر کرد. بەم شێوەیە بەلوچستان دووبارە بوو بەبەشێکی هیندستان.

ئەمەش ناوی پاشاکانی (ساسانی)یەکانە کە لە بەلوچستاندا فەرمانڕەواییبیان کردووە:

| | |
|---|---|
| ١- ئەردەشێری یەکەم | لە ساڵی ٢٢٧ی. ز تا ٢٤٠ی. ز |
| ٢- شاهپور | لە ساڵی٢٤٠ی. ز تا ٢٧١ی. ز |
| ٣- هورموزی یەکەم | لە ساڵی ٢٧١ی. ز تا ٢٧٢ی. ز |
| ٤- بەهرامی یەکەم | لە ساڵی ٢٧٢ی. ز تا ٢٧٥ی. ز |
| ٥- بەهرامی دووەم | لە ساڵی ٢٧٥ی. ز تا ٢٨٢ی. ز |
| ٦- بەهرامی سێیەم | لە ساڵی ٢٨٢ی. ز هەر ئەو ساڵ مرد یان لابرا. |
| ٧- هورموزی دووەم | لە ساڵی ٢٨٢ی. ز تا ٢٩٣ی. ز |
| ٨- نارسس | لە ساڵی ٢٩٣ی. ز تا ٣٠١ی. ز |
| ٩- هورموزی سێیەم | لە ساڵی ٣٠١ی. ز تا ٣٠٩ی. ز |
| ١٠- شاهپوری دووەم | لە ساڵی ٣٠٩ی. ز تا ٣٧٩ی. ز |
| ١١- ئەردەشێری دووەم | لە ساڵی ٣٧٩ی. ز تا ٣٨٣ی. ز |
| ١٢- شاهپوری سێیەم | لە ساڵی ٣٨٣ی. ز تا ٣٨٨ی. ز |
| ١٣- بەهرامی چوارەم | لە ساڵی ٣٨٨ی. ز تا ٣٩٩ی. ز |
| ١٤- یەزد کوردی یەکەم | لە ساڵی ٣٩٩ی. ز تا ٤٢٠ی. ز |
| ١٥- بەهرامی پێنجەم | لە ساڵی ٤٢٠ی. ز تا ٤٤٠ی. ز |
| ١٦- یەزد کوردی دووەم | لە ساڵی ٤٤٠ی. ز تا ٤٥٧ی. ز |



| | |
|---|---|
| ١٧- فیروز | لە ساڵی ٤٥٧ی. ز تا ٤٨٣ی. ز |
| ١٨- بەلاس | لە ساڵی ٤٨٣ی. ز تا ٤٨٧ی. ز |
| ١٩- قوبادی یەکەم | لە ساڵی ٤٨٧ی. ز تا ٤٩٨ی. ز (یەکەم فەرمانڕەوایی) |
| ٢٠- تەهماسب | لە ساڵی ٤٩٨ی. ز تا ٥٠١ی. ز |
| ٢١- قوبادی یەکەم | لە ساڵی ٥٠١ی. ز تا ٥٣١ی. ز (دووەم فەرمانڕەوایی) |
| ٢٢- نوشیروان | لە ساڵی ٥٣١ی. ز تا ٥٧٩ی. ز |
| ٢٣- هورموزی چوارەم | لە ساڵی ٥٧٩ی. ز تا ٥٩٠ی. ز |

## بنەماڵەی رایێی سند

هەروەکو باس کراوە، (رایێ سهارس) سوودی لە بارودۆخی سیاسی بێ توانایی سەڵتەنەتی (ساسانی)ی ئێران وەرگرت، لە ساڵی ٥٨٥ی زایینیدا، بەلوچستانی داگیر کرد و ناوچەی توران و مەکرانی لکاند بەوڵاتەکەی خۆیەوە. دوای ئەو، (رایی ساهسی) بوو بەپاشا و کاتێ بەوجاخ کوێری کۆچی دوایی کرد، وەزیری گەورەی خۆی (رایێ چەچ) بەپشتیوانی ڕانی(*) لە ساڵی ٦٢٣ی. ز بوو بەفەرمانڕەوای سند.

بەپێی پەرتووکی چەچ نامە، لە سەردەمی فەرمانڕەوایی چەچ، بەڕێوەبەرایەتی ئێران، لە دوای مردنی (کیسرا) کوڕی (هورموز)، کەوتە دەستی ئافرەتێک و ئێران کەوتە بارودۆخێکی تەنگانە. بۆیە (رایێ چەچ) بڕیاری دا بچێت بۆ مەکران، بۆ ئەوەی سنووری ڕۆژئاوای وڵاتەکەی بەکرمانەوە بلکێنێت. (رایێ چەچ) بەرەو مەکران کەوتە ڕێ تا گەیشتە پایتەختەکەی کەفتربور (پەنجگور) بوو. لێرە چەند ڕۆژێک پشووی دا، قەڵایەکیان چاک کردەوە، ئینجا بەرەو کرمان کەوتە ڕێ و لە تەنیشت ڕووبارێک وەستان کە بەنێوان کرمان و مەکراندا تێدەپەڕی. لە تەنیشت ڕووبارەکە، ژمارەیەکی زۆری دارخورمای چاند، سنووری دەستنیشان کرد و تابلۆیەکی چەقاند کە لەسەر نووسرا بوو:

«ئێرە سنووری هیندە لە سەردەمی چەچ کوڕی سیلایج کوڕی بسابن. ئێستا ئەم سنوورە لە ژێر دەسەڵاتی ئێمەدایە».

(*) رانی: لە زمانی ئورد و بەشازادەی کچ دەڵێن رانی. (وەرگێڕ)

دوای مردنی (چەچ)، برایەکەی، (رایێ چەندەر) لە ساڵی ٦٧٢ی.ز هاتە سەر تەخت. لەو سەردەمەدا، داگیرکردنی ئێران بەدەستی (حەزرەتی عومەر) کە دووەمین خەلیفەی ئیسلام بوو و لە ساڵی ٦٣٤ی.ز تا ٦٤٤ی.ز لەسەر تەختی خیلافەت لەسەر کار بوو، کۆتایی پێ هاتبوو. دوای مردنی حەزرەتی عومەر، (حەزرەتی عوسمان) لە ساڵی ٦٤٤ی. ز هاتە سەر تەختی خیلافەت. لە سەردەمی خیلافەتی ئەمدا، سەربازە ئیسلامییەکان، بەشی مەکرانی بەلوچستانیان داگیر کرد. (حەزرەتی عوسمان) لە ساڵی ٦٤٤ی.ز تا ٦٥٦ی.ز فەرمانڕەوایی کرد و دوای ئەو، (حەزرەتی عەلی) لە ساڵی ٦٥٦ی.ز بوو بەخەلیفە. لە سەردەمی ئەمدا، لەشکری ئیسلام هێرشیان کردە سەر ناوچەکانی تری بەلوچستان، بەڵام سەرنەکەوتن.

دوای مردنی (حەزرەتی عەلی)، (ئەمیر مەعاویە) لە ساڵی ٦٦٠ی.ز دەبێتە خەلیفەی ئیسلام و لە سەردەمی ئەمدا، کە لە ساڵی ٦٦٠ی.ز تا ٦٨٠ی زایینی فەرمانڕەوایی کردووە، توانیان ناوچەی تورانی بەلوچستان داگیر بکەن و بیخەنە ژێر دەسەڵاتی ئیسلامەوە. بەم شێوەیە، هەموو بەلوچستان هاتە ژێر دەسەڵاتی ئیسلامەوە و بەلوچستانیان کردە سەربازگەیەک بۆ جەنگ دژی ڕۆژئاواییەکان.

لە دەست دەرچوونی ناوچەی بەلوچستان بۆ برای (چەچ)، (رایێ چەندەر) زیانێکی زۆر گەورە بوو و ناچار بوو قایل بێت بەو ناوچانەی تر کە لە ژێر دەسەڵاتیدا مابوونەوە، لەبەر ئەوەی توانای بەرەنگاربوونەوەی هێزی ئیسلامی نەبوو. هەر لەو نائومێدییەدا کۆچی دوایی کرد و برازاکەی، راجە داهر، هاتە سەر تەختەکەی.

ئەمەش ناوی فەرمانڕەواکانی بنەماڵەی (رایێ)یە کە لە بەلوچستاندا فەرمانڕەواییان کردووە:

| | |
|---|---|
| ١- رایێ سهارس | لە ساڵی ٥٨٥ی. ز تا ٦٠٠ی. ز |
| ٢- رایێ ساهسی | لە ساڵی ٦٠٠ی. ز تا ٦٢٣ی. ز |
| ٣- رایێ چەچ | لە ساڵی ٦٢٣ی. ز تا ٦٧٢ی. ز |
| ٤- رایێ چەندەر | لە ساڵی ٦٧٢ی. ز تا ٦٨٠ی. ز |



## دەرکەوتنی ئیسلام

ئیسلام لە شاری مەککەی عەرەبستان پەیدا بوو، لە ساڵی ٥٧٠ی. ز.دا لە هۆزی قورەیشییەکان، لە خێزانی عەبدولموتەلیب هاشمی کە خاوەنی مەککە بوو، کوڕێک هاتە دنیاوە و ناویان نا (محەممەد). لە تەمەنی چل ساڵیدا، حەزرەتی محەممەد درودی خوای لەسەر بێت، مژدەی لە لایەن خواوە بۆ هات کە دەبێتە پەیامبەر. دوای سێ ساڵ لە ساڵی ٦١٠ی.ز، لە لایەن خواوە فەرمانی درایێ کە پڕوپاگەندەی تەنیایی خوا بکات. بەهۆی وتەکانی، نارێکی کەوتە ناو ئاینە کۆنەکان، خەڵکە بەهێز و دەوڵەمەندەکان تووڕە بوون و دەستیان کرد بەئازاردانی پەیامبەر و هاوڕێکانی.

پڕوپاگەندەی حەزرەتی محەممەد (د)، کاری لە خەڵکی یەسرب (مەدینە) کرد و لەسەر بانگهێشتنی ئەوان، (حەزرەتی محەممەد) و هاوڕێکانی لە ساڵی ٦٢٢ی. ز کۆچیان بۆ یەسرب کرد. لەو کاتە تەمەنی پیرۆزی ٥٢ ساڵ بوو و هەر لەو ساڵەوە ساڵی ئیسلامی دەست پێ دەکات کە پێی دەڵێن کۆچی (هجری).

لە سەردەمی ژیانی دە ساڵەی یەسرب، شەو و ڕۆژ پڕوپاگەندەی دەکرد و کۆششی دەکرد موسڵمانەکان بکاتە کۆمەڵێکی یەکگرتوو. دوای ئەو سەرکەوتنە، هەزارەها عەرەب ئەم کۆمەڵەیان هەڵبژارد و عەرەبستان بوو بەوڵاتێکی ئیسلامی. حەزرەتی محەممەد (د) لە ساڵی ٦٣٢ی. ز کۆچی دوایی کرد و حەزرەتی بەکر خوا لێی خۆش بێت بوو بەجێنشینی و مژدەی پەیامبەری، بەهەموو شوێنێک ڕاگەیاند.

١- لەدایک بوونی حەزرەتی محەممەد ٥٧٠ی. ز
٢- مژدەی پەیامبەرایەتی ٦١٠ی. ز
٣- کۆچکردنی بۆ یەسرب ٦٢٢ی. ز
٤- سەرکەوتنی مەککە ٦٣٠ی. ز
٥- کۆچی دوایی ٦٣٢ی. ز

## سەرکەوتنی موسڵمانە عەرەبەکان

هەروەکو باس کراوە، دوای مردنی (حەزرەتی محەممەد) (د)، (حەزرەتی بەکر) بوو بەجێنشینی، بەڵام بۆ ماوەیەکی کەم، واتە دوو ساڵ و چەند مانگێک لەسەر بەرپرسییەکەی بەردەوام دەبێت و لە ساڵی ٦٣٤ی. ز کۆچی دوایی کرد. لەو ماوە کەمەی

دەسەڵاتدارێتیدا، وڵاتی ئیسلامی تازە پەیدابووی لەسەر بناخەیەکی پتەودا دامەزراند. دوای ئەو، (حەزرەتی عومەر) بوو بەجێنشینی کە تا دە ساڵ دەسەڵاتدار بوو لەسەر تەختی خیلافەت، واتە لە ساڵی ٦٣٤ی. ز تا ٦٤٤ی. ز. لەم ماوەیەدا، وڵاتێکی زۆری خستە ژێر ئاڵای ئیسلامەوە.

دوای داگیرکردنی ئێران، (عەرەب) لە بەلوچستان بەدیار کەوتن، فەرمانڕەوایی بنەماڵەی (رایێ)ی هیندەکان بەرەو ڕووخاندن دەچوو، نیوەی ناوچەی بەلوچستان هەر لە سەردەمی (حەزرەتی عومەر)دا داگیر کرابوو و باقی ناوچەکەش لە ژێر دەسەڵاتی بنەماڵەی (رایێ)دا بوو. (حەزرەتی عوسمان) بوو بەجێنشینی (حەزرەتی عومەر) و لە سەردەمی فەرمانڕەوایی خۆیدا، بەشی مەکرانی بەلوچستانی کرد بەسەربازگەیەک بۆ پەرەپێدانی بزووتنی زیاتر بەرەو ڕۆژهەڵات. کاتێ (حەزرەتی عەلی) لە ساڵی ٦٥٦ی. ز بوو بەجێنشینی (حەزرەتی عوسمان)، دەستەیەکی پاسەوانی سەربازیی بۆ ئەو ناوچانەی بەلوچستان نارد کە لە ژێر دەسەڵاتی ئیسلام نەبوون، واتە ناوچەی (توران)، (کیکانان)، (ئەرمابیل) و (بودها)، بۆ ئەوەی سەیری بارودۆخی ئەوێ بکەن، زانیاری کۆ بکەنەوە و ئەگەر توانیان دەست بەسەر ناوچەکاندا بگرن، بەڵام ئەم دەستەیە، بەهۆی مردنی (حەزرەتی عەلی) لە ساڵی ٦٦٠ی. ز، لە مەبەستەکەیاندا سەرنەکەوتن.

دوای (حەزرەتی عەلی)، (ئەمیر مەعاویە) بوو بەجێنشینی کە لە ساڵی ٦٦٠ی. ز تا ٦٨٠ی. ز فەرمانڕەوایی کرد. لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ئەودا، هێرشیان کردە سەر ناوچە داگیرنەکراوەکانی تری بەلوچستان و سەرکەوتن. بەم شێوەیە، هەموو ناوچەی بەلوچستان، هاتە ژێر دەسەڵاتی ئیسلامەوە و بوو بەبەشێکی سەڵتەنەتی ئیسلامی.

دوای مردنی حەزرەتی عەلی، زنجیرەی خیلافەتی خەلیفەکانی ڕاشیدین کۆتایی پێ هات و لە شوێنی ئەمان، پاشایەتی بنەماڵەی بەنی ئومەییە دەستی پێ کرد، کە تیرەیەکی هۆزی قورەیش بوون. یەکەم خەلیفەی ئەم بنەماڵەیە، ئەمیر مەعاویە بوو.

ئەمەش ناوی خەلیفەکانی ڕاشیدینە کە لە سەردەمی خیلافەتیان لە هەندێک ناوچەی بەلوچستان فەرمانڕەواییان کردووە:

| | |
|---|---|
| ١- حەزرەتی عومەر | لە ساڵی ٦٣٤ی. ز تا ٦٤٤ی. ز |
| ٢- حەزرەتی عوسمان | لە ساڵی ٦٤٤ی. ز تا ٦٥٦ی. ز |
| ٣- حەزرەتی عەلی | لە ساڵی ٦٥٦ی. ز تا ٦٦٠ی. ز |



## سەردەمی ئیسلامی بنەماڵەی (بەنی ئومەییە)

کاتێ بەلوچستان بوو بەبەشێکی سەڵتەنەتی ئیسلامی، (ئەمیر مەعاویە) کە ڕێکخەرێکی چاک بوو، بایەخی تایبەتیی دایە بەڕێوەبەرایەتی ئەم ناوچەیە، ئەفسەری لێهاتووی لە بەلوچستاندا دیاری کرد و دەسەڵاتی فراوانی دایە دەستیان.

(ئەمیر مەعاویە) بەلەبەرچاوگرتنی نشینگەی تایبەتی و ساختی جوگرافیایی سروشتی، ناوچەی بەلوچستانی وەکو سەربازگەیەک هەڵبژارد، بۆ جەنگی تر بەرەو ڕۆژهەڵات و هەروەها لە ڕووی بەڕێوەبەرایەتییەوە، بەڕێوەبەری ناوچەیی هەردوو ناوچە کۆنەکەی واتە مەکران و تورانی هێشتەوە.

ئەمەش ناوی خەلیفەکانی بنەماڵەی (بەنی ئومەییە)یە کە لە بەلوچستاندا فەرمانڕەواییان کردووە:

| | |
|---|---|
| ١- ئەمیر مەعاویە | لە ساڵی ٦٦٠ی. ز تا ٦٨٠ی. ز |
| ٢- یەزیدی یەکەم | لە ساڵی ٦٨٠ی. ز تا ٦٨٣ی. ز |
| ٣- مەعاویەی دووەم | لە ساڵی ٦٨٣ی. ز هەر ئەو ساڵ مرد یا لابرا. |
| ٤- مەروانی یەکەم | لە ساڵی ٦٨٣ی. ز تا ٦٨٥ی. ز |
| ٥- عەبدولمەلیک | لە ساڵی ٦٨٥ی. ز تا ٧٠٥ی. ز |
| ٦- وەلیدی یەکەم | لە ساڵی ٧٠٥ی. ز تا ٧١٥ی. ز |
| ٧- سولێمان | لە ساڵی ٧١٥ی. ز تا ٧١٧ی. ز |
| ٨- عومەری کوڕی عەبدولعەزیز | لە ساڵی ٧١٧ی. ز تا ٧٢٠ی. ز |
| ٩- یەزیدی دووەم | لە ساڵی ٧٢٠ی. ز تا ٧٢٤ی. ز |
| ١٠- حوشام | لە ساڵی ٧٢٤ی. ز تا ٧٤٣ی. ز |
| ١١- وەلیدی دووەم | لە ساڵی ٧٤٣ی. ز تا ٧٤٤ی. ز |
| ١٢- یەزیدی سێیەم | لە ساڵی ٧٤٤ی. ز هەر ئەو ساڵ مرد یا لابرا. |
| ١٣- مەروانی دووەم | لە ساڵی ٧٤٤ی. ز تا ٧٥٠ی. ز |

## سەردەمی ئیسلامی بنەماڵەی (بەنی عەباس)

(بەنی ئومـەییـە) و (بەنی عـەباس) ئامـۆزا بنەمـاڵـە بوون و هەردووکـیـان داواکـاری دەسەڵاتی خیلافەت بوون. دوای مردنی (حەزرەتی عەلی)، (ئەمیر مەعاویە) لە وەرگرتنی تەختی خیـلافـەت سـەرکەوت. ئەم ڕووداوە زیانێکی سـەختی گـەیاندە (بەنی عـەباس)، لەبەر ئەوەی لە ڕووی سیاسییەوە بێ توانا بوون، سەرۆکەکەیان نەیتوانی دەسەڵات بگرێتە دەست، بەڵام لایەنگری هەر مابوو.

لە سـەردەمی فـەرمانڕەوایی یەزیدی دووەم (٧٢٠-٧٢٤)، کوڕەزای مـامی (حـەزرەتی محەمەد «د»)، حەزرەتی عـەباس کە ئەویش ناوی (محەمەد) بوو، لەمەڕ حەقی میراتی بنەماڵەی هاشمی قوڕەیش ڕایگەیاند ئەو میراتگری ڕاستی جێنشینی پەیامبەری ئیسلام (حەزرەتی محەمەد)ە.

(مـحـەمـەد) و لایەنگرەکـانی کـە هەمـان داوایان هەبوو، بەدەسـتی (یەزیدی دووەم) کوژران، بەڵام لە ئێران و عێراق لایەنگری بێ ژمارەی ئەم داوایە پەیدابوون.

(وەلیدی دووەم) (٧٤٣ز تا ٧٤٤ز) و (یەزیدی سێیەم) (٧٤٤ز) یەک لە دوای یەک هاتنە سـەر تەختی خیلافـەت و لە ئەنجامی نارێکی و کاری خراپی ئەم فـەرمـانڕەوایانە، داواکاری (بەنی عەباس) پەرەی سەند و لایەنگری زیاتر بوو.

دوای (یەزیدی سێیەم)، (مەروان) بوو بەجێنشین، کە دوا خەلیفەی بنەماڵەی (بەنی ئومەییە) بوو و لە سەردەمی خیلافەتی ئەمدا، داواکاری بەنی عەباس ئەوەندە بەهێز بوو کە لە هەمـوو خیـلافـەتی ئیـسلامـیدا شـەپۆلی ناڕەزایی و بێ ئارامی هەست پێ کـرا. (مـــەروان) بۆ ئارام کـــردنی ئەم بارودۆخـــە، بڕیاری دا بەهێـــز تێکیـــان بشکێنێ و بەلەشکرێکی زۆرەوە هێـرشی کـردە سـەر قـەڵای (بەنی عـەباس) کـە کـەوتبـووە کـەناری دەریای زاب. شەڕ دەستی پێ کرد و دوای جەنگێکی سەخت، هێرشهێنەر (مەروان) شکا و دوژمنەکـانی کـەوتنە شـوێنی و خـۆی و سـەرکـردەکـانی و بنەمـاڵـەکـەیان لەت لەت کـرد، خەلیفایەتی (ئەبولعەباس)یان ڕاگەیاند کە یەکەم خەلیفەی ئەم بنەماڵەیە بوو و نازناوی (ئەلسەفاح) بەمانای تۆڵەسێنی وەرگرت و هاتە سەر تەختی خیلافەت.

بەهۆی ئەم گـۆڕانکارییـە بنەمـاڵـەییـیـە، گـۆڕانکاری بەسـەر دەست بەسـەرداگـرتنی بەلوچسـتـانیش داهات. بەڵام هیچ گۆڕانکارییـەکی تایبـەت بەسـەر یاسـای حکوومـەتی بەلوچستاندا نەهات، جگە لە دەرکردنی دادگەرەکانی بنەماڵەی بەنی ئومەییە.



لە سەردەمی خەلیفەی عەباسی (متەوەکەل) (٨٤٧ز تا ٨٦١ز)دا، لە ناو خیلافەتی (عەباسی)دا ڕاپەڕینی ویلایەتە نیو سەربەخۆکان دەستی پێ کرد و چەند ویلایەتێکی ئەم جۆرە دروست بوون، وەکو: تاهیری (٨٢٠ز تا ٨٧٢ز) و سامانی (٨٧٤ز تا ٩٩٩ز)، کە گـوێی پێ نەدان و ویلایەتی بواهد (٩٣٢ز تا ١٠٥٥ز)، غـەزنەوی (٩٦٢ز تا ١١٧٥ز) و سـەلجـوق (١٠٣٥ز تا ١١٥٧ز) هاتنە کـار و بوونە هۆی ڕووخـاندنی سـەڵتـەنەتی عەباسی.

لە سـەردەمی بیـست و پێنجـەمین خەلیـفـەی (عـەباسی)، (قـادر باالله)، کە لە سـاڵی ٩٩١ی. ز تا ١٠٣١ی.ز فەرمانڕەوایی کردووە، بەڕێوەبەری بەلوچستان ڕاستەوخۆ لە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی خیلافەت بوو. لەم ماوەیەدا، (سوبەکتگین) لە (غـەزنی) فەرمانڕەوایی خۆی پێکهێنا، دوای ئەو، کوڕەکەی خۆی، (مەحموود) بوو بەجێنشینی، لە ساڵی ٩٩٧ی. ز ئەفسەرەکانی خەلیفەی (عەباسی) دەرکرد و بەلوچستانی هێنایە ژێر دەسەڵاتی خۆی.

ئەمـەش ناوی خـەلیـفـەکـانی بنەمـاڵەی (عـەباسی)یە کـە ڕاسـتـەوخـۆ لە ناوچەکـانی بەلوچستان فەرمانڕەواییان کردووە. درێژەی ناوەکانیان بەم شێوەیە:

| | |
|---|---|
| ١- ئەبولعەباس ئەلسەفاح | لە ساڵی ٧٥٠ی. ز تا ٧٥٤ی. ز |
| ٢- مەنسوور | لە ساڵی ٧٥٤ی. ز تا ٧٥٥ی. ز |
| ٣- مەهدی | لە ساڵی ٧٥٥ی. ز تا ٧٨٥ی. ز |
| ٤- هادی | لە ساڵی ٧٨٥ی. ز هەر ئەو ساڵ مرد یان لابرا. |
| ٥- هارون | لە ساڵی ٧٨٥ی. ز تا ٨٠٩ی. ز |
| ٦- ئەمین | لە ساڵی ٨٠٩ی. ز تا ٨١٣ی. ز |
| ٧- مامون | لە ساڵی ٨١٣ی. ز تا ٨٣٣ی. ز |
| ٨- موعتەسەم باالله | لە ساڵی ٨٣٣ی. ز تا ٨٤٢ی. ز |
| ٩- واسق باالله | لە ساڵی ٨٤٢ی. ز تا ٨٤٧ی. ز |
| ١٠- موتەوەکل علی الله | لە ساڵی ٨٤٧ی. ز تا ٨٦١ی. ز |
| ١١- مونتەسر باالله | لە ساڵی ٨٦١ی. ز تا ٨٦٢ی. ز |
| ١٢- مستعین | لە ساڵی ٨٦٢ی. ز تا ٨٦٦ی. ز |
| ١٣- موعتەز باالله | لە ساڵی ٨٦٦ی. ز تا ٨٦٩ی. ز |

| | |
|---|---|
| ١٤- موعتەدی باالله | لە ساڵی ٨٦٩ی. ز تا ٨٧٠ی. ز |
| ١٥- موعتەمد باالله | لە ساڵی ٨٧٠ی. ز تا ٨٩٢ی. ز |
| ١٦- موعتەزد باالله | لە ساڵی ٨٩٢ی. ز تا ٩٠٢ی. ز |
| ١٧- موکتەفی باالله | لە ساڵی ٩٠٢ی. ز تا ٩٠٨ی. ز |
| ١٨- موقتەدر باالله | لە ساڵی ٩٠٨ی. ز تا ٩٣٢ی. ز |
| ١٩- قاهر باالله | لە ساڵی ٩٣٢ی. ز تا ٩٣٣ی. ز |
| ٢٠- ڕازی باالله | لە ساڵی ٩٣٣ی. ز تا ٩٤٠ی. ز |
| ٢١- موتەقی باالله | لە ساڵی ٩٤٠ی. ز تا ٩٤٤ی. ز |
| ٢٢- موستەکفا باالله | لە ساڵی ٩٤٤ی. ز تا ٩٤٥ی. ز |
| ٢٣- موتیع باالله | لە ساڵی ٩٤٥ی. ز تا ٩٧٤ی. ز |
| ٢٤- تایع الله | لە ساڵی ٩٧٤ی. ز تا ٩٩١ی. ز |
| ٢٥- قادر باالله | لە ساڵی ٩٩١ی. ز تا ١٠٣١ی. ز |

### بنەماڵەی غەزنەوی

دوا پاشای بنەماڵەی (عەباسی) قادر باالله بوو، هەر لە سەردەمی ئەمدا، بنەماڵەی (غەزنەوی) لە بەلوچستاندا لەسەر کار بوون.

فەرمانڕەوایی پاشاکانی (غەزنەوی) لە بەلوچستاندا ئەو کاتە کەوتە دەستی بنەماڵەی (غۆری) کە (موعازەدین محەمەد) لە ساڵی ١١٧٣ی. ز دەسەڵاتی (غەزنەوی) کۆتایی پێ هێنا و خۆی داگیری کرد.

ناوی پاشاکانی (غەزنەوی) کە لە ناوچەی بەلوچستاندا فەرمانڕەوایییان کردووە:

| | |
|---|---|
| ١- مەحموود غەزنەوی | لە ساڵی ٩٩٧ی. ز تا ١٠٣٠ی. ز |
| ٢- مەسعود غەزنەوی | لە ساڵی ١٠٣٠ی. ز تا ١٠٤٠ی. ز |

### بنەماڵەی (سەلجوق)

لە پەرتووکە مێژووییەکاندا ڕوون دەبێتەوە، دوای مردنی (محەمەد غۆری)، جێنشینەکەی، (قوتبەدین ئەیبەک) پایتەختی لە (غۆر)ەوە گواستەوە دێهلی و لە هیندستاندا بناخەی یەکەمین وڵاتی ئیسلامی دانا. خۆی و جێنشینەکەی، لە ئیشوکاری ئەم سەڵتەنەتە تازە دامەزراوەدا، زۆر سەرقاڵ بوون کە ئەوەندە کاتەیان دەست نەدەکەوت



لە چاودێری مامەڵەی بەلوچستاندا بەکاری بهێنن، لەبەر ئەوە، ئەم بۆشایییە فەرمانڕەواکانی (سەلجوق)ەکان پڕیان کردەوە، کە زۆر لە پێشەوە لە ساڵی ١٠٣٨ی.ز.دا لە (خوراسان) فەرمانڕەوایییان پێکهێنابوو.

(سەلجوق) دامەزرێنەری بنەماڵەی (سەلجوق)، سەرداری هۆزی (غوز) بوو و لە ساڵی ٩٥٦ی.ز، بوخارای داگیر کرد و دوای ئەم سەرکەوتنە، غوزە تورکەکان ئایینی ئیسلامیان هەڵبژارد.

لە ساڵی ١٠٣٨ی.ز کوڕەزای (سەلجوق)، (توغرەل بێگ) هەموو ناوچەی (خوراسان)ی لە (غەزنەوی)یەکان داگیر کرد و دوای ئەم سەرکەوتنەی (خوراسان)، ناوچەی سیستان و بەلوچستانیشی داگیر کرد و لکاندی بەوڵاتەکەیەوە، بەڵام حکوومەتەکەیان ماوەیەکی زۆری نەخایاند.

(سوڵتان سەنجەر) دوا پاشای بنەماڵەی (سەلجوق) بوو، کە (غوزە تورکەکان) بەندیان کرد و سەڵتەنەتی سەلجوقیان ڕووخاند.

ئەمەش ناوی پاشاکانی بنەماڵەی (سەلجوق)ە کە لە بەلوچستاندا فەرمانڕەوایییان کردووە:

| | |
|---|---|
| ١- توغرەل بێگ | لە ساڵی ١٠٣٧ی. ز تا ١٠٦٣ی. ز |
| ٢- ئەلپ ئەرسەلان | لە ساڵی ١٠٦٣ی. ز تا ١٠٧٢ی. ز |
| ٣- مەلەک شا | لە ساڵی ١٠٧٢ی. ز تا ١٠٩٢ی. ز |
| ٤- مەحموود | لە ساڵی ١٠٩٢ی. ز تا ١٠٩٤ی. ز |
| ٥- بەرق پارک | لە ساڵی ١٠٩٤ی. ز تا ١١٠٤ی. ز |
| ٦- محەمەد | لە ساڵی ١١٠٤ی. ز تا ١١١٧ی. ز |
| ٧- سەنجەر | لە ساڵی ١١١٧ی. ز تا ١١٥٧ی. ز |

### غوز تورک

دوای وێرانبوونی وڵاتی (سوڵتان سەنجەر)، وڵاتی (خوراسان) و (غەزنی) و ئەو ناوچانەی ژێر دەسەڵاتی، لەگەڵ سیستان و بەلوچستان، کەوتنە ژێر دەستی (غوزە تورک)ە تالانکەرەکان و تا ساڵی ١١٩٩ی.ز لەژێر دەسەڵاتیان مایەوە. بەڵام هەر لەو ساڵەدا (تاجیکە شیبانی)یەکان هێرشیان کردە سەر ئەم حکوومەتە، ناوچەی (خوراسان)

و (غـەزنی)یان لێ داگیـر کـردن، کـە ئـەمـەش بووە هۆی گـواسـتـنەوەی هەزارەها خـەڵکی بنەمـاڵەی (غـوز) و بەسـەرۆکـایەتی فـەرمـانڕەواکـەیان، مـەلەک دینار، ئەم ناوچەیان بەجێهێشت و لە کرمـان نیشـتـەجێ بوون. دوای بەدەسـتـهێنانی فـەرمـانڕەوایی کـرمـان، (مەلەک دینار) ناوچەی (مەکران)ی بەلوچستانی دووبارە داگیر کردەوە. دوای ئەوە، دوو جێنشینی خۆی بۆ ماوەیەکی درێژ، لەم ناوچانە فەرمانڕەواییان کرد و لە ساڵی ١١٩٩ی. ز دەسەڵاتیان کۆتایی پێ هات.

غوزە تورکەکان لە ساڵی ١١٥٧ی.ز تا ١١٩٩ی.ز

**بنەماڵەی پاشایی خوارزم**

بنەمـاڵەی (ئەتابەک)ی فـارس لە سـاڵی ١١٩٩ی. ز (غـوز)ە تورکـەکـانیـان شکاند و دوای ئەم ڕووداوە، بنەمـاڵەی پاشـایی (خـوارزم)، لە (خـوراسـان) و ئەو ناوچانەی کـە پێیەوە لکابوو، هاتنە سەر کار.

(ئەمیر ئاتزز) دامـەزرێنەری بنەمـاڵەی (خـوارزم) بوو و کوڕەکەی، (تەکش)، لە ساڵی ١١٩٤ی.ز.دا بوو بەجێنشینی، کە لە ساڵی ١٢٠٠ی.ز کۆچی دوایی کرد، پاشان کوڕی ئەو، (عـەلائەدین مـحـەمـەد) بوو بەجـێنشینی، لە ماوەی چەند ساڵێک سەڵتەنەتەکەی ئەوەندە بەرین بوو کە لە باکور لە بەلخەوە بەرەو ڕۆژهەڵات تا ئەفغانستان و بەلوچستان، وە لە خواروو تا (کرمان)ی داگیرکرد. بەڵام نەزانی کاربەدەستێکی و بێ ئاوەزی خۆی، توڕەیی (مەنگۆل)ەکانی نە تەنیا بەسەر سەڵتەنەتەکەی، بەڵکو بەسەر هەمـوو گەلی ئیسلامدا دابەزاند. ڕووداوەکە بەم شێوەیە بوو: کە کاربەدەستێکی (عەلائەدین) لە ناوچەی ئوترار بەرپرس بوو، لە ساڵی ١٢١٨ی. ز دەستەیەک لە بازرگانەکانی مەنگۆلی کـوشت و ئیمپراتۆری مـەنگۆلەکـان (چەنگێز خـان) نوێنەری خـۆی نارد کـە سـزای کاربەدەستەکە بدەن. بەڵام عەلائەدین لەجیاتی وەڵامدانەوە، نوێنەرەکەی کوشت.

دوای ئەم ڕووداوە، (چەنگێز خان) وەکو بۆمبی گەردیلە، بەسەر وڵاتی (خوارزم)دا تەقیەوە، عەلائەدین لەجیاتی بەرهەڵستی لە هێزی مەنگۆلەکان بکات، ڕێگای هەڵاتنی گرتەبەر و لە ئەنجامدا لە دوورگەیەکی دەریای کیسپین لە باری ڕاکردوودا کۆچی دوایی کرد.

دوای ئەو، کوڕەکەی خۆی جەلالەدین بوو بەجێگر، کە نەبەردانە بەرهەڵستی لە هێرشی مەنگۆلەکان کرد و لە ساڵی ١٢٣١ی. ز.دا بەدەستی کوردێک کوژرا.



ترساندن و کوشتنی خەڵک لەلایەن (مەنگۆل)ەکانەوە بەردەوام بوو. هێرشەکانی (مەنگۆل)ەکان، زیانێکی کوشندە بوو بۆ سەر شارستانێتی ئیسلامی، کە تا ئێستا دووپات نەبۆتەوە و نە تەنها ئاوایییەکانیان لە ڕووی زەوی پاک کردەوە، بەڵکو ئەم کوشتن و تاڵانکردنە لە ساڵی ١٢٥٨ی.ز لەگەڵ کوشتنی خەلیفە و تاڵانکردنی تەخت و تاراجی بەغدا کۆتایی پێ هات، کە لە دواییدا، سیمای خیلافەتی (بەغدا) بۆ هەمیشە کۆتایی پێ هات.

ئەم دوو پاشایەی بنەماڵەی پاشایی (خوارزم) لە بەلوچستاندا فەرمانڕەواییان کردووە:

١- عەلائەدین محەمەد لە ساڵی ١١٩٩ی. ز تا ١٢٢٠ی. ز

٢- جەلالەدین مەنکبرس لە ساڵی ١٢٢٠ی. ز تا ١٢٣١ی. ز

**تۆقاندنی مەنگۆل**

هێرشی وێرانکاری (مەنگۆل)ەکان بەدوو شەپۆل هات: یەکێکیان لە ساڵی ١٢١٨ی.ز تا ساڵی ١٢٢٧ی.ز، بەسەرۆکایەتی چەنگێزخان بوو، دووەمیشیان بەسەرۆکایەتی کوڕەزای (چەنگێز خان)، (هۆلاکۆ خان) لە ساڵی ١٢٥٦ی. ز تا ١٢٥٨ی. ز بوو.

لە بەڵگەنامە مێژووییەکاندا ڕوون دەبێتەوە، چەنگێزخان بنەماڵەی پاشایی (خوارزم)ی تێکشکاند و سزای دان. لەگەڵ ئەوەشدا، هەموو ئیسلامەکان بەهۆی (خوارزمی)یەکانەوە سزایان چەشت و ژمارەیەکی زۆری شارەکان و ئاوەدانیان بەبێ هیچ جیاوازییەک وێران و کاول کرد. بەم شێوەیە، یەکەم لافاوی تووڕەیی (مەنگۆل)، ئەو کاتە دەستی پێ کرد، کاتێ (چەنگێز خان) وڵاتە ئیسلامییەکانی ناوەڕاستی خۆرهەڵات، واتە (ما وەرائونەهر)، (خوراسان) و (ئێران)ی کاول کرد و شارستانی مرۆڤ و شارە گەورەکانی لەناوبرد و وێران کرد.

(چەنگێزخان) کە لە لاپەڕە مێژووییەکاندا، بەتووڕەیی خوایەوە لێک دەدرێتەوە، لە ساڵی ١٢٧١ی. ز.دا کۆچی دوایی کرد و دوای ئەو، کوڕەکەی خۆی، ئوکتی، بوو بەپاشای مەنگۆلەکان. کاتێ لە ساڵی ١٢٤٥ی. ز.دا، ئەویش کۆچی دوایی کرد، برازای خۆی، مەنگو، بوو بەجێنشینی و بڕیاری دا چین و خیلافەتی عەباسییەکان داگیر بکات. ئەم بێ ئاوەزەیی (مەنگو)، یارمەتی دووەم زریانی هێرشی (مەنگۆل)ەکانی دا و پیلانی داگیرکردنی خیلافەتی عەباسییەکانی دایە دەستی برا بچووکەکەی، هۆلاکۆ خان.

دووەمین شالاوی کوشت و کوشتیاری هێرشی (مەنگۆل)ەکان، لە دوای کوشتنی دوا خەلیفە موعتەسەم باالله و بنەماڵەکەی و هەموو ئەمیرەکانی ئیسلامی، لە ساڵی ١٢٥٨ی. ز.دا کۆتایی پێ هات. لە دوای ئەم سەرکەوتنە، هۆلاکۆ خان بەتەنیا بوو بەخاوەنی هەموو ئێران و بناخەی بنەماڵەی (ئێل)ی دانا و بەلوچستانیش هاتە ژێر دەسەڵاتی.

ئەم فەرمانڕەوایانەی بنەماڵەی (ئێل خان) لە بەلوچستاندا فەرمانڕەواییان کردووە:

| | |
|---|---|
| ١- هۆلاکۆ خان | لە ساڵی ١٢٥٧ی. ز تا ١٢٦٥ی. ز |
| ٢- ئاباگا خان | لە ساڵی ١٢٦٥ی. ز تا ١٢٨١ی. ز |
| ٣- ئەحمەد | لە ساڵی ١٢٨١ی. ز تا ١٢٨٤ی. ز |
| ٤- ئەرغون خان | لە ساڵی ١٢٨٤ی. ز تا ١٢٩١ی. ز |
| ٥- گیختو | لە ساڵی ١٢٩١ی. ز تا ١٢٩٥ی. ز |
| ٦- بیدو | لە ساڵی ١٢٩٥ی. ز هەر ئەو ساڵ مرد یان لابرا. |
| ٧- گزن خان | لە ساڵی ١٢٩٥ی. ز تا ١٣٠٤ی. ز |
| ٨- ئەلجیتو | لە ساڵی ١٣٠٤ی. ز تا ١٣١٦ی. ز |
| ٩- ئەبو سەعید | لە ساڵی ١٣١٦ی. ز تا ١٣٣٥ی. ز |

## بەشی حەوتەم

## ڕیشەی (براخۆیی) و لەیەکچوونی ناوی هەندێ شوێنی بەلوچستان

لە بەشی چوارەمدا، ڕیشەی کوردە (براخۆیی)یەکان بەدرێژە باس کرا، لە ڕوونکردنەوەیان ڕاستییەکی گرنگ هاتووەتە بەرچاو، کە بەشێکی زۆری بەلوچستانی ئەم سەردەمە: زنجیرە چیاکان، ڕووبارەکان، دۆڵەکان بەتایبەتی ناوچەی بەرزاییەکانی قەلات، بەو ناوانەوە دەناسرێن کە لەگەڵ هەندێ ناوی ڕیشەی کوردی براخۆیی، وەکو یەکن و لەیەک دەچن.

پێش ئەوەی کوردگال نامەک ڕیشەی ڕەسەنی کوردە (براخۆیی)یەکان بخاتە بەرچاو، بۆ ئێمە ئەم ناوانە وەکو کێشەیەک بوون و بەسەیر و بێ مانا دەهاتنە بەرچاومان. بەڵام دوای خوێندنەوەی ئەم پەرتووکە، زۆر بەدڵنیاییەوە، دەتوانین بڵێین، ئەم ناوانە ناوی ئەو ڕابەرە بەناوبانگ و کەسایەتییە گرنگانەی نەژادێکی بەڕێزن کە لە دوای فەرمانڕەوایی کردنی ماوەیەکی دوورودرێژ، نزیکەی ٥٠٠ ساڵ، ناوی خۆیان لەسەر ناوچەی جۆراوجۆری بەلوچستان وەکو یادگارێک، بۆ نەژادی داهاتوو بەجێ هێشتووە.

بەخوێندنەوەی تەواوی ڕیشەی کوردە (براخۆیی)یەکان، ڕووناکی دەخرێتە سەر ڕاستییەکی تر، کە هەندێ ناوچە تا سەردەمی دەسەلاتی (عەباسی)یەکان بەناوی سەرۆکەکانی کوردە (براخۆیی)یەکان دەناسران، نەژادەکانی دوایی وازیان لەم ناوانە هێناوە و ناوچەکانیان بەناوی نوێوە ناساندووە. بەڵام ئەم جۆرە ناوانە ژمارەیان زۆر کەمە، لە کۆتایی ئەم بەشەدا درێژەی ئەو ناوانە بەنەخشە دەخەینە ڕوو.

ناوی کۆن دوو جۆرە: یەکەم ئەو ناوانەی کە ئێستاش بەکاردێن، دووەم ئەو ناوانەی کە تەرک کراون. پرسیار وا دێتە پێش کە ئەم ناوچە و دۆڵ و زنجیرە چیایانە چ کات و لەبەرچی بەناوی ئەو ڕابەرە هەڵبژێردراوانەی کوردی (براخۆیی)یەوە ناسران؟ بۆ دۆزینەوەی چارەسەری ئەم پرسیارە، دەبێ چاو بەسەرچاوە مێژووییەکانی کۆندا بخشێنین. بەڵام لەو سەرچاوانەدا، درێژەیەکی ئەوتۆ نایەتە بەرچاو، کە ئەم کێشەیەی پێ چارەسەر بکرێ. لێرەدا دەبێ لە بیروڕا و ئاوەزی خۆمان سوود وەربگرین. لەم بارەیەوە، زۆر بەدڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین، ڕووداوێکی گرنگ لە ناوچەیەکی تایبەتدا ڕوویدابێ و



دوای سەرکەوتنی ڕابەری کوردە (براخۆیی)یەکان، لە یادی کامەرانی ئەودا، ناوچەکە یان شوێنەکەیان بەناویەوە ناساندبێ.

هەروەکو لەم سەردەمەشدا ئەم ڕەفتاری ناولێنانە بەکار دێ، کە لەبەر هۆی ئەنجامدانی کاری چاکی کەسایەتییەکان لە ڕووی جەنگیی، ئاینی، سیاسیی، ئەدەبیی... هتد، ناوی بینا، ڕێگای سەرەکی، فەرمانگە و ناوچەکان بەناویانەوە دەناسێنن. وا دیارە ئەم دەستووری ناونانە، لە سەردەمی کۆنەوە بەکارهاتووە.

بەپێی پەرتووکی (کوردگال نامەک)، دوای ئەوەی پاشای مادە کوردەکان سەڵتەنەتی (توران)ی داگیر کرد، کوردە (براخۆیی)یەکان لە ساڵی ٨٥٤ی پ. ز وەکو فەرمانڕەوا، هاتنە ناوچەی بەلوچستان، بۆ هەمیشەیی نیشتەجێ بوون و ژیانیان دەبردە سەر. لە سەردەمی سەڵتەنەتی (ماد) و (هەخامەنشی)، لە بەلوچستاندا، فەرمانڕەوا بوونە. دەبێ لەو ماوە دوورودرێژەدا، جەنگ و کاری چاکەی زۆریان ئەنجام دابێ و بووبێتە هۆی ئەم ناوچە، دۆڵ و ڕووبارانە، لە یادی نەمریان، بەناویانەوە ناساندبێ، کە تا ئێستاکەش بەناوبانگن، بۆ ئەوەی یادی ئەو ڕەفتارە جەنگاوەرانەیان، لە دڵی نەوەی داهاتوودا دەرنەچێت و لەبیر نەکرێ.

بێ گومان ئەمە شتێکی سروشتییە، لە دوای هەر سەرکەوتنێ، ڕووخانیش دێ، لەبەر ئەوە، وەکو نەتەوەکانی تری دونیا، دوای ڕووخانی سەڵتەنەتی (هەخامەنشی) و هاتنە سەر کاری (ئەسکەندەر) پاشای یۆنانی، کوردە (براخۆیی)یەکان دەستیان بەسەر فەرمانڕەوایی بەلوچستان نەما و تووشی بارودۆخی جۆراوجۆری نالەبار بوون. هەر ئەم بارودۆخە شکستە سیاسییە، بەرپرسیارە لە ونکردنی یادی کۆنی (براخۆیی) و نەژادی ئەو سەردەمەیان، کە بووەتە هۆی نەمانی یادی هەمیشەیی ڕەوشت و کردەوە چاکەکانی سەردەمی ڕابوردوویان لە بیری نەژادی ئەم سەردەمەیاندا.

مرۆڤی ئەم سەردەمە، ئەوەندە بەپەرۆشەوە نین زانیاری لەمەڕ ڕەگ و ڕیشەی خۆیان کۆ بکەنەوە، تەنانەت لەم ڕووەوە خۆیان تووشی بچووکترین دەردەسەری ناکەن. زۆربەی خەڵک، دوای سێ پشت ناوی باپیرانی خۆیان بەتەواوی نازانن و بەتەنگییەوە نایەن.

هەروەکو باس کراوە، نەخشەی ناوی ئەو شوێنانەی بەلوچستان دەخەینە بەرچاو کە لەگەڵ ناوی سەرکردەکانی کوردە (براخۆیی)یەکان لێک دەچن و هاوشێوەن. یەکەم جار نەخشەی ناوی ئەو ناوچانە دەخەینە بەرچاو کە ناوی کۆنیان ئێستا نەماوە و بەناوی تازەوە دەناسرێن.

نەخشەی ناوی ئەو ناوچانەی کە ناوی کۆنیان تەرک کراوە:

| | ناوی کۆن | لە چ ناوێکەوە هاتووە | ناوی دوای داگیرکردنی کوردەکان | ناوی ئێستا |
|---|---|---|---|---|
| ١ | بنجیران | لە ناوی یەکەمین میری کوردی (براخۆیی)ی کیکان لە ساڵی ٨٥٤ی پ.ز ناسرا. | کیکانان | ناوچەی سەراوان |
| ٢ | کویار | لە ناوی تیرەی (غوزداری)ی کوردی (براخۆیی)یەوە ناسرا کە لە ساڵی ٨٥٤ی پ.ز ناوچەکەیان داگیر کرد. | غوزدار | دۆڵی خوزدار |
| ٣ | سەناربیل | لە ناوی (میر ئەرمیلل)ی تیرەی (ئەرمیلی)ی کوردی (براخۆیی)یەوە لە ساڵی ٨٥٤ی پ.ز ناسرا. | ئەرمابیل | ناوچەی لە سبێلە |
| ٤ | بنجیر | لە ناوی یەکەمین فەرمانڕەوای کوردی (براخۆیی)ی کیکان لە ساڵی ٨٥٤ی پ.ز ناسرا. | شاری کیکان | قەلات |
| ٥ | کویار | لە ناوی تیرەی (غوزداری)ی کوردی (براخۆیی) لە ساڵی ٨٥٤ی پ.ز ناسرا. | شاری عوزدار | خوزدار |



| | ناوی کۆنی کورد | لە چ ناوێکەوە هاتووە | شی کردنەوەی ناو | ناوی ئێستا |
|---|---|---|---|---|
| ١ | شاموز | ناسراو بەناوی میر (شاموز)، یازدەمین فەرمانڕەوای کوردی (براخۆیی)ی تیرەی (کیکانی). | زنجیرە چیای ناوەڕاستی (جهالاوان)، ناوی لوتکە چیای تەنگەی (موله)یە کە ٨٧٥٥ پێ بڵندە. | شاموز |
| ٢ | دوج | ناسراو بەناوی میر (دوج)، نۆیەمین میری تیرەی (گۆرانی)ی کوردی (براخۆیی). | ناوی چیایەکە کە شاخێکی بچووکی زنجیرە چیای (ناگاهو)ە. | دوج |
| ٣ | گیشتار | ناسراو بەناوی میر (گیشتار)، شازدەمین میری تیرەی (گۆرانی)ی کوردی (براخۆیی). | ناوی تەنگەیەکی زنجیرە چیای (بەنگول زەبی) کوردە. | گیشتار |
| ٤ | روشی | ناسراو بەناوی میر (روشی)، حەڤدەمین میری تیرەی (گۆرانی)ی کوردی (براخۆیی). | ناوی لوتکەیەکی زنجیرە چیای (بەنگول زەبی) کوردە کە ٧٦٢٦ پێ بڵندە. | روشی |
| ٥ | هینار | ناوسراو بەناوی میر (هینار) نۆیەمین میری تیرەی (سارونی)ی کوردی(براخۆیی). | ناوی لوتکەیەکی زنجیرە چیای (هەربوبی)ە کە ٨٠٩٥ پێ بڵندە. | هینار |
| ٦ | کابو | ناسراو بەناوی میر (کابو)، دەیەمین میری تیرەی (سارونی)ی کوردی(براخۆیی). | ناوی دۆڵێکە لە شارۆچکەی (مەستونگ). | کابو |
| ٧ | شیشار | ناسراو بەناوی میری(شیشار)، هەشتەمین ئەمیری تیرەی (غورداری)ی کوردی(براخۆیی). | ناوی لقێکی پێکهێنەری شیشار ڕووباری (سەراوان)ە. | شیشار |
| ٨ | خەرزان | ناسراو بەناوی میر (خەرزان)، یازدەمین میری تیرەی (غوزداری)ی کوردی(براخۆیی). | ناوی دۆڵێکە لە تەنگەی (موله) | خەرزان |
| ٩ | بولور | ناسراو بەناوی میر (بولور) نۆیەمین میری تیرەی (مشکانی)ی کوردی(براخۆیی). | ناوی لوتکەیەکی زنجیرە چیای تەنگەی (موله)یە کە ٦٦٦٥ پێ بندە. | بولور |
| ١٠ | توتک | ناسراو بەناوی میر (توتک)، دەیەمین میری تیرەی (مشکانی)ی کوردی(براخۆیی). | ناوی دۆڵێکە لە شارۆچکەی (خوزدار). | توتک |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١١ | دەرنیل | ناسراو بەناوی میر (دەرنیل)، نۆیەمین میری تیرەی (بۆلانی)ی کوردی(براخۆیی). | ناوی دۆڵێکە لە تەنگەی (مولە). | |
| ١٢ | سیکران | ناسراو بەناوی میر (سیکران)، دوازدەمین میری تیرەی (بۆلانی)ی کوردی(براخۆیی). | ناوی دۆڵێکە لە شارۆچکەی (سۆراب) کە زۆر دەوڵەمەندە لە کان. | سیکران |
| ١٣ | کەل غەل | ناسراو بەناوی میر (کەل غەل)، میری تیرەی (بۆلانی)ی کوردی (براخۆیی). | ناوی تەنگەیەکە لە شارۆچکەی (سۆراب). | کەل غەل یان کل غل |
| ١٤ | ئاماج | ناسراو بەناوی میر (ئاماج)، نۆیەمین میری تیرەی (ئەرمیلی)ی کوردی(براخۆیی). | ناوی زنجیرە چیایەکە لە شارۆچکەی (مەستونگ)، لەتکەکەیشی ناوی (ئاماچ)ە کە ٨٨٠٠ پێ بڵندە | ئاماچ |
| ١٥ | کەمبیل | ناسراو بەناوی میر (کەمبیل)، دەیەمین میری تیرەی (ئەرمیلی)ی کوردی(براخۆیی). | ناوی دووەمین لوتکەی بەرزی زنجیرە چیای زەهری گەهتە لە شارۆچکەی (مەستونگ) کە ٨٤٠١ پێ بڵندە. | کەمبیل |
| ١٦ | سەمبان | ناسراو بەناوی میر (سەمبان)، هەشتەمین میری تیرەی (گریشکانی)ی کوردی(براخۆیی). | ناوی کانییەکی دۆڵی (باغبان)ە لە شارۆچکەی (خوزدار). | سەمبان |
| ١٧ | باهور | ناسراو بەناوی میری (باهور)، هەشتەمین میری تیرەی (ئەرمیلی) کوردی (براخۆیی). | ناوی لوتکەیەکی زنجیرە چیای (ناگاهو)ە کە ٧٢٢٠ پێ بڵندە. | باهور |
| ١٨ | پیلار | ناسراو بەناوی میر (پیلار)، دەیەمین میری تیرەی (گریشکانی)ی کوردی (براخۆیی). | ناوی دۆڵێکە لە ناوچەی (جهاو)ی خوارووی (جهالاوان) کە ٢٢ میل درێژە. | پیلار |
| ١٩ | دارون | ناسراو بەناوی میر (دارون)، سێزدەمین میری تیرەی (گریشکانی)ی کوردی (براخۆیی). | ناوی زنجیرە چیایەکە لە دۆڵی (جهاو). | دارون |



| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٢٠ | پندران | ناسراو بەناوی میر (پندران)، برای میر (ئەرجان)کە دەیەمین فەرمانڕەوای تیرەی(کیکانی)ی کوردی (براخۆیی). | ناوی دۆڵێکە لە شارۆچکەی (زەهری) | پندران |
| ٢١ | سارون | ناسراو بەناوی تیرەی (سارونی)، کە لە ساڵی ٨٥٣ پ.ز ئەم دۆڵەیان داگیر کرد. | ناوی دۆڵێکە لە شارۆچکەی (ود)، هەروەها ناوی زنجیرە چیایێکە. | سارون |
| ٢٢ | مشک | ناسراو بەناوی تیرەی (مشکانی)، کە لە ساڵی ٨٥٣ پ.ز ئەم دۆڵەیان داگیر کرد. | ناوی دۆڵێکە لە شارۆچکەی (مشکی) کە هەندێ گۆڕانکایی ڕێنووسی بەسەر هاتووە، واتە لە (مشک)ەوە بۆ (مشکی). | مشکی |

ئەم نەخشەی خوارەوە، لەمەڕ ئەو ناوانەن کە لەگەڵ ناوی سەرکردە کوردە (براخۆیی)یەکان هاوشێوەن، بەڵام لەگەڵ ڕەوتی مێژوودا لە وتنیان تۆزێک گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.

| | ناوی کۆنی کورد | لە چ ناوێکەوە هاتووە | شیکردنەوەی ناو | ناوی ئێستا |
|---|---|---|---|---|
| ١ | مشک | ناسراو بەناوی تیرەی (مشکانی)، کە لە ساڵی ٨٥٤ی پ.ز ئەم دۆڵەیان داگیر کرد. | ناوی دۆڵێکی شارۆچکەی (مشکی)یە کە لەبەر گۆڕانکاریی ڕێنووسی، لە (مشک)ەوە بووەتە (مشکی). | مشکی |
| ٢ | گریشک | ناسراو بەناوی تیرەی (گریشکانی)، کە لە ساڵی ٨٥٤ی پ.ز ئەم دۆڵەیان داگیر کرد. | ناوی دۆڵێکی شارۆچکەی (خوزدار)ە کە بەهۆی گۆڕانکاریی ڕێنووسەوە، لە (گریشک)ەوە بووەتە (گریشە). | گریشە |
| ٣ | ناگان | ناسراو بەناوی میر (ناگان)، هەشتەمین میری تیرەی (گۆرانی)ی کوردی (براخۆیی). | ناوی زنجیرە چیای (سەراوان) کە ناوچە مەیدانییەکانی (کەچهی) لە ناوچەی شاخاوی (سەراوان) جیا دەکاتەوە، بەهۆی گۆڕانکاریی ڕێنووسەوە لەناگانەوە بووەتە ناگاهو | ناگاهو |
| ٤ | نێرمان | ناسراو بەناوی میر (نێرمان)، هەشتەمین میری تیرەی (سارونی) کوردی (براخۆیی). | ناوی دۆڵێکە لە شارۆچکەی (قەلات) کە بەهۆی گۆڕانکاریی ڕێنووسی، لە (نێرمان)ەوە بووەتە (نەرموک). | نەرموک |
| ٥ | نورگان | ناسراو بەناوی میری (نورگان)، چاردەمین میر و فەرمانڕەوای تیرەی (کیکانی) کوردی (براخۆیی). | ناوی دێیەکە لە شارۆچکەی (زەهری)دا کە میر نورگان لە ساڵی ٣٦٦ی پ.ز دروستی کرد و بەهۆی گۆڕانکاریی ڕێنووسەوە، لە (نورگان)ەوە بووەتە (نورگامە). | نورگامە |
| ٦ | گورگین | ناسراو بەناوی میر (گورگین)، هەشتەمین میری تیرەی (مشکانی)ی کوردی (براخۆیی). | ناوی دۆڵێکە لە شارۆچکەی (مەستونگ) کە بەهۆی گۆڕانکاریی ڕێنووسەوە، لە (گورگین)ەوە بووەتە (گورگینە). | گورگینە |
| ٧ | ساسون | ناسراو بەناوی میری (ساسون)، سێزدەمین میری تیرەی (بۆلانی)ی کوردی (براخۆیی). | ناوی دۆڵێکە لە شارۆچکەی (خوزدار) کە بەهۆی گۆڕانکاریی ڕێنووسەوە، لە (ساسون)ەوە بووەتە (ساسول). | ساسول |
| ٨ | لاکور | ناسراو بەناوی میری (لاکور)، شازدەمین میری تیرەی (بۆلانی) کوردی (براخۆیی). | ناوی دۆڵێکە لە شارۆچکەی (خوزدار) کە بەهۆی گۆڕانکاریی ڕێنووسەوە، لە (لاکور)ەوە بووەتە (لاکوریان). | لاکوریان |
| ٩ | زیدان | ناسراو بەناوی میری (زیدان)، نۆیەمین میری تیرەی (گریشکانی) کوردی (براخۆیی). | ناوی دۆڵێکە لە شارۆچکەی (خوزدار) کە بەهۆی گۆڕانکاریی ڕێنووسەوە، لە (زیدان)ەوە بووەتە (زیدی). | زیدی |
| ١٠ | بۆلان | ناسراو بەناوی میری (بۆلان) و تیرەی (بۆلانی) کە کوردی (براخۆیی)، کە تیرەی (بۆلانی) لە ساڵی ٨٥٤ی پ.ز ئەم تەنگەیان داگیر کرد. | ناوی تەنگەیەکی مێژووییە کە کەوتووەتە ناوچەی (سەراوان)، بەهۆی گۆڕانکاریی ڕێنووسەوە لە (بۆلانی)یەوە بووەتە (بۆلان). | بۆلان |



دوای خوێندنەوەی پەرتووکی (کوردگال نامەک) و (مێژووی مەردۆخ)، ڕاستییەکی سەیر و سەرنجڕاکێش دێتە بەرچاو کە هەندێ ناوی ڕیشەی کوردی (براخۆیی) کە لە (کوردگال نامەک)دا باس کراون، لەگەڵ ناوی هۆزە کوردەکان کە لە (مێژووی مەردۆخ)، بەشێوەی ئەلفوبێیانە ختراونەتە بەرچاو، هاوشێوەن.

لەیەکچوونی ئەم ناوانەی ئەم دوو پەرتووکە، بەڵگەی ئەوەن کە کوردە براخۆییەکانی بەلوچستان، لە هەموو سەردەمی سەڵتەنەتی ماد و هەخانەنشیدا، هەمیشە کاروباریان لەگەڵ برا کوردەکانی بەرزاییەکانی زاگرۆس واتە کوردستانی ئەم سەردەمە کردووە و هاموشۆیان لەگەڵ یەک هەبووە، بۆیە نەخشەی جیای ئەو ناوانەی مێژووی مەردۆخ و کوردگال نامەک کە هاوشێوەن، دەخەینە بەرچاو.

## نەخشەی ناوە هاوشێوەکانی مێژووی مەردۆخ و کوردگال نامەک:

| | ناوی کورگال نامەک | ناوی مێژووی مەردۆخ | ژمارە و لاپەڕەی ئەلفوبێیانەی مێژووی مەردۆخ |
|---|---|---|---|
| ١ | زینەل: ناوی دوازدەمین میری تیرەی (گۆرانی)ی کوردی (براخۆیی). | زینەل: ناوی هۆزێکی کوردە کە لە ناوچەی (سونادوژی) کوردستان نیشتەجێیە. | مێژووی مەردۆخ<br>لاپەڕە – ٧٦<br>ژمارە – ١٧ |
| ٢ | ئەورام: ناوی سێزدەمین میری تیرەی ئەرمیلی کوردی براخۆییە. | ئەورام: ناوی هۆزێکی کوردە کە لە ناوچەی (هەورامان)دا نیشتەجێیە. | هەمان سەرچاوە<br>ل – ٧٧<br>ژ – ٣١ |
| ٣ | ئیناخ: ناوی پازدەمین میری تیرەی (ئەرمیلی) کوردی (براخۆیی). | ئیناخ: ناوی هۆزێکی کوردە و باپیرە گەورەیان ناوی (ئیناخ) بوو و تیرەیەکی هۆزی (جاف)ن. | هەمان سەرچاوە<br>ل – ٧٧<br>ژ – ٣٣ |
| ٤ | باجەل: ناوی دووەمین میری تیرەی (بۆلانی) کوردی (براخۆیی | باجەلان: تیرەیەکی هۆزی (لەک)ە. | هەمان سەرچاوە<br>ل – ٧٩<br>ژ – ٣٣ |
| ٥ | باسیر: ناوی پازدەمین میری تیرەی (ئەرمیلی)ی کوردی (براخۆیی). | باسیر: ناوی هۆزێکی کوردە کە لە ئێرانەوە شوێنی نیشتەجێبوونیان بەرەو شام (سوریا) گواستەوە. | هەمان سەرچاوە<br>ل – ٧٩<br>ژ – ٤٨ |
| ٦ | باشوک: ناوی چاردەمین میری تیرەی گریشکانی کوردی براخۆیی. | باشوکی: ناوی هۆزێکی کوردە کە لە ناوچەی ڕەوانسەردا نیشتەجێیە. | هەمان سەرچاوە<br>ل – ٧٩<br>ژ – ٥٠ |
| ٧ | بلباس: ناوی پازدەمین میری تیرەی (گریشکانی) کوردی (براخۆیی). | بلباس: ناوی هۆزێکی کوردە کە لە ناوچەی موکری و سابا و جبلاغ–دا نیشتەجێیە. | هەمان سەرچاوە<br>ل – ٨١<br>ژ – ٧٦ |
| ٨ | بوزیک: ناوی چاردەمین میری تیرەی (مشکانی)ی کوردی (براخۆیی). | بوزیکان: ناوی هۆزێکی کوردە کە لە ناوچەی جۆراوجۆری کوردستان ژیان دەبەنە سەر. | هەمان سەرچاوە<br>ل – ٨٢<br>ژ – ٨٣ |
| ٩ | پازو: ناوی پێنجەمین میری تیرەی (گریشکانی)ی کوردی (براخۆیی). | پازوکی: ناوی هۆزێکی کوردە کە لە ناوچەی (ڕەوانسەر) و (لیلاخ) نیشتەجێن. | هەمان سەرچاوە<br>ل – ٨٣<br>ژ – ٩٨ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٠ | پوران: ناوی سێیەمین میری تیرەی (بۆلانی)ی کوردی (براخۆیی). | پۆران: ناوی هۆزە لە ٢٢ بنەماڵە پێکهاتووە. لە ناوچەی موش و دیاربەکر نیشتەجێن. | هەمان سەرچاوە<br>لاپەڕە – ٨٤<br>ژمارە – ١٠٧ |
| ١١ | حەکار: ناوی حەوتەمین میری تیرەی (بۆلانی)ی کوردی (براخۆیی). | حەکار: ئەم هۆزە لە ٤٠٠٠ خێزان پێکهاتووە کە لە ناوچەی (تیبلیس) و (سلێمانی)دا نیشتەجێن. | هەمان سەرچاوە<br>ل – ٨٨<br>ژ – ١٦٤ |
| ١٢ | خێزان: ناوی دەیەمین میری تیرەی (بۆلانی)ی کوردی (براخۆیی). | خێزان: هۆزێکی گەورەی کوردە و سێ تیرەی هەیە، لە مەکسی‌دا نیشتەجێن. | هەمان سەرچاوە<br>ل – ٩٠<br>ژ – ٢٣ |
| ١٣ | دیلم: ناوی دەیەمین میری تیرەی (غوداری)ی کوردی (براخۆیی). | دیلمی:ئەم هۆزە کورد لەنزیکەی ٣٠٠٠ ماڵ پێکهاتووە کە لە گوندەکانی (مازندەران)و(تبرستان) نیشتەجێن. | هەمان سەرچاوە<br>ل – ٩٠<br>ژ – ٢١٠ |
| ١٤ | راسن: ناوی شازدەمین میری تیرەی (مشکانی)ی کوردی (براخۆیی). | راسنی: ئەم هۆزە لە ٣٠٠٠ ماڵ پێکهاتووە کە لە ناوچەی (حەکار) نیشتەجێن. | هەمان سەرچاوە<br>ل – ٩٢<br>ژ – ٢١٣ |
| ١٥ | رامین: ناوی پێنجەمین میری تیرەی (گۆرانی)ی کوردی (براخۆیی). | رامینی: هۆزێکی کوردی ناوچەی فارسە کە مێژوونووس (ئیستەخری) باسی کردووە. | هەمان سەرچاوە<br>ل – ٩٣<br>ژ – ٢١٤ |
| ١٦ | زیبار: ناوی پێنجەمین میری و فەرمانڕەوای تیرەی (کیکانی)ی کوردی (براخۆیی). | زیبار: ئەم هۆزە لە ١٠٢٢ ماڵ پێکهاتووە ئەم خەڵکە لە ناوچەی (مووسڵ) نیشتەجێن. | هەمان سەرچاوە<br>ل – ٩٤<br>ژ – ٢٣٣ |
| ١٧ | سابول: ناوی چاردەمین میری تیرەی (سارونی)ی کوردی (براخۆیی). | سابولی: ئەم هۆزە لە دائیرە ئەلمەعارف واتە لە ئینسایکلوپیدیای ئیسلامیدا باسی کراوە | هەمان سەرچاوە<br>ل – ٩٤<br>ژ – ٢٣٨ |
| ١٨ | سارم: ناوی دوازدەمین میری تیرەی (گریشکانی)ی کوردی (براخۆیی). | سارمی: ئەم هۆزە کوردە لە ناوچەی جۆراوجۆری (عێراق)دا بلاوبووەتەوە. | هەمان سەرچاوە<br>ل – ٩٥<br>ژ – ٢٤٠ |
| ١٩ | ساسون: ناوی سیزدەمین میری تیرەی (بۆلانی)ی کوردی (براخۆیی). | ساسونی: ئەم هۆزە کوردە ساسونیانیشی پێ دەڵێن کە لە (عێراق)دا نیشتەجێن. | هەمان سەرچاوە<br>ل – ٩٥<br>ژ – ٢٤١ |
| ٢٠ | سەلدوز: ناوی دووەمین میری تیرەی (سارونی)ی کوردی (براخۆیی). | سەلدوز: ئەم هۆزە نزیکەی ٢٠٠٠ ماڵن کە لە گوندەکانی (مامش) و (موکری) و ئازربایجاندا نیشتەجێن. | هەمان سەرچاوە<br>ل – ٩٥<br>ژ – ٢٥١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢١ | سورچن: ناوی پێنجەمین ئەمیری تیرەی (سارونی)ی کوردی (براخۆیی). | سورچی: ناوی هۆزە کوردە لە (ئەربیل) دەژین و ٥٠ گوندیان هەیە. | هەمان سەرچاوە<br>لاپەڕە - ٩٦<br>ژمارە - ٢٥٨ |
| ٢٢ | شادین: ناوی سێیەمین میری تیرەی (گۆرانی)ی کوردی (براخۆیی). | شادلو: ژمارەی ئەم ١٨٠٠٠ کەسە کە لە ناوچەی (بجنۆرد)دا نیشتەجێن. | هەمان سەرچاوە<br>لاپەڕە - ٩٧<br>ژمارە - ٢٥٧ |
| ٢٣ | شوهان: ناوچەی حەوتەمین میری تیرەی (سارونی)ی کوردی (براخۆیی). | شوهان: تیرەیەکی هۆزی (لەک)ە کە لە دۆڵی (پوشتکوە)دانیشتەجێن. | هەمان سەرچاوە<br>لاپەڕە - ٩٩<br>ژمارە - ٢٩١ |
| ٢٤ | کیتون: ناوی شەشەمین میری تیرەی (سارونی)ی کوردی (براخۆیی). | کیتونی: ئەم هۆزە کوردە لە دۆڵی (پوشتکوە)دا نیشتەجێن. | هەمان سەرچاوە<br>لاپەڕە - ١٠٣<br>ژمارە - ٣٣٥ |
| ٢٥ | کرەجک: ناوی دووەمین میری تیرەی (گۆرانی)ی کوردی (براخۆیی). | کرەجەک: هۆزێکی کۆنی کوردە کە بەسەر وڵاتی جۆراوجۆردا بڵاوبوونەتەوە و نیشتەجێ بوونە. | هەمان سەرچاوە<br>لاپەڕە - ١٠٤<br>ژمارە - ٣٥٠ |
| ٢٦ | کرماج: ناوی پێنجەمین میری تیرەی (غوزداری)ی کوردی (براخۆیی). | کرماج: هۆزێکی گەورەی کوردە کە لە ناوچەی (کەرکوک) و (شارەزوور) و (سلێمانی)دا بڵاو بووەتەوە. | هەمان سەرچاوە<br>لاپەڕە - ١٠٤<br>ژمارە - ٣٤٦ |
| ٢٧ | کوساد: ناوی دوازدەمین میری تیرەی (غوزداری)ی کوردی (براخۆیی). | کوساد: ئەم هۆزە لە ئینسایکلوپیدیای ئیسلامیدا باسی کراوە. | هەمان سەرچاوە<br>لاپەڕە - ١٠٦<br>ژمارە - ٣٦٩ |
| ٢٨ | کیچان: ناوی چاردەمین میری تیرەی (غوزداری)ی کوردی (براخۆیی). | کیچیان: کیچیان کۆی کیچانە. ئەم هۆزە لە کوردستاندا نیشتەجێیە. | هەمان سەرچاوە<br>لاپەڕە - ١٠٧<br>ژمارە - ٣٧٩ |
| ٢٩ | کیکان: ناوی یەکەم و شازدەیەم میری تیرەی (کیکانی)و فەرمانڕەوای کوردی (براخۆیی). | کیکان: ناوی هۆزێکی کوردە کە لە ناوچەی (مەرعیشی) کوردستان نیشتەجێیە. | هەمان سەرچاوە<br>لاپەڕە - ١٠٧<br>ژمارە - ٣٨٠ |
| ٣٠ | گڵباگ: ناوی چاردەمین میری تیرەی (مشکانی)ی کوردی (براخۆیی). | گڵباگی: ئەم هۆزە کوردە لە ٦٠٠٠ ماڵ پێکهاتووە کە لە خۆرئاوای (کرماشان) نیشتەجێیە. | هەمان سەرچاوە<br>لاپەڕە - ١٠٧<br>ژمارە - ٣٩٠ |
| ٣١ | گۆران: ناوی یەکەم و سێزدەیەم میری تیرەی (گۆرانی)ی کوردی (براخۆیی). | گۆرلن: ئەم هۆزە کوردە لە ٢٠٠٠ ماڵ پێکهاتووە کە لە (سەرال) نیشتەجێیە. | هەمان سەرچاوە<br>لاپەڕە - ١٠٨<br>ژمارە - ٣٩٢ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٢ | گیورەن: ناوی شەشەمین میری تیرەی (ئەرمیلی)ی کوردی (براخۆیی). | گیورەن: ئەم هۆزە کوردە لە سیومەرک نیشتەجێیە. | هەمان سەرچاوە<br>لاپەڕە - ١٠٩<br>ژمارە - ٣٩٨ |
| ٣٣ | مرداس:ناوی پازدەیەم میری تیرەی سارونی و ناوی دەیەمین میری (گۆرانی)و ناوی دووەمین میری تیرەی(مشکانی)ی کوردی (براخۆیی). | مرداس: هۆزێکی کوردی عێراقییە کە سێ تیرەی هەیە. | هەمان سەرچاوە<br>لاپەڕە - ١١٢<br>ژمارە - ٤٤٣ |
| ٣٤ | میران: ناوی یەکەمین میری تیرەی (غوزداری) و هەروەها ناوی چاردەمین میری تیرەی (گۆرانی)ی کوردی (براخۆیی). | میرانی: هۆزێکی بەناوبانگی کوردە کە لە جەنگی خاچەکان یارمەتی زۆری سەلاحەدین ئەیوبی-یان داوە. | هەمان سەرچاوە<br>لاپەڕە - ١١٤<br>ژمارە - ٤٥٦ |
| ٣٥ | مانو: ناوی پێنجەمین میری تیرەی (غوزداری) و هەروەها ناوی شەشەمین میری تیرەی (مشکانی)ی کوردی (براخۆیی). | مانورمانلی: ناوی هۆزێکی کوردە کە لە (مەلاز کورد) نیشتەجێیە. | هەمان سەرچاوە<br>لاپەڕە - ١١١<br>ژمارە - ٤٢٢ |
| ٣٦ | مانی: ناوی شەشەمین میری تیرەی (گریشکانی)ی کوردی (براخۆیی). | مانیان: هۆزێکی بەتوانای کوردی سەردەمی ماد بوو کە لە دواییدا لەگەڵ هۆزەکانی تر تێکەڵاو بوو. | هەمان سەرچاوە<br>لاپەڕە - ١١١<br>ژمارە - ٤٢٢ |
| ٣٧ | تاپین: ناوی شەشەمین میری تیرەی (گریشکانی)ی کوردی (براخۆیی). | تاپیان: تاپیان کۆی تاپینە. ئەم هۆزە لە ناوچەی (وان) نیشتەجێن. | هەمان سەرچاوە<br>لاپەڕە - ٨٤<br>ژمارە - ١١١ |

# بەشی هەشتەم

## یەکەم خولی فەرمانڕەوایی کوردە (براخۆیی)یەکان

## (٨٥٣ی پ . ز - ٥٥٠ی پ . ز)

یەکەم سەردەمی فەرمانڕەوایی کوردە (براخۆیی)یەکان لە (توران)دا (بەلوچستان)، لە ساڵی ٨٥٣ی پ. ز دەستی پێ کرد. لەو ساڵەدا، پاشای سەڵتەنەتی ماد، (کەیقوباد)، فەرمانڕەوای سەڵتەنەتی (توران)، (ئەفراسیاب)ی شکاند و دوا بەدوای ئەم شکاندنە، سەڵتەنەتی (توران) پارچەپارچە بوو. لە بەڵگەنامە مێژووییەکاندا، دوای ئەم ڕووداوە، سەڵتەنەتی (توران) لە هیچ شوێنێ باس نەکراوە.


دوای ڕووخانی پاشایەتی (توران)، ناوچە جۆراوجۆرەکانی بەناوە خۆییەکانەوە ناسران وەکو: (سوغدستان)، (کابلستان)، (زابلستان)، (توران) و (مەکران). فەرمانڕەوای ماد، (کەیقوباد)، هەموو ناوچەکانی هێنایە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە و بەسەر ئەو هۆزە کوردانەیدا دابەش کرد کە لە جەنگی (توران) یارمەتیان دابوو. (توران) درا بەکوردە (براخۆیی)یەکان، (مەکران) درا بەکوردەکانی ماملی، کرمانی و ئەدرەگانی، (زابلستان) درا بەکوردەکانی (زەنگەنە) و (سنجاوی). کوردە (براخۆیی)یەکان دوای زاڵبوون بەسەر (توران)، لە ساڵی ٨٥٣ی پ. ز فەرمانڕەوایی خۆیان دامەزراند و هەروەها کوردەکانی (زەنگەنە) و (کرمان)یش لە (زابلستان) و (مەکران) بناخەی فەرمانڕەوایی خۆیان دانا.

لە خوێندنەوەی مێژووی سەڵتەنەتی ماد ڕوون دەبێتەوە کاتێ سنووری سەڵتەنەتەکە بەرەو هەموو لایەک بڵاو بووەوە و حکومەتی ماد لە پەرەسەندندا بوو، فەرمانڕەوایە کوردەکان، ئەم سیاسەتەیان بۆ ناوچە سنوورییە دوورەکان بەکارهێنا کە هۆزە کوردەکانیان دەگواستەوە ئەو ناوچانە و نیشتەجێیان دەکردن و بەرپرسی چاودێری و حکومەتیشیان دەدایە دەستیان، بۆ ئەوەی سەڵتەنەتەکەیان لە هێرشی دوژمن بپارێزرێ.

### تیرە گرنگەکانی کوردی (براخۆیی)

لە سەردەمی کۆندا، کوردە (براخۆیی)یەکان لەم تیرانە: (کیکانی)، (گۆرانی)، (سارونی)، (غوزداری)، (مشکانی)، (گریشکانی)، (ئەرمیلی) و (بۆلانی) پێکهاتبوون و بەرپرسی سەرۆکایەتی گشتیان تایبەت بەبنەماڵەی تیرەی (کیکانی) بوو.





ولایەتەکانی خوارووی ڕۆژهەڵاتی سەڵتەنەتی کوردی مانستان

لەبەر ئەوەی باپیرە گەورەی (میر کیکان)، ناوی کیکان بوو و گەورەترین کوڕی (میر براخم) بوو. بۆیە، تیرەکەیان بە(کیکانی) ناسرا و بەپێی داب و نەریتی کوردی، سەرۆکایەتی بنەماڵەی (میر براخم) لەژێر دەسەڵاتی ئەودا بوو. کاتێ کوڕەکانی (میر براخم) بەهۆی زیادبوونی نەوە، بەسەر هەشت تیرەدا دابەش بوون، بەرپرسی سەرۆکایەتی هەر لەژێر دەسەڵاتی بنەماڵەی تیرەی (کیکانی)دا بوو. بەم بەرپرسییە دەڵێن (میری میران).

دوای ئەوەی سەڵتەنەتی ماد هاتە ئاراوە و فەرمانڕەوایی (توران) درا بەکوردە (براخۆیی)یەکان، نە تەنیا سەرۆکایەتی بنەماڵەیی، بەڵکو بەرپرسی فەرمانڕەواییش لەژێر دەسەڵاتی بنەماڵەی تیرەی (کیکانی)دا بوو و تا کاتی هاتنی یۆنانییەکان بۆ داگیرکردنی ئێران لەسەر کار بوون.

«وەرگێڕ: بەپێی کوردگال نامەک، لە یەک سەردەمی فەرمانڕەوایی، واتە لە سەردەمی سەڵتەنەتی ماد، حەوت میری کوردە (براخۆیی)یەکان بەپلەی (میری میران) و حوکمڕان لە (توران) لەسەر کار بوونە، لە خوارەوە نووسەر باسی سەردەمی فەرمانڕەوایەتیانیانی کردووە».

**١- میر (کیکانی یەکەم) (میری میران) لە ساڵی (٨٥٣ی پ. ز تا ٨٠٣ی پ. ز)**

دوای ئەوەی کوردە (براخۆیی)یەکان (توران)یان داگیر کرد، لە ساڵی ٨٥٣ی پ. ز میر کیکان وەکو یەکەمین فەرمانڕەوا هاتە سەر تەختی (توران) و پێش هەموو شتێک ئەو کێشەیەی بایەخی پێدا، کێشەی دابەشکردنی وڵات بەسەر هەشت تیرەی کوردی (براخۆیی) بوو.

**پێکهێنانی (دیوانی بولک):**

میر (کیکان) بۆ بەڕێوەبەرایەتی حکوومەتی وڵاتەکە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک بەڕێوە بچێ، ئەنجومەنێکی بەڕێوەبەری پێکهێنا کە (دیوانی بولک)یان پێ دەوت. هەموو میری تیرەکانی کوردی (براخۆیی) ئەندامی ئەم ئەنجوومەنە بوون و بەسەرۆکەکەیان دەوت (میران). ئەم فەرمانگەیە ڕژێمی حکوومەتی بەڕێوە دەبرد.



**یارمەتی سەربازی بۆ پاشای ماد:**

سنووری خۆرئاوای سەڵتەنەتی (ماد) لکابوو بەسەڵتەنەتی (ئاشوور)ەوە و پاشای ئاشوور (سارداناپال) زۆر دەترسا لە هێزی (ماد) کە لە گەشەکردندا بوو، لەبەر ئەوە، لە ساڵی ٨٤٣ی پ.ز، هێرشی بردە سەر سەڵتەنەتی ماد، کاتێ میر (کیکان)ی یەکەم، فەرمانڕەوای (توران)، ئاگاداری ئەم جەنگە بووەوە، لەشکرێکی تیرەی (کیکان)ی کوردی (براخۆیی) بۆ یارمەتی پاشای ماد کەیقوباد نارد. ئەم دەستەیە لە جەنگەکەدا بەشداریان کرد و لە ئەنجامدا، کەیقوباد پاشای ئاشووری شکاند و دوای ئەم شکانەی ئاشوورییەکان، ئەم دەستەیەی تیرەی (کیکان)ی بۆ (توران) نەهاتنەوە، بەڵکو بۆ جاری دووەم لە نیشتمانی باپیرانیان واتە لە کوردستان مانەوە.

لە مێژووی مەردۆخدا، لەو شوێنەی هۆزە کوردەکان بەشێوەی پیتەکانی ئەلف و بێ باس دەکرێ، لەوێ نووسەر باسی ئەم تیرەیەی (کیکان)یشی کردووە. (بڕوانە مێژووی مەردۆخ لاپەڕە ١٠٨).

**چاککردنەوەی دیواری قەڵای (کیکان) و (مساتنگ):**

دوای ڕووخانی حکوومەتی (توران)ی لە جەنگی توران و ماد لە ساڵی ٨٥٣ی پ. ز، تورانییەکان لە کاتی پاشەکشە و ڕاکردنیاندا زیانێکی سەختیان بەقەڵای (کیکان) و (مساتنگ) گەیاند، بۆ ئەوەی کوردە سەرکەوتووەکان نەتوانن وەکو قەڵا بەکاریان بهێنن.

کاتێ کوردە (براخۆیی)یەکان بەسەر (توران)دا زاڵ بوون و حکوومەتیان گرتە دەست، ئەم قەڵایانە لە بارودۆخێکی زۆر خراپدا بوون. میر (کیکان) لە یەکەم هەلدا، سەرلەنوێ چاکی کردنەوە و سەربازی لێهاتووی جەنگیی تیادا نیشتەجێ کردن.

**کۆچی دوایی (میر کیکان) (یەکەم):**

دوای ٥١ ساڵ فەرمانڕەوایی، میر (کیکان) کۆچی دوایی کرد و دوای ئەو کوڕە گەورەکەی، ئەمیر زوراک، هاتە سەر تەختی حوکمڕانی (توران).

**ژیاننامەی میر (کیکان):**

میر (کیکان) ژەنەڕاڵێکی لێهاتووی سەربازی بوو و لە سەردەمی سەرکەوتنی (توران)دا، ئەم پێ هەڵوتنەی خۆی بۆ خەڵک ئیسپات کرد. میر (کیکان) ڕێکخەرێکی چاکیش بوو، حکوومەتی تازە لەدایکبووی خۆی لەسەر بناخەی بەهێزی وا دامەزراند کە

جێنشینەکانیشی لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتیاندا، بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری حکوومەت، دووچاری هیچ جۆرە سەختییەک نەبوون.

جگە لەمەش، سیاسەتمەدارێکی زاناش بوو. بەڵگەی ئەمەش دەتوانین لەم ڕوانگەیەوە بهێنینەوە کە دوای داگیرکردنی توران، کوڕەکەی، ناوچەکانی (توران)ی بەشێوەیەکی یەکسانی وا لە نێوان هەشت تیرەی کوردی براخۆییدا دابەش کرد کە هەموویان پێی قایل بوون.

ئەمەش ناوی ئەو میرانەی تیرەکانی کوردی (براخۆیی)یە کە هاوکات و هاوپەیمانی میر (کیکان) بوون:

١- میر گۆران تیرەی گۆرانی.
٢- میر زاخو تیرەی سارونی.
٣- میر مهران تیرەی غوزداری.
٤- میر مشکان تیرەی مشکانی.
٥- میر ئەرمیل تیرەی ئەرمیلی.
٦- میر بۆلان تیرەی بۆلانی.
٧- میر لەرزین تیرەی گریشکانی.

**٢- میر زوراک «میری میران» لە ساڵی (٨٠٣ی پ. ز تا ٧٥٠ی پ. ز)**

کاتێ میر «زوراک» لە ساڵی ٨٠٣ی پ. ز بوو بەجێنشینی باوکی، بایەخێکی زۆری دایە مانەوەی فەرمانڕەوایی و ئاسوودەیی خەڵکەکە. وەکو باوکی مرۆڤێکی چالاک بوو و هەموو ئەو پرۆژانەی کە دوای مردنی باوکی بەناتەواوی مابوونەوە، بایەخی پێ دان و تەواوی کردن. ناوچەکانی (توران)ی زۆر بەلێزانی دابەش کرد کە هیچ ناکۆکییەک نەکەوتە نێوان کوردە (براخۆیی)یەکان و یەکێتییەکەیان هەر بەردەوام بوو.

**دابەشکردنی توران:**

وڵاتی توران بەسەر سێ بەشدا دابەش کرا کە ئەمانەن:

١- ناوچەی سەروو.
٢- ناوچەی ناوەڕاست.
٣- ناوچەی خواروو.



ناوچەی سەروو، درا بەتیرەی (گۆرانی) و (کیکانی) کە لەو سەردەمەدا بەناوچەی (بنجیران) دەناسرا. میری تیرەی (کیکانی) سەرۆکی هەموو کوردە (براخۆیی)یەکان بوو، لەبەر ئەوە بەرپرسی جێگری بەڕێوەبەرایەتیی ناوچەی سەروویان دا بەمیر (گۆران)ی تیرەی (گۆرانی).

ناوچەی ناوەڕاستی (توران) کە بەناوی (گوهیار) دەناسرا دابەش کرایە سەر چوار بەش و درا بەتیرەی (غوزداری)، (سارونی)، (مشکانی)، (گریشکانی)ی کوردی (براخۆیی) کە میرەکانیان جێگری میری ناوچەکانی خۆشیان بوون. ناوی ئەو میرانە بەم شێوەیە:

١- میر مهران غوزداری.
٢- میر زاخو سارونی.
٣- میر مشکان مشکانی.
٤- میر لەرزین گریشکانی.

بەشی خوارووی (توران) کە بە(سنار) یان (سناربیل) دەناسرا درا بەتیرەی (ئەرمیلی)ی کوردی براخۆیی کە سەرۆکەکەیان میر «ئەرمیل» بوو.

تیرەی «بۆلانی» کە هەشتەمین تیرەی کوردە (براخۆیی)یەکان بوو، ناوچەیەکی گرنگی (توران)یان بەرکەوت. ئەم ناوچەیە لەم ڕوانگەیەوە گرنگ بوو کە تەنگەیەکی(*) پیادا تێپەڕ دەبێ کە لەو سەردەمەدا بەناوی (دەرەنگان) دەناسرا.

دوای دابەشکردنی وڵات و نیشتەجێبوونی تیرەکانی کوردی (براخۆیی)، زۆربەی ناوچەکانی (توران) بەناوی خەڵکە نوێیەکانیانەوە ناسران. ناوچەی شاخاوی (بنجیران)ی سەرووی (توران) بەهۆی نیشتەجێبوونی تیرەی کیکانی بە(کیکانان) و شوێنی سەرۆکیش کە پایتەختی (توران)یش بوو بە(کیکان) ناسرا.

ناوچەی شاخاوی ناوەڕاستی (توران) کە بە(کوهیار) دەناسرا، دوای ئەوەی کوردە (براخۆیی)یەکان ئەو ناوچەیان داگیر کرد و پاشان دابەش کرایە سەر چوار بەش، ئەم بەشانە بەبۆنەی نیشتەجێ بووی نوێ، واتە تیرەکانی (غوزداری)، (سارونی)، (مشکانی) و (گریشکانی)ی کوردی (براخۆیی)، بە(غوزدار)، (سارون)، (مشکان) و (گریشکان) ناسران. لە سەردەمەکانی دواییدا، گۆڕانکاری بەسەر ناوی ئەم بەشانەدا

(*) تەنگە: جێگەی تەسکبوونەوەی دەریا. لێرەدا بەمانای ڕێگایەکی تەسکی نێوان دوو چیا بەکارهاتووە. (وەرگێڕ)

هات و بە(غوزدار)، (سارونە)، (مشکی) و (گریشکە) ناسران کە تا ئێستاش بەم ناوانەوە دەناسرێن.

هەر بەم شێوەیە، ناوچەی خوارووی (توران) کە بە(سنار) یان (سناربیل) دەناسرا، بەهۆی نیشتەجێبوونی تیرەی (ئەرمیلی)ی کوردی (براخۆیی) بەناوی (ئەرمابیل)ەوە ناسرا.

تەنگەی (دەرەنگان) بەهۆی نیشتەجێبوونی تیرەی (بۆلانی) ناوی تەنگەی (بۆلان)ی هەڵبژارد. لەم سەردەمەدا، جگە لە چەند ناوچەیەک، هەموو ناوچەکانی دی، هەر بەو ناوە کۆنە کوردیانەوە دەناسرێن کە لە بەشی حەوتەمدا بەدرێژە ڕوون کراونەتەوە.

## کۆچی دوایی کەیقوباد یەکەمین پاشای ماد:

لە سەردەمی فەرمانڕەوایی (زوراک)دا، یەکەمین پاشای سەڵتەنەتی ماد (کەیقوباد)، لە ساڵی ٧٥٠ی پ. ز.دا کۆچی دوایی کرد. (کەیقوباد) پێنج کوڕی هەبوو: کیکاوس، کیابو، کیارشەر، کیارمین و کیابشین. میر و باوەڕپێکراوەکانی کورد، کوڕە گەورەکەی کیکاوسیان بەجێنشینی هەڵبژارد، لە ساڵی ٧٥٠ی پ. ز.دا، کیکاوس هاتە سەر تەخت و بوو بەدووەم پاشای بنەماڵەی ماد.

## باسی ڕۆستەم و زابلستان:

مێژووی مەردۆخ بەم چەشنە باسی ڕۆستەم و بنەماڵەکەی دەکات کە باپیری ڕۆستەم، سام میری بۆ بەجێماوەی زابلستان بوو. کوڕی ئەوزاڵ لایەنگری پاشای توران ئەفراسیاب بوو، هەمیشە دژی حکوومەتی ماد لە لایەن تورانەوە دەجەنگی کە لە ئەنجامدا پاشای سەڵتەنەتی مادەکان شکاندی و پەنای بردە بەر پاشای (توران) و ماوەیەک لە بارەگای پاشایی ئەفراسیاب مایەوە. بەڵام لە دواییدا، ناکۆکیان لە نێواندا پەیدا بوو و بارەگای ئەفراسیابی بەجێهێشت و توانی پشتگیری پاشای ماد، کەیقوباد بەدەست بهێنێ. جا کاتێ ئەفراسیاب هێرشی کردە سەر حکوومەتی ماد، کوڕەکەی، ڕۆستەم و داپیری کە دادگەری (کابلستان) بوو، لایەنگری مادیان کرد و، دژی (تورانی)یەکان شەڕیان کرد و شکاندیانن. دوای ئەم سەرکەوتنە، پاشای ماد، فەرمانڕەوایی پشتاوپشتی (زابلستان)ی دووبارە بەخشییەوە ڕۆستەم.

کوردگال نامەک ئەوەندە بەدرێژی باسی ڕۆستەم و باوکی، زاڵ ناکات، بەڵام باس دەکات کە ڕۆستەم هاوکاتی میر کیکان و کوڕەکەی، میر زوراک بوو.



## یەکەم هێرش لە لایەن فەرمانڕەوای سندەوە:

بەهۆی جوگرافیای سروشتی و نشینگەی تایبەت، (توران) هەر لە سەردەمی دێرینەوە لە نێوان سەڵتەنەتەکان و فەرمانڕەواکان، ناوچەیەکی ململانێ و شەڕاوی بووە.

شێوەی جوگرافیایی (توران) چەشنی قەڵایەکی ئەوتۆی هەڵبژاردووە کە کەس نەتوانێ داگیری بکات. بۆیە هەر لایەن و هێزێک داگیرکردنی ئەم ناوچەیەی بەسەرچاوەی هێزی سەربازیی و سیاسیی خۆی دەزانی. هەر بەهۆی ئەم خاڵە فەرمانڕەوای سند، (سنگهار مومید) لە ساڵی ٧٢٥ی پ. ز، بۆ داگیرکردنی ئەم ناوچەیە، بەختی خۆی تاقی کردەوە، بەلەشکرێکی زۆرەوە شاڵاوی هێنایە سەر (توران) و شارۆچکەی (جالیر)ی کە لە ناوەڕاستی (توران)دا کەوتبووە سەر سنووری سند، داگیر کرد و ناوچەکانی قەراخیشی تاڵان کرد.

بەم سەرکەوتنە ورەی بەرزتر بووەوە و بەرەو پێش چوو، بڕیاری دا (غوزدار) کە شوێنی سەرۆکایەتی ناوەڕاستی (توران) بووە داگیر بکات. کاتێ گەیشتە نزیکی گوندی (زیدەک) کە لە خوارووی (غوزدار)ەوە بۆ ماوەی بیست فەرسەخ دوورە، لە هەر چار لاوە خۆی لە نێوان لەشکری (براخۆیی)یەکاندا دیتەوە. کاتێ ڕێگای ڕاکردنیان نەدۆزییەوە، (سنگهار) و سەربازەکانی بەدلێری بەرەنگاری کوردە (براخۆیی)یەکان بوونەوە و (سنگهار) خۆی لەم جەنگەدا کوژرا و زۆربەی لەشکرەکەشی لەناوچوون. تەنها چەند کەسێکی خۆشبەخت لەم کوشتارەدا ڕزگاریان بوو.

بەپێی کوردگال نامەک، کوردە (براخۆیی)یەکان لەم جەنگەدا دەسکەوتێکی زۆریان هاتە چنگ.

## کۆچی دوایی میر زوراک:

میر (زوراک) لە ساڵی ٧٥٩ی پ.ز کۆچی دوایی کرد و لە شوێنی ئەودا کوڕەکەی، میر وشتاب بەبڕیاری (دیوانی بولک) هاتە سەر تەختی فەرمانڕەوایی.

ناوی ئەو حەوت میرەی تیرەکانی کوردی (براخۆیی) کە هاوکات و هاوپەیمانی میر (زوراک) بوون بەم چەشنەیە:

١- میر کرەجک گۆرانی.

٢- میر سەلدوز سارونی.

٣- میر کیتون غوزداری.
٤- میر مرداس مشکانی.
٥- میر مشکان ئەرمیلی.
٦- میر باجەل بۆلانی.
٧- میر تادی گریشکانی.

**٣- میر (وشتاب) - (میری میران) لە ساڵی (٧٥٩ی پ. ز تا ٧١٠ی پ. ز)**

دوای مردنی میر (زوراک)، کورەکەی، (وشتاب) بەبڕیاری ئەندامانی (دیوانی بولک)، هاتە سەر تەختی فەرمانڕەوایی. چەند مانگێک لە هاتنە سەرکاری میر تێپەڕی بوو، کە پاشای ماد کیکاوس بەوجاخ کوێری کۆچی دوایی کرد و دوای مردنی، لە ناو بنەماڵەکەیدا لەسەر جێنشینی کێشەیەکی دوورودرێژ ڕوویدا.

**کێشەی جێنشینی تەختی ماد:**

(لهراسپ) و (توس) هەردووکیان داواکاری تەختی ماد بوون. (لهراسپ) پیاوێکی سووک و بەد بوو کە بووبووە هۆی ئەوەی لە ناو خەڵکیدا خۆشەویست نەبێت، بەڵام بەپێچەوانە، توس مرۆڤێکی چاک و زانا و خاوەن ڕابردوویەکی باش بوو و خەڵکیش ئەویان زۆر لا پەسند بوو. بۆیە میر و گەورەکانی کورد لەسەر بڕیاری گشتی، ئەویان بەجێنشینی تەختی ماد هەڵبژارد.

(لهراسپ) لەبەر ئەوەی کوڕەزای کەیقوباد و زاوای کیکاوس بوو، بەبڕیاری میر و گەورانی کورد قایل نەبوو و بەهۆی ئەم پەیوەندییانە پلەی جێنشینی بەمافی خۆی دەزانی. کێشەکە درێژەی خایاند، میرەکانی کورد زۆر زانایانە چارەسەریان کرد، لهراسپیان بەم شێوەیە قایل کرد کە فەرمانڕەوایی وڵاتی باختەر و زابلستانیان دایە دەستی، بەو مەرجەی لە کاتی تەنگانەدا یارمەتی (توس) بدات. بەڵام (لهراسپ) زۆری پێ نەچوو لە ساڵی ٧٠٨ی پ. ز کۆچی دوایی کرد و ناوچەکانی دووبارە هاتنەوە ژێر دەسەڵاتی سەڵتەنەتی ماد.

بەپێی (کوردگال نامەک)، کوردی براخۆییش لە کاتی کێشەکەدا لەگەڵ زۆربەی میرەکانی کورد دەنگیان دابووە (توس).

لە سەردەمی فەرمانڕەوایی میر (وشتاب) تەنها ئەم ڕووداوە گرنگە ڕوویدا و خۆی لە



ساڵی ٧١٠ی پ. ز کۆچی دوایی کرد. ناوی ئەو حەوت میرەی تیرەکانی کوردی (براخۆیی) کە هاودەم و هاوپەیمانی میر (وشتاب) بوون بەم شێوەیە:

١- میر شادین گۆرانی.
٢- میر شاگین سارونی.
٣- میر کاشک غوزداری.
٤- میر کرەجل مشکانی.
٥- میر پوران بۆلانی.
٦- میر خومان ئەرمیلی.
٧- میر زیدان گریشکانی.

**٤- میر (زگرین) (میری میران) لە ساڵی (٧١٠ی پ. ز تا ٦٧٥ی پ. ز)**

میر (زگرین) دوای مردنی باوکی بە بەرپرسی میری میرانی حکومەتی توران هەڵبژێردرا، لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی ئەودا (لهراسپ) لە ساڵی ٧٠٨ی پ. ز کۆچی دوایی کرد، کێشەی جێنشینی تەختی سەڵتەنەتی (ماد) بۆ هەمیشە کۆتایی پێ هات و ناوچە داگیرکراوەکان دووبارە هاتنە و ژێر دەسەڵاتی (توس) کە تا مردنی بەتەنیا لەسەر تەختی سەڵتەنەتی (ماد) فەرمانڕەوایی کرد.

**دووەم: هێرشی فەرمانڕەوایی (سند) بۆ سەر (توران):**

شکاندنی (سنگهار مومید) فەرمانڕەوای (سند) بەدەستی میر (زوراک) لە ساڵی ٧٥٢ی پ. ز.دا، دەرسێکی وای دایە جێنشینەکانی کە تا نزیکەی نیو سەدە لە ترسان نەتوانن هێرش بەرنە سەر (توران). بەڵام لە ساڵی ٧٠٠ی پ. ز میر (زگرین) ئاگادار کرایەوە کە (ماتان) فەرمانڕەوای سند بەنهێنی ئامادەیی هێرشێکی زۆر گەورە دەکات بۆ سەر (توران)، بۆ ئەوەی تۆڵەی شکاندنی ئابڕووبەری باپیری خۆی، (سنگهار مومید) بکاتەوە.

دوای سەلماندن و لێکۆڵینەوەی ئەم هەواڵە، میر (زگرین) کۆبوونەوەیەکی (دیوانی بولک)ی سازدا، بۆ ئەوەی بەرنامەی بەرگری (توران) دابمەزرێنن.

دیوانی بولک بڕیاری دا هەندێ دەستەی لەشکری (براخۆیی) لەسەر ئەو سنوورەدا بڵاو بکرێنەوە کە لکابوون بەسنووری سندەوە، بۆ ئەوەی لە ناوچە سنوورییەکاندا گەشت بکەن،

تیرهاوێژی لێهاتوو لە سەنگەرەکاندا نیشتەجێ بکرێن و سەربازە سوارەکانیش لە شوێنی پێویستدا ئامادە بکرێن، باقی سوپای کوردی (براخۆیی) بەسەر سێ بەشدا دابەش بکرێن و بەسەرۆکایەتی میر (زگرین کیکانی)، میر (کلەجک ئەرمیلی) و میر (گلّباک مشکانی) لە ڕیزی دووەمی بەرگری بوەستن.

**پیلانی سەربازی (زگرین):**

میر (زگرین) بۆ تاکتیکی جەنگ ئەم بیروبۆچوونەی دەربڕی کە کاتێ جەنگ دەستی پێ کرد، لە هەموو لایەکەوە پاشەکشەیەکی قەستی نیشان بدەن تاوەکو ورەی دوژمن بەرز ببێتەوە و بەرەو پێش بێن و بگەنە ناوەڕاستی وڵات. بەم شێوەیە لە هەموو لایەکەوە دەوریان دەگیرێت، بەئاسانی ڕێگای هەڵاتنیان دەبەسترێ و گەڕانەوەیان بەسەلامەتی ناشیاو دەبێت. بەپێی پیلانەکە، کاتێ فەرمانڕەوای سند لە ساڵی ٧٠٠ی پ. ز لە وەرزی سەرمادا هێرشی هێنایە سەر توران، لەشکری کوردی (براخۆیی) لە هەموو لایەکەوە بەرەو دواوە کشانەوە. ورەی دوژمن بەرز بووەوە و سەربازەکانیان لە هەر شوێنێکەوە بەرەو پێش هاتن و تا گەیشتنە بەشی ناوەڕاستی وڵاتی توران. ئینجا لەشکری (براخۆیی) لە هەموو لایەکەوە گەمارۆیان دان و هێرشێکی بەهێزی وایان کردە سەریان کە سەربازە (سند)یەکان بۆ ماوەیەکی زۆر نەیانتوانی لەسەر پێ بوەستن. لەم دۆخە پەشۆکاویەدا، لە هەندێ شوێن هێزەکانی سند لەناوچوون و (ماتان) فەرمانڕەوای سند خۆی کوژرا.

کاتێ، (بەنگان) کوڕی (ماتان) کە خۆی لە شەڕی (ئەرمابیل) جەنگی دەکرد هەواڵی ئەم تێکشکانەی لەشکری (سند)ی بیست، گۆڕەپانی جەنگی بەجێ هێشت. هەرچەند میر (کلەجک ئەرمیلی)، میر (سابول سارونی) و میر (کیچان غوزداری) ڕێگای هەڵاتنیان لە گشت لایەکەوە لێ گرتبوو بەڵام هەر توانی ڕابکات و بەبریندارای بگاتەوە وڵاتەکەی خۆی (سند).

**ئاکامی ئەم سەرکەوتنە:**

دوای ئەم سەرکەوتنە مەزنە، کوردە (براخۆیی)یەکان وەکو نەتەوەیەکی نەبەرد و ئازا، دەسەڵاتیان بەسەر هەموو وڵاتەکانی دەوروبەردا سەپا و فەرمانڕەوایە سندییەکان سیاسەتی دژایەتی خۆیان واز لێ هێنا و دەستی هاوڕێیەتیان بۆ فەرمانڕەوایە (توران)ییەکان و کوردەکان درێژ کرد.

دوای ئەم شکاندنە، پەیوەندی دۆستانە لە نێوان کوردە (براخۆیی)یەکان و فەرمانڕەوایە



(سند)ەکان پەیدا بوو و هەر ئەم پەیوەندییە خۆشە لە سەردەمەکانی دواییدا بووە هۆی کۆسپی دۆستایەتیان.

**کۆچی دوایی میر (زگرین):**

دوای ٣٥ ساڵ فەرمانڕەوایی، میر (زگرین) لە ساڵی ٦٧٥ی پ. ز.دا کۆچی دوایی کرد. میر «زگرین» هاوکاتی پاشای ماد توس بوو و ئەم حەوت میرەی تیرەکانی کوردی «براخۆیی» هاوکات و هاوپەیمانی بوون:

١- میر کاش گۆرانی.

٢- میر سابول سارونی.

٣- میر کیچان غوزداری.

٤- میر گلّباک مشکانی.

٥- میر کلەجک ئەرمیلی.

٦- میر خومان بۆلانی.

٧- میر بەروش گریشکانی.

**٥- میر (زیبار) (میری میران) لە ساڵی ٦٧٥ی پ.ز تا ٦٣٨ی پ.ز**

میر (زیبار) لە ساڵی ٦٧٥ی پ. ز بوو بەجێنشینی باوکی و پێش هەموو شتێک چاوی بڕیە کێشەی سنوور و بایەخی زۆری پێدا.

کێشەی (سند) و دروستبوونی سەنگەرە سەربازییەکانی سەر ئەو سنوورانەی کە لکابوون بەسنووری بەلوچستانەوە (توران) لە ئارادا بوو. لەبەر ئەوەی دوو هێرشی پێشووی فەرمانڕەوای (سند)ەکان لە سەردەمی میر (زوراک) و میر (زگرین) ئەوەندە لەناکاو و کتوپڕ بوو کە کوردە (براخۆیی)یەکان کاتێکی کەمیان بەدەستەوە بوو تا خۆیان بۆ بەرگری ئامادە بکەن. هەرچەندە کوردە (براخۆیی)یەکان بەکارامەیی لە هەردوو جەنگەکەدا دوژمنیان تێکشکاندبوو، بەڵام ئەمە شتێکی پێویست بوو کە لە داهاتوودا بۆ بەرگری وڵات و نەهێشتنی هاتنەپێشی دوژمن بۆ ناو خاکیان و ڕاگەیاندنی هەواڵی هێرشیان، بەرنامەیەکی ڕێکوپێک دروست بکەن بۆ ئەوەی لە باری هێرشی کتوپڕی دوژمن بەئامادەییەکی چاک و خێرا بەرەنگاری دوژمن ببنەوە.

**کۆچی دوایی پاشای ماد:**

لە سەردەمی فەرمانڕەوایی میر «زیبار»، سێیەمین پاشای بنەماڵەی (ماد)، (توس) لە ساڵی ٦٥٥ی پ.ز کۆچی دوایی کرد و سەرکردە و گەورەکانی کورد، کوڕەکەی، (فەریبورز)یان هێنایە سەر تەختی «ماد».

**دروستکردنی پەرستگای «زوراک»:**

«فەریبورز» دوای جێنشینی، پیرۆزترین ئاگردانی بەلخی گواستەوە پایتەختی (ماد) «ئەکباتان» (هەمەدان). کوردە (براخۆیی)یەکان لە یادی ئەم کارە پیرۆزە، لەسەر لووتکەی چیای (زاوک)ی «کیکان» کە پایتەختی «توران»ە بناخەی یەکەم پەرستگایان دانا. ئەم زنجیرە چیایە و لووتکەکەی ئێستاش هەر بەو ناوەوە دەناسرێن، بەڵام نەختێ گۆڕانکاری ڕێنووسی بەسەردا هاتووە و لەجیاتی «زاوک» بەزاوە دەناسرێن کە لە خوارووی شاری قەڵاتی ئەم سەردەمە بۆ ماوەی نۆ میل دوورە.

ئەم پەرستگایەیان بەناوی (زوراک) ناساند، کە لە زمانی کوردیدا بەمانای بەهێز بەکار دێت. لە زمانی بەلوچی و براهوییشدا ئەم وشەیە هەر بەو مانایەوە بەکار دێت.

**کۆچی دوایی میر «زیبار»:**

میر «زیبار» لە (غوزدار) (شوێنی سەرۆک) هەموو جارێ کۆڕی (دیوانی بولک)ی ساز دەدا و دوای کۆڕەکە، پێشانگەیان دادەمەزراند کە تیادا پێشبڕکێی تیر هاویشتن و ڕمبازی و شمشێربازی و ئەم چەشنە یارییە سەربازییانەیان ئەنجام دەدا. لە ساڵی ٦٣٨ی پ.ز لە پێشانگایەکی وادا میر (زیبار) لە یاری ڕمبازی لە هەسپ کەوتە خوارێ و هەر ئەو کاتە کۆچی دوایی کرد.

لە کاتی ئەم مردنە ڕێکەوتییەی میر (زیبار)، هەموو ئەندامانی دیوانی بولک لە غوزدار ئامادەبوون و هەر ئەو کاتە کوڕە گەورەکەیان میر «براخم» بەجێنشینی هەڵبژارد.

ناوی ئەو حەوت میرەی تیرەکانی تری کوردی «براخۆیی» کە هاوکات و هاوپەیمانی فەرمانڕەوایی میر «زیبار» بوون بەم چەشنەی خوارەوەیە:

١- میر ڕامین گۆرانی.

٢- میر سورچن سارونی.

٣- میر مانور غوزداری.



٤- میر توراب مشکانی.

٥- میر کرماج ئەرمیلی.

٦- میر کیتون بۆلانی.

٧- میر پازو گریشکانی.

**٦- میر (براخم) (میری میران) لە ساڵی ٦٣٨ی پ.ز تا ٥٩٤ی پ.ز**

میر (براخم) لە ساڵی ٦٣٨ی پ. ز هاتە سەر تەختی توران. دوابەدوای هاتنە سەر کاری، گەشتێکی هەموو (توران)ی کرد، چاوپێکەوتنی لەگەڵ خەڵکدا سازدا، لە بارودۆخیان ئاگادار بووەوە و هەمان کات چارەسەری سکاڵاکانی کردن. میر «براخم» مرۆڤێکی ئاینی بوو و دەیویست خەڵک زۆر بەدڵسۆزی پابەندی یاسای ئاینی بن.

**دروستکردنی پەرستگای دووەم:**

لە ڕووی بایەخدان بەئاینەوە، میر «براخم» پەرستگای دووەمی لە «غوزدار» لەسەر لووتکەی چیایەک دروست کرد و بە(حەلوان)ی ناساند. لە زمانی کوردیدا وشەی حەلوان بەمانای ڕۆشن یان درەوشاوە دێت و بەبۆنەی ئەم ناوە، زنجیرە چیاکەش بەحەلوان نێونرا.

لەم سەردەمە، ئەم زنجیرە چیایە بە(حەلوایی) دەناسرێت کە شێوەی تێکچووی وشەی (حەلوان)ە. شوێنەواری ئەم پەرستگایە، ئێستاکەش لەسەر لووتکەی چیای (حەلوایی) دەبیندرێت کە ٧٠٨٦ پێ لە ئاستی دەریاوە بڵندە.

لەم سەردەمەدا، کوردی (براخۆیی) بەهۆی بێ ئاگایی، وشەی (حەلوان) دەگەڕێننەوە بۆ وشەی (حەلوا) و ئەم وتەیەش دەگێڕنەوە کە لە سەردەمی (تەیمور)دا، لووتکەی ئەم چیایە لە وەرزی گەرمادا شوێنی دانیشتنی دادگەرێکی مەنگۆلی (خوزدار) بوو کە (حەلوا)ی لا زۆر پەسند بووە و نۆکەریشی زۆر هەبوون. لەبەر ئەوە کاتێک حەزی (حەلوا) خواردنی دەکرد، نۆکەرەکانی لە بناری چیایەکە (حەلوا)یان بۆ دروست دەکرد و هەر لە خوارەوە تا سەر لووتکەکە بەڕیز دەوەستان و یەک لە دوای یەک (حەلوا)یەکەیان دەدا بەیەکتری و لە باری گەرمیدا دەیانگەیاندە سەر مێزی خواردنی دادگەرەکە.

گوایە هەر لەبەر ئەم هۆیە ناوی چیایەکە بە(حەلوایی)ەوە بەناوبانگ بوو. ئەگەرچی ئەم وتەیە هیچ پەیوەندییەکی بەڕاستییەوە نییە.

**هێرشی سەڵتەنەتی «ماد» بۆ سەر سەڵتەنەتی «ئاشوور»:**

سەڵتەنەتی «ئاشووری» دژایەتی هەبووە لەگەڵ سەڵتەنەتی (ماد) و هەمیشە هەردووکیان کۆششیان دەکرد یەکتر برووخێنن. پاشای (ماد) «فەریبورز» دەیویست هێزی خۆی تاقی بکاتەوە، لەبەر ئەوەی هەر کاتێ سەرۆکایەتی جەنگێکی بکردایە چارەنووس لەگەڵی ئەدا و سەرکەوتنی بەدەست دەهێنا. هەر ئەم سەرکەوتنانەش بووە هۆی ئەوەی لە ساڵی ٦٢٥ی پ. ز بەبێ ئەوەی ئاگاداری توانای سەربازیی سەڵتەنەتی ئاشووری بێ، هێرشی کردە سەریان. بەڵام ئەمجارەیان چارەنووس لەگەڵی نەدا، لە ئاکامدا شکا و زۆربەی سەربازەکانیشی لەناوچوون.

**بەشداری نەکردنی کوردە (براخۆیی)یەکان لە جەنگی نەتەوەیی:**

لە ساڵی ٧٠٨ی پ.ز پاشای ماد توس، لەبەر چەند هۆیەک بڕیاری دا کوردە «براخۆیی»یەکان لە جەنگە نەتەوەییەکاندا بەشداری نەکەن کە: یەکەم، ئەوان لە دوورترین ناوچە سنوورییەکانی خۆرهەڵاتی سەڵتەنەتەکەدا نیشتەجێ بوون و بۆ گەیشتن بۆ پایتەختی ماد (ئەکباتان) کاتێکی زۆری دەخایاند. دووەم، هێرشە کتوپڕییەکانی فەرمانڕەوایە (سند)یەکان بۆ سەر (توران) بەڵگەی ئەوە بوون کە مانەوەی کوردە (براخۆیی)یەکان لە ناوچەکەیان زۆر پێویستە، بۆ ئەوەی بەبەردەوامی چاودێری سنووری نێوان «توران» و «سند» بکەن و لە کاتی پێویستدا بەچاکی بەرەنگاری هێرشهێنەر ببنەوە.

لەسەر بناخەی ئەم هۆیانەی سەرەوە، پاشای ماد «توس» بڕیاری دا کوردە (براخۆیی)یەکان کە لە سەرەتاوە هەمیشە چاودێری دوورترین سنووری ڕۆژهەڵاتی سەڵتەنەتەکەیان دەکرد و خزمەتێکی نەتەوەیی گرنگیان ئەنجام دەدا، لە جەنگی نەتەوەییدا بەشداری نەکەن.

**جێنشینی (کواکسار) بۆ سەر تەختی ماد:**

دوای ئەوەی «فەریبورز» لە جەنگی ئاشووردا کوژرا، کوڕەکەی «کواکسار» بوو بەجێنشینی و ئەو شکانە تاڵەی باوکی دڵنیای کرد کە تا کاتێ شێوەی سەربازی «ماد» وەکو چەشنی سوپای (ئاشووری) لێ نەکات، بیرکردنەوە لە سەرکەوتن ژیرانە نییە. بۆیە پێش ئەوەی تۆڵەی کوشتنی باوکی بکاتەوە، شێوەی دامەزراوە سەربازییەکانی خۆی



گۆڕی، دەستە سەربازییەکانی ئاغا و میرەکانی هەڵگرت و لە جێگای ئەوان ڕاستەوخۆ بەشێوەیەکی ڕێکوپێک هێزی سەربازی دامەزراند. کاتێ بۆی ڕوون بووەوە و دڵنیا بوو سەربازەکانی توانای بەرەنگاربوونەوەی هێزی سەربازی (ئاشووری)یان هەیە، هێرشی بردە سەر سەڵتەنەتی (ئاشووری).

**یەکەم ئابلۆقەی نەینەوا (مووسڵ)، پایتەختی «ئاشوور»:**

«کواکسار» لە ساڵی ٦٢٠ی پ.ز هێرشی کردە سەر «ئاشوور» و ئابلۆقەی شاری «نەینەوا»ی دا و سەربازەکانی دۆڵە سەرسەوزەکانی دەوروبەریان وێران و تاڵان کرد. هەر لەو کاتەدا هەواڵیان گەیاندە کواکسار کە دەستە هۆزایەتییەکانی «سیت»ەکان بەمەبەستی هێرش کردن لەسەر سنووری «ماد» کۆبوونەتەوە.

ئەم هەواڵە ناخۆشە «کواکسار»ی ناچار کرد ئابلۆقەی نەینەوا هەڵبگرێت و سەڵتەنەتەکەی لە هێرش و تاڵانکردنی «سیت»ەکان بپارێزێ.

**لەناوچوونی «سیت»ەکان:**

«کواکسار»، ئابلۆقەی (نەینەوا)ی هەڵگرت و یەکسەر بەرەو «ماد» گەڕایەوە و لەوێ هەواڵیان پێ ڕاگەیاند کە (سیت)ەکان لە سەرووی دەریاچەی «ئورومیە» چادریان هەڵداوە. (کواکسار) بەبێ ئەوەی کات لە دەست بدات هێرشی کردە سەریان، بەڵام هۆزەکانی (سیت) ئەوەندە بەهێز و توانا بوون کە سەربازەکانی (ماد)یان شکاند و «کواکسار»یان ناچار کرد بەپێی خواست و مەرجی ئەوان ئاشتییان لەگەڵ بکات.

«سیت»ەکان لە خۆشی ئەم سەرکەوتنە هەموو سەڵتەنەتەکەیان تاڵان کرد، لە ئەنجامدا «کواکسار» بەفێڵ، هێرشهێنەرە «سیت»ەکانی بەم چەشنە شکاند کە پاشاکەیان «مدیاس» لەگەڵ میرەکانی بۆ میوانداری پاشایی بانگهێشتن کرد، ئەوەندەی مەی دەرخوارد دان کە هەموویان مەست بوون. ئینجا یەک بەیەک سەرکردەکانی کوشتن، بۆ ڕۆژی دووەم هێرشی بردە سەر سەربازگەکەیان و دوای جەنگێکی خوێناوی، فڕێی دانەوە دەرێی سنووری «ماد».

هەر لەو کاتەدا پاشای «ئاشوور» (ئاشوور پانی پاڵ) لە ساڵی ٦٢٦ی پ. ز کۆچی دوایی کرد و جێنشینەکەی ئەوەندە لێهاتوو و بەهێز نەبوو کە بەسەرکەوتن و کارامەی زۆر، مەزنی و گەورایەتی وڵاتەکەی دووبارە بەرز بکاتەوە. ئەم بارودۆخە هەلێکی باش بوو بۆ «کواکسار» بۆ هێرشی دووەم.

## رووخانی سەڵتەنەتی «ئاشوور» دوای هێرشێکی تری «ماد»:

لە ساڵی ٦٠٦ی پ. ز فەرمانڕەوای ئاشووریی بابل (بەنوبولاسەر) دژی سەڵتەنەتەکەی یاخی بوو و بوو بەلایەنگری پاشای ماد و داوای لێ کرد سەرۆکایەتی هێزی هەردوولا بکات و هێرش بەرێتە سەر سەڵتەنەتی ئاشوور.

«کواکسار» داواکارییەکەی یەکسەر پەسند کرد، هێرشی کردە سەر ئاشوور و بۆ جاری دووەم ئابلۆقەی پایتەخت «نەینەوا»ی دا.

دوا پاشای ئاشوور «شاراکو» یاریدەرەکەی بەجێی هێشتبوو و خۆشی بەتەک و تەنیا توانای بەرەنگاربوونەوەی دوژمنی نەبوو. لەبەر ئەم هۆیە، لە قەڵای (نەینەوا) هەتاکو توانی بەرگری لە پایتەختەکەی کرد و کاتێ بۆی ڕوون بووەوە ئومێدی جەنگ کردن نەماوە، کۆمەڵە دارێکی کۆکردەوە و لەجیاتی بەدیل بگیرێن بەدەستی دوژمن، خۆی و هەموو بنەماڵەکەی بەئاگری دارەکە بوونە خۆڵەمێش.

## کۆچی دوایی میر (براخم):

دوای ڕووخانی سەڵتەنەتی ئاشوور، میر «براخم» بۆ ماوەیەکی کەم نەخۆش کەوت و لە ساڵی ٥٩٤ی پ.ز کۆچی دوایی کرد و کوڕەکەی خۆی میر گۆران بوو بەجێنشینی.

ئەم حەوت میرەی تیرەکانی کوردی «براخۆیی» هاوکات و هاوپەیمانی میر «براخم» بوون:

١- میر بوغاز گۆرانی.
٢- میر مانی سارونی.
٣- میر گاور غوزداری.
٤- میر گورەن ئەرمیلی.
٥- میر ترمان بولانی.
٦- میر مانور مشکانی.
٧- میر تاپین گریشکانی.



## ٧- میر «گۆران» - «میری میران» لە ساڵی ٥٩٤ی پ. ز تا ٥٥٠ پ. ز

کاتێ میر «گۆران» بوو بەجێنشینی میر «براخم»ی باوکی، خەڵک لە گشت بنچ و قوژبنێکی «توران» بەئاسوودەیی و ئاشتی دەژیا. بۆیە میر «گۆران» لە بەڕێوەبردنی ئیشوکاری فەرمانڕەوایی هیچ جۆرە کۆسپ و دژوارییەکی نەهاتە ڕێ.

## کۆچی دوایی پاشای مەزنی «ماد» «کواکسار»:

لە ساڵی ٥٨٤ی پ. ز پاشای «ماد» «کواکسار» کۆچی دوایی کرد، لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتیدا بەهۆش و زانایەتی خۆی، سەڵتەنەتی «ماد»ی هێنایە ڕیزی سەڵتەنەتە مەزن و بەهێزەکانی دونیا و مردنی ئەم چەشنە سەرۆک و ڕابەرە بەبێ شک زیانێکی زۆر گەورە بوو بۆ میر گۆران.

## جێنشینی ئازدیاک:

دوای مردنی کواکسار، «ئازدیاک» هاتە سەر ئەو تەختە پایەبەرزەی «ماد» کە ڕۆناکی بەرەو هەموو لایەک بڵاو دەبووەوە. کەچی «ئازدیاک» شایانی ئەم پلە بەرزە نەبوو و لەگەڵ گوزەرانی ژیانێکی خۆش، ئاسوودە و خۆڵادان لە ئەرکی فەرمانڕەوایی، گوناهباری هەموو چەشنە کاری ناڕەوا بوو. ئەم بارودۆخە بووە هۆی پەرێشانی و دوودڵی میر و گەورانی کورد.

## کۆبوونەوەی میرەکانی کورد:

میر و سەرکردە و گەورەکانی کورد کۆبوونەوەیەکیان سازدا بۆ ئەوەی بتوانن «ئازدیاک» بگەڕێننەوە سەر ڕێی ڕاست، کارە ناڕەواکانی پێ تەرک بکەن و سەڵتەنەتەکەیان لە لەناوچوون بپارێزن. بەڵام کاتێ کۆششەکانیان بێ سوود بوو و نەیانتوانی «ئازدیاک» بهێننە سەر ڕێگای ڕاست، بڕیاریان دا لەسەر ئەم پلە بەرز و بەرێزەی لابەرن.

«ئازدیاک» هیچ کوڕی نەبوو، بۆیە پرسیار وا هاتە پێشێ کێ لە جێگای دابنێن. دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر قووڵ، گەیشتنە ئەم ئاکامە کە کچەزای (ئازدیاک)، (کوورشی هەخامەنشی) بهێننە جێگەکەی.

**بانگهێشتنی جێنشینی «کوورشی هەخامەنشی»:**

دوای ئەوەی میر و گەورەکانی کورد بڕیاریان دا «کوورش» لەجیاتی «ئازدیاک» بەڕێوەبەرایەتی سەڵتەنەتەکە بگرێتە ئەستۆ، «کوورش»یان ئاگاداری ئەم بڕیارە کردەوە کە فەرمانڕەوای «فارس» بوو.

«ئازدیاک» بەزانینی ئەم بڕیارە ڕقی هەستا، هێرشی بردە سەر «فارس»، لە ڕێگا ڕووبەڕووی «کوورش» بووەوە و شەڕ دەستی پێ کرد کە لە ئەنجامدا «ئازدیاک» شکا و دوای گرتنی، لە «ئەکباتان» (هەمەدان)، پایتەختی «ماد» بەندیان کرد.

میرەکانی کورد پاشایەتی «کوورش»یان ڕاگەیاند، بەم شێوەیە سەردەمی درەوشاوەی سەڵتەنەتی «ماد» کۆتایی پێ هات و فەرمانڕەوایی هاتە ژێر دەسەڵاتی بنەماڵەی هەخامەنشی هۆزی (فارس).

پێش ئەوەی مێژووی سەردەمی بەناوبانگی فەرمانڕەوایی بنەماڵەی (هەخامەنشی) باس بکەین، وا باشە مێژووی بنەماڵەی (هەخامەنشی) بەکورتی باس بکەین کە ئەوان کێ بوون و لە کوێوە هاتن کەوا بەم شێوەیە دەسەڵاتداری (ماد)یان دەست کەوت.

**دامەزرێنەری بنەماڵەی (هەخامەنشی):**

بەپێی هیرۆدۆت، مێژوونووسی یۆنانی (پارساگرد) و (مارافی) و (مارسپین) سێ هۆزی گرنگی (ئێران) بوون و لەناویاندا پارساگرد بەمەزنترین هۆزیان دەژمێردرا.

تیرەیەکی هۆزی (پارساگرد) بە(هەخامەنشی) پێش ئەوەی دەسەڵاتی بگرێتە دەست، یەکێتی لە ناو هۆزەکانی ئێران دروست کرد و نەتەوەی (پارس)ی هێنایە ئاراوە و لە ناوچەی (پارساگرد)دا فەرمانڕەوایی خۆی پێکهێنا کە لە دواییدا ناوچەکە بە(فارس) ناسرا.

دوای مردنی ئەو، کوڕەکەی، (چشپش) هاتە سەر تەختی فەرمانڕەوایی و لەو سەردەمەدا وڵاتی (ئیلەم) بەهۆی هێرشەکانی (ئاشوور پانی باڵ) پاشای سەڵتەنەتی (ئاشوور)، بارودۆخی زۆر شڕ و شپرزە ببوو، (چشپش) سوودی لەم بێ هێزییە وەرگرت، ویلایەتی (ئەنشان)ی لێ داگیر کرد، نازناوی پاشای (ئەنشان)ی بۆ خۆی هەڵبژارد و درێژەی بەفەرمانڕەوایی خۆی لە (ئەنشان) و (فارس) دا. دوای مردنی، کوڕێکی بوو بەفەرمانڕەوای ئەنشان و کوڕێکیشی بوو بەفەرمانڕەوای (فارس).

مێژوونووسی یۆنانی هیرۆدۆت چیرۆکێکی سەیر و خۆش لەمەڕ مارەبڕینی کچی



(ئازدیاک)ی پاشای (ماد) لە شازادەی (فارس) (کمبوجی) بەم چەشنە باس دەکات کە کاتێک (ئازدیاک) هاتە سەر تەختی سەڵتەنەتی ماد، شەوێک خەونی بینی و لەو خەونەدا کانییەک لە لەشی (ماندان)ی کچی هەڵقوڵا و ئاوی ئەم کانییە نە تەنها (ئەکباتان) پایتەختی (ماد)ی هێنایە ژێر خۆی، بەڵکو هەموو ئاسیاشی خستە ژێر خۆی.

(ئازدیاک) لە خەونەکەی زۆر ترسا نەوەک لێکدانەوەی خەونەکەی بەڕاست دەربچێت. لەبەر ئەوە بڕیاری دا بەهیچ شێوەیەک کچەکەی بەشوو نەداتە شازادەیەکی (ماد) و لەجیاتی ئەوان بیداتە کەسێکی بنەماڵەیەکی بەڕێزی (فارسی). کەسی ئەم بنەماڵە بەڕێزەی (فارس)، (کمبووجی) بوو کە (ئازدیاک) کچەکەی لێ مارە کرد و دوای زەماوەند، لە نێوان (کمبووجی) و (ماندان) کوڕێک هاتە دونیاوە و ناویان لێنا (کوورش).

لە ئەنجامدا، خەونەکەی (ئازدیاک) دوا پاشای بنەماڵەی (ماد) بەڕاست دەرچوو و میرەکانی کورد لە فەرمانڕەواییان دەرکرد و کچەزاکەی، (کوورشی هەخامەنشی)یان هێنایە جێگاکەی.

**(کوورش) وەک پاشای مەزنی (ماد) و (فارس):**

کاتێ (کوورش) لە ساڵی ٥٥٠ی پ. ز هاتە سەر تەختی سەڵتەنەتی (ماد)، خووڕەوشتی زۆر میهرەبان و دۆستانەی لەگەڵ بنەماڵەی پاشایی «ماد» بەکارهێنا. لەبەر ئەوەی «کوورش» لە دایکەوە کورد بوو بۆیە هەمیشە ڕێز و خۆشەویستی بنەماڵەی دایکی لە دڵدا زیندوو بوو و پلەی گەورەی سەربازی و ئاساییشی ناو شاری سپاردە پیاوەکانی بنەماڵەی پاشایی «ماد».

«کوورش» لە دواییدا خانمێکی تریشی لە بنەماڵەی ماد خواست کە ناوی (سەپنەوی) بوو.

**پەیوەندی «کوورش» لەگەڵ نەتەوەی کورد:**

«کوورش» ئامادە نەبوو کاری ناڕەوا لەگەڵ نەتەوەی کورد بکات و بەڵگەی ئەوە بدات کە چاکەی لە بیر چووە. هەروەها نەیدەویست نازناوی «محسن کُشی» (بەخشندەکوژی) بۆ خۆی هەڵبژێرێت و ئابڕووی خۆی ببات. هەر بۆیە خۆشەویستی و دڵسۆزایەتی خۆی بەرامبەر بەنەتەوەی کورد گەشە پێدا و لە وەڵامی لایەنگری و یارمەتی ئەوان، بەخووڕەوشتێکی ڕێکوپێکانە لەگەڵیان جووڵایەوە.

(كوورش) چونكه بەيارمەتی مير و گەورەكانی كورد گەيشتبووە ئەم پلە بەرزە بۆيە لە هەموو سەڵتەنەتی هەخامەنشيدا شێوە و جۆری فەرمانڕەوايی «ماد»ی كردە بناخەی شێوەی دەسەڵاتداريی خۆی و هيچ گۆڕانكارييەكی بەسەرياندا نەهێنا. تەنها ئەركی فەرمانڕەوايی گرتبووە ئەستۆ و بناخەی بنەماڵەی «هەخامەنشی» دامەزراندبوو.

**پەيوەندی «كوورش» لەگەڵ كوردی «براخۆيی»:**

كوردی «براخۆيی»يش لەگەڵ گشت نەتەوەی «كورد» دەنگيان دابووە «كوورش» بۆيە «كوورش»يش بەڕەفتاری برادەرانە لەگەڵيان دەجووڵايەوە.

كاتێ ئەم گۆڕانكارييە بنەماڵەييە لە سەڵتەنەتی «ماد»دا ڕوويدا، مير گۆران فەرمانڕەوايی «توران»ی دەكرد و «كوورش» ڕێزی لێ گرت و دانی بەفەرمانڕەوايی بنەماڵەيی ئەو لە «توران» نا.

**كۆچی دوايی مير گۆران:**

سروشت ڕووخانی بنەماڵەی پاشايی سەڵتەنەتی «ماد»ی لە ساڵی ٥٥٠ی پ. ز، لە چارەنووسی مير «گۆران»دا نووسيبوو كە بۆ ماوەيەكی كەم دوای جێنشينی «كوورش» كۆچی دوايی كرد. دوای ئەو، كوڕەكانی سەرەتای دووەم سەردەمی فەرمانڕەوايی بنەماڵەكەيان لە (توران) دەست پێ كرد.

ئەم حەوت ميرەی تيرەكانی تری كوردی «براخۆيی» هاوكات و هاوپەيمانی مير گۆران بوون:

١- مير راسن گۆرانی.

٢- مير شوهان سارونی.

٣- مير مهران غوزداری.

٤- مير بەيكەر مشكانی.

٥- مير كوساد ئەرميلی.

٦- مير حەكار بۆلانی.

٧- مير خيزان گريشكانی.

## بەشی نۆیەم

## دووەم خولی فەرمانڕەوایی کوردە «براخۆیی»یەکان

## لە سەردەمی سەڵتەنەتی «هەخامەنشی»دا

## لە ساڵی ٥٥٠ی پ . ز تـا ٣٣٠ی پ . ز

هەروەکو باسمان کرد، ڕووداوی گۆڕانکاری بنەماڵەیی سەڵتەنەتی ماد، لە (ماد)ەوە بۆ (هەخامەنشی)، لە سەردەمی فەرمانڕەوایی میر «گۆران» ڕوویدا. (کوورش) دوای جێنشینبوونی، دان پێنانی میر گۆران بەپلەی فەرمانڕەوا پەسند کرد و هەر بۆیە دوای مردنی میر «گۆران» بنەماڵەکەی تا کاتی داگیرکردنی ئێران بەدەستی «ئەسکەندەر پاشای مەکدۆنیا» لە توران فەرمانڕەواییان دەکرد.

**٨- میر «زرشان - میری میران» لە ساڵی ٥٥٠ی پ . ز تـا ٥١٩ی پ . ز**

دوای مردنی میر گۆران، کوڕی دووەمی میر زرشان هاتە سەر تەختی فەرمانڕەوایی توران. لەبەر ئەوەی کوڕە گەورەکەی، میر زین، هەر لە سەردەمی فەرمانڕەوایی خۆیدا کۆچی دوایی کردبوو.

میر زرشان لە ڕووی بنەماڵەییەوە، هەشتەمین فەرمانڕەوای کوردی (براخۆیی) بوو و هەروەها لە ڕووی سەردەمەوە، یەکەم فەرمانڕەوای خولی دووەمی حوکمڕانیی کوردی (براخۆیی) بوو. لە سەردەمی جێنشینی میر زرشان، بنەماڵەی (هەخامەنشی) فەرمانڕەواییان لە «ماد» پێکهێنا بوو. لەم ڕووەوە لە سەردەمی «هەخامەنشی»، زرشان یەکەم میری کوردە (براخۆیی)یەکان بوو.

**سەرکەوتنەکانی (کوورش):**

دوای داگیرکردنی تەختی «ماد»، «کوورش» میرە یاخییەکانی شکاند و دەیویست حکوومەتەکەی بەهێزتر بکات. بۆیە زنجیرەی جموجۆڵی داگیرکردنی دەست پێ کرد، یەکەم جار ڕووی کردە خۆرئاوا، دوای داگیرکردنی «ساردس» پایتەختی «لیدیا»، هێرشی بردە سەر یۆنان و دوای داگیرکردنی (یۆنان)یش توانی حکوومەتی لە ڕۆژئاوادا جێگیر بکات و پەرەی پێ بسێنێ.



کاتێ (کوورش) فەرمانڕەوایی خۆی لە ڕۆژئاوا دامەزراند و بەهێزی کرد، بایەخی بەڕۆژهەڵات دا. لەبەر ئەوەی فەرمانڕەوایە ویلایەتییەکان دژی لابردنی دەسەڵاتی بنەماڵەی (ماد) ئاڵای یاخیبوونیان بەرز کردبۆوە و بۆ ماوەی شەش ساڵ واتە لە ساڵی ٥٤٥ی پ.ز تا ٥٣٩ی پ.ز (کوورش) دژی ئەم فەرمانڕەوایانە و هۆزە یاخییەکان شەڕی کرد. کاتێ ئەم فەرمانڕەوایانە زانیان «کوورش» کچی «ئازدیاک» پاشای بنەماڵەی (ماد)ی خواستووە، ساردبوونەوە، جەنگیان کۆتایی پێ هێنا، لەگەڵ کوورش ئاشتییان کرد و ژێر دەستی ئەویان سەلماند.

«کوورش» لە سەردەمی جەنگەکانی ڕۆژهەڵاتیدا، هاتە (زرنگ)یش (سیستان). چونکە لەم ناوچەیە، دادگەرێک بەناوی «گشتاسب» کە خۆی پلەی دادگەریی پێ ڕاسپاردبوو دژی ئەو یاخی ببوو. دوای ئەوەی ئەم دادگەرە پەیڕەوکردنی دەسەڵاتی ئەوی سەلماند، بەرەو پایتەختەکەی گەڕایەوە.

بەپێی کوردگال نامەک، دادگەری توران میر زرشان، لە سنووری «زرنگ» چاوپێکەوتنی لەگەڵ «کوورش» ساز دابوو و هەموو توێشە و خواردنی سەربازگەکەی بۆ جێبەجێ کردبوو.

**هێرشێکی تری (سند) بۆ سەر (توران):**

گۆڕانکاری بنەماڵەیی سەڵتەنەتی (ماد)، فەرمانڕەوای (سند)ی دووبارە خستە ناو خەیاڵی داگیرکردن و لە دڵی خۆیدا وای دانابوو کە لەبەر ئەم گۆڕانکارییە، فەرمانڕەوایی کوردە (براخۆیی)یەکان لە (توران) زیانی پێ گەیشتووە و بێ هێز بوونە. بۆیە کاتێکی چاک و ڕێکەوتە بۆ داگیرکردنی (توران). بەم شێوەیە فەرمانڕەوای (سند)، (باگارم) سوودی لەم هەلە وەرگرت و بێ هیچ لێکۆڵینەوە و بیرکردنەوەیەک، لە ساڵی ٥٢٥ی پ. ز لەناکاو هێرشی بردە سەر ناوچەی خوارووی (توران)، (ئەرمابیل). دەستەی بەرگری سنووری (توران) کە بە(کشکچی) دەناسران هەر لە سەرەتاوە حکوومەتەکەی خۆیان ئاگاداری نیازی فەرمانڕەوای (سند) کردبۆوە. بۆیە کاتێ (باگارم) هێرشی دەست پێ کرد، دیتی جەنگاوەرە لاوەکانی کوردە (براخۆیی)یەکان لە پێش هێرش کردنی ئەو، لە ڕێگا بۆی لە بۆسە دانیشتوون. هەر لەو کاتە میر زرشان بەهاوبەشی دەستە جەنگییەکانی تیرەی کیکانی، غوزداری، سارونی، مشکانی و گۆرانی، زۆر بەزاناییەوە ئابلۆقەی سەربازگەی دوژمنی دا و هێرشی دەست پێ کرد.

(باگارم) پاش ئەوەی بۆی دەرکەوت کات لە بەرژەوەندی ئەودا نییە، سەربازگەی

بەجێهێشت و هەندێ جەنگی پارتیزانانەی(*) کرد و خێرا گەڕایەوە. بەهۆی ئەم دانایییە، لەشکرەکەی لە لەناوچوونی زیاتر ڕزگار کرد. کوردە (براخۆیی)یەکان سەربازگەی دوژمنیان داگیر کرد و دەسکەوتێکی زۆریان دەست کەوت.

**کۆچی دوایی (کوورش) پاشای (هەخامەنشی):**

(کوورش) بۆ پاراستنی سنوورەکانی ڕۆژهەڵات شەڕی دەکرد کە لە ساڵی ٥٣٠ی پ. ز لە جەنگ لە کاتی شەڕکردندا کۆچی دوایی کرد. دوای ئەو کوڕەکەی، (کمبووجی) بوو بەجێنشینی.

**کۆچی دوایی میر (زرشان):**

میر (زرشان) لە ساڵی ٥١٩ی پ. ز لە سەردەمی فەرمانڕەوایی (کمبووجی)، بەهۆی نەخۆشییەکی کتوپڕ کۆچی دوایی کرد.

ئەمەش ناوی ئەو میرانەی کوردە (براخۆیی)یەکانە کە هاوکات لەگەڵ میر زرشان فەرمانڕەواییيان کردووە:

١- میر ناگان گۆرانی.

٢- میر نێرمان سارونی.

٣- میر شیشار غوزداری.

٤- میر گورگین مشکانی.

٥- میر باهور ئەرمیلی.

٦- میر بوغا بۆلانی.

٧- میر سەمبان گریشکانی.

(*) جەنگی پارتیزانی: مەبەست لەوەدایە کە باگارم خۆی دەشاردەوە و لە کاتێکی نالەبار دەیدایە سەر دوژمنی. بۆ ئەم مەبەستەش لەوانەیە بەرۆژ خۆی لە ناو چیا و کەژەکاندا حەشار دابێت و بەشەویش بەنهێنی هێرشی کردبێتە سەریان. (وەرگێڕ)



**٩- میر (زوراک)ی دووەم - (میری میران) لە ساڵی ٥١٩ی پ. ز تا ٤٨٥ی پ. ز**

میر زوراکی دووەم کاتێ هاتە سەر تەختی فەرمانڕەوایی توران، هەموو هۆش و سەرنجی خۆی بۆ لای لەبارکردنی باری ئابووری وڵاتەکەی ڕاکێشا. بەپێی کوردگال نامەک میر زوراک، یەکەم فەرمانڕەوای کوردی (براخۆیی) بوو کە بایەخی بەکشتوکاڵ دا و خەڵکی هان دەدا لەگەڵ پیشەی شوانیدا پیشەی کشتوکاڵیش هەڵبژێرن. بەبیروڕای ئەو کشتوکاڵ میهرەبانیی (ڕەحمەت) خواییيە و پیشەیەکی سوودبەخشە.

**دروستکردنی ((بەربەستە))کان:**

بۆ بەدیهێنانی پرۆژەی کشتوکاڵ، میر زوراک ژمارەیەکی زۆری «بەربەست» لە (توران)دا دروست کرد. ئەم «بەربەست»انە لە شوێنی ڕێک و باشی وادا دروست کران کە ئاوی زۆری باران بۆ کشتوکاڵ کۆ دەکرایەوە.

(توران) وڵاتێکی شاخاوییە و زەوی پان و بەرینی وای تیایە کە بەهۆی نەبوونی ئاوی ڕەوان، بەهیچ شێوەیەک نەدەتواندرا بۆ کشتوکاڵ سوودی لێ وەربگیرێ. هەر ئەم هۆکارانە بوونە هۆی ئەوەی لە تورناندا بەربەست دروست بکرێت.

ئەمیر زوراک جگە لە دروستکردنی «بەربەست»، سوودێکی زۆری لە ئاوی ژێر زەویش وەرگرت و ژمارەیەکی زۆری جۆگەی ئاوی ژێر زەوی دروست کرد کە لە کۆن (کەننات) و لەم سەردەمەش کارێزی(*) پێ دەڵێن. ئەم جۆگانە لە شوێنی وادا هەڵکەندران کە لە سەداسەد ئومێدی بەدەستهێنانی ئاو هەبوو.

دوای میر زوراک، جێنشینەکانیشی زۆر بەسەرگەرمییەوە کۆششی بەرەو پێش بردنی ئەم شێوەکارەی ئەویان کرد و هەموو کاتێ بۆ باشی کشتوکاڵ و فراوانکردنی ئاو هەوڵیان دەدا.

(*) کارێز: ئێستاش لە بەلوچستاندا کارێز سەرچاوەیەکی گەورەی ئاودانی کشتوکاڵی جووتیارەکانە. ئەم جۆرە جۆگانە سەری دادەپۆشرێت بۆ ئەوەی ئاوەکە نەبێتە هەڵم و باشتر سوودی لێ وەربگیرێت. بەفارسی و ئۆردو (کارێز) یان (قەنات) و بەئینگلیزیش (Subterranean Canal)ی پێ دەڵێن. (وەرگێڕ)

**کۆچی دوایی (کمبووجی)ی دووەم پاشای ((هەخامەنشی)):**

لە ساڵی ٥٢١ی پ. ز دوای داگیرکردنی میسر، (کمبووجی) بەرەو نیشتمانەکەی گەڕایەوە. هێشتا لە وڵاتی «شام» (سوریا) بوو کە ئاگادار کرایەوە لە ئامادە نەبوونی ئەو، لە ئێران بەنوێنەرایەتی پەرستگایەک یاخیبوون دەستی پێ کردووە. بۆ سەرکوت کردنی ئەم یاخیبوونە، (کمبووجی) گەشتەکەی زۆر بەتوندی درێژە پێ دا و دیسان لە ڕێگا هەواڵی پێ گەیشت کە زۆربەی سەربازەکانی کەوتوونەتە گەڵ یاخییەکان. چونکە (کمبووجی) نەخۆشی فێی(*) هەبوو، ئەم هەواڵە کاری زۆری لێ کرد، نائومێد بوو و خۆی کوشت.

**دارای یەکەم:**

(کمبووجی) هیچ کوڕی نەبوو، لەبەر ئەوە لە وەچەی دووەمی بنەماڵەی (هەخامەنشی) کە لە بنەماڵەی ئامۆزای (کمبووجی) بوون، سەردارەکەیان، (دارا) هەڵبژارد و کردیانە جێنشینی (کمبووجی).

**کۆچی دوایی میر ((زوراک)):**

دوای ٣٤ ساڵ فەرمانڕەوایی کردن، میر (زوراک) کۆچی دوایی کرد و ئەمەش ناوی ئەو میرانەی کوردی (براخۆیی)یە کە هاوکات لەگەڵ میر (زوراک) فەرمانڕەواییان کردووە:

١- میر دوج گۆرانی.
٢- میر هینار سارونی.
٣- میر کاشک غوزداری.
٤- میر بولور مشکانی.
٥- میر ئاماچ ئەرمیلی.
٦- میر دەرنیل بۆلانی.
٧- میر زیدەک گریشکانی.

(*) فێ: (صرع) نەخۆشییەکە کە مرۆڤ کتوپڕ دەکەوێتە زەوی و بێ هۆش دەبێ، دەست و پێی خوار دەبن و کەفی لە دەم دێتە دەر. (وەرگێڕ)



**١٠- میر (ئەرجان) - (میری میران) لە ساڵی ٤٨٥ی پ. ز تا ٤٦٠ی پ. ز**

میر «ئەرجان» دوای مردنی باوکی بەبڕیاری «دیوانی بولک» هاتە سەر تەختی «توران» و بوو بەفەرمانڕەوا، مرۆڤێکی لە خواترس و لە ناو خەڵکیدا خۆشەویست بوو. بەپێی بارودۆخی سەردەمی خۆی، ئەو بنکە سنوورییانەی کە میر زیبار لە ساڵی ٦٧٥ی پ. ز لەسەر سنووری «توران» و «سند» دروستی کردبوون، سەرلەنوێ چاکی کردنەوە.

**کۆچی دوایی ((دارا))ی یەکەم:**

چەند مانگێک دوای جێنشینی میر ئەرجان، سێیەمین پاشای بنەماڵەی (هەخامەنشی) (دارا)ی یەکەم کۆچی دوایی کرد و لە ساڵی ٤٨٥ی پ. ز کوڕەکەی «خشایاراشا» بوو بەجێنشینی.

**کۆچی دوایی میر ((پندران))ی برای میر ئەرجان:**

دەستەیەک لە ڕێگر و جەردەکان بنکەیان لە سەرووی «توران»دا لە ناوچەی ناوەڕاستی «بەلغان» و «بەلبلان» دروست کردبوو و دەستیان کردبووە لێدان و ڕووتکردنەوەی خەڵک. خەڵک لە ستەم و چەوساندنەوەی ئەوان بێزار بوون و ناڕەزایی خۆیان لای میر (ئەرجان) دەربڕی و ئەویش براکەی میر (پندران)ی بۆ سزا و سەرکوتکردنی ئەم جەردانە نارد. دوای ئەم بڕیارە، میر (پندران) بەدەستەیەکی زۆر کەمەوە هێرشی بردە سەر بنکەکەیان، هەرچەند هەمووی کوشتن بەڵام خۆیشی سەخت بریندار بوو. دوای چوار ڕۆژ زامداری، کۆچی دوایی کرد و لە یادی ئەم چالاکییە گەورەی ئەو، ناوچەکەیان بە(پندران)ەوە ناساند کە تا ئێستاش هەر بەو ناوەوە دەناسرێت.

**کۆچی دوایی میر (ئەرجان):**

دوای بیست و پێنج ساڵ فەرمانڕەوایی، میر (ئەرجان) کۆچی دوایی کرد و کوڕەکەی، میر شاموز بوو بەجێنشینی. ئەمەش ناوی ئەو میرانەی تیرەکانی کوردی (براخۆیی)یە کە هاوکات لەگەڵ میر (ئەرجان) فەرمانڕەواییان کردووە:

١- میر چرموک گۆرانی.
٢- میر کابو سارونی.
٣- میر دیلم غوزداری.
٤- میر توتک مشکانی.

٥- میر کەمبیل ئەرمیلی.
٦- میر خیزان بۆلانی.
٧- میر پیلار گریشکانی.

**١١- میر «شاموز» - «میری میران» لە ساڵی ٤٦٠ی پ. ز تا ٤٢٤ی پ. ز**

میر «شاموز»، دوای مردنی باوکی، لە ساڵی ٤٦٠ی پ. ز بوو بەجێنشین کە سەرکردەیەکی لێهاتوو و دیموکراتخواز بوو و نە تەنها کێشە گەورەکانی تەنانەت کێشە بچووک بچووکەکانیشی بەڕاوێژی «دیوانی بولک» چارەسەر دەکرد. بۆیە بۆ هەر شوێنێک چووبا، ئەندامێکی (دیوانی بولک)ی لەگەڵدا بوو.

**کۆچی دوایی چوارەمین پاشای (هەخامەنشی) (خشایارشا):**

ئەگەرچی (خشایارشا) بەبێ هیچ دژایەتییەک و بەرهەڵستییەک هاتبووە سەر تەختی فەرمانڕەوایی، بەڵام خۆی مرۆڤێکی بێ توانا و تەمبەڵ بوو و زۆر بەئاسانی دەهاتە سەر قسەی ڕاوێژکارەکانی. لە ئەنجامدا، دوای ٢٤ ساڵ فەرمانڕەوایی وێرانکەرانە، ئەفسەرێکی یاوەری شایی خۆی، کە ناوی (ئەرتابانوس) بوو کوشتی.

**جێنشینی (ئەردەشێری هەخامەنشی):**

دوای کوشتنی (خشایارشا)، (ئەرتابانوس) سەرۆکی ئاسایشی شایی بەسەر هەموو مرۆڤێکی سەڵتەنەتەکەدا زاڵ بوو. دوای کوشتنی (خشایارشا)، کوڕە بچووکەکەی (ئەردەشێر)ی هان دا تاوانی کوشتنی باوکی بخاتە سەر برا گەورەی خۆی (دارا). بەم شێوەیە فەرمانی کوشتنی (دارا)ی لە (ئەردەشێر) بەدەست هێنا، یەکسەر کوشتی و لەم بارە ناگونجاوە و ناخۆشەدا، (ئەردەشێر) دەسەڵاتی سەڵتەنەتەکەی گرتە دەست و بوو بەجێنشین.

**داگیرکردنی تەنگەی «میلا» بەدەستی هۆزە «جدگاڵ»ەکان:**

لە سەردەمی میر «شاموز» هۆزە «جدگاڵ»ەکانی «کندابیل» (گنداوە) تەنگەی (میلا)یان داگیر کرد. کوردگاڵ نامەک ئەم ڕووداوە بەم شێوەیە باس دەکات کە لە ساڵی ٤٥٤ی پ. ز میرەکانی هۆزە (جدگاڵ)ەکان بەنیازی پاراستنی ناوچەکەیان لە هێرشی دوژمن، بڕیاریان دا تەنگەی (میلا) داگیر بکەن، (جدگاڵ)ەکان بەسەرۆکایەتی میر



(کندابوج) هێرشیان کردە سەر سەنگەری سنووریی و هەموو پاسەوانەکانی سەنگەرەکەیان کوشت کە ڕێگای (توران) و (بودها)یان کۆنترۆڵ دەکرد. بەم شێوەیە، دەستیان بەسەر هەموو تەنگەکەدا گرت.

هەواڵی ئەم ڕووداوە ناخۆشە درەنگ گەیشتە میر (شاموز) لەبەر ئەوەی هیچ پاسەوان یان سەربازێکی سەنگەرەکە بەزیندوویی دەرنەچووبوو تا هەواڵی ئەم ڕووداوە بگەیەنێتە میر (شاموز). کاتێ میر (شاموز) هەواڵی ئەم ڕووداوەی پێ گەیشت هەموو لەشکری کوردی (براخۆیی)ی کۆ کردەوە و ئەوەندە بەتوندی خۆی گەیاندە دەوروبەری تەنگەی (میلا) کە لەشکری (جدگاڵ)ەکان بەتەواوی ساز و سامانی جەنگییان هەڵنەگرتبوو. لە هەر چوار لاوە ئابڵۆقەی دان و هێرشی کردە سەریان.

ئەم هێرشە لەناکاو و چاوەڕوان نەکراوەی کوردە (براخۆیی)یەکان ترس و لەرزێکی وای لە ناو سەربازگەی (جدگاڵ)ەکان پەیدا کرد کە هەراوهۆریای تیا دروست بوو و هەریەک لە لایەکەوە کۆششی هەڵاتنی دەکرد. کوردە (براخۆیی)یەکان سەربازەکانی دوژمنیان یەک یەک لەناوبرد و زۆر کەم توانیان ڕابکەن.

دوای ئەم سەرکەوتنە مەزنەی میر شاموز، لە یادی ئەم چالاکییە جەنگییەی ئەو، ناوچەکەیان بەناویەوە ناساند. وتەیەک هەیە کە ئەم هۆزانەی خوارەوەی (جدگاڵ)ەکانی (کندابیل) لەم جەنگەدا بەشدار بوون:

١- لوهانی.
٢- ساهیتون.
٣- ئەبران.
٤- ماچان.
٥- بەمبی.
٦- چەخاوەر.
٧- حابنی.
٨- دەنداوەر.
٩- کلواری.

**کۆچی دوایی (ئەردەشێری یەکەم):**

«ئەردەشێر» لەگەڵ ئەوەشدا کە مرۆڤێکی کەمتەرخەم بوو تا ماوەیەکی درێژ فەرمانڕەوایی کرد، لە ساڵی ٤٢٤ی پ. ز کۆچی دوایی کرد و کوڕەکەی بوو بەجێنشینی.

**کۆچی دوایی میر شاموز:**

ئەو شەڕانەی کوردە (براخۆیی)یەکان لە (توران) لەگەڵ (جدگال)ەکانیان کردبوو، شەڕی تەنگەی (میلا) کە میر شاموز لەگەڵ جدگالەکانی ئەنجام دابوو، لە هەمووی گەورەتر بوو. دوای ئەم سەرکەوتنە، ئاسوودەیی و ئاشتی کەوتە ناو (توران) و میر (شاموز) دوای سی و شەش ساڵ فەرمانڕەوایی، ماڵئاوایی لەم دنیایە کرد و کوڕەکەی (براخم)ی دووەم بوو بەجێنشینی.

ئەمەش ناوی ئەو میرانەی تیرەکانی کوردی (براخۆیی)یە کە هاوکات لەگەڵ میر (شاموز) فەرمانڕەواییان کردووە:

١- میر کازان گۆرانی.

٢- میر مرداس سارونی.

٣- میر خەرزان غوزداری.

٤- میر دوغان مشکانی.

٥- میر باسیر ئەرمیلی.

٦- میر مشکان بۆلانی.

٧- میر ماخان گریشکانی.

**١٢- میر (براخم)ی دووەم (میری میران) لە ساڵی ٤٢٤ی پ.ز تا ٤٠٠ی پ.ز.**

کاتێ میر براخم هاتە سەر تەختی فەرمانڕەوایی، بۆ تەندروستی خەڵک خزمەتی فراوانی شایانی باشی ئەنجام دا. لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ئەودا نیشانەی ڕووخان لە سەڵتەنەتی بنەماڵەی پاشایی هەخامەنشیدا بەدیار دەکەوت.

**هەڵکەندنی (کارێز) و دروستکردنی (بەربەست):**

میر (براخم) وەکو باپیرانی، میر (زرشان) و میر (زوراک) دڵی بەکشتوکاڵ خۆش بوو و حەزی لێ بوو. لە ناوچەی جۆراوجۆردا (بەربەست)ی دروست کرد، هەڵکەندنی کارێزی



گەشە پێ دا، بەتەواوی سوودی لەو پڕۆژانەی ئاو وەرگرت و کشتوکاڵی وڵاتەکەی بەرەو پێشەوە برد.

**دابەشکردنی دەسکەوتەکانی تەنگەی (میلا):**

میر (براخم) ئەو هەموو دەسکەوتانەی کە باوکی دوای شکاندنی دادگەری (کندابیل) لە جەنگی تەنگەی (میلا)دا بەدەستی کەوتبوو، لە نێوان کوردە (براخۆیی)یەکاندا دابەشی کرد.

**جێنشینی و کوشتنی (خشایارشای دووەم):**

دوای مردنی (ئەردەشێری یەکەم)، کوڕە گەورەکەی (خشایارشای دووەم) بوو بەجێنشینی. بەڵام برا بچووکەکەی، (دارا)، کە مرۆڤێکی زۆر پیلانگێڕ بوو دەیویست خۆی بێتە سەر تەختی سەڵتەنەت. بۆیە مەی دەرخواردی برا گەورەکەی دا و لە باری سەرخۆشیدا، لە ساڵی ٤٢٤ی پ. ز کوشتی. (خشایارشای دووەم) تەنها بۆ ماوەی ٤٥ ڕۆژ فەرمانڕەوایی کرد و دوای کوشتنی ئەو، دارای دووەم خۆی بوو بەجێنشین.

**جێنشینی (دارای دووەم):**

کاتێ (دارا) برا گەورەکەی خۆی، (خشایارشای دووەم)ی کوشت و لە جێگای ئەو بوو بەجێنشین، خەسێنراوەکانی(*) بارەگای پاشایی باوەڕ پێکراوە بەناوبانگەکانی ئەو بوون و هەر بەئامۆژگاری ئەوان ڕژێمی سەڵتەنەتی بەڕێوە دەبرد، لە ئەنجامدا ئەم شێوە بەڕێوەبردنە، زنجیرەیەکی یاخیگەری لە ناو سەڵتەنەتەکەیدا دەستی پێ کرد، سەرپێچی و بێ یاسایی لە ناو هەموو وڵاتەکەدا بڵاو بووەوە و بووە هۆی هەڵوەشاندنەوەی بناخەی سەڵتەنەتەکە. دوای بیست ساڵ فەرمانڕەوایی، لە ساڵی ٤٠٤ی پ. ز کۆچی دوایی کرد و دوای ئەو، کوڕەکەی، (ئەردەشێری دووەم) بوو بەجێنشین.

**کۆچی دوایی میر (براخمی دووەم):**

میر (براخمی دووەم) دوازدەهەم فەرمانڕەوای کوردە (براخۆیی)یەکانی (توران) بوو و بۆ ماوەی بیست و چوار ساڵ حوکمڕانی کرد. مرۆڤێکی بەیاسا و بەزەیی بوو کە لە سەردەمی فەرمانڕەوایی (ئەردەشێری دووەمی) پاشای (هەخامەنشی)دا لە ساڵی ٤٠٠ی پ. ز

(*) خەسێنراو: گون دەرهاتگ، ئەم جۆرە مرۆڤانە لە سەردەمی کۆندا لە بارەگای پاشایی لە ناو خێزانی پاشاکاندا وەکو نۆکەرێک کاریان کردووە. وە هەر بۆ ئەم مەبەستەش دەخەسێندران. (وەرگێڕ)

کۆچی دوایی کرد. ئەم میرانەی تیرەکانی کوردی (براخۆیی) هاوکات لەگەڵ میر (براخمی دووەم) فەرمانڕەواییيان کردووە:

١- میر زینل گۆرانی.
٢- میر ریگان سارونی.
٣- میر کوساد غوزداری.
٤- میر کاتین مشکانی.
٥- میر بولاک ئەرمیلی.
٦- میر سیکران بۆلانی.
٧- میر سارم گریشکانی.

**١٣- میر (سابول) - (میری میران) لە ساڵی ٤٠٠ی پ. ز تا ٣٧٠ی پ. ز**

لە ماوەی فەرمانڕەوایی میر سابول، باری سیاسی سەڵتەنەتی (هەخامەنشی) بەهۆی پیلانی بارەگای پاشاییيەوە بەرەو خراپبوون دەچوو. میر (سابول) نەیدەویست وڵاتەکەی (توران) دووچاری ئەم کێشە و پیلانە سیاسییانە بکات، بۆیە لە ڕێگەی پەیوەندی نەپچڕاوە، چاودێری بارودۆخەکەی دەکرد بۆ ئەوەی کەس نەتوانێت بەڕێگەیەکی خراپی دابیات. هەمیشە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر گەشتی دەکرد و سەردانی خەڵکی دەکرد و ناکۆکییەکانیانی هەر ئەو کات چارەسەر دەکرد. هەموو سەردەمی فەرمانڕەوایی بەم شێوەیە تێپەڕی و لە ساڵی ٣٧٠ی پ. ز کۆچی دوایی کرد و کوڕەکەی میر (نورگان) بوو بەجێنشینی. ئەم میرانەی تیرەکانی کوردی (براخۆیی)یش هاوکات لەگەڵ میر (سابول) فەرمانڕەواییيان کردووە:

١- میر گۆران گۆرانی.
٢- میر کیتون سارونی.
٣- میر مشکان غوزداری.
٤- میر زروان مشکانی.
٥- میر ئەورام ئەرمیلی.
٦- میر ساسون بۆلانی.
٧- میر دارون گریشکانی.



**١٤- میر (نورگان) - (میری میران) لە ساڵی ٣٧٠ی پ. ز تا ٣٥٠ی پ. ز**

میر (نورگان) بەجێشینی باوکی هەڵبژێردرا و لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتیدا، بەهۆی بێ یاسایی و بێ هێزی سەڵتەنەتی (هەخامەنشی)، لە ناوچە دەوروبەرەکانی وڵاتەکەیدا (توران) باری سیاسی هێجگار خراپ ببوو. هەستی بەنالەباری کرد بۆیە ڕێگای پێشەواکانی هەڵبژارد و پەیوەندی لەگەڵ خەڵک بەستا بۆ ئەوەی کۆسپ نەیەتە ڕێگای.

**دروستکردنی قەڵای «نورگان»:**

میر «نورگان» بەمەبەستی «احتیاط» وەرگرتن بەر لە هێرشی دوژمن، لە ناوچەی سەرووی تەنگەی (میلا)، لە دۆڵی (سویندران) لە نزیک کانییەک قەڵایەکی پتەوی دروست کرد و سەربازی تیادا نیشتەجێ کرد، بۆ ئەوەی چاودێری تەنگەی (میلا) بکەن و لە کاتی پێویستدا بەزوویی هاوکاری بکەن. هەروەها بۆ ئەوەی ڕووداوی (داگیرکردنی نهێنییانەی جدگالەکان) سەردەمی فەرمانڕەوایی میر (شاموز) دووپات نەبێتەوە.

دوای نیشتەجێبوونی سەرباز لە ناو ئەم قەڵایە، ناوچەکە لەجیاتی (سویندران) بەناوی (نۆرگان) ناسرا کە ئێستا لەم سەردەمە بە(نورگامە) دەناسرێت.

**کۆچی دوایی میر «نورگان»:**

میر «نورگان» لە ساڵی ٣٥٠ی پ. ز کۆچی دوایی کرد کە چواردەهەم میری کوردی (براخۆیی) بوو. ئەمەش ناوی ئەو میرانەی تیرەکانی کوردی (براخۆیی)یە کە هاوکات لەگەڵ میر (نورگان) فەرمانڕەواییيان کردووە:

١- میر مهران گۆرانی.
٢- میر باشوک سارونی.
٣- میر بیفل غوزداری.
٤- میر بوزیک مشکانی.
٥- میر ئوکی ئەرمیلی.
٦- میر کەل غەل بۆلانی.
٧- میر نوغی گریشکانی.

### ١٥- میر «کیانوش - میری میران» له ساڵی ٣٥٠ی پ. ز تا ٣٣٨ی پ. ز

دوای مردنی میر نورگان، (کیانوش)ی کوڕی بوو بەجێنشینی کە وەکو باوکی و (سابول)ی باپیری، مرۆڤێکی تێگەیشتوو بوو. لە سەردەمی ئەودا. باری سیاسیی دەوروبەری وڵاتەکەی زۆر ئاڵۆز و نالەبار و باوەڕ پێ نەکراو بوو، بەڵام زۆر بەکۆڵنەدەری و شێوەیەکی چاک توانی پارێزگاری وڵاتەکەی بکا، بەرەو پێشەوەی ببا، ئاسوودەیی و ئاشتی لە ناو (توران) بڵاو بکاتەوە لە بێ یاسایی بیپارێزێ.

### کۆچی دوایی (ئەردەشێری دووەم) و جێنشینی ئەردەشێری سێیەم:

(ئەردەشێری دووەم) دوای چل و یەک ساڵ فەرمانڕەوایی کردن، کۆچی دوایی کرد و چوار کوڕ (ئەراتاس)، (ئاریاپەس)، (دارا) و (ئوخوسی) بەجێهێشت. (دارا) لە هەموویان گەورەتر بوو و هەر ئەویش مافی جێنشینی هەبوو بەڵام (ئوخوس) کە مرۆڤێکی هێجگار پیلانگێڕ بوو توانی تەختەکە بەدەست بهێنێ و بەنازناوی (ئەردەشێری سێیەم) جێنشین بێ.

### کوشتنی (ئەردەشێری سێیەم):

هەروەکو لە سەرەوە باس کرا، (ئەردەشێری سێیەم) مرۆڤێکی بەناوبانگی پیلانگێڕ بوو و بەیارمەتی ئەم پیلانگێڕییە توانی تەختی باوکی بەدەست بهێنێت. لەگەڵ جێنشین بوونی، هەموو شازادەکانی (کوڕ و کچ) بنەماڵەکەی خۆی کوشت. لە ئەنجامدا، خەسێنراوێکی باوەڕپێکراوی خۆی (یاگواس) لە ساڵی ٣٣٨ی پ. ز کوشتی. بەم شێوەیە فەرمانڕەواییەکەی بەیارمەتی پیلانگێڕی دەستی پێ کرد و بەیارمەتی پیلانگێڕیش کۆتایی پێ هات.

### کۆچی دوایی میر (کیانوش):

چەند مانگێک دوای کوشتنی (ئەردەشێری سێیەم)، میر (کیانوش) لە ساڵی ٣٣٨ی پ. ز کۆچی دوایی کرد و سەرجەمی فەرمانڕەوایەتییەکەی دوانزە ساڵ بوو. هۆی مردنی نەخۆشی گورچیلە بوو کە هەر لە کاتی گەنجایەتیی کاری لێ کرد و مرد.

ئەمەش ناوی ئەو میرانەی تیرەکانی کوردی (براخۆیی)یە کە هاوکات لەگەڵ میر (کیانوش) فەرمانڕەواییان کردووە:

١- میر گیشتار گۆرانی.



٢- میر ئیناخ سارونی.
٣- میر کرەجل غوزداری.
٤- میر براخم مشکانی.
٥- میر زەرین ئەرمیلی.
٦- میر لاکور بۆلانی.
٧- میر بلباس گریشکانی.

### ١٦- میر «کیکانی دووەم» - «میری میران» لە ساڵی ٣٣٨ی پ.ز تا ٣٣٠ی پ.ز

میر (کیکانی دووەم) لە ساڵی ٣٣٨ی پ. ز هاتە سەر تەختی باوکی و لەو سەردەمەدا زریانی بێ یاسایی و ناتەبایی سەڵتەنەتی هەخامەنشی داپۆشی بوو. دوای کوشتنی ئەردەشێر، لە بنەماڵەی هەخامەنشیدا، مرۆڤێکی وا نەبوو کە بتوانێ دەسەڵاتی تەختی ئەو بگرێتە دەست. چونکە لە سەردەمی ژیانی خۆیدا، هەموو کەسایەتییەکانی بنەماڵەکەی کوشتبوو. بۆیە پرسیار وا هاتە پێشێ کە کێ ببێتە جێنشینی ئەو؟

دوو ساڵ تێپەڕی لە کۆششی دۆزینەوەی جێنشینێک لە ئەنجامدا کێشەی جێنشینی (ئەردەشێری سێیەم)، باوەڕپێکراوێکی خۆی (باگواس) چارەسەری کرد و کوڕەزای یەکێ لە براکانی ئەردەشێر، (کدمان) کە لە کوشتارەکە دەرچووبوو و بەزیندوویی مابۆوە کرد بەجێنشین.

### جێنشینی (دارای سێیەم):

دوای سەرکەوتنی کۆششی (باگواس)، (کدمان) بەنازناوی (دارای سێیەم) هاتە سەر تەختی فەرمانڕەوایی و لە ڕووی خووڕەوشتەوە بەنسبەت پێشەوا نزیکەکانی مرۆڤێکی زۆر میهرەبان و زۆر کەمیش کیناوی بوو. ئەگەر لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتیدا بارودۆخ ئارام بووایە، دەیتوانی بەدڵسۆزی فەرمانڕەوایی بکا. بەڵام بەدبەختانە بەرەنگاری هێزێکی نوێی ڕۆژئاوا بۆوە کە بەناوی داگیرکەرێکی سەرکەوتووی زانا و نەترس، (ئەسکەندەری مەکدۆنی) وەکو زریانێکی ڕەوان بەرەو ڕۆژهەڵات دەهات. (دارا) بەچاوپۆشی کردن لە هەموو کێشەکانی سەڵتەنەتی ئێران هەر نەیتوانی بەرهەڵستی ئەم زریانە بکات و تێکشکا.

**دروستبوونی هێزی یۆنانی لە ڕۆژئاوا:**

ناوچەی نیوە دوورگەی یۆنان کۆی ئەو پارچە زەوییانەیە کە کەوتوونەتە نێو دەریاوە و لە نێوانیدا هاتوچۆ زۆر کەم بوو. بەهۆی ئەم ساختە جوگرافیاییە، خەڵکی ئەم دوورگانە دابەش ببوونە سەر ویلایەتی بچووک بچووک و گوزەرانی باری ئابوورییان لەسەر دەریا بوو.

فەرمانڕەوای ئەم ویلایەتانە بەهۆی دوژمنایەتی نێوانیان هەمیشە لەگەڵ یەک دەجەنگان و کۆششی ڕووخاندنی یەکتریان دەکرد. بەهۆی ئەم ناتەبایی و یەک نەگرتنە، سەڵتەنەتی ئێران هەمیشە بەسەریاندا زاڵ بوو.

لە ساڵی ٣٥٩ی پ. ز (فیلقوس) بوو بەفەرمانڕەوای ولایەتی (مەکدۆنیا)ی (یۆنان) و شیرازە بەندیی سەربازەکانی سەرلەنوێ بەشێوەیەکی تازە دروست کرد و ئەوەندە بەهێز بوو کە دەستی کردە نەخشەدانانی داگیرکردنی ئاسیا. بەڵام لە بێ بەختیی، لە ساڵی ٣٣٤ی پ. ز بەدەست پیاوێکی وا کوژرا کە سکالاکانی بۆ جێبەجێ نەکردبوو و نەیتوانیبوو مافی بداتێ. دوای ئەو، کوڕەکەی، (ئەسکەندەر) بوو بەجێنشینی و نەخشەی داگیرکردنی ئاسیای ئەوی هێنایە دی.

**هێرشی (ئەسکەندەری یۆنانی) بۆ سەر سەڵتەنەتی (ئێران):**

دوای داگیرکردنی (میسر)، (ئەسکەندەر) بەسەرۆکایەتی کردنی سەربازەکانی لە ساڵی ٣٣١ی پ. ز هێرشی کردە سەر ئێران، شارەکانی یەک لە دوای یەک داگیرکرد و گەیشتە (ئەکباتان) پایتەختی ماد و فارس.

پێش گەیشتنی ئەسکەندەر، (دارای سێیەم) بەرەو ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵاتی سەڵتەنەتەکەی ڕای کردبوو و (ئەسکەندەر)یش لەگەڵ دەستە هەڵبژاردەکانی خۆی کەوتە گەڕان بەدوای. بەڵام پێش ئەوەی (ئەسکەندەر) دەستگیری بکات، دادگەری (باختەر) لە ترسی گەڕانی (ئەسکەندەر)، (دارا)ی بەکوشتن دا و خۆبشی ڕای کرد. لە ئەنجامدا، لە ساڵی ٣٣٠ی پ. ز، سەردەمی دوا پاشای بنەماڵەی فەرمانڕەوای بەناوبانگی ئێران بەئەنجامێکی دڵتەزێن کۆتایی پێی هات.

هێرشی یۆنانی زیانێکی ئەوتۆی گەیاندە سەڵتەنەتی ئێران و ناوچە یاریدەرەکانی، کە دارا تەنانەت نەیتوانی گیانی خۆی بپارێزێ. شیرازەی سەڵتەنەتەکە تێکچوو و بنەماڵەی (هەخامەنشی) و بنەماڵەی فەرمانڕەوایە یاریدەرەکانی لە ڕووی زەوی پاک بوونەوە.



**هێرشی (ئەسکەندەر) بۆ سەر هیندستان:**

بەداگیرکردنی (فارس) و (ماد) زۆر ویلایەتی تر، (ئەسکەندەر) هێشتا ئۆقرەی نەگرت و هەوڵی داگیرکردنی ناوچەی تری دەدا، بۆیە زنجیرە چیای (هیندوکوش)ی[1] تێپەڕاند و هاتە ناوچە تەختاییەکانی هیندستان. دوای ئەوەی فەرمانڕەوایەکانی دۆڵی (سند)ی هێنایە ژێر دەسەڵاتی خۆی، دیسان بەرەو ڕۆژهەڵات کەوتە ڕێ و هاتە دۆڵی (گەنگا)[2] و هێشتان نیازی چوونە پێشی هەبوو، بەڵام سەربازەکانی ڕازی نەبوون زیاتر بەرەو پێش برۆن و بەناچاری گەڕایەوە.

**گەڕانەوە و مردنی (ئەسکەندەر):**

لەو ڕێگایەی ئەسکەندەر هاتبووە ناوچە تەختاییەکانی (پەنجاب)، هەر بەو ڕێگایەدا گەڕایەوە و گەیشتە (جێهلەم)[3] و بەڕێگای ئاوی بەکەشتی لە ساڵی ٣٢٦ی پ. ز بەرەو خواروو کەوتە ڕێ و گەیشتە سەرووی سند. لەوێ چەند ڕۆژێک پشووی دا و بەشێکی هێزەکەی لەگەڵ سامانی گران و سەربازە بریندارەکان بەسەرۆکایەتی (کرایتوروس) بەڕێگای توران و زابلستان بۆ (ئێران) بەڕێ کرد و خۆشی درێژەی بەسەفەری دەریایی خۆی دا، تا گەیشتە ناوچەی (پەتیالە)ی (سند). لەوێ سەربازەکانی کرد بەدوو بەشەوە و بەشێکی بەسەرۆکایەتی میری دەریا (نیارکوس) بەڕێگای دەریادا بەرەو (فارس) بەڕێ کرد. بەشەکەی تریشی بەسەرۆکایەتی خۆی بەڕێگای خوارووی (توران) و (مەکران) لە ساڵی ٣٢٥ی پ. ز بەرەو (فارس) کەوتە ڕێ. دوای ئەوەی لە (ئێران)ەوە گەیشتە (بابل)، لە تەمەنی سی و دوو ساڵیدا، لە ساڵی ٣٢٣ی پ.ز کۆچی دوایی کرد.

**کوردی (براخۆیی) و توران و (ئەسکەندەر):**

کاتێ کوردەکانی (توران) هەواڵیان پێگەیشت (ئەسکەندەر) لەگەڵ سەربازەکانی لە خوارووی (توران) و (مەکران)ەوە تێپەڕ دەبێ و دەچێتە ئێران، بەبیروڕای گشتیی بڕیاریان دا بەلەبەرچاو گرتنی سۆزی نیشتمانپەروەریی، بۆ بەرگری نیشتمانەکەیان بەرهەڵستی سەربازەکانی ئەسکەندەر بکەن.

(١) چیای هیندوکوش: چیایەکە لە ئەفغانستان و درێژەی دەگاتە پاکستان.

(٢) دۆڵی گەنگا: دۆڵێکە لە هیندستان.

(٣) جێهلەم: لەم سەردەمە ناوی ڕووبار و شارێکە لە پاکستان. (وەرگێڕ)

## ئامادەکاریی بەرهەڵستی کوردە (براخۆیی)یەکان:

بەپێی کوردگال نامەک، کوردە (براخۆیی)یەکان دەیانویست بۆ (یۆنانی)یەکان ڕوون بکەنەوە کە لە بەرانبەر هێزی مەزنی ئەوان کوردی (براخۆیی) بەپێی داب و نەریتی کوردایەتییان ئامادە نین بەئاسانی و بەبێ شەڕ وڵاتەکەیان بدەنە دەستیان و لەجیاتی بەرهەڵستی دەکەن. لەبەر ئەوە کوردەکانی (توران) و (مەکران) بەبیروڕای گشتی بڕیاریان دا بەپێی توانای خۆیان ڕێ لە (یۆنان)ییەکان بگرن و زیانیان پێ بگەیەنن.

بۆ ئامادەکردنی بەرنامەی جەنگی، لە شاری (کیکان) بەسەرۆکایەتی میر (کیکانی دووەم) کۆبوونەوەیەک لە نێوان میرەکاندا ساز درا و بەپێی بڕیاری (دیوانی بولک)، میر (بەروز بۆلانی) و میر (روشی گۆرانی) بەرپرسی پاراستنی تەنگەی (میلا)یان پێ سپێردرا، میر (شادین غوزداری) و میر (راسن مشکانی) بەرپرسی پاراستنی (دۆڵی سارونە)یان درایە دەست، میر (کیکانی دووەمی) تیرەی (کیکانی) لەگەڵ تیرەی (سارونی) و (ئەرمیلی) و (گریشکانی) بەرەو (ئەرمابیل) کەوتنە ڕێ بۆ ئەوەی لەوێ ڕێ لە (ئەسکەندەر) بگرێ کە ڕێگای سەرەکی تێپەڕبوونی ئەو بوو.

میر (کیکان) لە کاتی سەفەرەکەدا، لە ناوچەی (مەنگورە)دا پشووی دا و لەوێ چاوی بەهۆزەکانی (کرمانی)، (ئەدرەگانی) و (ماملی) کوردی (مەکران) کەوت و هەر لەم شوێنەی (ئەرمابیل)دا بۆ شەڕکردن لەگەڵ (یۆنانی)یەکان شوێنەکانی جەنگی دیاری کرد.

لەوانەیە (مەنگورە) ناوچەی (مەنگول)ی ئێستا بێت کە ئێستا سەرداری هۆزی (میروانی) تیا دادەنیشێت.

بەپێی کوردگال نامەک، مەبەستێکی ئەم بەرهەڵستکارییە و کۆسپ دروستکردنە ئەوە بوو کە هۆزە کوردەکان دەیانویست بە(یۆنانی)یەکان بڵێن چەندە نەفرەت لە چەوسانەوە و بن دەستی دەکەن و چەندەش ئازادییان لا بەرز و خۆشەویستە، لەگەڵ ئەوەشدا، کە ژمارەیان کەمە، بۆ مانەوەی ئازادی و سەربەرزی نیشتمانیان، دریغی لە هیچ جۆرە قوربانییەک ناکەن.

## جەنگ لەگەڵ (کرایتوروس) لە تەنگەی (میلا):

کاتێ ئەسکەندەر لە سەرووی (سند) پشووی دا و بەشێکی هێزەکەی لەگەڵ سامانە گرانەکان بەسەرۆکایەتی (کرایتوروس) بەرێگای (توران) و (زابلستان) بۆ ئێران بەڕێ کرد، (کرایتوروس) شوێنەکانی یەک لە دوای یەک تێپەڕاند و هاتە تەنگەی (میلا).



لەوێ بەرەنگاری دەستە پارتیزانەکانی کوردە (براخۆیی)یەکان بووەوە و زۆر بەسەختی لە کەند و کۆسپی تەنگەی (میلا) دەرباز بوو و هاتە دۆڵی (کوهیران). لە ناوچەی (زیدان) شەڕێکی گەورە لە نێوان (کرایتوروس) و کوردەکان ڕوویدا کە تیایدا ئەم دوو میرەی کوردە (براخۆیی)یەکان میر (راسن مشکانی) کوژرا و میر (شادین غوزداری)ش بریندار بوو.

دوای کشانەوەی کوردەکان، (کرایتوروس) زۆر بەخێرایی بەرەو (زابلستان) کەوتە ڕێ و میر (شادین غوزداری) لەگەڵ باقی لەشکرەکەی بەرەو (ئەرمابیل) کەوتە ڕێ کە لەوێ هەموو هۆزە کوردەکان بەسەرۆکایەتی میر (کیکان) لە سەنگەرەکانیاندا لە کەمیندا دانیشتبوون و چاوەڕێی هاتنی ئەسکەندەر پاشای یۆنانیان دەکرد.

## جەنگی تەنگەی حولین (حالانی):

دوای داگیربوونی (ئەرمابیل)، میر (جاگین سارونی) و میر (نورگان ئەرمیلی) لەگەڵ ئەو سەربازانە یەکیان گرتەوە کە لە جەنگ بەزیندوویی مابوونەوە و لە تەنگەی «حولین» (حالانی) لە کەمیندا بوون بۆ بەرهەڵستی کردنی هاتنە پێشی ئەسکەندەر بەرەو مەکران.

ڕۆژی دووەم، ئەسکەندەر لەگەڵ دەستەیەکی تایبەتیی هێزی سواری گەیشتە دەمی تەنگەی (حالانی) و هاتە ژوورەوە. تەنگەکە بەهاوبەشی، لە ژێر دەسەڵاتی کوردی (مەکران) و (توران) بوو و جەنگێکی خوێناوی لەگەڵ (ئەسکەندەر) ڕوویدا کە لە ئەنجامدا کوردەکان شکان.

بەپێی (کوردگال نامەک)، دوای ئەم جەنگە لاشێکی زۆری (یۆنانی) و (کوردە)کان لە تەنگەی (حالانی) بڵاو بووەوە، ئەسکەندەر تەنگەکەی تێپەڕاند و لە دۆڵی (گل گالا) (کۆکالا) چادری هەڵدا. ئەم دۆڵە تەختاییییەکی کراوەیە کە کەوتووەتە بەینی ڕووباری پورالی (ئارابس) و زنجیرە چیای (حالانی). هەر لەم شوێنە کە زۆر نزیکە لە دەریاوە سەربازی دەریایی (ئەسکەندەر) لە کەناری دەریا لەنگەریان هەڵدا و لەگەڵ (ئەسکەندەر) یەکیان گرتەوە.

(ئەسکەندەر) لەوێ چەند ڕۆژێک پشووی دا بۆ ئەوەی خواردنی ڕێگای سەربازە دەریاییەکان و سەربازە زەمینییەکان پەیدا بکات.

## جەنگی گەورەی گل گالا (کۆکالا)ی نزیک راس کیچان (کچاری):

ئەسکەندەر لە تەختاییییەکانی «گل گالا» (کۆکالای ئێستا) چادری هەڵدابوو کە کوردەکانی (توران) و (مەکران) هێرشیان کردە سەر سەربازگەکەی. هۆزە کوردەکان بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ بەبەردەوامی شەڕیان کرد کە ژمارەیان نزیکەی بیست وپێنج هەزار دەبوو.

سەرەتای ئەم جەنگەیان بەشەو کردەوە، سێ شەو لەسەریەک هێرشیان دەبردە سەر سەربازگەی (یۆنانی)یەکان و پاشان ڕوویان دەکردەوە بۆسەکانیان و خۆیان بۆ هێرشی شەوی تر ئامادە دەکرد. کوردەکان ئەم زانایییەیان بۆیە بەکارهێنا کە سەربازە (یۆنانی)یەکان بەهۆی شەڕی شەو بێ خەو و بەبێ ئارامی دەمانەوە و نەیاندەتوانی بەهەموو توانایەکیانەوە لە جەنگی ڕۆژدا شەڕ بکەن.

ڕۆژی پێنجەم کوردەکان بەرەبەیان هێرشیان بردە سەر سەربازگەی (یۆنانی) و شەڕیان دەست پێ کرد. لەم جەنگەدا سەربازە سوارەکانی کوردەکان بەشداریان کرد و لە کاتی جەنگدا هێزەکەیان بەسەر سێ ڕیزدا دابەش کرد. کاتێ ڕیزی یەکەم هێرشی دەبردە سەر (یۆنان)یەکان، ڕیزی دووەم بەدوایەوە دەهات و بەم شێوەیە دوای ڕیزی دووەمیش، ڕیزی سێیەم دەجووڵایەوە و بەرەو ڕیزی جەنگ دەهات.

دوا ئەم هێرشە، جەنگێکی خوێناوی و سەخت دەستی پێ کرد و هەر لە بەیانییەوە تا ئێوارە زۆر بەگەرمی شەڕیان کرد، لە ئاکامدا، (یۆنان)یەکان سەرکەوتن و ئەسکەندەر لە خۆشی ئەم سەرکەوتنە تاجی ئاڵتونی خستە سەر ژەنەڕاڵی یۆنانی (لیوناتوس).

ئەمە نەخشەی ئەو جەنگە بوو کە نووسەری (کوردگال نامەک) کێشاویەتی، ئێستا با بزانین مێژوونووسی یۆنانی لەمەڕ ئەم جەنگە چ دەڵێن کە پۆلێنکەرەکانی (Balochistan Gazetteers)ی[1] سەردەمی ئینگلیزەکان لە (Lasbela Gazetteers)[2] خستوویانەتە بەرچاو. دیرۆکنووسی یۆنانی نەخشەی ئەم جەنگە بەم شێوەیە دەکێشن کە لە ناوچەی

(١) Balochistan Gazetteers: ئینگلیز لە سەردەمی حکوومەتی لە بەلوچستاندا، لەسەر هەر ناوچەیەکی بەلوچستان کتێبۆکەی چاپ کرد کە تیایدا زانیاری گشتی لەمەڕ ئەو ناوچەیە باس کرابوو. (وەرگێڕ)

(٢) Lasbela Gazetteers: ئینگلیز لە سەردەمی حکوومەتی لە بەلوچستاندا، لەسەر هەر ناوچەیەکی بەلوچستان کتێبۆکەی چاپ کرد کە تیایدا زانیاری گشتی لەمەڕ ئەو ناوچەیە باس کرابوو. (وەرگێڕ)



(کۆکالا) (گل گالا بەپێی کوردگال نامەک) نزیک (راس کچاری) (کیچلن) سەربازی دەریایی ئەسکەندەر دەگەنە سەربازی زەمینی و (نیارکوس) سەربازگەیەک پێک دەهێنێت. مێژوونووسی یۆنانی درێژەی پێ دەدات و دەڵێت: هەر لەم شوێنەدا لیوناتوس لە جەنگێکی گەورەدا (ئوریتی)یەکان و هاوڕێکانیانی شکاند کە شەش هەزار کەسیان لێ دەکوژرێت. لە خۆشی ئەم سەرکەوتنە ئەسکەندەر جەژنی بەرپا کرد و تاجی ئاڵتونی خستە سەر (لیوناتوس).

دوای ئەم باسەی مێژوونووسی یۆنانی، دەگەینە ئەم ئاکامە کە نووسەری کوردگال نامەک و مێژوونووسە یۆنانییەکان لە ڕوونکردنەوەکانیان تا ڕادەیەکی بەرچاو دەگەنە یەک. تەنها لەسەر یەک خاڵ یەک ناگرنەوە کە دیرۆکنووسی یۆنانی دەڵێ شەش هەزار (ئوریتی) لەم جەنگەدا کوژران بەڵام نووسەری کوردگال نامەک باسی ژمارەی کوژراوەکان دەکات و دەڵێت دە هەزار لاوی بەتوانا و دلێری کورد لەم جەنگە خوێناوییەدا کوژران کە بووە هۆی ئەوەی نەژادی کورد لە لاوی بەئەزموون و توانای جەنگ بێ بەش بێت.

لەم جەنگەدا میری تیرەی (سارونی) و (گریشکانی)ی کوردە (براخۆیی)یەکان، میر (جاگین سارونی) و میر (ئاچاک گریشکانی) شەهید کران.

## کۆچی دوایی داگیرکەری دونیا (ئەسکەندەر):

دوای ئەم سەرکەوتنە، ئەسکەندەر درێژەی بەسەفەرەکەی دا و دوای چەشتنی ناخۆشییەکانی (مەکران)، لە ساڵی **٣٢٥**ی پ. ز گەیشتە (بابل). بەڵام سروشت نەیهێشت پەرەسەندن و بەری کامەرانییەکەی ببینێ و دوای دوو ساڵ لە **٣٢٣**ی پ. ز لە تەمەنی ٣٢ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد و سەڵتەنەتێکی بەرینی لە میراتدا بۆ جێنشینەکانی بەجێهێشت.

## دوای مردنی ئەسکەندەر جەنگی جێنشینی:

مردنی کتوپڕ و چاوەڕوان نەکراوی ئەسکەندەر و هەروەها نەبوونی جێنشینێکی بالغ، زنجیرەی ناکۆکی لە نێوان ژەنەڕاڵەکانی ئەسکەندەر لەسەر کێشەی میرات بەرپا کرد. بۆ بەدەستهێنانی سەڵتەنەتەکە هەندێک شەڕیش کرا. بەڵام لە ئەنجامدا، سەڵتەنەتەکەیان دابەش کرد و (سیلوکوس) لەبەر ئەوەی زۆر لێهاتوو بوو، بەشێکی بەرینی سەڵتەنەتەکەی لە ساڵی **٣١١**ی پ. ز هاتە ژێر دەسەڵات و دوای چەند چالاکییەکی سەرکەوتوو، سەڵتەنەتەکەی تا نێو دەریاکان (ماوراء النهر) و بەلوچستان بڵاوبووەوە.

**(کساندوس) و هاتنی بۆ سەر تەختی دەسەڵاتداری توران:**

کوردگال نامەک باس دەکات کاتێ (سیلوکوس) هاتە سەر تەختی فارس، ئەفسەرێکی سەربازی خۆی کە ناوی (کساندوس) بوو بەمیر هەڵبژێردرا و ناردیە توران و بەڕێوەبەرایەتی دەسەڵاتداری گرتە ئەستۆ.

لەوە دەچێ (کساندوس) لە وشەی (کیسندەر)ی (یۆنان)یەوە هاتبێت.

**کوردی (براخۆیی) و (سیلوکوس):**

لەو سەردەمەدا لە هەموو لایەکی توران نائارامی و شڵەژاوی بەدی دەکرا و هێمنی و ئاشتی ناوچەکە تێکچووبوو، لەوە دەچوو خوێنڕێژی و تاڵانکردن بووبێتە کاری ڕۆژانە، بازاڕی بێ یاسایی گەرم بوو و لە وڵاتەکەدا حکوومەتێکی ڕێکوپێک بوونی نەبوو، بەهۆی ئەم زاڵبوونە دەرەکییە، کوردە (براخۆیی)یەکان لە دەسەڵات بێ بەش ببوون، دووچاری تەنگوچەڵەمەیەکی هێجگار هاتبوون و بۆ ئازادی و سەربەستی خۆیان تێیان دەکۆشی.

لەم بارودۆخە نالەبار و نەگونجاوە، ئەو کاتە گۆڕانکاری بەسەر باری سیاسی وڵاتەکەدا هات کاتێ (سیلوکوس) هێرشی بردە سەر هیندستان و بەدەست (چەندەر گوپەت مۆریا) پاشای وێ شکستی خوارد. (سیلوکوس) بەهۆی لەخۆبایی بوونی سەڵتەنەتەکە بەرینەکەی و چلێسی داگیرکردنی وڵات، بەبێ هیچ بیرکردنەوەیەک لە ساڵی ۳۰۵ی پ.ز هێرشی کردە سەر هیندستان و لە ئاکامدا شکستێکی شەرمەزاری بەخۆیەوە دیت کە لە دواییدا هەستی بەهەڵەکەی کرد و داوای ئاشتی کرد.

لە ئاکامی ئەم هەڵە گەورەیە، دەستی لە بەشێکی گەورەی سەڵتەنەتەکەی شووشت و ناوچەی (کابلستان)، (توران) و (مەکران)ی وەکو تاوانی جەنگ دایە (چەندەر گوپەت مۆریا).

**کوردی (براخۆیی) و (چەندەر گوپەت مۆریا):**

بەپێی کوردگال نامەک، ئەم گۆڕانکارییە سیاسییەی دووەم، هێز و دەسەڵاتی کوردە (براخۆیی)یەکانی تێکشکاند و لە ئاکامدا بەزیانێکی زۆر گەورە تەواو بوو. لەبەر ئەوەی شتێکی چاوەڕوانکراو بوو کە چەندەر گوپەت مۆریا ئەو ناوچانەی داگیری کردووە، بۆ بەهێزکردن و پارێزگاری سنوورەکانی ڕۆژئاوای، هۆزە هیندییەکانی لێ نیشتەجێ بکا. لەبەر ئەوەی بڕوای لەسەر خەڵکی جگە لە نەژادی هیندی واتە لەسەر (ماد)ەکان نەبوو.



لەم بارودۆخەدا، کوردە (براخۆیی)یەکان دوو ڕێگایان لە بەردەمدا بوو: یان ملکەچی دەسەڵاتی مۆریا بن، وە یا بۆ ئازادی و دەسەڵاتی خۆیان، تا کۆتایی شەڕ بکەن. کە لە ئەنجامدا کوردە (براخۆیی)یەکان ڕێگای دووەمیان هەڵبژارد و بۆ بەدەستهێنانی ئازادی و سەربەستی خەباتیان دەست پێ کرد.

**هاتنە ژوورەوەی هۆزە هیندییەکان لەلای (سند)ەوە:**

لە کاتی ئەم گۆڕانکارییە حکوومەتییە، هاتنە ژوورەوەی هۆزە هیندییەکان، کە کوردەکان پێیان دەگوتن (جدگال)، دەستی پێ کرد و وەکو مێروولە بەسەر (مەکران) و (توران)دا بەربوون، لەبەرئەوەی حکوومەتی (مۆریا) پشتگیری ئەوان بوو، پێش گرتنیان نەشیاو بوو، بەڵام دووچاری بەرهەڵستکاری سەختی کوردەکانی (مەکران) و (توران) بوون. کوردەکان ئەم پیلانە جەنگییەیان هەڵبژارد کە لە هەر شوێنێک ژمارەی هیندییەکان زۆر بووایە، کوردەکان دەکشانەوە دواوە و لە شوێنێکی شیاودا کۆششی وەستاندنی هاتنە پێشیان دەکردن. لە ئاکامی ئەم خۆشاردنەوەیە، (جدگال)ەکان هەموو ناوچەی مەکرانیان داگیر کرد و هەروەها توانیان ناوچەی ناوەڕاست و خوارووی توران، غوزدار و ئەرمابیل بەتەواوی داگیر بکەن، بەڵام ناوچەی سەرووی توران کە بە(کیکانان) دەناسرا دوای بەرهەڵستکارییەکی سەخت و توندوتیژ، لە ژێر دەسەڵاتی کوردە (براخۆیی)یەکاندا مایەوە. هۆیەکەی ئەم سەرکەوتنە ئەوەبوو کە هۆزە کوردەکانی (کرمانی)، (ئەدرەگانی) و (ماملی)ی (مەکران)، دوای شکست خواردنیان ڕوویان کردە سەروو، واتە (کیکانان) و لەگەڵ کوردە (براخۆیی)یەکان زۆر بەهێزبوون. جگە لە کوردەکانی (مەکران)، هۆزە کوردەکانی (زەنگەنە)، (سەباحی)، (سنجاوی)، (سفاری)ی زابلستان بەسەرۆکایەتی میر (برسان) کە سەرداری هۆزی (زەنگەنە) و فەرمانڕەوای زابلستان بوو بۆ یارمەتی برا کوردەکانیان گەیشتنە (کیکانان)، بۆ ئەوەی لە کوژران و وێرانکاری زیاتر بیانپارێزن.

ئەم کۆبوونەوەی هەموو کوردەکانی دەوروبەر لە (کیکانان) بووە هۆی جەنگێکی سەخت و خوێنڕێژی نێوان (کورد)ەکان و (جدگال)ەکان لە ناوچەی (سوهر ئابادان) (سۆراب) کە تیایدا هەموو کوردەکان بەڕێکوپێکی بەشدارییان کرد.

ئەم جەنگە، جەنگی (کوردگال و جدگال)یشی پێ دەڵێن لەبەر ئەوەی هۆزە (سند)یەکان (هۆزە هیندییەکان) بەهۆزە کوردەکانیان دەگوت (کوردگال) و کوردەکانیش بەئەوانیان دەگوت (جدگال).

### فریاکەوتنی کوردە (براخۆیی)یەکان لە لایەن فەرمانڕەوای زابلستان:

لە سەردەمەکانی کۆندا، سنوورەکانی (زابلستان) لە ڕۆژهەڵاتەوە بوو بەتوران لکابوو و لە خوارووشەوە بەمەکران لکابوو. میر (برسان) سەرداری هۆزی (زەنگەنە)ی کورد فەرمانڕەوای (زابلستان) بوو. کاتێ بارودۆخی کوردەکانی (توران) و (مەکران)ی بەزار زانی، لەبەر هاونەژادی (کوردی)، جۆش لە ڕەگەکانیدا پەیدا بوو و بەپێویستی زانی خۆی بەشداری ئەم جەنگە بکات تا کوردەکان لە هێرشی وێرانکاری جدگالەکان بپارێزێ. چونکە ئەگەر (جدگال)ەکان کوردەکانی (مەکران) و (توران)یان بەتەواوی بڕووخاندایە، هاتنە پێشیان بەرەو (زابلستان) مسۆگەر دەبوو، مەترسییان بۆ ئاسوودەیی هەموو وڵاتەکە پەیدا دەکرد و میر (برسان)یش ئامادە نەبوو تووشی ئەم بارە وێرانکارییە بێت.

### جەنگی بڕیاردەری دۆڵی (سوهر ئابادان)ی ساڵی ٢٩٢ی پ. ز:

ئەم جەنگە لە نێوان (کورد)ەکان و (جدگال)ەکان یان (کوردگال)ەکان و (جدگال)ەکان لە ساڵی ٢٩٢ی پ. ز لە دۆڵی سوهر ئابادان ڕوویدا. میر (ئەگماران) فەرمانڕەوای (سند) لەگەڵ هەموو تیرە بچووکەکانی سێ هۆزی گەورەی خۆی واتە (بنیا)، (مومید) و (تاک) لە دۆڵی «سوهر ئابادان» (سۆراب) چادری هەڵدابوو، نەخشەی دادەنا بەرەو سەروو بچێتە پێش و پایتەختی (کیکانان)، (کیکان) داگیر بکات. (کورد)ەکانیش دوای هاتنی میر (برسان) فەرمانڕەوای (زابلستان)، خۆیان ئامادە دەکرد بۆ هێرشێکی بڕیاردەر بۆ سەر (جدگال)ەکان. لەشکری کورد بەرەو (سوهر ئابادان) چووە پێش، لە بەرامبەر سەربازگەی دوژمن چادری هەڵدا و ڕۆژی دووەم کوردەکان بەم شێوەیە هێرشیان کردە سەر جدگالەکان: لەشکری (کورد)ەکانی (سەباحی)، (سنجاوی)، (سفاری) و (زەنگەنە) بەسەرۆکایەتی میر (برسان) هێرشیان کردە سەر دەستی ڕاستی سەربازگەی (جدگال)ەکان. میر (کیکان) لەگەڵ هاوسەنگەرەکانی تیرەکانی (کیکانی)، (سارونی)، (غوزداری)، (ئەرمیلی)، (بۆلانی)، (مشکانی) و (گریشکانی)ی کوردی (براخۆیی) هێرشیان کردە سەر ناوەڕاستی لەشکری (جدگال)ەکان وە هەروەها سەرداری (کورد)ەکانی مەکران، میر (کباد ئەدرەگانی) لەگەڵ لاوە جەنگاوەرەکانی (ماملی)، (ئەدرەگانی) و (کرمانی) هێرشیان کردە سەر دەستی چەپی سەربازگەی (جدگال)ەکان.

ئەم جەنگە تا سێ ڕۆژ بەردەوام بوو و لە ئەنجامدا جدگالەکان شکستیان خوارد، (ئەگماران)ی شکا و داوای ئاشتی کرد و دوای ئەوەی (کورد)ەکان بەڵێنیان لێ وەرگرت



کە لە داهاتوو بەرەو سەروو نایەتە پێش، داواکارییەکەیان قەبوڵ کرد و دۆڵی (سوهر ئابادان) کرا بەسنووری نێوان ناوچەی (کورد)ەکان و ناوچەی (جدگال)ەکان.

### لکاندنی ناوچەی (کیکانان) بەوڵاتی (زبلستان)ەوە:

لە (مەکران) و (توران) دوای جەنگی (یۆنان)ەکان و (جدگال)ەکان، شیرازەبەندی (براخۆیی)یەکان و (کورد)ەکانی (مەکران) تێکچووبوو بارودۆخیان زۆر ناخۆش بوو، یەکگرتنی نەتەوایەتییان لە بەرچاو بوو. زۆربەی میرەکانی کوردی (براخۆیی) لە شەڕەکاندا شەهید کرابوون و تەنیا میر (کیکانی دووەم) و میر (ڕوشی گۆرانی) لەم جەنگە خوێناوییەدا بەزیندوویی مابوونەوە. لەبەر ئەم هۆیانە و لە پێناو ژیانێکی سەربەرزانە و ئاسوودە، کوردە (براخۆیی)یەکان هیچ چارەیەکی تریان نەما جگە لەوەی ناوچەکەیان بەحکوومەتی زابلستانەوە بلکێنن.

### دوا فەرمانڕەوای کوردی (براخۆیی)ی (توران):

میر (کیکانی دووەم) دوا فەرمانڕەوای کوردی (براخۆیی) بوو کە بەبێ هیچ دەست تێوەردانێک هەشت ساڵ واتە لە ساڵی ٣٣٨ی پ. ز تا ٣٣٠ی پ. ز فەرمانڕەوایی کرد.

میر (کیکان) شانزەیەم فەرمانڕەوای بنەماڵەی (کیکانی)ی کوردی (براخۆیی) بوو و ئەو کاتە فەرمانڕەوایی لە توران کۆتایی پێ هات کە ئەسکەندەر (توران)ی داگیر کرد.

باقی ژیانی میر کیکان لە پێناوی ئازادی گەلەکەی لە شەڕکردندا بەسەرچوو، یەکەم جار لەگەڵ (یۆنان)یەکان و دواییش لەگەڵ (جدگال)ەکان کە تیایدا دوای ئەشکەنجە و تێکۆشانی سەخت، تا ڕادەیەک سەرکەوت.

ئەوەش ناوی ئەو میرانەی تیرەکانی کوردی (براخۆیی)ن کە هاوکات لەگەڵ میر کیکانی دووەم فەرمانڕەواییان کردووە:

١- میر ڕوشی گۆرانی.
٢- میر جاگین سارونی.
٣- میر شادین غوزداری.
٤- میر ڕاسن مشکانی.
٥- میر نورگان ئەرمیلی.
٦- میر ئاچاک گریشکانی.
٧- میر بەروز بۆلانی.

## بەشی دەیەم

## لایەنی جۆراوجۆری ژیانی کۆمەڵایەتی و فەرمانڕەوایی کوردی (براخۆیی) لە (توران)

لەم بەشەدا تیشک دەخەینە سەر لایەنی جۆراجۆری ژیانی نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی کوردە (براخۆیی)یەکان دوای نیشتەجێبوونیان لە توران. وەکو: زمانیان چی بوو، پەیڕەوی چ ئاینێکیان دەکرد و ملکەچی چ دابونەریتێک بوون.

بەپێی (مێژووی مەردۆخ)، کوردی (براخۆیی) تیرەی نەتەوەیەکی مەزن و بەناوبانگن کە ڕابردوویان ڕۆشن و دیارە. تیرەیەک کە لە نەژادێکی مەزنی وادا هاتبێت بێ گومان هەر ئەو چاوەڕوانییەی لێ دەکرێت کە دوای نیشتەجێبوونی هەمیشەیی لە بەلوچستان وەکو خاوەن کارنامەی باش و سەرسوڕهێنەری شایانی باسی ئەنجام دابێت بەڵام ئەم کارنامە و پاشماوانە، لە قوڵاییەکانی مێژوودا دەدۆزرێنەوە کە بەهۆی سەروژێری زەمانە لە بیری نەوەکانی دواییدا ون بوونە.

بەداخەوە لێکۆڵێنەرە ئەوروپاییەکانی سەدەی هەژدە و نۆزدە هیچ تیشکیان نەخستووەتە سەر سەردەمی ڕووناکی مێژووی کۆنی ئەم تیرەیەی نەژادی کورد کە بە(براخۆیی) دەناسرێن و وڵاتەکەیان لە مێژووی کۆندا بەناوی توران بەناوبانگ بوو.

ئێمە لە وتنی ئەوەدا خاوەن مافین کە لە دونیای زانستدا لێکۆڵێنەرەکان زۆر سوپاسی (شێخ محەمەد مەردۆخ) نووسەری (مێژووی مەردۆخ) و هەروەها (ئاخوەند سالح محەمەد زەنگەنە کورد) نووسەری (کوردگال نامەک) بکەن کە تیشکیان خستووەتە سەر باسی سەردەمێکی مێژوویی وا کە تا ئێستا ون و نادیار بووە. ئەوان زانیارییان لەمەڕ مێژووی کۆنی کوردی (براخۆیی) کۆکردووەتەوە و بەدرێژی ڕووناکییان خستووەتە سەریان، هیچ لێکۆڵێنەرێکی زانای بەناوبانگی تر ئەوەندە بەدرێژی کۆششی لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەم باسە نەکردووە.

ئێستا تیشک دەخەینە سەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی کوردە (براخۆیی)یەکان.



### ئاینی کوردی (براخۆیی):

نووسەری مێژووی مەردۆخ دەڵێ مێژووی کوردەکان پێش کۆچکردنیان بۆ ناوچەی ئێستایان کوردستان، تاریک و نادیارە، بەڵام دوای کۆچکردنیان، لە هەندێک نووسراوی مێژووییدا، ڕوون بووەتەوە کە ڕۆناکی پەرست بوونە، واتە زۆر دڵیان بەڕۆناکی خۆش بووە و نەفرەتیان لە تاریکی کردووە و لێی ترساون. کەواتە دەتوانین بڵێین (ئاهۆڕا پەرست) بوونە بەمانای (ئاگرپەرست). نووسەر وشەی (ئاهۆڕا)مان بۆ شی دەکاتەوە و دەڵێ ئەم وشەیە لە دوو وشەوە پێکهاتووە: (هۆڕ) بەمانای (ئاگر) و (ئا) بەمانای (هات) کەواتە (ئاهۆڕا) مانای (لە ئاگرەوە هاتوو) دەبەخشێت. لە ئاگرەوە ڕۆناکی بەدەست دێ، ئەوان ڕۆناکیان بەپەروەردەکەری هەموو زیندەوەرەکان و سەرچاوەی هێز دەزانی.

نووسەری کوردگال نامەک دەڵێ مرۆڤی نەژادی (کورد) (ئاگرپەرست) بوونە و نەریتی ئاینیان سادە بووە. دەربارەی کوردە (براخۆیی)یەکانەوە دەڵێ لە ڕۆژێکدا سێ کەرەت عیبادەتیان کردووە، لە کاتی ڕۆژهەڵات، نیوەڕۆ و ڕۆژئاوابوون. بەشوێنی پەرستگاکەیان دەوت (ئارین) و ئەو کەسەی پاسەوانی ئەم شوێنەی دەکرد پێیان دەگوت (ئاری وان). جگە لە دوو پەرستگای گرنگ کە بە(ئارین زوراک) و (ئارین حەلوان) دەناسران لە هەر شار، شارۆچکە و دێهاتێکدا، یەک پەرستگا هەبووە. ئەم دوو پەرستگایەی کە ناومان بردوون بەپیرۆزترین پەرستگا دەژمێردران و هەموو ساڵێک لە وەرزی بەهاردا، لە هەموو شوێنێکی تورانەوە خەڵک بۆ زیارەتکردن ڕوویان لێ دەکردن.

### چۆنیەتی دروستکردنی پەرستگا:

هەروەکو لە پێشەوە باس کراوە، نەریتی ئاینی کوردە براخۆییەکان زۆر سادە بووە و هەروەها خانووی پەرستگاکەشیان زۆر بەسادەیی دروست کردووە.

شێوەی خانووی پەرستگاکەیان بەشێوەی لاکێشەیی یان چوارگۆشەیی دروست کردووە، بەڵام ژوورەکەیان زۆر بەگەورەیی دروست کردووە. لە ناوەندیدا، بازنەیەکیان دروست کردووە و لە ناو بازنەکەشدا سێ ئاگردانیان دروست کردووە کە بەشەو و ڕۆژ ئاگریان تیادا دەسووتا و پەرستیارەکانیش دەهاتنە دەوری بازنەکە و دوای پەرستنی ئاگرەکە دەڕۆیشتنەوە.

**ئەرکی پاسەوانی پەرستگا:**

پاسەوانی پەرستگا «ئاری وان»ی پێ دەڵێن و ئەم ئەرکانەیان هەبووە:

١- نەهێشتنی کوژانەوەی ئاگری پەرستگا بەشەو و ڕۆژ.

٢- ئەرکی پەیداکردنی دار بۆ سووتاندن.

٣- مانەوەیان بەبەردەوامی لە ناو پەرستگاکەدا.

٤- ژماردن و بژاردنی ئەو دیارییانەی کە لە لایەن زیارەتکەرەوە بۆ پەرستگا دەهات.

٥- زەخیرەکردنی ئەو دارانەی کە لە لایەن زیارەتکەرەوە بۆ پەرستگا دەهات.

هەندێک جار پەرستیارەکان بۆ پاککردنەوەی گوناهەکانیان چاکترین جۆری داریان بۆ ئاگردانەکانی پەرستگا دەهێنا بۆ سووتاندن.

**دابونەریتی نەتەوایەتی کوردە «براخۆیی»یەکان:**

لە سەرچاوە مێژووییبیە کۆنەکاندا ڕوون بووەتەوە کە داب و نەریتی هەمموو کورد وەکو یەک بووە. کوردی (براخۆیی)یش ملکەچی هەمان داب و نەریت بوونە، کە بەم شێوەیە:

١- لە ناو خێزانێکدا ئەگەر باوک ئامادە نەبووایە، گەورەترین ئەندامی خێزانەکە بەسەرپەرشتکەر دەژمێردرا و لە قسەی دەرنەدەچوون.

٢- ژنهێنان بەڕەزامەندی گەورەی هەردوولا و بووک و زاوا ئەنجام دەدرا و شەوی زەماوەند دابی «دوجین» واتە دابی بەیەک گەیاندنی بووک و زاوایان ئەنجام دەدا.

بووک و زاوایان لەسەر دۆشەک بەرامبەر بەیەکتری دادەنا و بەهێواشی سەریان بەیەکتردا دەکێشا. دوای ئەنجامدانی ئەم دابە، زەماوەند بەیاسایی سەیر دەکرا.

ئەمە ڕاستەقینەیەکی زۆر سەرسوڕهێنەرە کە تا ئێستا هۆزە بەلوچەکان ملکەچی ئەم داب و نەریتەن و بەکاری دەهێنن. لە دابی زەماوەند ئەم دابەیان زۆر لا گرنگە کە پێی دەڵێن نەریتی «دوگ».

٣- ژنهێنانی زۆر قەدەغە نەبووە و سنووریان بۆ دانەناوە.

٤- زیناکردنیان بەتاوانێکی زۆر قورس دەزانی و سزای کوشتنیان بۆ تاوانبار داناوە.

٥- زەماوەندکردن لەگەڵ دایک، خوشک و کچ قەدەغە بووە.

٦- نەریتی سونەت کردن نەبووە دوای هاتنی ئیسلام ئەم خووڕەوشتە بەکار هاتووە.

٧- مناڵ لە پێش تەمەنی بالغ بوون نەیتوانیوە پشتێن ببەستێت.



٨- کچەکان دوای مێردکردن، دەیانتوانی زولف دابنێن. ئەم خووڕەوشتە تا ئێستاش لە ناو هۆزە بەلوچەکان بەکاردێت.

٩- پیشەی کوردەکان لە سەرەتا شوانی و ئاژەڵداری بووە، بەڵام دوای ئەوەی ژیانی شاریان هەڵبژارد، پیشەی کشتوکاڵیشیان هەڵبژارد و بۆ پێشخستنی، بەربەستی گەورەی وایان دروست کرد کە شوێنەوارەکەیان ئێستاش بووەتە مایەی سەرنج ڕاکێشانی گەشتوگوزەران، کە ئێستا پێی دەوترێ «گەورپەند» یان بەربەستی ئاگرپەرستەکان.

١٠- لە بازرگانیدا پارە یان دراویان بەکارنەهێناوە، بەڵکو کەلوپەلیان ئاڵوگۆڕ کردووە.

١١- جلوبەرگ و پێڵاویان لە خوری و پێستی ئاژەڵ دروست کردووە.

١٢- لە کارکردنی ڕۆژانەدا، ژنەکانیان شان بەشانی پیاوەکانیان کاریان کردووە.

١٣- دابی ناشتنی مردوویان زۆر سادە بووە، لە سەرەتادا مردووەکانیان دەبردە سەر لووتکەی چیایەکان بۆ ئەوەی ئاژەڵی کێوی و باڵندە بیانخۆن.

شاردنەوەی مردووەکان یان دانانیان لە ناو ئەشکەوتەکان لە دواییدا بەکارهاتووە. لەم سەردەمەدا، لە دۆڵی «پندران»ی شارۆچکەی «زەهری»دا ئەشکەوتێکی ئەم جۆرە هەیە کە مردووی تیادا شاردراوەتەوە.

١٤- لەو سەردەمەدا چەکی کوردەکان ئەمانە بوون:

تیر، کەوان، شمشێر، خەنجەر، بزماری گەورە، نێزە، کوتەک، پەیژەی پەت، قەڵغان (مەتار) و بەردەقانی.

١٥- دابی هەواڵ پرسین(*) کە لە زمانی کوردیدا پێی دەڵێن (حاڵ گرتن) لە ناو هۆزە کوردەکان باو بووە. ئەم دابە بەم شێوەیە بووە کە کاتێ کەسێکی نەناسراو یان ناسیاو لە شوێنێکەوە دەهات و دەبووە مێوانی ماڵێک، دوای بەخێرهاتنی، بارودۆخ و مەبەستی سەفەرەکەی و هەواڵی ئەو شوێنەیان لێ دەپرسی کە لێوەی هاتووە. دوای ئەوەی مێوانەکە باسی خۆی تەواو دەکرد، خاوەن ماڵیش باسی خۆی و هەواڵی ناوچەکەیانی بۆ باس دەکرد.

بەم شێوەیە لە مەبەستی تازەهاتوو تێدەگەیشتن و هەواڵی بارودۆخی دوور و نزیکیشیان دەست دەکەوت. بەم دابەیان دەگوت (حاڵ گرتن)، لەبەر ئەوەی لە سەردەمی

(*) دابی هەواڵ پرسین: ئەم دابە نووسەر لە پەرتووکەکەدا بەدابی (حاڵ)ی نووسیوە. (وەرگێڕ)

کۆندا، هیچ جۆرە ئامرازێکی دەنگ گەیاندن نەبووە کە دەنگوباس بەزوویی بگەیەنێت، بۆیە کوردەکان بۆ زانینی هەواڵی دوور و نزیک، ئەم جۆرە ڕەفتارەیان بەکارهێناوە. ئەمەش ڕێکەوتێکی سەرسووڕهێنەرە کە دوای تێپەڕبوونی سێ هەزار ساڵ، هۆزە بەلوچەکان لە ژیانیاندا ملکەچی ئەم دابەن.

## کشتوکاڵی کوردە «براخۆیی»یەکان:

هەروەکو لە شوێنێکی تردا باسمان کردووە، کوردەکان پێش نیشتەجێبوونیان لە کوردستان، پیشەی شوانی و ئاژەڵدارییان کردووە، لە ئاوایییەکەوە بۆ ئاوایییەکی تر بەکەر و گالیسکە هاتوچۆیان کردووە و ژیانێکی کۆچەرانەیان بەسەر بردووە. لە کاتی هاتنی وەرزی سەرمادا، بەرەو گەرمیان کۆچیان کردووە و لە کاتی گەرماشدا بەرەو کوێستان، بەڵام دوای ئەوەی بەربەستی گەورە گەورەیان دروست کرد و کشتوکاڵیان بەرەو پێشەوە برد، ژیانی شاریان هەڵبژارد.

کاتێ (کەیقوباد) سەرداری مادە کوردەکان سەڵتەنەتی مادی پێکهێنا، کورد زۆر تێگەیشتوو و شارستانی و پێشکەوتوو ببوو. هەروەها دوای ئەوەی «کەیقوباد» لە ساڵی ٨٥٣ی پێش زایین، پاشای «توران» «ئەفراسیاب»ی شکاند و ناوچەکانی زابلستان، مەکران و تورانی داگیر کرد و خستییە ژێر دەسەڵاتی خۆی، هەر لەو ناوچانەدا هۆزە کوردەکانی نیشتەجێ کرد و لە دواییدا، هۆزە کوردەکان پیشەی کشتوکاڵیان هەڵبژارد و پەسندیان کرد. ئەم پیشەیان ئەوەندە پەسند کرد کە هەرچی زەوی خراپ و وێرانەش هەبوو هەموویان چاک کردەوە، کێڵایان و کردیانە باخێکی سەوز و لە پێشخستنی کشتوکاڵدا هیچ کەموکورییەکیان نەهێشتەوە.

بەپێی پەرتووکی کوردگال نامەک کوردە «براخۆیی»یەکان لە هەموو «توران»دا بەربەستی زۆریان دروست کرد کە ژمارەیان لە زۆریدا ناژمێردرێ. ئەو ئەندازیارانەی کە سەرپەرشتی دروستکردنی ئەو بەربەستانەیان کردووە، ئەوەندە زیرەک بوون لە دروستکردنیان کە بووەتە هۆی ئەوەی ئێستاش شوێنەوارەکەیان جێگەی سەرسوڕمانە بۆ سەیرکەران.

لێکۆڵێنەرە زاناکانی شوێنەواری کۆنی سەدەی هەژدە و نۆزدە لەمەڕ ئەم بەربەستانە بیروڕایان بەم چەشنە دەردەبڕن: «ئەم گەوڕبەندانە بەمانای بەربەستی ئاگرپەرستەکان هەروەکو لە ناوەکەیەوە دیارە، بەشێوەیەکی زۆر سەرسوڕهێنەر و سەیر دروست کراون کە لە



ناوچە شاخاوییەکانی بەلوچستان بەژمارەیەکی زۆر بڵاوبوونەتەوە. زۆربەی ئەم بەربەستانە لەسەر ڕێگەی کاروانچییەکانی کۆندا و لە بەردەم دۆڵ و چیاکاندا دروست کراون، بۆ ئەوەی ئاو زیاتر بەدەست بکەوێ بۆ ئاوەدانی کشتوکاڵ. بەڵام ئەم پرسیارەمان لێ ڕاست دەبێتەوە کە ئەو خەڵکانە کێ بوون کە ئەم بەربەستانەیان دروست کرد؟ ئەمە پرسیارێکی وایە کە ئەگەر هەموو سەرچاوەی زانستیش بخەینە بەرچاو، ناتوانین چارەسەری بکەین. هەڵبەتە دەربارەی دروستکردنی ئەم بەربەستانە، بیروبۆچوونی جۆراوجۆر هەیە و دوای لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم بیروبۆچوونانە، دەگەینە ئەو ئەنجامە کە خەڵکی ڕەسەنی ئەو ناوچانە بەپێی گێڕانەوەی گشتی، دروستکەری ئەو بەربەستە سەرسوڕهێنەرانە بەئاگرپەرستەکان دەناسێنن و لەم سەردەمەدا ئەم بۆچوونە ڕەت نەکراوەتەوە.

جێگەی داخە کە نەوەی ئەو مرۆڤە بەتوانایانە کە ئێستاش هەر لەو وڵاتەن کە پێی دەڵێن بەلوچستان، تیادا ژیان دەبەنە سەر و خۆیان بەبەلوچ دەناسێنن، دروستکەری ئەو بەربەستە سەرسوڕهێنەرانە ناناسن کە کێ بوون؟ هۆی ئەمەش ئەوەیە، ئەگەر مێژووی کۆن بەتێگەیشتنەوە بخوێنینەوە، ڕاستییەکی دیار دێتە بەرچاو کە لەسەر ئەم زەوییەدا، هەر لە کۆنەوە هەمیشە داگیرکردن و چەوساندنەوە و گۆڕانکاریی بەردەوام بووە و ئەمەش بووەتە هۆی پساندنی پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ مێژووی کۆنی باب و باپیرانی، هەر ئەم هۆیەش بەرپرسیارە لە پساندنی پەیوەندی بەلوچ لەگەڵ باب و باپیرانیان کە کوردە. کەواتە ئێمە ناتوانین بەلوچ لەگەڵ باب و باپیرانیاندا لەو پساندنە بەرپرسیار بکەین. هەڵبەتە لە ڕوویەکەوە ئەوان خاوەن مافن ئەو بەربەستانە بەناوی «گەوڕبەند» واتە بەربەستی ئاگرپەرستەکان بناسێنن، لەبەر ئەوەی سێ هەزار ساڵ لەمەوبەر، ئیسلام نەهاتبووە کار و باپیرانیان کە ئەم بەربەستانەیان دروست کرد ئاگرپەرست بوون. بەپێی نووسینی نووسەری کوردگال نامەک، ئەم بەندانە کوردە (براخۆیی)یەکان کە تیرەیەکی (ماد)ن لە سەردەمی فەرمانڕەوایی پێنج سەد ساڵەیاندا (٨٥٣ی پ. ز تا ٣٣٠ی پ. ز) لە توران دروستیان کردووە.

ئەمەش ناوی ئەو دۆڵانەی بەلوچستانە کە شوێنەواری ئەم بەربەستانەی لێیە:

١- لە ناوچەی «سەراوان» لە دۆڵی «گزگ»، «لەزموک»، «روبدار» و «چهیر جم بارڕی»، شوێنەواری ئەم «گەوڕبەند»انەی لێیە.

٢- لە ناوچەی جهالاوان بەدرێژایی ناوچەکە واتە لە دۆڵی «سۆراب»ەوە تا دۆڵی

«حەب» ، زنجیرەیەکی درێژی ئەم گەورپەندانەی لێ بلاوبووەتەوە و هەندێ دۆڵی گرنگ
که شوێنەواری ئەم بەربەستانەی لە بارێکی باشتر لێ مابێتەوە ئەمانەن:

دۆڵی بەهپو، توتک، لاکوریان، سارونە، گدر، مشکی، جیبری و حەب.

٣- لە ناوچەی «خاران»یش ژمارەیەکی زۆری ئەم «گەورپەند»انەی لێیە کە کەوتوونەتە دۆڵی (راسکوە، گەر و چیای سیاهان».

**زمانی کوردە (براخۆیی)یەکان:**

زمانی کوردە (براخۆیی)یەکان هەر ئەو زمانە بووە کە کوردە (ماد)ەکان وتووێژیان پێ دەکرد. مێژووی مەردۆخ کە تایبەتە بەمێژووی کوردەکان دەڵێ پەرتووکی «ئاوێستا» بەزمانی کوردی نووسراوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەش باس دەکات کە تا ئێستا هیچ جۆرە پەرتووکێکی کۆنی زمانی کوردی تر نەدۆزراوەتەوە کە نووسینەکەی لەگەڵ نووسینی پەرتووکی «ئاوێستا»دا بەراورد بکرێ و دڵنیا بین لەوەی کە زمانی «ئاوێستا» لەگەڵ زمانی کوردی یەکە.

کوردگال نامەک بیروبۆچوونی مێژووی مەردۆخی پێ راستە و دەڵێت کاتێ «براخۆیی»یەکان هاتنە (توران) بەکوردی گفتوگۆیان دەکرد و خەڵکە کۆنەکانی «توران» پێیان وتن «کوردگال» بەمانای ئەو کەسانەی بەزمانی کوردی وتووێژ دەکەن.

دەربارەی زمانی کوردی لە مێژووی مەردۆخەوە روون دەبێتەوە دوای هاتن بۆ کوردستان، کاتێ هۆزە کوردەکان بەرەو ناوچەی جۆراوجۆر بلاوبوونەتەوە، لەبەر گۆڕینی شوێنەکەیان، گۆڕانکاری لە زمانە رەسەنەکەشیاندا بەدی کرا و لە ئەنجامدا زمانی کوردی بەسەر چوار شێوە زماندا دابەش بوو کە ئەمانەن:

١- کرمانجی.
٢- گۆرانی.
٣- لوڕی.
٤- کەلهوڕی.

نووسەری کوردگال نامەک دەڵێ دوای نیشتەجێ بوون لە (توران) و (زابلستان)، تا ماوەیەکی زۆر زمانی «زەنگەنە»کان و کوردە «براخۆیی»یەکان گۆڕانکاری بەسەردا نەهات و وەکو خۆی مایەوە و بەزمانی کوردی (بەلوچی ئەم سەردەمە) وتووێژیان دەکرد.



بەپێی کوردگال نامەک، دوای ئەوەی کوردە (براخۆیی)یەکان دەسەلاتی (توران)یان گرتە دەست و هەندێ هۆزی رەسەنی نەژادی (توران)ی کە زۆر لە پێش سەڵتەنەتی (توران) لە ناوەراستی ئاسیاوە کۆچیان کردبووە ناوچەی (توران) (بەرزاییەکانی قەلات) و لە پێش هاتنی کوردە (براخۆیی)یەکان نیشتەجێ ببوون، ولاتەکەیان بەجێ نەهێشت، بەڵکو ملکەچی سەرۆکایەتی کوردە (براخۆیی)یەکانیان کرد، بەهاتنە سەر کاریان قایل بوون و لەگەڵیاندا تێکەلاوییان دروست کرد. کوردگال نامەک ناوی ئەو هۆزانەمان بۆ باس دەکات کە ئەمانەن:

١- گرگاوی.
٢- گندارچی.
٣- هەنگاساری.
٤- موجارک.
٥- رەزنداک.
٦- سەمی غان.
٧- سورغان.
٨- مندغار.
٩- داهی ماک.
١٠- رەتگاسارتی.
١١- میموجاندک.
١٢- جوگمان.
١٣- هوناک.
١٤- جەسفاک.
١٥- ئەرزنگی.
١٦- ئەلیاتون.
١٧- کاوکان.
١٨- زنگولدک.
١٩- سارغون.
٢٠- کالداش.
٢١- گیواک.

ئەم هۆزانە ژمارەیان بیست و یەک بوو و بەزمانی تورکی وتوویژیان دەکرد.

بۆیە تێکەڵاوی ئەم هۆزە «توران»یانە زیانێکی گەورەی گەیاندە زمانی کوردە (براخۆیی)یەکان و ناچاری کردن دوای ماوەیەک لە زمانی کوردییەوە بەزمانی تورکی وتوویژ بکەن و لەگەڵ ڕەوتی مێژوودا، زمانی کوردی ناوی بەلوچی هەڵبژارد و زمانی تورکیش بە«کوردگالی» ناسرا. کە ئێستاش لە خوارووی بەلوچستان بەزمانی براهوی دەڵێن «کوردگالی».

لەم بارەیەوە هۆیەکی تریش ئەخەینە بەرچاو کە لەگەڵ ئەم فەرمانەشدا کە بەلوچی و براهوی لە دوو نەژادی جیای زمانن بەڵام لە سەتا هەشتا وشەکانیان لەگەڵ یەک هاوبەشن کە ئەنجامی تێکەڵاوبوونی کوردە براخۆییەکان و هۆزە (تورانی)یەکانە کە بەتورکی گفتوگۆیان دەکرد.

ڕاستییەکی تری شایانی سەرنج ئەوەیە کە لە سەردەمی کۆنەوە زمانی تورکی لە زمانی سندی، سەرائیکی، فارسی و پەشتو نزیک بووە، بەڵام لە هیچ کامێکیانەوە ئەوەندە نزیک نەبووە ئەوەندەی لە زمانی بەلوچییەوە نزیک بووە، لەبەر ئەوە ئەمە بەڵگەی دووەمی تێکەڵاوبوونی ئەم دوو دەستەی ئەم هۆزانەیە.

بەپێی کوردگال نامەک، تورکی یان زمانی (براخۆیی)ی ئەم سەردەمە، زمانێکی بنەماڵەی زمانەکانی ناوەڕاستی ئاسیایە، بەواتایەکی تر ئەمە لە زمانەکانی بنەماڵەی (توران)ییەوە هاتووە. بەڵگە و پشتیوانی ئەم قسەیەم لە پەرتووکی ڕۆشنبیری بەناوبانگ «میرگول خان نەسیر»ی خوا لێخۆشبوو لە «کۆچ و بەلوچ»دا دێنمەوە، ناوبراو لەم پەرتووکە مێژووییەی خۆیدا ڕوون دەکاتەوە کە دوو لێزانی ئاسەواری کۆنی فەرەنسی بەناوی «مسیۆ فوشێ» و «مسیو هایکەنز» لە ساڵی ١٩٣٥ی زایینی و ١٩٣٦ی زایینیدا لە ناوچەی «بەگرام» کە کەوتووەتە نزیکی «کابول»، شوێنەواری کۆنیان هەڵکۆڵی، تابلۆیەکی نووسراویان دەست کەوت، نووسینە نادیارەکەیان خوێندەوە کە نووسرا بوو (شاە لوکیا)، بەمانای شوێنی وشتر. ئەم شوێنەوارە هی سەردەمی فەرمانڕەوایی کۆشانییە کە «تورک» یان «تورانی» بوون. لەبەرئەوە ئێستاش لە زمانی «بەلوچی» و «براهویی»دا بەوشتری نێر دەڵێن «لوک». چونکە من ڕێزمانی «بەلوچی» و «براهویی»م نووسیوە، بۆ گەورەکردنی ناو، وشەی (شاە) وەکو پێشگر دادەنرێ، وەکو: (شاە توت) تووی گەورە، (شاە دگ) ڕێگای گەورە، (شاە میر) میری گەورە، (شاە لوک) وشتری نێری گەورە. وشەی (شاە لوکیا) شێوەی دروستبوونی ڕێزمانیشی لەگەڵ ڕێزمانی «براخۆیی»دا وەکو یەکە، بۆ نموونە (خن) لە زمانی «براخۆیی» بەچاو دەڵێن، (خنی یا) چاوی یەکە، دیر = ئاو (دیری یا) ئاوی یەکە، بەواتای ئاوهەڵگر، هەروەها (شاە لوکیا) شوێنی وشتری نێری گەورە.



جگە لە ئەمە، وتەیەکی مێژووییش هەیە کە بنەماڵەی (ئەشکانی)یەکان لە ساڵی ٢٣٢ی پێش زاییندا دەسەڵاتی سەڵتەنەتی «ماد» و «فارس»یان گرتە دەست و هەر لە سەردەمی ئەم بنەماڵەیەدا، لە ساڵی ٤٨ی زایینی، کاتێ «واردان» پاشای ئەشکانی بوو، لە سەرووەوە هێرشی «کۆشانی»یە «تورکە»کان بۆ سەر سەڵتەنەتی «ئێران» دەستی پێ کرد و دوای ماوەیەک توانیان ناوچەی ڕۆژهەڵاتی سەڵتەنەتی «ئەشکانی» داگیر بکەن کە پێکهاتبوو لە ناوچەی «کابلستان»، «زابلستان»، توران و بەشی زیاتری ناوچەی مەکران. هەر لەو سەردەمەدا پەیوەندی دۆستانەی نێوان زەنگەنەکانی «زابلستان» و کوردە «براخۆیی»یەکانی «توران» و تورکە «کۆشانی»یەکان بەچاکی پەرەی سەند، فەرمانڕەوایە «کۆشانی»یەکان خۆشهاتنی دۆستایەتیان کردن و بەیارمەتی ئەوان فەرمانڕەوایی خۆیان لە «زابلستان» و «توران» بەهێزتر کرد. کوردە «زەنگەنە» و «براخۆیی»یەکان لەگەڵ «کۆشانی»یەکان وا تێکەڵاوبوون کە لە دواییدا ناسینەوەیان زۆر سەخت بوو، زمانی ڕەسەنی کوردی لە سەردەمەکانی دواییدا بە«بەلوچی» ناسرا و زمانی تێکەڵاوی «کوردی» و «کۆشانی» کە تایبەتمەندی هەردوولای تیا بەدی دەکرا، بەزمانی «کوردگالی» ناسرا و مایەوە کە ئێستاش لە سەرووی بەلوچستاندا بەبراهویی و لە خوارووی بەلوچستاندا بە«کوردگالی» دەناسرێن.

نووسەری کوردگال نامەک دەڵێ زمانی کوردی ڕەسەنی «براخۆیی»یەکان لەگەڵ شێوە زمانی کوردی «کرمانج» یان «کرمانجی» کوردستان زۆر لە یەکتر دەچن و ئەم بیروبۆچوونەی سەد تا سەد ڕاستە. بۆ پشتیوانی ئەم بۆچوونە، نەخشەی وشەی شێوە زمانی کوردی کرمانج یان کرمانجی و زمانی کوردی ڕەسەنی (کە ئێستا بەبەلوچی ناودەبرێ) براخۆییەکان دەخەینە بەرچاو، کە دوای خوێندنەوەیان ڕوون دەبێتەوە، بەتێپەڕبوونی سێ هەزار ساڵ و ئەو هەموو دوورییەی نێوان «کوردستان» و «توران» (بەلوچستان)، مانا و فۆنەتیکی ئەم وشانەی ئەم دوو زمانە وەکو یەکن و تا ئەو ڕادەیەی دانانی ڕێزمانی هەندێک ڕستەشیان وەکو یەکە.

**(نەخشـەی وشـەی یەک هاوبەشی شێـوە زمـانی کرمـانجی کـوردی و بەلوچی (کـوردی ڕەسەنی براخۆیی) لە ڕووی مانا و بێژەکردنەوە.**

| ژمارە | کرمانجی کوردی | بەلوچی (کوردی ڕەسەنی براخۆیی) |
|---|---|---|
| ١ | ئاسن | ئاسن |
| ٢ | هەڕەک، (مشار) | هەڕەخ |
| ٣ | بەهر، (بەش) | بەهر |
| ٤ | بەور، (بەفر) | بەور |
| ٥ | باسک | باسک |
| ٦ | گوەرک، (بەرخ) | گوەرەخ |
| ٧ | برا | براس، برات |
| ٨ | زانا | زاناس، زانات |
| ٩ | دوژمن | دوژمن |
| ١٠ | دزی | دوزی |
| ١١ | هەچی،(هەرچی شتێک) | هەچی |
| ١٢ | کەوش | کەوش |
| ١٣ | کەوان | کەوان، کەمان |
| ١٤ | هورد، (حورد، ورد) | حیرس، (حورد) |
| ١٥ | ووسا | واجە، (واژە) |
| ١٦ | وەش | وەش |
| ١٧ | مژ، (موژ) | موژ |
| ١٨ | سور | سور |
| ١٩ | سار، (سارد) | سارت |
| ٢٠ | ترسۆک، (ترسنۆک) | تورسۆک، (تورسوخ) |
| ٢١ | تینی، (تێنی، تینوو) | تونی |



| ژمارە | کرمانجی کوردی | بەلوچی (کوردی ڕەسەنی براخۆیی) |
|---|---|---|
| ٢٢ | ئەفسو، (ئاوس) | ئافسن، ئاپوس |
| ٢٣ | ئانی | ئانیشک، (ئانیشەغ) |
| ٢٤ | بژو،(بوژو،پرچی ملی هەسپ) | بوشک |
| ٢٥ | چرینگ (بلێسە) | چیرشک |
| ٢٦ | هەوار، (هاوار) | هەوەر |

میـجـەر جیـورج واتەرز گـێلبێـرتسـەن نووسـەری (English - Baloachi Colloquial Dictionary) لە پێشەکی پەرتووکەکەیدا لەمەڕ لەیەکچوونی زمانی کوردی کرمانجی و کوردی ڕەسەنی براخۆیی (بەلوچی ئەم سەردەمە) بەم شێوەیە بۆچوونی خۆی دەردەبڕێ:

"لە زمـانی کـرمـانجی کوردەکـان، وشەی زۆری وا هەیە کە ڕادەی لەیەکـچـوونی زیاترە لە زمـانی بەلوچییـەوە تاوەکو زمـانی فارسی". "ئەم وشانەی سەرەوە چەند وشەیەکن لەو وشە زۆرانە کە لە دوای خـوێندنەوەی هەردوو زمـانـەکە هاتووەتە بەرچاومـان. ئەگـەر بێـتـو مـاوە هەبێت چاو بەو دوو زمانـەدا بخشێنین، زۆر بەئاسـانی ژمارەی وشەی لەیەکچووی ئەو دوو زمانە دە ئەوەندە زیاد دەکرێ".

"ئەگـەر ئێمـە ئەو هەموو وشە زۆرانەی کە بەهیچ شێوەیەک وشـەی «فارسی» ڕەسـەن نین لەسـەر بنـاخـەی لەیەکـچـوونی لەگـەڵ وشـەکـانی بەلوچی تێکەڵاوی بـەلوچی بکـەین زۆر بەچاکی بۆمـان ڕوون دەبێـتـەوە کـە زمـانی بەلوچی چەند سـوپاسـمـەندی زمـانی کـوردی کرمانجی دەبێ".

**ڕێکخراوی سەربازی کوردی براخۆیی:**

هەروەکو دەستووری نوێی ئەم سەردەمە، لە سەردەمەکانی کۆنیشدا هێزی سەربازی وەکو ڕێکخراوێکی سەربەخۆ و جیا بەڕێوە نەدەچوو. لە سەردەمی کۆندا هەر مرۆڤێکی لەش ساغ و بەتوانا لە کاتی جەنگدا بەسەربازێکی سوپا دەژمێردرا، بەڵام زۆریش پێویست بوو پیاوی هەر هۆز و نەتەوە و نەژادێک زانیاری دەربارەی تاکتیکی جەنگی هەبووایە و فێری بەکارهێنانی چەکە خۆماڵییەکان ببووایە. لەبەر ئەوەی لە زۆربەی کاتی پێویستدا، ئەبووایە خەڵک بەگشتی خزمەتی سەربازیان بکردایە.

لە ساڵی ٨٥٣ی پ. ز دوای داگیرکردنی توران، کوردە (براخۆیی)یەکان لە سەردەمی سەڵتەنەتی (ماد) و (هەخامەنشی)دا، نزیکەی (٥٠٠) ساڵ لە (توران) فەرمانڕەواییان کرد، لەم ماوەیەدا گرنگی زۆریان بەڕێکخستن و پەروەردەکردنی سەربازەکانیان و پێشخستنی هێزی سەربازی دا. لەبەر ئەوەی لە نێوان نەتەوەی ئازا و شەڕکەردا نیشتەجێ ببوون و بۆ مانەوەی سەربەستی هەمیشەییان، تاکتیکی جەنگی، بەرەو پێش بردنی ڕێکخراوی سەربازی و ئامادەبوونی بەردەمییان زۆر پێویست بوو.

پەرتووکی کوردگال نامەک ڕوونی کردووەتەوە کە شێوەی ڕێکخراوی سەربازی کوردە (براخۆیی)یەکان و چۆنیەتیان هەروەک ڕێکخراوی سەربازی (ماد) بووە. لەبەر ئەوەی پێش داگیرکردنی توران، لەشکری کوردە (براخۆیی)یەکان بەشێکی گرنگی هێزی سەربازی ماد بوو.

کوردگال نامەک درێژەی ڕێکخراوی سەربازی کوردە (براخۆیی)یەکانمان بەم شێوەیە بۆ باس دەکا:

**دابەشکردنی پیاو:**

پیاوی هۆزەکانیان دابەش دەکرد کە بریتی بوون لە دوو دەستە و بەدەستەی (سویت ریش) و (کماش) دەناسران. (سویت ریش) لەو پیاوانە پێکهاتبوو کە پیر و بێ توانا بوون و لە جەنگ نەدەوەشانەوە. لە کاتی جەنگدا، کاروباری ئەم دەستەیە ئەوە بوو کە سەرپەرشتی ماڵ و منداڵ و چاودێریکردنی مەڕوماڵات و کشتوکاڵ بکەن. دەستەی (کماش) لە کوڕە لاو و پیاوە بەتواناکانی هۆزەکان پێکهاتبوو کە سوپای هۆزی و نەتەوەییان پێک دەهێنا.



**ڕێکخستنی سەربازی کوردی (براخۆیی):**

سوپا سێ بەشی گەورەی هەبوو کە لەم سەردەمەدا پێی دەوترێ (هەرێم)[٣]. ناوی ئەم هەرێمانە (کیکان بولک)[٤]، (غوزدار بولک)[٥] و (ئەرمیل بولک)[٦] بوو. لە ڕووی ڕێکخستنەوە، ئەم (بولک)انە (هەرێمانە) بەسەر «لق»[٧]، «کەرت»[٨] و «دەستە»دا[٩] دابەش دەبوون کە خۆیان (جوک)، (پارین) و (شەلوار)یان پێ دەوتن.

١- شەلوار: لە ئەندامانی یەک بنەماڵە پێکهاتبوو کە توانای جەنگیان هەبوو. لە چەند (شەلوار)ێکەوە (پارین)یان پێک دەهێنا کە لەم سەردەمە پێی دەوترێ (کەرت).

٢- پارین: (پارین) یان (کەرت) لە چەند (شەلوار) (دەستە)یەکەوە پێک دەهات. چەند کەرت پێکەوە لقێکیان پێک دەهێنا کە خۆیان پێیان دەگوت جوک.

٣- جوک: (جوک) هێزێکی گەورەی سەربازی بوو، لە (جوک)ی جۆراوجۆر (بولک) (هەرێم)یان پێک دەهێنا.

(٣) هەرێم: دیویژن (Division)، لە سەربازیدا لە چەند لقێک پێک دێت. لەو سەردەمەدا بەبولک دەناسرا و کوردە (براخۆیی)یەکان سێ هێزی وایان هەبوو.

(٤) کیکان بولک: هێزێکی گەورەی سەربازی کوردە (براخۆیی)یەکان بووە کە لە چەند لقێک پێک دەهات. لەم سەردەمەدا بەم جۆرە هێزە دەڵێن هەرێم.

(٥) غوزدار بولک: هێزێکی گەورەی سەربازی کوردە (براخۆیی)یەکان بووە کە لە چەند لقێک پێک دەهات. لەم سەردەمەدا بەم جۆرە هێزە دەڵێن هەرێم.

(٦) ئەرمیل بولک: هێزێکی گەورەی سەربازی کوردە (براخۆیی)یەکان بووە کە لە چەند لقێک پێک دەهات. لەم سەردەمەدا بەم جۆرە هێزە دەڵێن هەرێم.

(٧) لق: ڕێجیمێنت (Regiment)، لە چەند تیپ و کەرتی جۆراوجۆر پێک دێت.

(٨) کەرت: کۆمپەنی (Company)، لە چەند دەستەیەک پێک دێت.

(٩) دەستە: سێکشەن (Section)، لە چەند سەربازێک پێک دێت. (وەرگێڕ)

**دابی حول (جارِ لێدان):**

کوردە (براخۆیی)یەکان هێزێکی ژمارە زۆری هەمیشەیی وایان نەبوو کە هەموو کاتێ ئامادە بێ و بەرامبەر بەدوژمن بوەستێ. بۆیە، لە کاتی پێویستدا سوودیان لە دابی «حول»[١٠] واتە جارِ لێدان وەردەگرت و هەموو شوێنێکی وڵاتەکەیان ئاگاداری جەنگ دەکردەوە.

**شیکردنەوەی حول:**

«حول» وشەیەکی زمانی کوردییە کە بەمانای ئاگادارکردنەوە بەدەنگی بەرز، ئاشکراکردن، هەواڵ دان لەمەرِ هەواڵێکی گرنگ... تاد دێ. لە کاتی (حول)دا، شوێنی کۆبوونەوەشیان دەستنیشان دەکرد و هەموو سەربازەکان بەسەرۆکایەتی لێپرسراوەکانیان لە شوێنی دیاریکراودا کۆدەبوونەوە.

لە سەردەمی کۆندا هیچ جۆرە ئامرازێکی هەواڵ گەیاندن نەبووە کە بەزووترین کات شوێنی مەبەستیان ئاگادار بکەنەوە، بۆیە ئەم شێوە ئاگادارکردنەوەیان بەچاک دەزانی. وشەی (حول) ئێستاش هەر بەو مانایانەوە لە زمانی بەلوچی و براهوییدا بەکار دێت.

**چۆنیەتی دروستبوونی هێزی سەربازی:**

هێزی سەربازی ئەو سەردەمە لە دوو بەش پێکهاتبوو:

١- هێزی سەربازی سواری.

٢- هێزی سەربازی پیادە.

هێزی سەربازی سواری لە دوو دەستە پێکهاتبوو:

١- دەستەی سووک هەڵگر.

٢- دەستەی گران هەڵگر.

(١٠) دابی حول: بەپێی ڕای نووسەر (حول) وشەیەکی کوردییە کە مانای هەواڵ دان بەزووترین کات دەبەخشێت. چونکە لە سەردەمی کۆندا ئامرازی هەواڵ گەیاندن نەبووە بۆیە کوردە (براخۆیی)یەکان لە کاتی جەنگدا بۆ ئەوەی بتوانن هەموو سووچ و قوژبنێکی وڵاتەکە بەزووترین کات ئاگادار بکەنەوە سوودیان لە دابی «حول» وەرگرتووە. دیارە دەستەیەک جارچییان هەڵبژاردووە، بەزووترین کات بەناوچەکاندا گەڕاون و خەڵکیان ئاگادار کردووەتەوە لەمەڕ هەواڵێکی گرنگ یان جەنگ کە لە ڕێگایان بووە. (وەرگێڕ)



سوارەکانی سووک هەڵگر تەنها تیر و کەوان یان نێزەیان هەڵدەگرت، بەڵام سوارەکانی گران هەڵگر شمشێر، نێزە و تیر و کەوانیان بەیەک جار هەڵدەگرت. لە کاتی جەنگدا، ئەم دوو دەستەیە، گرنگی زۆریان پێ دەدرا. لەبەر ئەوەی بۆ کۆتایی پێ هێنانی جەنگ بەکاریان دەهێنان و بۆ ئەم مەبەستەش گەنجی خاوەن ئەزموون، لێزان و ئازایان هەڵدەبژارد.

هێزی سەربازی پیادە بریتی بوو لە سێ دەستە:

١- تیرهاوێژ.

٢-شمشێر لێدەر.

٣- قوچەقانی هاوێژ.

تیرهاوێژ بەدەستەیەکی زۆر گرنگ دەژمێردرا لە هێزی سەربازی پیادەدا. لە کاتی گەرمەی جەنگدا شمشێر لێدەریش یارمەتی تیرهاوێژی دەدا. دەستەی سێیەم کە بە(پیرابنچی) واتە بەقۆچەقانی هاوێژ دەناسرا لە کاتی جەنگدا بەبەردەوامی بەردبارانی چوار دەوری دوژمنیان دەکرد. بۆ ئەم مەبەستەش بەردەقانی هاوێژەکانیان لە شوێنە بەرزەکانی گۆڕەپانی جەنگدا نیشتەجێ دەکرد، بۆ پتەوکردنی هێڵی بەرگری ئەم دەستەیە، ئەوەندە بەلێزانی و ڕێکوپێکی بەردبارانی دوژمنیان دەکرد کە نەک ڕێگربوون لە هاتنە پێشیان بەڵکو دەیان شکاندن و بەرەو دواوە ڕاویان دەنان.

ئەم چەکە تا ئێستا لە ناو هۆزە بەلوچەکاندا بەکار دێت بەڵام نەک وەکو چەک بەڵکو بۆ دەرکردنی باڵندە لەسەر کشتوکاڵیان.

**سندان بولک:**

جگە لەو هێزانەی کە باس کراون هێزێکی بچووکی هەمیشەیی سەربازی لە لایەن کوردە (براخۆیی)یەکانەوە هەبوو بۆ پارێزگاریکردنی سنووری ڕۆژهەڵاتی (توران) کە لکابوو بەسنووری (سند). بەم هێزە سەربازییەیان دەگوت (سندان بولک). لە زمانی کوردیدا (سند) بەسنوور دەڵێن.

بناخەی ڕێکخراوی سەربازی کوردە (براخۆیی)یەکان لەسەر شێوەی ڕێکخستنی هۆزایەتیان دروست کرابوو. لە چۆنیەتی ئەم دوو ڕێکخراوە هیچ جیاوازییەکی فراوانی تایبەت نەبوو، جگە لەوەی ڕێکخراوی سەربازی پەیوەندی بەجەنگەوە بوو و ڕێکخراوی

هۆزایەتیش پەیوەندی بەئیشوکاری ناوەخۆوە بوو. لەبەر ئەوە ناوی پلەی سەربازی و ناوی پلەی هۆزایەتی وەکو یەک بوو. بەپێی کوردگال نامەک، ناوی پلەی سەربازی بەم جۆرە بوو:

| ژمارە | پلەی سەربازی کوردی براخۆیی | ئینگلیزی | کوردی ئەم سەردەمە |
|---|---|---|---|
| ١ | سەران میران | Commander in Ccheif | فەرماندەی باڵا |
| ٢ | سەران بولک | Divisional Commander | فەرماندەی هەرێم |
| ٣ | سەران جوک | Regimental Commander | فەرماندەی لق |
| ٤ | سەران پارین | Company Commander | فەرماندەی کەرت |
| ٥ | سەران شەلوار | Section Commander | فەرماندەی دەستە |

**ڕێکخراوی هۆزایەتی کوردی براخۆیی:**

بەپێی کوردگال نامەک کوردە (براخۆیی)یەکان لە هەشت تیرە پێکهاتبوون. کە دەستەیەکی گرێدراو و نەوەی هەشت کوڕی میر (براخم) بوون، لە بەشی چوارەمدا بەدرێژی باسیان لێ کراوە.

لەبەر ناوی باپیری، نەوەکانی (براخم) بە(براخۆیی) ناسران، لە دواییدا نەوەی هەشت کوڕی میر (براخم) زۆر بوو و بەپێی دەستووری هۆزایەتی، خۆیان بەسەر چەند تیرەیەکدا دابەش کرد و هەر تیرەیەک بەناوی باپیرەیەوە ناسرا کە ئەمانەن:

١- کیکانی.
٢- گۆرانی.
٣- سارونی.
٤- غوزداری.
٥- مشکانی.
٦- ئەرمیلی.
٧- بۆلانی.
٨- گریشکانی.

هەروەکو ئەوە دەستووری هۆزایەتییەکە کاتێ هۆز ژمارەی زۆر دەبێ، تیرە و بەرەباب و



بنەماڵەی لێ پەیدا دەبێ. هەر لەم ڕوانگەیەوە، لە ناو کوردە براخۆییەکاندا بولک (هۆز) لە چەند تیرەیەک، تیرە لە چەند بەرەبابێک و بەرەباب لە چەند بنەماڵەیەک پێک دەهات.

لەم یاسایە شارستانییە، بنەماڵە یەکێتی بەدەست دەهێنا، بنەماڵە سەرپەرشتی چەند ماڵێکی جۆراوجۆری دەکرد کە (شەلوار)یان پێ دەوت، هەر بەم شێوەیە لە چەند شەلوارێکەوە بەرەباب، لە چەند بەرەبابێکەوە تیرە و لە چەند تیرەکیشەوە هۆز پێک دەهات. لە ناو هۆزدا، بۆ سەپاندنی یاسا لێپرسراوێک هەڵدەبژێردرا کە پێیان دەگوت (میر). بەم شێوەیە هەر تیرە، بەرەباب و بنەماڵەیەک، لێپرسراوێکی خۆی هەبوو کە پێیان دەوتن (سەران جوک)، (کماش) و (واجە).

بۆ سەرپەرشتی کردنی هەموو هۆزەکان لێپرسراوێکی گەورە لە لایەن نەتەوەوە هەڵدەبژێردرا کە دەسەڵاتی بەسەر هەموو ڕێکخراو و هۆزەکاندا هەبوو پێیان دەوت (میری میران). دوای ئەو (میر)، دوای میر (سەران جوک)، دوای سەران جوک، (کماش) و دوای کماش پلەی (واجە) هەبوو.

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر نەخشەی پلەی ڕژێمی هۆزایەتی دەکەینە بەرچاو:

| ژمارە | ناوی پلەی سەرپەرشتەکان | شی کردنەوەی پلەی سەرپەرشتەکان |
|---|---|---|
| ١ | میری میران | لێپرسراوی گەورەی هەمو جۆرە کوردە (براخۆیی)یەکان |
| ٢ | میر | لێپرسراوی گەورەی هۆزێک |
| ٣ | سەران جوک | لێپرسراوی گەورەی تیرەیەک |
| ٤ | کماش | لێپرسراوی گەورەی بەرەبانێک |
| ٥ | واجە یان واژە | لێپرسراوی گەورەی بنەماڵەیەک |

بناخەی ڕێکخراوی کۆمەڵایەتیی هۆزایەتیی کوردە (براخۆیی)یەکان وەکو ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییە کۆنەکان، لە ناوخۆدا پەیوەندی بەهێزیان هەبووە. ئەندامانی بنەماڵە کە نەوەی باپیری جۆراوجۆری باپیرێک بوون، لە سوود و زیانی بنەماڵە، وەکو یەک هاوبەش و بەرپرسیار بوون. هەر بنەماڵەیەک بە(حەلک) دەناسرا.

لەبەر هەبوونی نەوەی زۆری باپیریک، چەند بنەماڵە یان (حەلک) دروست دەبوو، هەر ئەم بنەماڵەیە (حەلک) لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، بەرەبابی پێکدەهێنا، چەند بەرەبابێک پێکەوە تیرە، چەند تیرەیەکیش پێکەوە هۆز و هۆزەکانیش پێکەوە نەتەوەیان پێکدەهێنا.

## گوند، شارۆچکە و شاری کوردە(براخۆیی)یەکان

لە بەلوچستاندا، بەهۆی هەبوونی ژمارەیەکی زۆر لەو چەشنە تەپانەی کە شوێنەواری گوند و شاری وێرانەی دێرینیان لێ بەجێماوە، ئەو بەڵگەیە دەداتە دەست کە لە سەردەمی کۆنەوە بەلوچستان دانیشتوانی زۆر بووە. هەروەها بەربەستەکان کە (گەوربەند) یان بەربەستی ئاگرپەرستەکانی پێ دەڵێن، ئەم ڕاستییەمان بۆ دەستنیشان دەکەن کە خەڵکی کۆنی بەلوچستان زۆر پێشکەوتوو، ڕۆشنبیر و شارستانی بوونە و دەربارەی زانست ئاگادار بوونە. بۆ سەلماندنی ئەمەش ئەتوانین بەڵگەی چۆنیەتی دروستکردنی بەربەستەکان و هەڵبژاردنی شوێنەکانیان بخەینە بەرچاو. شارەزایانی شوێنەواری دێرنیش هەر ئەم بیروبۆچوونەیان هەیە.

نووسەری کوردگال نامەک بیروبۆچوونی شارەزایانی کۆن بەڕاست دەزانێ و دەڵێ لە ساڵی ٨٥٣ی پێش زایین کاتێ کوردی (براخۆیی)، (ماملی)، (ئەدرەگانی) و (کرمانی)یەکان، (توران) و (مەکران)یان داگیر کرد، ئەم ناوچانە دانیشتوانی زۆر بوو، خەڵک بەئاسوودەیی دەژیان و چەندین شار ئاوەدان بوو. کوردەکان شار، شارۆچکە و دێهاتی تریان ئاوەدان کرد و لەگەڵ دروستکردنی بەربەستەکان، ئاویان زەخیرە کرد و کشتوکاڵیان زیاتر بەرەو پێش برد. لەم سەردەمەدا چۆنیەتی دروستکردنی ئەو بەربەستانە، بووەتە شتێکی سەرسوڕهێنەر بۆ شارەزایانی دونیای پێشکەوتوو، کە سێ یان چوار هەزار ساڵ پێش چ جۆرە ئامێرێکی پیشەیی هەبووە ئەو پارچە بەردە گەورە گەورە و گرانانەیان پێ هێناوە و ئەو بەربەستانەیان پێ دروست کردووە. شوێنی بەربەستەکانیشیان ئەوەندە بەلێزانی و وشیاری هەڵبژاردووە کە تنۆکێک ئاوی سروشتی باران خەسار نەدەبوو و هەمووی لە نێو بەربەستەکاندا کۆ دەبووەوە.

بۆ بەڵگەی ئەم بیروبۆچوونەی مێژوونووسەکان کە بەلوچستان دانیشتوانی زۆر بووە، نەخشەی ناوی شوێنەواری کۆنی تەپەکان دەخەینە بەرچاو بۆ ئەوەی خوێنەر خۆی ئەندازە بکات کە بیروڕای مێژوونووسانی کۆن تا چ ڕادەیەک ڕاستن. لە زمانی بەلوچی و براهوییدا بەشوێنەواری ئەم شارە وێرانانە دەڵێن (دەمب).

**نەخشەی شوێنەواری شارە کۆنەکانی بەلوچستان کە لە زمانی بەلوچی و براهویی پێیان دەڵێن (دەمب):**



| ژمارە | ناوی شارەکان (دەمب) | شی کردنەوە |
|---|---|---|
| ١ | سام پور | لە ڕۆژئاوای شارۆچکەی (مەستونگ)ەوە چوار میل دوورە. |
| ٢ | ئیسپێ بولەندی | کەوتووەتە ڕۆژئاوای شارۆچکەی (مەستونگ). |
| ٣ | ملکو | کەوتووەتە دۆڵی (مەستونگ). |
| ٤ | کزلوغا | کەوتووەتە دۆڵی (منگچەر). |
| ٥ | سەید موریز | کەوتووەتە دۆڵی (منگچەر). |
| ٦ | مەحمود گوهرام | کەوتووەتە دۆڵی (منگچەر). |
| ٧ | زاهرانی | کەوتووەتە دۆڵی (منگچەر). |
| ٨ | پچان زەیی | کەوتووەتە دۆڵی (منگچەر). |
| ٩ | کلوهی | کەوتووەتە دۆڵی (منگچەر). |
| ١٠ | کارچاپ | کەوتووەتە دۆڵی (منگچەر). |
| ١١ | سوهر | کەوتووەتە دۆڵی (منگچەر). |
| ١٢ | توغو | کەوتووەتە دۆڵی (چهیر)ی شارۆچکەی (قەلات). |
| ١٣ | کلوتلات | کەوتووەتە دۆڵی (چهیر)ی شارۆچکەی (قەلات). |
| ١٤ | دن | کەوتووەتە دۆڵی (چهیر)ی شارۆچکەی (قەلات). |
| ١٥ | کهد کوهەنگ | لە سەرووی ڕۆژهەلاتی شارۆچکەی قەلات)ەوە پێنج میل دوورە. |
| ١٦ | خواجە زوبێر | لە سەرووی شارۆچکەی (قەلات)ەوە سێ میل دوورە. |
| ١٧ | ملگری | لە سەرووی شارۆچکەی (قەلات)ەوە سێ میل دوورە. |
| ١٨<br>١٩ | ئەسپلنجی | لە دۆڵی (ئەسپلنجی) دوو تەپە هەیە، ئەم دۆڵە کەوتووەتە سنووری شارۆچکەی (مەستونگ). |
| ٢٠<br>٢١<br>٢٢<br>٢٣<br>٢٤<br>٢٥ | کوردگاپ | لە دۆڵی (کوردگاپ)دا شەش تەپە هەیە، ئەم دۆڵە کەوتووەتە شارۆچکەی (مەستونگ). |
| ٢٦ | کلی گول محەمەد | کەوتووەتە دۆڵی (کۆیتە). |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٧ | كيچى بيگ | كەوتووەتە دۆڵى (كۆيتە). |
| ٢٨ | ميان غەندى | كەوتووەتە دۆڵى (كۆيتە). |
| ٢٩ | سادات | كەوتووەتە دۆڵى (كۆيتە). |
| ٣٠ | ئەنجيرە | كەوتووەتە دۆڵى (ئەنجيرە) كە شانزە ميل دووره لە خوارووى ڕۆژهەڵاتى شارۆچكەى (سۆراب). |
| ٣١ | سياه | لە شارۆچكەى (سۆراب)ەوە پێنج ميل دووره. |
| ٣٢ | مل | كەوتووەتە دۆڵى (نال). |
| ٣٣ | كولى | كەوتووەتە دۆڵى (كولواه). |
| ٣٤ | ميهى | كەوتووەتە دۆڵى (مشكێ). |
| ٣٥ | نندوانى | كەوتووەتە دۆڵى (ئورناچ). |
| ٣٦ | شاهى تمپ | مەكران - لە خوارووى شارۆچكەى (توربەت)ەوە سێ ميل دووره. |
| ٣٧ | چياى سوتكيگن | دە ميل دووره لە (بەندەر پسنى). |
| ٣٨ | هەدتێ | كەوتووەتە دۆڵى(ولپت) كە لە شارۆچكەى(لەسبێلە)وە نۆ ميل دووره. |
| ٣٩ | سوتكيگن | كەوتووەتە دۆڵى (دەشت)، شارۆچكەى (توربەت) لە (مەكران). |
| ٤٠ | بالاكۆت | كەوتووەتە كەنارى ڕووبارى (حەب) لە بەندەرى (سونميانى). |
| ٤١ | سوهر | كەوتووەتە دۆڵى (نال). |
| ٤٢ | لفور زەرد | كەوتووەتە دۆڵى (نال). |
| ٤٣ | گومبەد كيان | كەوتووەتە دۆڵى (نال). |
| ٤٤ | كركانان | كەوتووەتە دۆڵى (نال). |
| ٤٥ | كوليرى | كەوتووەتە دۆڵى (نال). |
| ٤٦ | تازى | كەوتووەتە دۆڵى (نال). |
| ٤٧ | تيفاب | كەوتووەتە دۆڵى (نال). |
| ٤٨ | سوهرى | كەوتووەتە دۆڵى (نال). |
| ٤٩ | سوهراپ | كەوتووەتە دۆڵى (مشك)ى شارۆچكەى (زەهرى). |
| ٥٠ | مشك | كەوتووەتە دۆڵى (مشك)ى شارۆچكەى (زەهرى). |
| ٥١ | سەنگين | كەوتووەتە دۆڵى (مشك)ى شارۆچكەى (زەهرى). |



| | | |
|---|---|---|
| ٥٢ | دارون قەلات | كەوتووەتە دۆڵى (دارون)ى خوارووى (جهالاوان). |
| ٥٣ | كنراج كۆت | كەوتووەتە دۆڵى (كنراج)ى (لەسبێلە). |
| ٥٤ | ئەگور | كەوتووەتە دۆڵى (شەهەليارى)ى (لەسبێلە). |
| ٥٥ | سەپەت | كەوتووەتە دۆڵى (شەهەليارى)ى (لەسبێلە). |
| ٥٦ | هور | كەوتووەتە دۆڵى (شەهەليارى)ى (لەسبێلە). |
| ٥٧ | شاهى حەسەن | كەوتووەتە دەوروبەرى شارۆچكەى (خاران). |
| ٥٨ | گەڕوك | كەوتووەتە دەوروبەرى شارۆچكەى (خاران). |
| ٥٩ | دازى | كەوتووەتە دۆڵى (ديگ وار) بەشى (خاران). |
| ٦٠ | گلوگە | كەوتووەتە دۆڵى (ديگ وار) بەشى (خاران). |
| ٦١ | كوراهينا | كەوتووەتە دۆڵى (لبيسيمە). |
| ٦٢ | تاگزينا | كەوتووەتە دۆڵى (لبيسيمە). |
| ٦٣ | پاروهينا | كەوتووەتە دۆڵى (لبيسيمە). |
| ٦٤ | سوتگان دۆر | لە سەرووى خۆرئاواى شارۆچكەى (گەوادەر)ەوە چوار ميل دووره. |
| ٦٥ | ميرى | كەوتووەتە دۆڵى (كيچ)ى (مەكران). |
| ٦٦ | بەهمەنى | كەوتووەتە دۆڵى (كيچ)ى (مەكران). |
| ٦٧ | كۆهنە قەلان | كەوتووەتە دۆڵى (بونستان)ى (پەنچگور). |

## بەشی یازدەم

### فەرمانڕەوایی کوردە (ئەدرەگانی)یەکان لە مەکران

لە ساڵی ٨٥٣ی پ. ز کاتێ فەرمانڕەوای بنەماڵەی پیشدادی ئێران ڕووخا و دووبارە زنجیرەی ناکۆکی و ئاژاوە لە ناو وڵاتەکەدا دەستی پێ کرد، لە ڕۆژئاوای ئێران لە سەڵتەنەتی بەهێزی (ئاشوور)یەکان لە (میسۆپۆتامیا) واتا لە نێوان (دیجلە) و (فورات)دا لە دەسەڵات بوو. (ئاشووری)یەکان بۆ فراوانکردنی سەڵتەنەتەکەیان، هیچ جۆرە هەلێکیان لە دەست نەدەدا، دەگونجاش سوود لەو بارودۆخە نالەبارەی ئێران وەربگرن وەکو سەڵتەنەتەکانی کلدانی و بابلی، (ئاشووری)ش دووبارە دەسەڵاتی ئێران بگرنە دەست. بەڵام خۆشبەختی ئێران بوو کە لەو سەردەمەدا، لە باکوری ڕۆژئاوای ئێران هەموو دانیشتوانەکە، کە لە سەردەمی کۆندا بە(ماد) دەناسرا، لە کورد پێکهاتبوون، سەر بەهۆزی (ماد) بوون، دوو هەزار ساڵێک پێش زایین پاش تێپەڕاندنی دەریای خەزەریان لە سەرووی ڕۆژئاوای ئێراندا نیشتەجێ ببوون و بەهۆی نیشتەجێبوونی ئەوان ناوچەکە بەماد دەناسرا. ئەم کوردانە بەسەرۆکایەتی کەیقوباد، لە سەردەمی فەرمانڕەوایی بنەماڵەی (پیشدادی)، ڕێکخراوی هۆزایەتی خۆیان لەسەر بناخەی بەهێزدا دامەزراند و داخی فەرمانڕەوایی (کلدانی) و (بابلی)شیان لە دڵ دەرنەچووبوو کە کەیقوباد سوودی لەم هەلە وەرگرت، هۆزە فارسەکانی ئێرانیشی بەگەڵ خۆیدا و لە «ئەکباتان»، «هەمەدان» سەڵتەنەتی (ماد)ی ڕاگەیاند.

(ئەفراسیاب) فەرمانڕەوای (توران) کە سەڵتەنەتەکەی کەوتبووە خۆرئاوای ئێران، ڕاگەیاندنی فەرمانڕەوایی (کەیقوباد)ی لا ناپەسند بوو، لەبەر ئەوەی سنووری وڵاتەکەی لکابوو بەسەڵتەنەتی «پشدادی»یەوە و خۆی بەمیراتگری ڕاستی سەڵتەنەتەکە دەزانی. درێژەی ئەم باسە بەپێی گێڕانەوەی کوردگاڵ نامەک و مێژووی مەردۆخ بەم شێوەیەیە کە (فەرەیدون) کوڕی (ئاپتین) کوڕی (جەمشید)، دوو کوڕی هەبوو: (تور) و (ئیرەج). فەرەیدون لە سەردەمی فەرمانڕەوایی خۆیدا، ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئێرانی داگیر کرد و کوڕەکەی، توری کرد بەفەرمانڕەوایان. دوای مردنی (فەرەیدون)، (ئیرەج) بوو بەفەرمانڕەوای (ماد) و (فارس) و بەم شێوەیە سەرەتای فەرمانڕەوایی بنەماڵەی ئەم دوو برایە بەسەر (توران) و ئێران (ماد و فارس) دامەزرا. دوای مردنی (تور)، (زارشم) و



(پوشک)، یەک لە دوای یەک هاتنە سەر تەختی سەڵتەنەتی (توران) و دوای مردنی (پوشک) کوڕەکەی، (ئەفراسیاب) بوو بەفەرمانڕەوای (توران) و هەروەها دوای مردنی (ئیرەج)، مەنوچهر و تەهماسب و وشتاب یەک لە دوای یەک بوونە فەرمانڕەوای (ماد) و (فارس). دوای (وشتاب) کوڕەکەی، (گرشاسب) بوو بەجێنشینی، بەڵام مرۆڤێکی زۆر بێ توانا و بێ دەسەڵات بوو و سەڵتەنەتەکەی پێ بەڕێوە نەدەبردرا و دوای مردنی، شیرازەی وڵاتەکە بەتەواوی تێکچوو.

سەرداری (ماد) و کوردەکان (کەیقوباد) کە چاوی بەم بارودۆخە نالەبارە کەوت، فەرمانڕەوایی خۆی ڕاگەیاند، بۆ ئەوەی ئەم بۆشاییە پڕ بکاتەوە و بیری سیاسەتی وڵات گرتنی (ئاشووری)یەکانیش بۆ هەمیشە کۆتایی پێ بهێنێت. لە بەڵگەنامە مێژووییەکاندا بنەماڵەی (ماد)ی کورد بەبنەماڵەی (کیانی)ش ناسراوە. لە زمانی کوردیدا (کەی)(*)بەمانای گەورە دێت واتە فەرمانڕەوایی مرۆڤە گەورەکان.

لە ئەنجامدا، ناکۆکی لە نێوان (کەیقوباد) و (ئەفراسیاب) پەیدا بوو و جەنگ لە نێوانیاندا ڕوویدا. (کەیقوباد) لە پایتەختی سەڵتەنەتی (ماد)، (ئەکباتان) (هەمەدان) هێزێکی گەورەی کوردی پێکهێنا و بەمەبەستی هێرش بردنە سەر (توران)، لە ڕۆژهەڵاتەوە کەوتە ڕێ و گەیشتە «زابلستان» (سیستان). لەوێ هێزەکەی کرد بەسێ بەشەوە، هێزە گەورەکەی بۆ هێرش کردنە سەر پایتەختی (توران) واتە (بەلخ) ئامادە کرد، باقی دوو هێزەکەی تریشی بۆ داگیرکردنی ناوچەکانی خواروو و ڕۆژهەڵات ڕەوانە کرد و لە سێ جەنگ بەبەردەوامی، (کەیقوباد) لە دەوروبەری بەلخ (ئەفراسیاب)ی تێکشکاند.

بەهۆی ئەو شکاندنە، (ئەفراسیاب) دەستی لە تەخت و تاراجەکەی شوشت و سەڵتەنەتەکەی شیرازەی تێکچوو کە تا ئێستاش یەکی نەگرتۆتەوە.

لە سەردەمی کۆندا دەستوور وا بوو هەر نەتەوەیەک شوێنێکی داگیر بکردایە نەژادەکەی خۆی لەو شوێنەدا جێگیر دەکرد. (کەیقوباد)یش بەپێی ئەم سیاسەتە، هۆزە کوردەکانی لە شوێنە داگیرکراوەکان نیشتەجێ کرد.

(کەیقوباد) لە سەردەمی مانەوەی لە (زابلستان)، هێزەکەی کردبوو بەسێ بەشەوە، بەشە گەورەکە ئەو هێزە بوو کە بەسەرۆکایەتی خۆی هێرشی کردە سەر (بەلخ) و دوو

(*) کەی: مەزن، بۆ نموونە (کەیقوباد) واتە (قوباد)ی مەزن، (کەیخەسرۆ) واتە (خەسرۆ)ی گەورە. (وەرگێڕ)

بەشەکەی تریشی بۆ هێرش کردنە سەر ناوچەکانی خواروو و ڕۆژهەڵاتی (توران) دانابوو.
کوردە (براخۆیی)یەکان بەسەرۆکایەتی سەرۆکیان میر (کیکان) هێرشیان بردە سەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی (توران) و هەروەها کوردەکانی (ئەدرەگانی)، (ماملی) و (کرمانی) بەسەرۆکایەتی سەرۆکیان میر (ئەیلە ئەدرەگانی) هێرشیان کردە سەر ناوچەی خوارووی (توران). دوای سەرکەوتن و کامەرانی، ناوچەی (توران) بەمیر (کیکان) کوردی براخۆیی، ناوچەی (مەکران) بەمیر (ئەیلە) کوردی ئەدرەگانی و ناوچەی (زابلستان) بەمیر سوید کوردی زەنگەنە سپێردران. ئەم سەرکردانەی کورد لە ساڵی ٨٥٣ی پ. ز دوای جێگیربوون لەو ناوچانە، بەسەرکردایەتی پاشای (ماد)، (کەیقوباد) فەرمانڕەوایی خۆیان دامەزراند و پاشای ماد، بۆ پارێزگاریکردنی ناوچە دوورەکانی سەڵتەنەتی (ماد) لە هێرشی دوژمن، هەمیشە پشتگیری لێیان دەکرد.

کوردە (بەلوچ)ەکانی (ئەدرەگانی)، (ماملی) و کرمانی، هەروەکو کوردە (براخۆیی)یە (بەلوچ)ەکانی (توران) تا هاتنی (ئەسکەندەری یۆنانی)، پاشای (مەکدۆنیا) لە (مەکران) فەرمانڕەواییان کردووە. بەڵام لە ساڵی ٣٣٠ی پێش زایین کاتێ (ئەسکەندەری مەکدۆنی) سەڵتەنەتی (ماد) و (فارس)ی داگیر کرد، لە (مەکران) بەهەمان کارەسات بەسەر فەرمانڕەوایی کوردە بەلوچەکانی ئەدرەگانی داهات کە لە توران بەسەر کوردە بەلوچەکانی (براخۆیی)یدا هاتبوو. لە بەشی نۆیەمدا، ئەم باسە بەدرێژی باس کراوە.

چونکە کوردی (ئەدرەگانی)ی مەکران و کوردی (براخۆیی) توران لە نەژادەوە یەکن، قۆناغی جۆراوجۆری ژیانی نەتەوایەتیی و کۆمەڵایەتییان واتە ئاین، داب و نەریت، زمان، ڕێکخراوی هۆزی و سەربازی، شێوەی کشتوکاڵ، بازرگانی، دروستکردنی شارەکان و یاسایان وەکو یەک بووە، کە لە بەشەکانی پێشوودا بەدرێژی ڕوون کراونەتەوە. هەڵبەتە ڕیشەی تیرەی کوردی (ئەدرەگانی)، (ماملی) و (کرمانی) نەختێک جیاوازە لەگەڵ ڕیشەی (براخۆیی)یەکان کە ڕوونکردنەوەی پێویستە، تا خوێنەر بۆی ڕوون ببێتەوە، ڕیشەی تیرەی (ئەدرەگانی)، (ماملی) و (کرمانی)، لە چ پشتێکەوە لە (براخۆیی)یەکان جیا دەبنەوە. لە پێشەوە ڕیشەی نەژادی کورد لە سەرەتاوە باس دەکەین.



## ڕیشەی نەتەوەی کورد

شارەزایانی ڕەگەز، مرۆڤ بەسەر سێ دەستە (حامی) و (سامی) و (یافسی)دا دابەش دەکەن کە نەوەی سێ کوڕی حەزرەتی نوح (حام)، (سام) و (یافس)ن. هەر ئەو شارەزایانە دەڵێن دوای لافاوی (نوح)، نەژادی ئەم سێ کوڕەی حەزرەتی نوح ئەوەندە زۆربوون کە بەهەموو دونیادا بڵاوبوونەوە و ئاواییيان پێکهێنا و ناوی هەندێک ناوچە و سەر زەوییەکانیش بەناویانەوە ناسرا. ئێستا دێینەوە سەر ڕیشەی (ئەدرەگانی)، (ماملی) و (کرمانی). ڕیشەی کورد لە حەزرەتی نوحەوە تا خەزەر بەپێی کوردگال نامەک بەم شێوەیە:

لە حەزرەتی (نوح)ەوە تا (خەزەر):

نوح – یافس – کومەر – تورک – خەزەر –

لە (خەزەر)ەوە تا (ماد)ی یەکەم:

خەزەر – کارداک – بوغاز – میتان – ئارین – گیوەر – رودین – سەور – دەخوو – بولگار – پشدەر – تێرحان – شود – غوران – مادی یەکەم –

لە (ماد)ی یەکەمەوە تا (ماد)ی دووەم:

مادی یەکەم – چەرکەش – راسن – زەنگان – دراج – حەکار – خۆشناو – زاران – ساسون – سەنجار – شکاک – شوهان – گورەک – وان – میران – سوبار – پازو – کاد – گاور – مەنگور – تاگاز – جیگ – مادی دووەم –

(ماد)ی دووەم حەوت کوڕی هەبوو کە ئەمەش ناوەکانیانە:

١– ماژ.
٢– پارتاسن.
٣– بوز.
٤– ئەستروشات.
٥– ئاری زانت.
٦– دیلمان.
٧– بود.

لەگەڵ ڕەوتی ژیاندا، بنەماڵەی نەوەکانی (ماد)ی دووەم ژمارەیان ئەوەندە زۆر بوو کە هەر بنەماڵەیەک شێوەی تیرەیەکی هەڵبژارد و بەپێی دەستوور بەناوی باپیرە گەورەیانەوە ناسران کە ئەمانەن:

١- ماژی.
٢- پارتاسنی.
٣- بوزی.
٤- ئەستروشاتی.
٥- ئاری زانتی.
٦- دیلمی.
٧- بودی.

بەپێی (مێژووی مەردۆخ)، ئەم حەوت تیرەیە بەگشتیی بەهۆزی (ماد) دەناسران. نووسەری ئەم پەرتووکە شێوەزمان و فۆنەتیکی وشەی (ماد)مان بۆ شی دەکاتەوە و دەنووسێ لە سەردەمی جۆراوجۆری کۆندا، مێژوونووسی نەتەوەی جۆراوجۆر لە پەرتووکە مێژووییەکاندا وشەی (ماد)یان بەشێوەزمان و فۆنەتیکی جۆراوجۆر نووسیوە، وەکو لە (ماد)ەوە: (مادا)، (مادایێ)، (ئەمادا)، (ئەمادی)، (مید)، (میدی) و (میدیا)، کە هەمووی مانای هۆزی (ماد) دەگەیەنن.


**ڕیشەی کوردی (ئەدرەگانی)، (ماملی) و (کرمانی)**

ئێستا دێینەوە سەر بنەچەی تیرەی (ئەدرەگانی)، (ماملی) و (کرمانی). بەپێی ڕوونکردنەوەی نووسەری (کوردگال نامەک)، یەکێ لە کوڕەکانی (ماد)ی دووەم ناوی (ئەستروشات) بوو و سێ کوڕی هەبوو بەناوی:

١- ئەدرەگان.
٢- مامل.
٣- کرمان.

لە پاشاندا، نەژادی ئەم سێ کوڕە بە(ئەدرەگانی)، (ماملی) و (کرمانی) ناسران و ناویان چووە ناو تیرەکانی نەتەوەی کورد. ئەمەش درێژەی ڕیشەکەیانە:






**ڕیشەی تیرەی (ئەدرەگانی):**

ڕیشەی تیرەی ئەدرەگانی بەم شێوەی خوارەوەیە:
لە (ئەدرەگان)ەوە تا (ئەیلە):
ئەدرەگان - خەسان - کلچار - پارکان - جاگین - سەمەک - داخور - شاهەک - باهو - نودو - مەتەک - سابول - چونگ - شیکورد - مندگار - سندوان - رومبەر - دارون - ئەیلە.

**ڕیشەی تیرەی (ماملی):**

ڕیشەی تیرەی (ماملی) بەم شێوەی خوارەوەیە:
لە (مامل)ەوە تا (زونگ):
مامل - جلابین - سەمەک - چەمبور - حوتان - زوراک - ئوشاب - زینل - موڕاک - کاتین - بەمبەکان - کازان - ندامان - هوتکار - سارون - هیجوان - ماکول - ئونکار - زونگ.

**ڕیشەی تیرەی (کرمانی):**

ڕیشەی تیرەی (کرمانی) بەم شێوەی خوارەوەیە:
لە (کرمان)ەوە تا (هوشار):
کرمان - کودان - شەمبەد - چلکان - دوسەک - پندران - دەرابیل - گامون - لاسین - بورک - نوتان - مەرزەک - لەوزا - کلزان - گۆران - پروکر - راغ - کەسەتک - هوشار -

لەگەڵ زیادبوونی نەوە، ئەم سێ تیرەیەش وەکو کوردە (براخۆیی)یەکان، لقی تریان لێ

جیا نەبووەوە و هەر بەو ناوانە: (ئەدرەگانی)، (ماملی) و (كرمانی) ناسران.

بەپێی (كوردگال نامەك)، (ئەدرەگان) كوڕی گەورەی (ئەستروشات) بوو، لەبەر ئەوە فەرمانڕەوایی كۆمەڵایەتیی ئەم سێ تیرەیە لای میری تیرەی (ئەدرەگانی) بوو. ئێستا ناوی ئەو میرانەی هۆزی (ئەدرەگانی) باس دەكەین كە لەگەڵ پاشاكانی سەڵتەنەتی (ماد) لە مەكران فەرمانڕەواییيان كردووە. لە ساڵی ٨٥٣ی پ. ز كاتێ سەرداری هۆزی (ماد)، (كەیقوباد) نەتەوەی كوردی كرد بەیەك و بناخەی سەڵتەنەتی (ماد)ی دامەزراند، بنەماڵەی (ماد) نزیكەی ٣٠٠ ساڵ واتە لە ساڵی ٨٥٣ی پ. ز تا ٥٥٠ی پێش زایین فەرمانڕەواییيان كرد و لە نێوان ئەم سێ سەد ساڵەدا، شەش پاشایان لەسەر تەختی (ماد) فەرمانڕەوایی كرد كە ئەمەش ناوەكانیانە:

١- كەیقوباد.
٢- كیكاوس.
٣- توس.
٤- فەریبورز.
٥- كواكسار.
٦- ئازدیاك.

بەپێی كوردگال نامەك لە سەردەمی ئەم پاشایانەی (ماد)، لە (مەكران) ئەم سەركردانەی هۆزی (ئەدرەگانی)، بەپلەی «میری میران» لەسەر كار بوونە:

١- میر ئەیلە.
٢- میر شیتاب.
٣- میر بوسا.
٤- میر مونحان.
٥- میر ئەبدا.
٦- میر موبركان.
٧- میر سەمەك.

لەگەڵ ئەم پاشایانەی كوردی (ئەدرەگانی)، ئەم پاشایانەی كوردی (براخۆیی)ش لە (توران) لەسەر كار بوونە:

١- میر كیكان.



٢- میر زوراك.
٣- میر وشتاب.
٤- میر زگرین.
٥- میر زیبار.
٦- میر براخم.
٧- میر گۆران.

نەخشەی پاشاكانی بنەماڵەی كوردی (ماد) لە سەردەمی (ماد) لەگەڵ میرەكانی كوردی (ئەدرەگانی)ی مەكران و میرەكانی كوردی (براخۆیی)ی توران:

| ژمارە | ناوی پاشاكانی بنەماڵەی ماد | ناوی میرەكانی ئەدرەگانی | ناوی میرەكانی براخۆیی |
|---|---|---|---|
| ١ | كەیقوباد (٨٥٣ی پ.ز تا ٧٥٩ی پ.ز) | میر ئەیلە<br>میر شیتاب | میر كیكان<br>میر زوراك |
| ٢ | كصیكاووس (٧٥٩ی پ.ز تا ٧٠٥ی پ.ز) | میربوسا | میر وشتاب |
| ٣ | توس (٧٠٥ی پ.ز تا ٦٥٥ی پ.ز) | میر مونحان | میر زگرین |
| ٤ | فەریبورز (٦٥٥ی پ.ز تا ٦٢٥ی پ.ز) | میر ئەبدا | میر زیبار |
| ٥ | كواكار (٦٢٥ی پ.ز تا ٥٨٤ی پ.ز) | میر موبركان | میر براخم |
| ٦ | ئازدیاك (٥٨٤ی پ.ز تا ٥٥٠ی پ.ز) | میر سەمەك | میر گۆران |

لە مەكراندا، لەگەڵ هۆزی (ئەدرەگانی)، هۆزی (ماملی) و (كرمانی)ش لە فەرمانڕەوایی كردندا بەشداربوون كە نەوەی یەك باپیر بوون. لە سەردەمی پاشاكانی بنەماڵەی (ماد)، ناوی میرەكانی ئەم دوو هۆزە بەپێی (كوردگال نامەك) بەم شێوەی خوارەوەیە:

ناوی میرەكانی كوردی (ماملی) لە سەردەمی بنەماڵەی ماد:

میر زونگ - میر سول - میر پژگان - میر شاهول - میر شەخەل - میر توهو - میر نوكەف.

ناوی میرەكانی كوردی (كرمانی) لە سەردەمی بنەماڵەی (ماد):

میر هوشار - میر تگران - میر سوران - میر لادی - میر ئەورام -

میر کنداف – میر ساتک.

هەروەکو باسمان کرد، دوای ڕووخاندنی بنەماڵەی (ماد)، فەرمانڕەوایی بنەماڵەی (هەخامەنشی) بەسەر (ماد) و (فارس) دەستی پێ کرد و یەکەمین پاشای ئەم بنەماڵەیە (کوورش) بوو کە لە دایکەوە کورد بوو، بۆیە دانی بەمانەوەی فەرمانڕەوایی هۆزە کوردەکانی ناوچەی جۆراوجۆری سەڵتەنەتی (ماد) نا و پەسندی کرد. لەو سەردەمەدا، ئەم میرانەی کوردی (ئەدرەگانی) لە (مەکران)دا فەرمانڕەوا بوونە:

میرەکانی کوردی (ئەدرەگانی):

میر سەمەک – میر جادی – میر هونران – میر جیسان – میر سومن – میر پرتوس – میر تیبان – میر نوتار – میر ساهو – میر لبوسان.

هەر لەگەڵ ئەو فەرمانڕەوایانەی (مەکران)، فەرمانڕەواکانی (توران) ئەمانە بوون:

میر زرشان – میر زوراکی دووەم – میر ئەرجان – میر شاموز – میر نورگان – میر کیانوش – میر کیکانی دووەم.

نەخشەی پاشاکانی بنەماڵەی هەخامەنشی لەگەڵ میرەکانی کوردی (ئەدرەگانی)ی مەکران و میرەکانی کوردی (براخۆیی)ی توران لە سەردەمی (ماد) و (فارس):

| ژمارە | ناوی پاشاکانی بنەماڵەی هەخامەنشی | ناوی میرەکانی ئەدرەگانی | ناوی میرەکانی براخۆیی |
|---|---|---|---|
| ١ | کوورش (٥٥٠ی پ.ز تا ٥٣٠ی پ.ز) | میر جادی | میر زرشان |
| ٢ | کمبووجی (٥٣٠ی پ.ز تا ٥٢١ی پ.ز) | میر هونران | میر زوراکی دووەم |
| ٣ | دارای یەکەم (٥٢١ی پ.ز تا ٤٨٥ی پ.ز) | میر جیسان | میر ئەرجان |
| ٤ | خوشایارشا (٤٨٥ی پ.ز تا ٤٦٥ی پ.ز) | میر سومن | میر شاموز |
| ٥ | ئەردەشێری یەکەم(٤٦٥ی پ.ز تا ٤٢٤ی پ.ز) | میر پرتوس | میر براخمی دووەم |
| ٦ | دارای دووەم (٤٢٤ی پ.ز تا ٤٠٤ی پ.ز) | میر تیبان | میر سابول |
| ٧ | ئەردەشێری دووەم (٤٠٤ی پ.ز تا ٣٨٥ی پ.ز) | میر نوتار | میر نورگان |
| ٨ | ئەردەشێری سێیەم (٣٨٥ی پ.ز تا ٣٣٨ی پ.ز) | میر ساهو | میر کیانوش |
| ٩ | دارای سێیەم (٣٣٨ی پ.ز تا ٣٣٠ی پ.ز) | میر لبوسان | میر کیکانی دووەم |



لە سەردەمی بنەماڵەی (هەخامەنشی)دا، جگە لە میرەکانی هۆزی کوردی ئەدرەگانی، ناوی میرەکانی هۆزی (ماملی) و (کرمانی) بەپێی (کوردگال نامەک) بەم شێوەی خوارەوەیە:

ناوی میرەکانی (ماملی):

میر نوکەف – میر تگێ – میر هیرەند – میر موندان – میر گرسان – میر تفان – میر ملمان – میر بتو – میر سباگان – میر بۆلان.

ناوی میرەکانی (کرمانی):

میر ساتک – میر مەکال – میر شاهول – میر بوژیر – میر هلیلان – میر جیکان – میر سەرەنگان – میر شربان – میر ئادمان – میر توران –

## ئەسکەندەری مەکدۆنی و کوردە

## «ئەدرەگانی»یەکانی مەکران

کاتێ ئەسکەندەر، پاشای ویلایەتی مەکدۆنیا، لە ساڵی ٣٣٠ی پێش زایین ویستی هەموو ئاسیا بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی، لە ئێران بنەماڵەی (هەخامەنشی) فەرمانڕەواییان دەکرد و دوا پاشای ئەم بنەماڵەیە، (دارا)ی سێیەم، لەسەر تەخت بوو. ئەسکەندەر هێرشی کردە سەر ئێران و دارا لە ترسی یۆنانییەکان ڕێگای هەڵاتنی گرتە بەر و ئەسکەندەریش کەوتە گەڕان بەدوایدا. لە کاتی گەڕانەکەدا، ڕاوێژکارەکانی دارا هەستیان کرد تا (دارا) زیندوو بێ، ئەم گیروگرفتە کۆتایی پێ نایەت و ئازادی وەرگرتنیش لە ئەسکەندەر زەحمەتتر دەبێ. بۆیە لە نێوان خۆیاندا وتوویژیان کرد و دارایان بەکوشتن دا، بۆ ئەوەی لەو هێرشە یەک بەدوای یەکانەی ئەسکەندەر ڕزگاریان بێ.

بەپێی کوردگال نامەک لەو سەردەمەدا میر (لبوسان)ی کوردی ئەدرەگانی لەگەڵ میر بۆلان و میر توران کە میری تیرەی ماملی و کرمانی بوون لە مەکران فەرمانڕەوایی دەکرد.

دوای داگیرکردنی ئێران، ئەسکەندەر بیری وڵات گرتنی پەرەی سەند، لە ساڵی ٣٢٧ی پێش زایین بەناو ئەفغانستاندا تێپەڕی و هێرشی کردە هیندستان. توانی فەرمانڕەوایی پەنجاب، (پورس) بپشکێنێ و (پەنجاب) داگیر بکات. لەو کاتەدا، شازادەیەکی لەخۆیایی سەڵتەنەتی (مگدها)، (چەندەر گوپەت مۆریا)ش لە (پەنجاب) ئامادە بوو و ئەسکەندەری هان دا هێرش بکاتە سەر سەڵتەنەتی (مگدها)، بۆ ئەوەی تۆڵەی خۆی لە پاشای ئەو سەڵتەنەتە بسێنێ. (ئەسکەندەر)یش بوو بەهاوبیری بەڵام سەربازە (یۆنانییەکان) نکۆڵیان لە زیاتر چوونە پێش کرد. ئەسکەندەر بەنائومێدی لە (پەنجاب)ەوە بەرەو خواروو گەڕایەوە، گەیشتە دۆڵی (سند)(*) و لە پەتیالە (حەیدەر ئاباد) وەستا و بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک پشووی دا. لێرە هێزەکەی کرد بەدوو بەشەوە، بەشێکی بەسەرۆکایەتی (نیار کوس) بەرێگای ئاویدا بەرەو ئێران نارد و بەشەکەی تریش بەسەرۆکایەتی خۆی بەرێگای زەمینی لە خوارووی (بەلوچستان)ەوە بەرەو ئێران کەوتەڕێ.

(*) دۆڵی سند: دۆڵی میهرانیشی پێ دەڵێن کە لەم سەردەمە هەرێمێکی پاکستانە. (وەرگێڕ)



لەو سەردەمەدا بەلوچستان بەناوچەی توران و مەکران دەناسرا و کاتێ کوردە (براخۆیی)یەکانی توران و کوردە (ئەدرەگانی)یەکانی مەکران بەبڕیاری ئەسکەندەریان زانی، زۆر پێی نیگەران بوون کە دەبێ چی بکەن؟ بەپێی کوردگال نامەک، میر (کیکانی) کوردە (براخۆیی)ەکانی (توران) هەموو میرەکانی خۆی بانگ کردە (کیکان) قەڵات بۆ ئەوەی کۆبوونەوە بکەن و بڕیار لەسەر ئەم بارودۆخە نوێیە بدەن. لەگەڵ ئەوەشدا میر (لبوسان) و میر مەکرانی ئاگادار کردەوە کە لە ئەرمابیل (لەسبێلە) چاویان بەیەک بکەوێ. کاتێ میر کیکان گەیشتە ناوچەی منگورە (منگولی)، میر مەکران و میر لبوسانی ئەدرەگانی گەیشتنە جێ. هەر لەم ناوچەیە چاویان بەیەک کەوت و دوای کۆبوونەوەی میری کوردەکان، بەبیروبۆچوونی گشتی بڕیار درا بەلەبەرچاو گرتنی خۆشەویستی وڵات، بەرهەڵستی لە سەربازەکانی ئەسکەندەر بکرێ، بۆ ئەوەی دوژمن بۆی ڕوون ببێتەوە کە بەئاسانی سەر دانانەوێنن.

بەم شێوەیە لە سەردەمی تێپەڕبوونی ئەسکەندەر لە خوارووی بەلوچستانەوە، کوردە «براخۆیی»یەکانی توران و کوردە (ئەدرەگانی)یەکانی مەکران لە سێ شوێندا لەگەڵ سەربازە یۆنانییەکان جەنگیان بەرپا کرد. یەکەمین جەنگ لە پایتەختی ئەرمابیل لە رامینی (رەمبیکیا)دا ڕووی دا، دووەمین جەنگ لە تەنگەی حولین (حالانی)دا ڕوویدا و سێیەمین و گەورەترین جەنگ لە دۆڵی راس کیچان (راس کچاری) واتە لە گل گالا (کۆکالا)دا ڕوویدا. ئەم جەنگانە بەدرێژە لە بەشی نۆهەمدا باس کراون بەڵام لێرەدا جەنگی گل گالا (کۆکالا) بەکورتی باس دەکەین.

دوای بەسەر زاڵبوونی پایتەختی ئەرمابیل، «رامینی» (رەمبیکیا)، ئەسکەندەر تەنگەی «حالانی»ی چیای (حالانی) کە کوردگال نامەک بە«حولین»ی ناساندووە تێپەڕاند و ویستی بێتە ناو مەکران. کوردە (براخۆیی)یەکان و کوردە (ئەدرەگانی)یەکان ئەم تەنگەیان بەستبوو، بەڵام لێرەش یۆنانییەکان زاڵ بوون.

ئەسکەندەر ئەم تەنگەی تێپەڕاند و لە دۆڵی گل گالا (کۆکالا)، راس کیچان (راس کچاری) چادری هەڵدا و کوردە (براخۆیی)یەکانی (توران) و کوردە ئەدرەگانییەکانی «مەکران» بەسەرۆکایەتی میر (کیکان براخۆیی) و میر «لبوسان ئەدرەگانی»، هێرشیان کردە سەر سەربازگەی ئەسکەندەر و بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ بەردەوام بوون لە هێرش کردن. پێنجەمین ڕۆژ بەرەبەیان هێرشیان کرد و هەر لە بەیانییەوە تا ئێوارە جەنگێکی خوێناوی ڕوویدا.

لەم جەنگەدا زۆربەی میرەکانی توران و مەکران لەگەڵ لاوی نەترس و ئازا شەهید بوون. میر بولان ماملی و میر توران کرمانیی کوردی مەکران لەگەڵ میر جاگین سارونی و میر ئاچاک گریشکانیی کوردی توران لەم جەنگەدا کوژران.

### یاداشتی مێژوونووسی یۆنانی: «ئیرین» لەمەڕ مەکران و توران

کاتێ ئەسکەندەری مەکدۆنی بۆ داگیرکردنی ئاسیا ڕووی کردە ڕۆژهەڵات، هەندێ مێژوونووسیشی لەگەڵدا بوون. ئەم مێژوونووسە یۆنانیانە لە هەر ناوچەیەکی ئاسیاوە تێپەڕ بوون ناوی ڕەسەنی ناوچەکەیان زیان پێ گەیاند، بەزاراوەی یۆنانی باسیان لێوە کرد و هەندێ ناوچەش ناوی یۆنانییان لێنان. بۆ وێنە، ناوی «کرمان»، (مەکران) و (زەرەنگ) (سیستان)یان لە زاراوەی زمانی یۆنانی بە(کرمانیا)، (ماکیا) و (زەرەنگیانا) باس کرد. لە هەندێ شوێندا ناوچەی (مەکران)یان بە(گدروسیا) ناساندووە و ناوی ئەرمابیلیان بە(ئوریتی) نووسیوە.

مێژوونووسێکی ئەسکەندەر (ئیرین) دەنووسێ سنووری ڕۆژهەڵاتی «گدروسیا» (مەکران) بە«ئوریتی» (ئەرمابیل)ەوە لکاوە و لە ڕۆژئاوادا دەگاتە (کرمانیا). ئەو ناوچەپان و بەرینەی نێوان «ئوریتی» (ئەرمابیل) و «کرمانیا» (کرمان) بە(گدروسیا) دەناسرێ. ناوی ناوچەکانی کەناری دەریای بە(ئیجتایوپاگۆیی) ناساندووە کە لە زمانی (یۆنانی)دا بەمانای ماسیخۆرەکان دێت، واتە پەسەندترین خواردنی خەڵکی ئەم شوێنانە ماسییە.

### دابەشکردنی سەڵتەنەتی ئەسکەندەری مەکدۆنی

